# عەرعەر

سالنامەیەکی تایبەتە بە کارەساتی ئەنفال کۆمەڵێك خوێندکاری سەربەخۆ لە زانکۆی سلێمانی دەریدەکەن
ساڵی دووەم ١٤ / ٤ / ٢٠٠٧

# وڵاتی سعودیە دوو ملیۆن دۆلار دەبەخشێتە دەستەی پارێزەرانی سەدام و تۆمەتبارانی دیکەی دادگا



تایبەت بە عەرعەر:سەرچاوەیەکی نزیك لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق بەعەرعەری ڕاگەیاند، لە دوا دانیشتنی دادگایکردنی سەرانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە سەر تاوانی ئەنفال کە سەدام حوسێن تێیدا ئامادە بووە، وڵاتی سعودیە بەیەکجار بڕی دوو ملیۆن دۆلاری وەك بەخشش داوە بە پارێزەرانی بەرگریکاری تاوانباران، سەرچاوەکە ئەوەشی ڕوون کردەوە کە سندووقێکی کۆکردنەوەی بەخشش لە وڵاتە عەرەبیەکان بۆ هەمان ستاف دروستکراوەو چەند وڵاتێکی عەرەبی تریش بەجیا بەجیا بەخششیان پێداون بەرانبەر بەو بەرگریانەی کەلە تاوانبارانی دەکەن.

## لە ناوڕاستی مانگی داهاتوودا دادگا بڕیاری خۆی بەسەر تاوانبارانی ئەنفالدا دەدات



تایبەت بە عەرعەر: دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق لە ڕۆژی ٢١/٨/٢٠٠٦ دانیشتەکانی خۆی لەسەر تاوانی ئەنفال دەستپێکردو تا ڕۆژی ٣/٤/٢٠٠٧ دادگا ٥٣ دانیشتی خۆی لەسەر هەمان دۆسیە بەستوە، دانیشتنی ژماری ٥٤ دواخراوە بۆ ڕۆژی ١٦/٤/٢٠٠٧، وا چاوەڕواندەکرێت دادگا لە ناوەراستی مانگی مایسدا بڕیارەکانی خۆی بەسەر هەر شەش تاوانبار عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی پارێزگاکانی باکور و سوڵتان هاشم ئەحمەد سەرکردەی سوپای عێراق بۆ شاڵاوی ئەنفال و سابر عەبدولعەزیز ئەلدوری سەرۆکی هەواڵگری عێراق و حسێن ڕەشید تکریتی ئەندامی سەرکردایەتی گشتی سوپا و تاهر تۆفیق ئەلعانی پارێزگاری موسڵ و فەرحان موتلەگ ئەلجبوری بەرپرسی هەواڵگری باکور دەربکات، وا بریاریشە دۆسیەی ڕاپەرینەکانی ساڵی ١٩٩١ی عێراق سێیەمین دۆسیە بێت و لە دوای دۆسیەی ئەنفال سەرانی ڕژێمی پێشووی عێراقی لەسەر دادگایی بکرێت.

## ئەمڕۆ لە ئۆردوگای شۆڕش مەراسیمێك بۆ ساڵیادی ئەنفال ڕێکدەخرێت




لەژێر دروشمی(چیتر چاوەڕوان نابین) کەسوکارو بە جێماوەکانی ئەنفال لە ئۆردوگای شۆڕش مەراسیمی نۆزدەیەمین ساڵیادی ئەنفال ڕێکدەخەن، وابڕیارە لە مەراسیمەکەدا وتارێك لەلایەن کەس و کاری ئەنفاکراوەکانەوە بخوێنرێتەوە و سەرەڕای ڕەخنە گرتنیان لە ڕابردووی حکومەت کە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی جدی دەستی خزمەت بگەیەنێتە ناوچەکەیان، کۆمەڵێك داواکاری و پێشنیار ئاراستەی حکومەت و پەڕلەمانی کوردستان دەکەن و داواکارن لایەنە پەیوەندیدارەکان پەلە بکەن بۆ چاککردنی باری گوزەرانیان و خزمەتکردنی شارەکەیان.

## لەکۆی ١٩٥٥ توێژنەوەی دەرچوونی زانکۆی سلێمانی، تەنها ٢١ توێژنەوە لەسەر ئەنفالە

تایبەت بە عەرعەر: زانکۆی سلێمانی لە کۆی ١٩٥٥ توێژینەوەی دەرچوون تەنها بیست و یەك توێژینەوە دەربارەی ئەنفال نوسراوە.

دوای بەدواداچونێکی ڕۆژنامەی عەرعەر بەناو کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی سەرەنجام دەرکەوت لە کۆی ١٩٥٥ توێژینەوەی دەرچوون تەنها بیست و یەك توێژینەوە لەلایەن خوێندکارانەوە دەربارەی پرۆسەی ئەنفال و کاریگەری پرۆسەکە لەسەر واقیعی کوردستان نوسراوە، ئەم ئامارەش لە ڕۆژی دەرچوونیەوە تائێستا درێژ دەبێتەوە.

شیاوی باسە سلێمانی چەقی قورسایی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی تێداکۆبۆتەوەو بەشی سەرەکی قوربانیەکانی ئەنفال لە سنوری ئەو پارێزگایەدایە، بەڵام تائێستا ئەنفال چ وەکو پرۆسەو چ وەك کاردانەوەش تائێستا نەبۆتە بابەتی قسەلێکردنی جددی،.



# دیاردە دەروونییە تایبەتییەکان لای نەوەکانی ئەنفال

ماجد اسعد محمد (ملكۆ)
ماستەر لە پەروەردە و دەروونناسی

پێشەکی: کەسێک گەر کاتێ لێی دەپرسرێت ئەنفال؟ یان تەنها ئەم ووشەیەی لا باس بکرێ و ببیستێ یان ببینێ لە ژێر ئەم دەستەواژەیە چی بەسەر نەوەکانی کورددا هاتبێ..

ئەگەر چاوەکانی ئەشکی فرمێسک هەڵنەبەستێ، یان لێدانەکانی دڵی بە خورپە نەبێ، یان هەناسەکانی جووتە نەکاو تەنگ نەبێ و هەنسک لە خۆ نەگرێ وە ڕوخساری ماتەم داینەگرێ، یان ویژدانی ئازاری نەدات و نەجۆشێ یان دەمی بەحەسرەت و ئاهو گریان نەبێ... و دەستی بە لە سنگ دان و بێ قەراری لە خۆیان نەگرن یان بڕیاری خزمەتکاری بۆ پاشماوەی نەوەی ئەنفال نەبێ هەرگیزاو هەرگیز خاوەنی ویژدان نی یەو بەکورد دانانرێ.. پێ ی زیادە بە وولاتی کوردا ڕەت بێ.. چ جای تیا جێگیر بێ و تیا بحەسێ..

بۆیە بە مەحزونەوە.. لەبەردەم منداڵانی دوێنێ ی پاشماوەی ئەنفال و پیاو ئافرەتانی گەورە بووی بێ نازی ئەمڕۆ ڕادەوەستم.. دەمەوێ لەناخی پڕ لە پەرۆش و تێ ڕامان و بەرپرسیاریان ڕۆبچم.. بۆ ئەوەی هیچ نەبێ خەمەکانم لەگەڵ ئازارەکانی ناخی دەرونی ئێوە گەورەکەم.. تابە ڕووی ناحەزان و نا دۆستانتان بتەقێ، بەو ئومێدەی بۆنی کێم و زوخاوی دروست بووی ناخمان.. ئەمجارەیان بە ئاگایان بهێنێ یان.. یاملی ستەمکارانیان بشکێنێ..

من ڕادەوەستم لەبەر دەم کێوی خەمتان.. ئازاری دەروونتان.. بەسەر سامی نازانم: لە کوێ وە لە کام دیاریدەو شڵەژانەوە لە کام پەرۆش و مەراقتان دەست پێ بکەم.. چونکە ئێوە گەورە بوون.. گەورەترین خیانەتی مێژوویی بەسەر ئێوەدا هێنرا.. گەورە ترین چاوەڕوانی مێژوویی.. گەورە ترین بێ وەفایی دۆستانتان و گەورە ترین پشت گوێ خستن.. گەورە ترین... لە بازاڕی کاڵای خەمتان دەبینرێ..

بۆیە لێرە دەڵێم..

دەبێ دیاریدە دەروونی یە تایبەتی یەکانی لای نەوەکانی ئەنفال...

چی و چۆن و لەچ ئاستێکدا بن..؟

پێش هەموو شتێ ووشەی (ئەنفال) ووشەیەکی ئا ینی (شەرعی) یە کەلە ڕاستیدا بەکار دەهێنرێ وەك هەڵوێستێ بەرامبەر بە خیانەت و هەڵگەڕانەوە لە پەیمان، و ناپاکی کردن.. جێ بە جێ دەکرا.. بەڵام ئەم هەڵوێستە تەنها لە ووشەدا هەڵبژێردرا کە هەموو شێوازو بنەما ئاینییەکانی لە دەست دا بوو... وەلەدواتر بەسەر بارو ژیان و دۆزو کەس و کۆمەڵگای کوردەواری جێ بەجێ کرا.. وەك ڕەق و قینێ نەك هەر دژ بە نەوەکانی (صەلاحەدین) بەڵکو بووە خاڵێکی ڕەش و دژ بە مرۆڤایەتی، ئەنجام دەرانی بەڕووی ڕەشیان چوونە بو خچەی مێژوەوە،.. بەڵام ئەوەی کە ڕووی دا هەرچۆنێ بێ.. مێژووی کورد زۆرێ لەو ئازارانە پێ ی ئاشنایە. توانیویەتی لە گەڵیدا هەڵبکات.. کورد دەستەوەسان لە بەردەمی ڕاناوەستێ.. بەتایبەت لەم دیاریدەیە، چارەسەرکەری هەر چەندێ گەورە بووبێ ئافرەتانی کۆس کەوتوو بێوەژنەکانی بووە..!!

بەڵام وەك کاریگەری لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی یەوە چی بۆ بکرێ سارێژ ناکرێ.. وە ئەو دیاریدە دەروونی یانە چەند لایەك دەگرنەوە:

خێزانی ئەنفال.. کە ئەمانەش– منداڵی ئەنفال، کە کەس و کاری ئەنفال کرابێ– بێوەژنی ئەنفال، کە مێردی ئەنفال کرابێ– باوك و دایکی جەرگیان سوتێنرابێ و منداڵیان ئەنفال کرابێ– کەس و کاری ئەنفال کرابێ وەك براو خوشك و مام و خاڵ.

نەتەوەی کورد بەگشتی..

دیاریدەکانی ئەنفال لەم ئاستانە دەردەکەون یان لای ئەوانەی کە باس کران.. بەڵام چین و چۆنن؟ بۆ وەڵامی ئەمەش هەندێ نیگەرانی و شپرزەبوونی باری دەروونی لێ دەکەوێتەوە لە وانەش:

ناخۆشترین و نالەبارترین ناخۆشی لەسەر دەروونی مرۆڤ ئەوەیە کە کارێ یان ڕەفتارێ بدرێتە پاڵی بەڵام لەڕاستی دا ئەستۆ پاك بێ لەوشتە.. بۆ نموونە.

(کەسێکی پاك بکرێتە دز.. یان خاوەن ڕەوشتێ بکرێتە ئاکار سزو بەد ڕەوشت.. هتد)و. ئەمەش لەسەر دەروونی گرانە لای ئەو کەسە کە زۆر جار تەواو بێزاری دەکات لە ژیان.. بەڵام ئەی ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بەسەر کۆمەڵگایەك ئەم بوختان و ناپاکیانە بدرێتە پاڵیان و ژیانیانی پێ لەناو بدرێت.. بۆیە ئەم دیاریدەیە هەر لە کرۆك دا کاریگەری دەکاتە سەر کۆمەڵگای کوردەواری و بە تایبەت ئەو خێزانانەی ئەمەیان بەسەردا جێ بەجێ کراوە چونکە کۆمەڵگای کوردەواری ئەگەر کەسیشی لێوە دیار نەبێ ئەوا ئەم ئەستۆ پاکی یەی خۆی دەسەلمێنێ کە وەرگەڕان و ناپاکی و خیانەت و بێ ئاینی لە پیشەی نی یە.. بۆیە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر تاك و کۆمەڵگا دەبنە ئازارو لە دەرونیان و کۆ دەبێتەوە. بەڵام ئەوەو پاشماوەی ئەنفال ئەم دیاریدەیە کاریگەری زیاترە لەسەریان.. بەتایبەت ئەوان دەزانن تەنها بۆ مافی ڕەوای خۆیان بشتگیری شۆڕشگێڕانیان کردوە بەڵام حکومەتێکی دور لە دین و بەهای مرۆیی ڕق و قینی بەرامبەر بە شۆڕشگێڕانی بەماندا ڕشت، بەڵام ئێستا بارەکە گرانە چونکە چەرخ گۆڕاوەو شۆڕش گێڕان بوونە میرات گری وولاتەکەیان.. کەچی وەك وەفایەك ئەوەی پێشکەش بەنەوەو پاشماوەی ئەنفالیان کرد بریتی بوو لە (هیچ) یان (پشت گوێ خستن) ئەگەر جۆرێکی تری (ستەم) نەبووبێ.. بۆیە باری دەروونیان زۆر گرانترە.

پاشماوەی ئەنفال چ دایك و باوکی یان خێزان و هاوسەریان منداڵ بێت ناخۆشترین ناخۆشیەکانی ژیانیان بەسەردا هێنراوە..ئەگەر تەماشا بکەین لای دایك و باوك لە جەرگ سوتان ناخۆش تر هەیە.. نەخوازا بەودەرەدەش ببرێن بکوژرێن بەڵام سەر نگوم بکرێن.. یان پێیان نەڵێن و هەر چاوەڕوان بن. کە ئەمەش وەك ژیلەمۆیەکی داگیرساو وایەو ناخیان دەبرژێنێ و دەروونیان دەسوتێنێ.

لەمە ناخۆش تر چی یە.. تا هەندێ لە دایك و باوکی ئەنفال کراوەکان.. ئێستا توشی تێك چونی باری دەروونی بوون و بەردەوام کوڕەکانیان دێنە پێش چاویان و شەو لە خەویاندا لێیان ناگەڕێن جارێ ئاخ و داخ دەکەن لە ئازارەکانیان.. جارێ داوای نان خواردن دەکەن لە دایکیان یان باوکیان.. بەڵام کەبەرەو ڕوویان دەچن چونکە خەوە دیار نامێنێ..!! تا گەیشتۆتە ئەوەی یەکێ لە ئافرەتەکان کەلە گۆپتەپەی شەهیدەو ناوی (پورە..ئا...) مناڵەکانی ئەنفالن خانوویەکی گەورە دروست کردووە باری دەروونی بە شێوەیەك تێك چووە کە هەرکەسێ بڕواتە ماڵەوە وا دەزانێ مناڵەکانی خۆیەتی بانگی دەکات بەناوی مناڵەکانیەوە وەئەگەر لێ بپرسرێت بۆ وا بەردەوام بەرامبەر دەرگای حەوشە دانیشتوی لە وەڵام دا دەڵێ چاوەڕوانی مناڵەکانم تا لە خۆی زیاتر خەرزێن و ناومالی کردووە بۆ ئەوەی ئەگەر گەڕانەوە بی جێ و پێخۆر نەبن!!!! وەلەوەش ناخۆش تر ئەوەنی یە؟.. بگرە تا جەژنەکانیشیان لێ دەبوو بە ناخۆشی چونکە بە ئومێد بوون بە ناوی چەژنەیەکەوە (عەفوێکی عام) بدرێت.. کە نەدەدرا...

ئیدی زەنگێکی تری جەرگ سوتان لایان دروست دەبوو.. پاشان کوڕەزاو کچەزاکانیان کە داپیرو باپیرەیان بەم هەموو حەسرەتەوە دەبینی لای ئەوانیش دروست دەبوو...

لەلایەکی ترەوە ئافرەتێك کە مێردی بی سەرو شوێن کرا.. دەبێ هەستی چۆن بی؟ بێوەژنی دیارە نا خۆشترین هەست دروست دەکەن.. کە تامی هەموو دنیا لەبەر چاو دەخات بەڵام بێوەژنی پاشماوەی ئەنفال زۆر جیاواز ترە چونکە هەموو ڕۆژێ دەیان جار ئومێدی هاتنەوەی مێردەکانیان بۆ دروست دەبێ.. وە لەهەمان کاتدا ئومێدی نامێنێ و زەنگی لە ناوچون بە گوێ و هەست و هۆشیدا دێ. بۆ نمونە ئافرەتێ دەبێ باری دەروونی



چۆن بووبی کە ئایا مێردەکەی ماوەیان نا..؟ دەگەڕێتەوە یان نا..؟ وە لەم مقۆ مقۆ دەروونی یە دەژێت.. وە وای کرد کە زۆر بە هەرەزۆریان خێزانی تر لە نێو خۆشیاندا دروست نەکەن و منداڵەکانیان بە هەتیوی یەکجاری بژێت. کە ئەمانەش لە ناخۆشترین هەستەکانە. پاش تر ئەی دەبێ منداڵی ئەنفال هەستی چۆن بێ.. بەرامبەر بە نەمانی دایکیان یان باوکیان یا هەردوکیان پێکەوە.. کە ئێمە دەڵێین هەتیو ئیتر خۆی لە خۆیدا خاوەنی گرانی و نا خۆشییەکی دەروونی بێ شومارو زۆر ناخۆشە... خۆشەویستی تاك فێری دڵخۆشی دەکات بەڵام ئەمانە خۆشەویستی دایك و باوکیان نەبینی یان هەر قەبرەکەش نەزانن تا خۆشەویستی خۆیانی پێوە گرێ بدەن، هەتیو بوونی ئەوان هەموو ڕۆژێ هەتیوبوون بوو چونکە ئومێد مافیانبوو بێ ئومێدی نەمانیان بوو... ئەمەش لە ژیاندا هەموو کات پێکەوە ڕێ دەکەن لەسەر ڕێڕەوی ژیان. سەرەڕای بێ نازی و کەم و کوڕیان یان ژیان تاڵی و کولەمەرگیان.. من تەنها نموونەیەك دەهێنمەوە: منداڵێك دەبێ باری دەروونی چۆن بێ کە خێزانەکەی گیرابێت و باوکی سەرنگوم کرابێت خۆشی لە بەندینخانەکانی (نوگرەسەلمان) و (عەر عەر) لە دایك بووبێ... لەبەر ئەوە ناوی (بەندی) لێ نرابێت دەبێ هەستی چۆن بێ.. یان زۆر جار دایکیشی لەبەر خراپی باری بەندینخانە کە گیانی لە دەست دابێ و بە پەڕۆیەکی زبری پیسی ناو بەندینخانە، بە گریان و شین و نرکەو ناڵەو پەشیمانی هاتنە ژیانەوە پێشوازی لێ کرابێ.. ئێستا ڕزگاربووبێ و مابێ.. دەبێ هەستی چۆن بێت؟ ئاخر ئەم هەستانە کێ لێکی دەداتەوە. کێ وەڵامی دەداتەوە... ئەمانە خەمەکانی ئێمەیە...

بەڵام من دەڵێم.. ئەگەر فرۆید یان هەرزانایەکی دەروونی ... ئەگەر لەیەك بەسەر هاتەوە لایەنێکی دەروونی دۆزیبێتەوە... ئەی ئەگەر ئێستا ناوەندێکی دەروونی دروست بکرێ بۆ لێکۆڵینەوە ئەوا کۆمەڵە سەیرو سەمەرەیەك دەدۆزێنەوە کە زانستی دەروونی لەبەردەمیان بە خەجاڵەتی ڕادەوەستێ و هیچی لە دەستانەیە...

ج– لەوەی پێشوو کە باسکران هەست بەچەند دیاردەیەك وەك ئەوەی ئەوان شایستەی ناوی ئەنفال نەبوون خیانەتیان نەکرد ئاوەها جینۆساید کرێن دواتر چاوەڕوانییەکی زۆر دوورو درێژو پڕ ئازاری بە مقۆ مقۆی دەروونی کۆمەڵایەتی.. دواتر بێ ئەنجام. کە زۆر بە نیگەرانی چونکە ئەگەر دەتەوێ ئەم بارە دەروونییە لێك بدەینەوە ئەوا پێویستە تەماشای خۆت بکەیت ئەگەر تەنها یەك دوو کاتژمێر چاوەڕوانی شتێکی سادەیش دەکەین دواتر هیچ ئەنجامێکی نەبێت چ بارگرانی و پەستییەکی دەروونی لا دروست دەکات ئەی ئەگەر کەسێ چاوەڕوانی مێردەکەی کرد یان دایك و باوکی چاوەڕوانی کوڕە گەنجەکەی دەکات پاش (١٥) ساڵ بە ڕیشە سپییەکەیەوە دەگەڕێتەوە؟.. ئەی منداڵێ ئەگەر تەنها وێنەیەکی ڕەش و سپی جیاکاری باوکی لەبەر چاوگرتبێ ئایا هەر ئەوەش نەبینێ کە منداڵ بوو وا ئێستا خۆی خێزانی پێك هێناو منداڵێك هەیە باوکی هەر نەبینیبێ دەبێ هەستیان چۆن بێ.

بێ هیوابوون: یەکێکە لە بارە دەروونییەکانی تر کە ئەم دیاردەیە لەکاتی تێکشکانەکان دروست دەبێ باشە ئەگەر کەسێك چەند جارێك هیواو ئومێدێك بۆ خۆی دروست بکات بەشێك هەر چەند سادەش بێ ئەگەر ئەو چەندجارە تێکشکا چەندێ بێ ئومێد دەبێت، بەڵام ئەگەر منداڵێ بێ هیواییەکی تووش بوو لەسەر مەسەلەیەك کە هیچ یاساو بنەمایەکی ئایینی و عورفی قبووڵی ناکات، ئیتر چۆن. بێ ئومێد نەبێ و لە گشت دنیا نەکەوێتە گومانەوە.

بێ متمانەیی: پاشماوەی ئەنفال تەماشای کرد هەموو دەستەکان لە دنیادا دوژمن. بەهۆی ئەوەی ئەو دەستەی پێشمەرگەو شۆڕشگێڕانی نەتەوەکەی بوو ئەوەی پێ قبووڵ دەکرێ. پێی گران نەبوو خوێنی خۆشی و ئەوانەی ماوە لە خێزانەکەی لەو پێناوەدا بکاتە قوربانی، چونکە ئەو دەبیستێ کە جاران دایك و خوشك و پووری ئەو چۆن خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد ئاویان بۆ گەرم دەکرا پاك دەکران و جل و بەرگیان دەشۆراو نانیان پێ دەدرا، وەکوو کوڕو برای خۆیان یان باوکێك چی دەکرد لە پێناوی پێشمەرگەدا. هەموو خۆیان خستە ئەوپەڕی ئازارەوە هەرچی چاکە بوو هەیانبوو بۆ شۆڕشگێڕان و قەناعەتیش... دان بەخۆداگرتن بە خۆیان، بەڵام دواتر سوپاس بۆ خوا دەستیان داری دەسەڵاتی گرت وە متمانەی پاشماوەی ئەنفال وابوو کە ئەوان باوکیانن...!! چونکە باوکیان یان مێردیان لەسەر ئەوان پشتگیرییان بۆ خۆیان سەرنوگوم کران چاوەڕوانی پاداشتیان ئەکرد وە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد هەرچی ژینی خۆشە لە پاداشتی ئەوان بۆیان دابین بکرێ.. کەچی. وانەبوو، بۆچی بگاتە ئەوەی کەوا هەستبکرێ ئەمانە ستەمیان زیاتر لێدەکەن، من دەڵێم بە داخەوە ئەمەش ئەو بێ ئومێدی و بێ متمانەیە دروست دەکات کە منداڵێکی ئەنفال بە یەکێ لە کاربەدەستە هەرە گەورەکانی حوکومەتەکەی بڵێ.. توخوا وەکوو هیچتان بۆ نەکردووین تا ئێستا تووخوا هیچمان ناوێ تەنها یەك شت نەبێ. ئەویش چیتان بۆ کوڕو کچەکانی خۆتان پێ خۆشە ئەوەش بۆ ئێمە بکەن... چونکە بێ متمانە بوون بەرامبەر بە ئەوانەی کە باوك و دایك و کەسو کارەکەی خۆیان لە پێناویدا داناوە... بێ متمانەیی بەرامبەر بە هەموو ژیان لێ دەکەوێتەوە، چونکە هەمووان دەزانین چۆن متمانە لایان دروست بێ کە خزمەتکردنیان لە ئاستی نەك پێویست.. هەروەك نەبوو بوو، چونکە دەڵێن نەك کاربەدەستە گەورەکان ئاگادار نەبن ئەمانە بۆ نەوەکانی ئەنفال کراوە.

بۆ لاپەڕە... (٢٢)

## ١٤/٤ی ئەنجومەنی وەزیران

لەم ڕۆژانەدا ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان لەدانیشتنێکدا ١٤ / ٤ی هەموو ساڵێکی کردە ڕۆژی ئەنفال، ئەمەش وەکو دەسکەوتێك لەمیدیاکانەوە بەکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال فرۆشرایەوە، بەوانەی کە لەپرۆژەکەی وەزارەتی کاروباری شەهیدو ئەنفالدا، قوربانیەکانی پلە بەندکراون، دانانی ڕۆژی (١٤ / ٤ ) بۆ خۆی بێ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران فەرمی بوونی پێببەخشێ لەساڵی "١٩٩١"وەك ڕۆژی ئەنفال ناسراوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە چواردەی چواری هەمووساڵێك یادی ئەنفال چڕکراوەتەوەو ئەو ڕۆژە زۆرترینی چالاکی بەوبۆنەیەوە کراوە، هەرچەندە "عەلی مەحمود" لە وتارێکدا هەوڵیدا ئەوەڕن بکاتەوە بۆچی (١٤ / ٤ ) وەك ڕۆژی ئەنفال ناسراوە بەڵام منیش یەك دوو نمونەم لەبەردەستە. کە پێم وایە ئەوانەش ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆژەدا هەبووە، یەکەم ١٤ / ٤ ئەنفالی گەرمیان گەیشتە چڵە پۆپەی جینۆسایدولەو ڕۆژەدا زۆرترین خەڵك ڕاپێچ کران و کەواتە بێ هیچ بەرنامە ڕێژییەك خەڵکەکە بەو بۆنە خەمناکەوە ئەو ڕۆژەیان وەك ڕۆژی ئەنفال دیاری کردووە (١٤ / ٤ / ١٩٨٨ ) ەوە یادی سالانەیان یادکرایەوە، دووەم لە چەمچەماڵ چەند کەسێك چەند لاوێك کە ئێستا زۆری دیکە دەیانەوێت خۆیان بکەن بەپاڵەوانی ئەو ڕۆژەو هەندێك لەوانەش ئەڵقە لەگوێی بەعس بوون!! ڕۆژانی (١١و١٢و١٣و١٤)ی چواری واتە لەو چەند ڕۆژەدا بەگشت بەعسدا چوونەوە ئەمەش هۆیەکی دیکەی دیاریکردنی ئەو ڕۆژەیە. لە دەرەوەی ئەم دووانەش، ئەوەندەی بیرم بێت پێم وایە ( ١٤ / ٤ / ١٩٩٣ ) بوو لە شۆڕشی چەند برادەرێك کە بەشێکیان لەکۆمەکی مناڵە ئەنفالەکانیش بوون لە قادرکەرەمیەکانی شۆڕش وتارو پێشانگاو یادەوەری ئەو ڕۆژەمان پیرۆزکرد. ڕۆژی (١٤ / ٤ ) بێ ئەوەی حکومەت بۆ خۆی بوو بەڕۆژی ئەنفال. ئەگەر چی من دەستخۆشی لە حکومەت دەکەم کەدواجار لەژێر فشاری زۆری ڕۆشنبیران و نوسەرانی تایبەت بەو بوارەدا بڕیاریاندا لەچەند شوێنێك مۆنۆمێنت و شوێنی تایبەت بەئەنفال دروست بکرێ، وەك ئەوەی کە (گۆڕەپانی ئازادی) لەهەموو شارەکانی ئێراندا هەیە. کە ئەمەش سونبولێکە بۆ شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەساڵی (١٩٧٩)، بەبڕوای من لەو درەنگە وەختەدا دیاریکردنی ڕۆژی (١٤ / ٤)بۆ ئەنفال هیچ لەئازارەکانی ئەو پاشماوە هەمیشە چاوەڕوانە کەم ناکاتەوە، پاشماوەیەك لەنێوان چوار دیواری ڕەق وتەقی سپیکار نەکراودا، بەدرێژایی تەمەنیان یەك شەو تا بەرەبەیان چاویان بەکارەباش ڕۆشن نەبوە ئەوە. ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی کوردی لەگەڵ چەند سەرمایەدارێکدا هەڕەشەی ئەوە دەکات کە کوردستان بکات بە (دوبەی) کە دەڵێم هەڕەشە مەبەستم ڕێك و ڕوان ئەوەیە کەچەند جار بازاڕی لەنگە فرۆشان لەهەولێر سووتا تا لەجێگایدا بازاڕی هاوچەرخی هەولێر دروست بکرێ، ئەگەر لەڕۆژی (١٤ / ٤ )دا حکومەت ئامادە بوو لەشۆڕش و سمودو قوشتەبەو زۆر شوێنی دیکە تاجە گوڵینەی وەفا بەرێتە بەردەم ماڵێك کەزۆرترین قوربانی داوە. وەك ئەوەی ئەو ماڵە بێتە نموونە بۆ تەواوی ئەوانی دیکە دڵنیام حکومەت لەوەدا ڕاست دەکات کە (١٤ / ٤ ) بەفەرمی دەناسێ، گەرنا باشترە لێمان گەڕێن ئێمە خەریکی ژیانکردن بین لەگەڵ ئێش و ئازارەکاندا ئەوانیش با هەر بازاڕی گەورە گەورە بنیات بنێن، لێمان گەڕێن تا ئەودەمەی ئیدی هیچ لەحەوسەڵەماندا نامێنێتەوە...

لەتیف فاتح فەرەج

# ئایا تاوانی ئەنفال ناچاری بوو؟ یان دەرفەت هەبوو ڕێگەی لێبگیرێت

د.فایەق محەمەد گوڵپی

نۆزدە ساڵ لەمەوبەر لە ماوەی حەوت مانگدا، لە ١٨-شوباتی١٩٨٨ تا ئابی ١٩٨٨، هێزە زەمینی و ئاسمانیەکانی سوپای ڕژێمی بەعس، بە چەکی کلاسیکی و چەکی کیمیاوی، لە هەشت هێرشی سەربازیدا، لە ژێر ناوی ئەنفالی ١-٨ ، شاری هەڵەبجەو ناوچە گوندنشینەکانی پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆکیان لە مرۆڤ و گیانلەبەر پاك کردەوە و خانوی شارو شارۆچکە و گوندە بەرکەوتووەکانیان لەگەڵ زەویدا تەخت کرد. لەم زنجیرە چالاکیە سەربازیانەی ڕژێمدا، هەزاران کەس شەهید بوون و سەدان هەزاری تریش ئەنفال کران، دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و ئازادبوونی عراق، تەرمی هەندێك لە ئەنفالکراوەکان لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا لە ناوچە جیاجیاکانی عراقدا دۆزرانەوە، بەڵام تا ئەمرۆ چارەنوسی زۆرینەی ئەنفالکراوەکان نادیارە. هەندێك باس لەوە دەکەن کە ئەو ئەنفالکراوانە لە لایەن ڕژێمی ئەوکاتەی عراقەوە بە دەوڵەتە عەرەبییەکان فرۆشراون، هەندێکی تر وای بۆ ئەچن کە ڕژێمی بەعسی ئەو کات بە شێوازی نهێنی وبە چەکی قەدەغەکراو هەموو ئەنفالکراوەکانی لە ناوبردبێت.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و ەدەستگیرکردنی سەرانی ئەو ڕژێمە، بێجگە لە گۆڕە بە کومەڵەکان هیچ زانیاریەکی ڕاست دەربارەی چارەنوسی ئەنافلکراوەکان بە دەست نەکەوتووە، هیچ بەڵگەیەکیش بە دەستەوە نیە کە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە چارەنوسی ئەنفالکراوەکان لەگەڵ سەرانی دەستگیرکراوی حکومەتی بەعسی روخاودا کرابێت، ئەگەر ئەو لێکۆڵینەوەیەش کرابێت و ئەنجامی بە دەستەوە نەدابێت باس نەکراوە، ئەمەش ساردی کومەڵگا و تاك و دەسەڵاتدارانی کورد بەرامبەر بە دۆزی ئەنفال نیشان ئەدات.

ئەنفال بە یەکێ لە کارەساتە مێژوویەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دەژمێردرێت، مێژوو بە سەرکەوتن و شکستەکانیەوە، پەراوێکە پڕیەتی لە ئەزمون، ئەزمونی تاڵ وئەزمونی شیرین، مرۆڤی ئازاد، کومەڵگای ئازاد، ئەبێ هەردوو جۆری ئەزمونەکە تام بکات، هەوڵ بدات لە ئایندەدا ئەزمونە تاڵەکان دووبارە نەکاتەوە. ئەمرۆ کە ئێمە لە نۆزدەیەمین ساڵیادی کارەساتی ئەنفالدا هەڵوەستە دەکەین و یادی شەهید و بێ سەروو شوێنەکانی ئەو کارەساتە دەکەینەوە، سنوری ناوچە وێرانکراوەکانی ئەنفال دەبینین، تاوانباری و دڕندەیی دوژمن و بێ تاوانی و بێ دەسەڵاتی خۆمان ئەکەینە هۆکاری کارەساتی ئەنفال و کۆتایی بە یادەکەمان دەهێنین، ئەوە نیشان ئەدەین کە ئازاد نین وناتوانین تاڵاوی کارەساتی ئەنفال تام بکەین و زۆر بابەت هەیە ئەیشارینەوە، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لەوانەیە لە خەباتی دبلۆماسی و یاساییدا بۆ خۆپاراستن و دوژمن تاوانبارکردن سوودی هەبێت، بەڵام لە رووی زانستی سیاسی و کومەڵناسیەوە، بۆ دوارۆژی گەلی کورد، کەم و کوریەکی جدیە و سوودی نیە، ئەگەر ڕەهەندە جیاجیاکانی ئەنفال لە خوێندنەوەی مێژووی کوردا فەرامۆش بکرێن، ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەنفالی تر و کردارە هاوشێوەکانی هەیە.

ئەبێ لە کارەساتی ئەنفالدا لایەنی لاواز و بەهێزی خۆمان و دوژمنان ببینین و لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەین، یان بە شێوەیەکی تر پرسیار لە خۆمان بکەین و بڵێین ئایا کارەساتی ئەنفال ناچاری بوو؟ هەر ئەبوایە روویبدایە؟ یان ئەتوانرا پێشی لێبگیرێت و ڕوونەدات؟

ئەگەر یادکردنەوەکانمان بۆ هەموو بۆنە خۆش و ناخۆشەکان تەنها چەند کات ژمێر و ڕۆژێك بێت، تەنها لە ڕۆژی یادکردنەوەکاندا ئەو کارەساتانەمان بە بیربێتەوە، ، لە کاتی تردا لەسەر هۆ و ئەنجامی ڕووداوەکان بە قوڵی هەڵوەستە نەکەین و لایەنە ئاشکراو شاراوەکانی ڕووداوەکان وەك خۆیان نەبینین و لە دیاردەکان تێنەگەین، ناتوانین لە ئایندەدا ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی تر بگرین و بەرنامەی دوژمنان هەڵوەشێنینەوە، ئەو کات بە دەستی خۆشمان مافی خۆمان پێشێل دەکەین. بۆیە بۆ ئێمەی کورد گرنگە، لە سەر ڕووداوە تراجیدیەکانی وەك ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان، تەنها بە یادکردنەوەی ئەوبۆنانە و دادگاییکردنی سەرانی پێشووی ڕژێمی بەعس و داوای قەرەبوی زەرەمەندان وازنەهێنین، بەڵکوو دەبێ بریار بدەین دەام و دەزگای تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو جۆرە ڕووداوانە ئاوابکەین و لە سەر ڕەهەندە هەمەجۆرەکانی کیمیاباران و ئەنفال لێکۆڵینەوە و کاری جدی ئەنجام بدەین، هۆکارە کوردستانی و عراقی و ناوچەیی و جیهانیەکانی کارەساتی ئەنفال لە سەرچاوە بڕواپێکراوەکانەوە بدۆزینەوە و لە سەریان بوەستین، ئامانجەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعسدا بدۆزینەوە و بە وردی لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەین ، ئەو چەمکە شۆڤینیانەی لە پشتی کارەساتی ئەنفالەوە وەستاون دیاریان بکەین و بنەما نالۆژیك و نازانستیەکانی بخەینە ڕوو و لە گۆڕیان نێین. ئەگەر وا نەکەین، ئامانجی تێکۆشانمان ڕوون نابێت، میکانیزمی تێکۆشانمان سەرپێیی و نیوە و ناوەچڵ دەبێت، وەفا و ئەمەکداریمان بۆ قوربانیانی ئەنفال و بۆ مێژووی نەتەوەکەمان بێجگە لە هەڵوێستێکی هەلپەرستی و بێ ئابڕوویی و دەستخەڕۆیی هیچی تر دەرناچێت، ژیانی سیاسی و کومەڵایەتی و ئابوری و کلتوریمان بەردەوام لە قوڵایی دیاردەی گێژاودا دەژیت.

دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا، تا ئەمرۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بێ لایەن لەسەر کارەساتی ئەنفال لە لایەن هیچ دەزگایەکی نەتەوەیی و نێونەتەوەییەوە نەکراوە، تا وەڵامێکی زانستی دوکیومێنتاری ئەو پرسیارەی کورد و دۆست و دوژمن بدەینەوە کە ئەنفال بۆچی ئەنجام درا؟ ڕاستە ڕژێمی بەعس ڕژێمێکی نەتەوەپەرستی دکتاتۆر بوو، ستراتیجی دووری تواندنەوەی نەتەوەی کوردبوو لە ناو نەتەوەی عەرەبدا، بەڵام ئایا تا ئێستە ئێمە کارمان بۆ ئەوە کردووە تا ئەو بەڵگەنامانەی کونگرە و کونفرانسەکانی حزبی بەعس بخەینە ڕوو کە پێوەندیان بە چەمکەکانی نەتوەپەرستیەوە هەیە و تێڕوانیی ئایدۆلۆژین ئۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال؟ ئایا کورد بەم ستراتیجە شۆڤینیەی بەعس ڕازی بووە یان ڕازی نەبووە؟ چی کردوە بۆ ئەوەی ئەو چەمکە نەتەوەپەرستیە نەبێتە بریار و جێبەجێ نەکرێت ؟ ئایا کورد بۆ پەکخستنی ئەم چەمکە شۆڤینیانەی بەعس کاری کردووە؟ یان بە نەزانیەوە کاری بۆ بە پەلە جێبەجێکردنی ئەم چەمکانە کردووە؟ئایا بەعس خۆی بە تەنها ئەیتوانی ئەم چەمکە ستراتیجیەی بکاتە بریار وکاری پێبکات؟ئەگەر پشتیوانی کوردستانی (بەعسیەکان و چەکدارە هەڵخەڵەتاوەکان)، ناوچەیی (داگیرکەرانی تری کوردستان و وڵاتە عەرەبیەکان) و جیهانی(ئەمریکی و ئەوروپیەکان) نەبووایە ئەنفالی بۆ بەرێوەدەبرا؟ ئایا ڕژێمی بەعس بە بێ بیانوی سیاسی دەیتوانی زنجیرە تاوانەکانی ئەنفال لە دژی کورد بەڕێوە ببات ؟ئەمانە هەمووی پرسیارن ئەبێ وەڵام بدرێنەوە، ئەگەر کورد وەڵامی ئەم پرسیارانە نەداتەوە، واتای ئەوەیە گەلی کورد هێشتا بە قوناخی نەتەوەیبوون نەگەیشتووە.

پێش کارەساتی ئەنفال، ڕژێمی بەعس چەندان بریاری بۆ بەرنامەی تواندنەوەی گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا خستە بواری کارپێکردنەوە، لە دوای شکستی ساڵی ١٩٧٥ ی شۆرشی ئەیلول، گوڕوتینی بە عەرەبکردنی کوردستانی بەرزکردەوە، شوانە عەرەبەکانی دەناردە کوردستان و هانی ئەدان لە کوردستان جێگیر بن، ئەگەر چالاکیە پارتیزانیەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دژی ئەو شوانە تەعریبانە نەبوایە، ئەو بریارەی ڕژێم ئەنجامگیر دەبوو، بەڵام تا ئەمرۆ لە هیچ دوکیۆمێنتێکی کوردستانیدا ژمارە و مێژووی ئەو بڕیارانەی بەعس بە دکیۆمێنت نەکراوە، مێژو و سنوری چالاکیەکانی پێشمەرگە لە هیچ سەرچاوەیەکدا باس نەکراوە. ڕژێمی بەعس لە ساڵانی١٩٧٧-١٩٧٩ هەوڵی دا خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە بکات و قوتابخانە کوردیەکانی کوردستان دابخات و لە بریاری ڕەسمی کردنی زمانی کوردی پەشیمان بێتەوە وخوێندنی کوردی نەهێڵێت، لە شوێنی ئەو زمانی عەرەبی بکاتە تاکە زمانی خوێندن لە هەموو خوێندنگاکانی کوردستاندا، لە ڕێگەی کوردە بەعسیەکانەوە، لە ڕێگەی دام و دەزگاکانی ئەمن و هەواڵگریەوە، داوای لە خەڵك دەکرد منالەکانیان نەنێرنە بەر خوێندنی کوردی و جاڕی ئەدا خوێندنی کوردی ئایندەی نیە وخوێندنی عەرەبی ئایندەی باش دەبێت، بەڵام بەرنامەی بە عەرەبی کردنەوەی خوێندن لە لایەن خوێندکارانی کوردەوە بە ڕێپێوان و مانگرتن لە خوێندن وەڵامی درایەوە و ڕژێمی بەعس ناچارکرا بە بریارەکەی خۆیدا بچێتەوە و دەستی لێهەڵگرێت. ڕژێمی بەعس لە ساڵانی حەفتاکاندا هەموو توانای خۆی بۆ ئەوە بەکاردەهێنا کە کورە عەرەبەکان کچی کورد بخوازن، بۆ ئەم مەبەستە ئاسانکاری بۆ ئەو کورە عەرەبانە دەکرد کە کچی کوردیان مارە دەکرد، بەعس مەبەستی ئەوەبوو لەم ڕێگەیەوە، لە کومەڵگای پیاوسالاریدا لە ناو خێزانە نوێکاندا زمان و کلتوری عەرەبی پیاو زاڵبکات و هەنگاوێك لەعەرەبکردنی کورد بچێتە پێشەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم بەرنامەیەی بەعس دژی مافی تاك و خۆشەویستی و ئاکاری مرۆڤایەتی بوو، هیچ ئەنجامێکی بە دەستەوە نەدا و پەکی کەوت. ڕژێمی بەعس لە ساڵانی ١٩٧٧-١٩٧٨دەستی بە گواستنەوەی گوندە سەرسنوریەکانی هەرێمی کوردستان کرد، بەو مەبەستەی گوندەکانی کوردستان نەبنە بنکەی تێکۆشانی خەباتی چەکداری شۆرشی گەلی کورد، بەو مەبەستەی گوندەکانی کوردستان نەبنە بنکەی ژێرخانی ئابوری کومەڵگای کوردستان، بۆ ئەوەی کلتوری نەتەوەیی کورد لەگەڵ وێرانکردنی گوندەکاندا لە ناوببات گوندنشینانی کوردستانی لە ئوردۆگا زۆرەملێکان توند کرد، بەڵام بە پشتبەستن بە ئیرادەی شۆرشگێری گەلی کورد، بە پشتبەستن بە کلتوری ڕەسەنی گوندەکانی کوردستان، بەرنامەکانی بەعس لەم بوارەشدا شکستی هێنا. ڕژێمی بەعس لە ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین و شەنگار و شوێنەکانی تری کوردستانەوە کوردی دەرکرد و عەرەبی هاوردەی لە شوێنیان نیشتەجێ کرد. بەم هەموو شێوازانەی تواندنەوە، ڕژێمی بەعس لە ماوەی بیست ساڵدا بەو هەموو توانا ئابوری و سەربازی و پشتگیریە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەی کە هەیبوو، نەیتوانی هێندەی چەند مانگێکی کارەساتی ئەنفال زیان بە کورد و کوردستان بگەیەنێت، لە ئەنفالەکاندا کار بۆ تواندنەوە و لە ناوبردنی یەکجارەکی گەلی کورد بە خێراترین کات گەیشتە لووتکە.

ئەگەر سیاسەتمەدارانی کورد بە وریاییەوە کاریان لە سەر ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستی ڕژێمی بەعس بکردایە، کاریان لە سەر بریار و کارەکانی ئەو ڕژیمە (بۆ تواندنەوەی گەلی کورد) بکردایە، دەیانتوانی پێشبینی کارەساتی ئەنفالیش بکەن، ئەو کاتیش دەیانتوانی ڕێگە لە درووستبوونی کارەساتی ئەنفال بگرن.ئەگەر ئێستەش نەتوانین لە ڕەهەندە هەمە لایەنەکانی ئەنفال تێبگەین ناتوانین پێش لە کارەساتی تری وەك ئەنفال بگرین. ئەوەی من باسی ئەکەم و پێشنیاری ئەکەم لە رابوردوودا نەهاتەدی، تا وەك ڕابوردووش بیربکەینەوە ئامانجەکانمان وەك خەیاڵ دەمێننەوە و ناتوانین بەرنامە بۆ ئایندە دابنێین، بۆیە پێویستە لە یادی ئەنفالی ئەمساڵدا گورانکاریەك لە هزر و هەڵوێستماندا پێکبهێنین و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ڕابوردووی خۆمان ببینین و بە هزرێکی ئازادەوە کار بۆ ئایندەمان بکەین، ئەگینا یادکردنەوەیەکی ڕۆتینی ئەنفال برینەکانمان سارێژ ناکات و ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی ئەنفالی نوێ ناگرێت.



# فیلمی گەڕانەوە لەلای خواوە

کورد لە خۆڕا نەیوتوە ""زۆر وتن قورئان خۆشە" ،مەبەستم لە بەنموونە هێنانەوەی ئەم "ئیدیۆم"ە ئەو هەموو باس و بەرنامەو دیدارو فیلم و کتێب و بابەتانەیە کە ساڵانەو بەتایبەت لە هەردد مانگی (مارس وئەپریل)دا سەبارەت بە هەڵەبجەو"ئەنفال" بە لێشاو دەڕژێنە نێو میدیای کوردییەوە.

هەڵبەت بەشی هەرە زۆری ئەو بابەتانەش لە وروژاندنێکی کاتیی باری دەروونیی و ویژدانیی بینەرو بیسەرو خوێنەری کورد زیاتر، هیچی تر بەرهەمناهێنن.

تەنانەت ناوەرۆکی زۆربەی ئەو باس و بابەتانەش هێندە دووبارە بوونەتەوە، سوواون، کە لەلایەك تاکی کورد پێیان "خۆشە" بووەو لەلایەکی تریشەوە لە ڕووی چارت و دۆکیومێنت-ی زانستییەوە هێندە هەژارن، متمانەیان پێناکرێت. چونکە سەرچاوەی سەرەکیی زۆربەیان "ئەڵێن"و "وتیان"و "گێڕانەوە"ی سۆزئامێزن.

وێڕای هەموو ئەو بۆچوون و تێبینییانەی سەرەوە، نابێت هەوڵ و کارەکانی چەند نووسەرو هونەرمەندێك لەبەرچاو نەگرین کە بە ئیلتیزامێکی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی و ئەخلاقیی بەرزەوە ئیشیان لە سەر ئەنفال کردووە.

زۆربەمان بە هۆکاری گەورەیی کارەساتەکە دەیان وێنا و وێنەمان لە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆماندا بۆ ئەنفال چێکردووە، من بۆخۆم سەبارەت بە ئەنفال زۆرم خوێندۆتەوەو زۆرم بیستووە.. بەڵام نایشارمەوە هیچ لەو بیستن و خوێندنەوانە هێندەی بەسەرهاتی (فەرەج محەمەد عەزیزش و عوزێر- عزیز وەهاب محمەد)، - لە بەرگی چوارەمی کتێبی "شایەتحاڵەکانی ئەنفال" نووسین و ئامادەکردنی "عارف قوربانی ل ٣٩-١٣٠ و ١٨٢ - ٣٠٠

- ، کاریتێنەکردوم و راینەگرتوم، هەستدەکەم بۆیەکەمجارە ڕووداوێك دەبیستم بەناوی "ئەنفال". وەکو کوردێك بۆ یەکەم جار هەستمکرد چیم پێکراوەو چیم لێکراوە.

من لە دوای خوێندنەوەی ئەو دوو بەسەرهاتەوە، گومانم هەیە لەو میکانیزم و میتۆدەی نۆزدە ساڵە نووسەران و هونەرمەندان و دەسەڵاتی حکومیی و حزبیی کورد کاری پێدەکەن.

چونکە ئەگەر کورد میللەتێکی زیندوو ایە لە ئێستای رۆژگاری مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان-دا تەنها بە دۆکیومێنتکردنی گێڕانەوەی ئەو دوو شایەتحاڵە بەسبوو بۆ ئاوڕدانەوەیەکی ئەخلاقییانە لە کورد و ئەنفال و دەرخستنی ئاستی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیێتی بەعس و عەرەب و داماوی و بێکەسیی و قوربانیی کورد.

بەبڕوای من (قوربانی) کاری خۆی بە زیادەوە تەواوکردووەو جوانترین فیلمنامەی بۆ فیلمی (گەڕانەوە لەلای خواوە) نووسیوە، ماوەتەوە کەسێك سیناریۆو دەرهێنانی بۆ بکات.. من لە ڕێی لەم چەند دێرەوە بانگهێشتی دەرهێنەری جیهانیی کورد "بەهمەنی قوبادی" دەکەم بۆ ئاواکارێك، بەتایبەتی تا هەردوو بەڕێزان "فەرەج و عوزێر" لە ژیانداماون.

وەکی تریش بە دڵنیاییەوە خەڵات و بەراتی ئەو فیلمە چەند هێندەی هەموو ئەو خێرو سەدەقانە دەبێت کە لە تێکڕای کابینەکانی حکومەتی هەرێمدا بە هەردوو ئیدارەوە دراوە بە جەستە بێ ڕۆحەکانی پاشماوەی ئەنفال.

ساڵح بێچار - سلێمانی
becharsalih@yahoo.com

## حاکم شێخ لەتیف:

# ئەگەر دادگا بڕیاریدا ئەنفال جینۆسایدنییە ئەوا لە سەدام تاوانبارترە

**سازدانی: عەرعەر**

لە ڕۆژی ٢١: ٨: ٢٠٠٧ دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق یەکەم دانیشتنی خۆی لەسەر دۆسیەی ئەنفال دەست پێ کرد، بۆ ئاشکرابوونی وردەکاری دادگاکەو چۆنیەتی بەڕێوەچونی و زانینی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کەلە سەرەتای دادگاکەوە تا ئەم کاتە دەکرێ عەرعەر چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ حاکم شێخ لەتیف دا سازکرد.

**عەرعەر: ئەنفال دووەم دۆسیە بوو دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق سەرانی ڕژێمی پێشوی لەسەر دادگایی کرد، بەڵام لە ڕوی قورساییەوە یەکەم بوو، بۆچی دادگا یەکەم جار لەسەر ئەنفال دانەنیشت؟**

حاکم شێخ لەتیف: ئەنفال لەڕوی قوربانییەکانەوە بەپلەی یەکەم دێت لەچاو ئەو تاوانانەی تر کە ڕژێمی پێشوی عێراق دەرهەق بە خەڵکی عێراقیان کرد، بەڵام دووەم دۆسییە بوو کیە خرایە بەردەم دادگا ئەویش لەپاش دۆسییەی دوجەیل، ئەتوانین بڵێین کورد نەیتوانی دۆسیەی ئەنفال بکاتە یەکەم دۆسییە کە ڕەوانەی دادگا بکرێت، بەڵام بۆ نەکرا؟ ئەمە پرسیارەکەیە، من ئەمە ئەگەڕێنمەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار یەکەم نەبوونی یان کەمی پێداگری سیاسییەکانی کور لە بەغداد، قورسیی دادگاکە کەبەیەکەم دانیشتن ناوی خۆی دەردەکات لەسەر ئاستی جیهاندا بۆیە زۆر گرنگ بوو لەسەر ئەنفال بکرایە، دووەم کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەی کەتایبەتە بە دۆسیەی ئەنفال زۆرترەو شکاتکەر و شایەتحاڵەکانی زۆرترن لەچاو دۆسییەی دوجەیل. سێیەم لەڕوی کاتەوە، تاوانی دوجەیل پێش تاوانی ئەنفال کرا ئەتوانین بڵێین سیاسییەکانی شیعە توانییان ئەمە وەك کارتێکی فشاری لێبکەن بۆ ئەوەی دوجەیل بەیەکەم دۆسییە دابنرێت.

**عەرعەر : ئەو کێشانەی لەنێوان دادگا و ستافی بەرگریکاری تاوانباراندا دروستبوو ، کێشەی یاسایی بوو یان ستافی بەرگریکاری تاوانباران بۆ پەکخستن و کەمکردنەوەی ئاستی دادگاکەیانبوو؟**

حاکم شێخ لەتیف: پارێزەرانی بەرگری بەڕاستی ئەوانیش خەڵکێکی داخ لەدل بوون، خەڵکێك بون لە ئاست پیشەی پارێزەریدا نەبوون، یان وایان ئەویست کەلەو ئاستەدا نەبن، دیارە تۆمەت بارەکان براون بۆدادگایەك کەدادگایەکە ئیجرائاتی خۆی دەکات، ئەوان ئەبوایە وەکو پارێزەر وەك ئیشە پیشەییەکەیان هەڵسوکەوت بکەن ، واتە ئیشی پارێزەری بەرگری ئەوەیە گومان بخاتە سەر ئەو بەڵگانەی کەدادگا تەرحیان دەکات، گومانەکەش بەروحیەتی ساردەوە، بۆنمونە شایەتێك قسەدەکات هەولبدات لەکوێدا قسەکانی گوماناوییە ئەبێت گومان بخاتە سەری ، هەولبدات لەکوێدا لەگەڵ شایەتێکی تردا قسەکانی پێچەوانەیە ئەوە ئەبێت ئەو بەدرۆی بخاتەوە، یان کاتێك وەسیقەیەك پیشان ئەدرێت ئەو تەعنی تەزویری لێبدات، واتا ئیشی ئەوان گومان خستنەسەر بەلگەکانە بۆئەوەی داگا بەهەند وەریان نەگرێت، بەڵام ئەمان وایان نەدەکرد، بەلکو ئەهاتن زیاتر وتاری سیاسییان ئەدا یان خۆیانکردبوو بەلایەنگری لایەنێکی دیاریکراو، بۆنمونە پێویست ناکات کاتێك شکاتکارەکان باسی پێشمەرگەیان دەکرد یان کەدادوەر پرسیاری دەکرد کەئایە پێشمەرگە لەلادێکەیاندا هەبووە یان نا، ئەوان ئەیانوت موخەریبین، ئەو پارێزەرە پێویست ناکات بەو شێوەیە بدوێت چونکە ئەمرۆ پارێزەری ئەوانە، بەڵام سبەی پارێزەری یەکێکی ترە لەوانەشە ببێتە پارێزەری یەکێك لە شکات کەرەکان لەکێشەیەکی تردا، نابێت بەپێشمەرگە بڵێیت موخەریب، چونکە ئەوکەسانەی کەئەو پێی دەڵێت موخەریب لەتێروانینی نەتەوەیەکی تردا کۆمەلە خەلکێکی ئازادی خوازن، تۆمەت بارەکان زۆر بەدوژمنایەتییەوە قسەیان دەکرد، گەر واش قسەبکەن مافی خۆیانە، بەڵام پارێزەر ئەبێت ئەدەبی کارەکەی بزانێت و تەنهاوتەنها کارەکەی گومان خستنەسەر بەڵگەکانە، بەڵام ئەوەیان نەدەکرد، هەربۆیە دادگا دەریانی دەکردە دەرەوە،من خۆشم لەگەڵ کردنە دەرەوەیاندام، لەکاتێکدا کەئەوان سوکایەتییان بەدانیشتنەکان دەکرد، واتا ڕێزیان بۆ هەیبەتی دادگا دانەدەنا،دەبوایە دادگاش بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵیاندا بکردایەو زۆر دەریانی نەکردایە، زۆر کرنەدەرەوە وەکو لەپرسیارەکەی ئێوەدا هاتووە ئەوە بۆ ڕای گشتی جیهانی بۆ ئەو کەسە سەربەخۆیانەی چاودێری دادگاییەکەیان دەکرد لێلاییەك دروست دەکات کە دادگاکە هەمیشە لەناکۆکیدایە لەگەڵ پارێزەرانی بەرگری ، چونکە بەرگری لەخۆکردن مافێکی موقەدەسە یەکێکە لەبنەماکانی دادگایی کردنی عادیلانە. لەهەر دادگایی کردنێك مافە بەرگری تیا نەبوو یان کۆسپی خرایە بەردەم ئەوە نیشانەی پرسیاری دەخرێتەسەر، بێگومان زۆر کردنەدەرەوەی پارێزەرانی بەرگری کەلەوانەیە هەڵەکان هەمووجارێك پارێزەرانی بەرگری کردبێتیان، بەڵام لەکۆتایداو لەکۆی گشتیدا لێڵییەك لەتێروانینەکانی خەڵکیدا بۆسەربەخۆیی دادگاییکردنەکە دروست دەکات کەدەوترێت کە پارێزەرانی بەرگری زۆر خراوەتە بەرو ئەوەتا چەندین جار کراونەتە دەرەوە، بەبروای من هەمووجار هەڵەی پارێزەرەکان بووە کەکراونەتە دەرەوە، کەمن دەڵێم لەزۆر شوێنی تردا مافی کردنەدەرەوەیان هەبووە بگرە مافی ئیجرائاتی قانونیشی هەبووە کەدادگا لەگەڵ پارێزەران بیکات.

**عەرعەر: ئاستی داکۆکی کەرانی مافی کەسی بەگشتی لە تێکرای دادگایی کردنەکەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

حاکم شێخ لەتیف: لە سەرەتادا خراپ بوون بەڵام لە دوایدا زۆرباشبون،بێگومان هەمووشیان خراپنەبوون، چەندکەسێکیان زۆر باشبوون کە پێویستە ناویان بهێنین، وەك کاك مەحەمەد ساڵەح ئامێدی و کاك گۆران ئەدهام کە دوو پارێزەری زۆر بە توانان لە دادگاکەدا، لە کاتی پێویستدا پرسیارەکانی خۆیان ئاراستەی دادگا ئەکەن، هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەتا خراپبوون بەڵام ئێستا دەرکەوتوون و من لێیان ڕازیم بە تایبەت ئەو دوو پارێزەرەی کە ناویانم هێنا.

**عەرعەر: بۆچی کورد پارێزەری بیانی نەهێنابوو؟ لە کاتێکدا پارێزەرانی بەرگری خەڵکی بیانی تێدابوو، ئەمە زیاتر لە بەرژەوەندی کێشەکەدا نەدەبوو؟**

حاکم شێخ لەتیف: پارێزەر بۆ شکاتکەر دوو شێوەیە، یان خۆیان خۆبەخش کاردەکەن، یان بە پارە دەگیردرێن، دیارە لە کێشەی ئەنفالدا هیچ کەس بە پارە نەگیراوە، بەڵکوو هەموویان بە خۆبەخش لە کوردستانەوە ڕۆشتوون، ئەوەی من ئاگاداربم لەسەر ئاستی جیهان هیچ پارێزەرێك بە خۆبەخش کاری نەکردووە، جگە لەم پارێزەرە دڵسۆزانەی خۆمان، بەڵام ئایا بۆچی دەسەڵاتی کوردی پارەی تەرخان نەکردووە، ئەوەیان شتێکی ترە، کەلەکاتێکدا لە ڕوی یاساییەوە دەسەڵات ئەیتوانی برێك پارەبۆ گرتنی پارێزەر تەرخان بکات، ئەوەی من ئاگاداریش بم تا ئەم دوایەش دەسەڵاتی کوردی کرێی سەیارەو کرینی بلیتی فرۆکەی بۆ پارێزەرە خۆبەخشەکانیش دابین نەکردبوو، هەروەها بەگشتی هێندە جیاوازی نیە لەگەڵ پارێزەری کورددا، واتە چ پارێزەری کورد بێت یان بیانی کێشەکە هەر یەك دەرئەنجامی هەیە.

**عەرعەر: دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق ئەتوانێت بڕیار بدات کە کارەساتی ئەنفال جینۆسایدە؟ هەر وەك لە دادگای هۆڵەندا سەلما،ئایا کێشە سیاسیەکانی عێراق ڕێگر نابێت لەبەردەم بڕیارێکی وادا؟**

حاکم شێخ لەتیف: بێگومانم لەوەی بە پێی یاساکانی دادگاکە ئەنفال جینۆسایدە، وە هەر بەو شێوەش تاوانەکە ڕوو بەڕوی تاوان باران کراوەتەوە، دادگا ئەگەر بڕیار بەسەر تۆمەتبارانەدا بدات ئەبێت بڕیاریش بدات کە ئەنفال جینۆسایدە، وە زۆریش پێویستە کە ئەو بڕیارە بدات،ئەگەر بڕیارێکی وەها نەدرێت کەواتە ئێمە هیچمان نەکردووە، ئەنفال بە تەنها کوشتنی چەند کەسێك نیە لە دێکاندا، یان کوشتنی چەند کوردێك نیە، بەڵکو تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵی نەتەوەیەکە، ئەگەر ئەو بڕیاری دادگاکەش وابوو کە ئەنفال جینۆساید نیە ئەوا بێگومان ئەو دادگایە سەربەخۆ نیەو تاوانبارە وە سەدام حوسەین چەند تاوانباربێت ئەوانەی بڕیارێکی وادەدەن لە سەدام تاوانبارترن، ئەگەر هەر کوردێکیش لێی بێدەنگ بێت ئەوا ئەویش هاوبەشە لەگەڵ تاوانەکانی سەدامدا، من هەمیشە وتوومە و ئێستاش ئەیلێمەوە با لە هەندێ قسەی عاتفی دەربچین کە لە وانەیە ئەمەش تۆزێك قورس بێت، من زۆرجار وتوومە ئەوانەی ئەنفالکراون و ڕۆشتوون هەندێکیان پیربوون، ئەگەر ئەنفالیش نەکرابانایە ئەوا هەر ئەمردن، کێشەکە ئەوە نیە چەند هەزار کەسێك مردووە، کێشەکە ئەوەیە کە تۆ چۆن ئەتوانیت ئەنفال لە ڕپرسە سیاسیەکانتدا بە کاربهێنیت بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسیەوە سوودی لێوەربگریت و بۆ هەتا هەتایە کەس نەتوانێت ئەوەت لەگەڵ دووبارە بکاتەوە، واتە ئەمە دادگایەك نیە بۆ گریان، بەڵکو دادگایەکە بۆ داهاتووی زیندوەکان، ئەمەش تا دادگا بڕیار نەدات ئەنفال جینۆسایدە ئێمە ناتوانین لە پرسە سیاسیەکاندا بەکاری بهێنین، دیسانەوە ئەیلێمەوە هەر ئەبێت دادگا بڕیار بدات کە ئەنفال جینۆسایدە، چونکە لە بەندەکانی یاساکەیدا ئەنفال جینۆسایدە، ئەگەر بڕیارەکەش وانەبوو ئەوا دەستێکی دژە کوردی لە پشتەوەیە، بەڵام من پێشبینی دەکەم ئەنفال لە دادگادا بە جینۆساید بڕیاری لێبدرێت.

**عەرعەر: چی جیاوازیەکی هەیە ئەگەر ئەنفال لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا سەرانی ڕژێمی پێشووی لەسەر دادگایی بکرایە، نەك لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق؟**

حاکم شێخ لە تیف: ئەوەندەی من لە یاسادا شارەزایم هەیە لە هەموو ڕوەکانەوە دادگایکردنی نێودەوڵەتی سودێکی زیاتری هەبوو، بۆ، چونکە ئەم دادگایی کردنە تۆڵەسەندنەوە نیە لە تاوانبارەکان بەڵکو دادگاییەکە بۆ داهاتوو بۆ سەلماندنی ژێردەستەیی نەتەوەیەك، ئەگەر ئەم دادگایی کردنە نێو دەوڵەتی بوایە ئەوا لە ڕۆژئاوادا دەکرا، دیارە لە دنیای ڕۆژئاوادا دادگا هێندە گوێ لە قسە و وتەی سیاسیەکان ناگرێت، چونکە قسەی سیاسی هەمیشە دوو جەمسەرە، جەمسەری ڕاست جەمسەری درۆ، وە هەروەها هەمیشە قسەی سیاسی لێڵیەك بە دەستەوە ئەدات، بە تایبەتی لە دنیای ڕۆژئاوادا، بۆیە ئەو کاتە ئەم قسانەی ئێستا نرخێکی وای نەدەبوو، هەروەها بڕیارەکانی ئەوانیش زیاتر ئەبووە جێی بایەخی هەموو دنیا، ئەگەر لەو دادگایەدا کەسێك بێتاوانبوو بەڵام بە ڵگەی پێنەبوو بۆ سەلماندنی بێتاوانیەکەی ئەوا دادگا بە تاوانبار دای دەنێت، بەڵام ئێمە دڵنیاین لە کێشەی ئەنفالدا بەڵگەی تەواوەتیمان بەدەستەوەیە، بۆیە هیچ کام لە تۆمەتباران لە کێشەی ئەنفالدا دەربازیان نابێت، بۆیە ئەگەر لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا بوایەو حوکمەکەی بە پێی قورسای تاوانەکە بوایە کە من دڵنیابووم بە پێی قورسای تاوانەکە سزایان وەردەگرت، لەوەش دڵنیا بووم کە ئەنفال بە جینۆساید بڕیاری لێ ئەدرا، وە لەهەمووی گرنگتر ئەم هەواڵە بە خێرای تیشك بەسەر هەموو دنیادا بلاو دەبووەوە، چونکە ئەو کاتە لەبەر ئەوەی دادگایەکە لە ئەورووپادا ئەبوو وە هەموو ڕاگەیاندنەکانی ئەوروپا بە تەواوەتی گرنگیان پێ ئەدا، ئەو کاتەش ئیلتیزامێکی ئەخلاقی ئەکوتە سەرشانی نەتەوەیەکگرتوەکان، کە کورد چی بەسەر هاتووە و ئێمەش هەرچیمان بویستایە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گوێمان بۆ ئەگیرا و بۆمان ئەکرا، بە بڕوای منیش ئەمەریکا هۆکارێکە بۆ بە ناوخۆی کردنی کێشەکە، تا ئێستا ئێمە زۆر ساویلکەین بەرانبەر ئەمەریکا، ئەمەریکا دەشمان کوژێت و بەسەر تەرمەکەشماندا دەگەرێت، زۆربەی ئەو چەکانەی لە عێراق بەکار هاتووە هی ئەمەریکا بووە، وە ئەگەر ئەم کێشەیە نێو دەوڵەتی بوایە ئەوا ناوی ئەمەریکای تێدا ئەهات، هەر بۆیە ئەمەریکا ئەم کێشەیەی قەتیس کردووە لە دادگایەکی ناوخۆیدا،بۆیە ئەگەر بزانێت ئەو ڕوداوانەی کە ڕودەدەن لەگەڵ کەشتیەکەی ئەودا هەڵناکەن، ئەوا هەر بە زوویی سانسۆر دەخاتە سەر کێشەکان، بۆ نموونە یەکێك لەوانە ئەو سانسۆرە بوو کە خستیە سەر حاکم رزگار، کە حاکم ئەیویست بە دادپەروەرانە حوکم بدات بۆیە وایان لێکرد کە دەست لە کار بکێشێتەوە، ڕاستیەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە خۆمان ساویلکەین، من زۆر ڕوبەڕوی سیاسیەکان قسەم کردووە و پیانم وتووە ئەنفال با لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا بەڕێوە بچێت، بەڵام ئەوان ئەڵێن ناکریت، ئەڵێن ئەوە بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکانی دەوێت، بڕیاری لیژنەی پاراستنی دەوێت، جا بریاڕی نەتەوە یەکگرتوەکان و لیژنەی پاراستن چیە، دە تۆ هەوڵ بدە با نەکرێ، ئێمە هەوڵمان نەداوە تا بزانین نەتەوە یەکگرتوەکان ئەیکات یان نا، وەك کورد دەڵێت کردە پەشیمان بە نەك نەکردە پەشیمان، با ئەوان هەوڵیان بدایە دڵنیاشم ئەمەریکاش ڤیتۆی بەکار دەهێنا، بەڵام ئەو کاتە بۆ هەموو دنیاو بۆ کوردی ساویلکەش ڕون ئەبووەوە کە ئەمەریکا چی جۆرە دۆستێکە، ئەوکاتە ئێمەش وەك ئێستا بە سۆزەوە دوای نەدەکەوتین.

**عەرعەر: لە سێدارە دانی سەدام حوسەین تا چەند کاریگەری لەسەر ڕەوتی دادگاکە هەبوو؟**

حاکم شێخ لەتیف: بەڕاستی سەدام خۆی نیشانەی تاوانەکەیە، من قسەم زۆر لەسەر ئەوە کردووە، ڕاستە لە سەدام تاوانبار تر هەیە کە لەوانەیە ئێستاش لە دەسڵاتدا مابن، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەسەردەمی ئەو ڕژێمەدا ڕژێمەکە بە ناوی ئەوەوە بووە و سەرۆکی ڕژێمەکە بووە، هەموو بڕیارەکان لە دەست ئەودا بووە، بە ڕای من لە لای هەموو دنیا ڕەمزی بەعس دەمووچاوی سەدام حوسەین خۆیەتی، چۆن ڕەمزی نازیەت هیتلەرە کاتیك من و تۆ باسی نازیەت دەکەین هیتلەر و دەم و چاوی و وتارەکانیمان بە بیر دێتەوە، سە دامیش بە هەمان شێوە کاتێك باسی بەعس دەکەین سەدام و برۆ گەورەکانی و نەجمەکان و جلە زەیتونیەکەیمان دێتە پێش چاو، کە ڕاگەیاندنەکانیش وەکو شەیتان و ڕەمزی بەعس وێنەیان دەگرت، نەمانی سەدام زیانی زۆری لە کێشەی ئەنفال و هەموو کێشەکانی دوای دوجەیل دا، بە کێشە گەرەکانی شیعەشەوە، لەبەر ئەوەی سەدام ڕەمزی هەموو ئەوانە بوو، شیعە زۆر بە زیرەکانە، لەسەر کێشەیەکی بچوکی خۆیان لەناویان برد، بڕوام وایە زیاتر بەدەستی دەوڵەتانی ئیقلیمی کرا، بەمەش وایان لێکرد بچێتە قاڵبی سوکایەتیەوە و هەروەها قاڵبی کێشەی نێوان شیعەو سونە کە زیاتر لە هەزار ساڵە هەیە، بەمە تۆڵەیان لێکردەوە، من پێش ئەوەی لە سێدارە بدرێت لە شەوەکەیدا لە یەکێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بە تەلەفۆن بەژداریم کرد، وتم ئەگەر بەیانی سەدام لە سێدارە بدرێت، کە من پێشبینی لە سێدارە دانیم نەدەکرد بەو زووە، چونکە بە پێی یاسا نە ئەبوو بەو پەلەیە لە سێدارە بدرێت، وتم ئەگەر بەیانی سەدام لە سێدارە بدرێت ئەوە سەدام تاوانبار نیە، بەڵکو ئەوە مەعاوییە و لە تۆڵەی حوسەیندا دەیکوژن، وە هەر واش بوو، سەدام بە ئەنقەست وای لێکرا بۆ ئەوەی شیعە هەموو بەشەکان بۆ خۆی بەرێت، ئەبوایە کورد لەم کێشەیەدا بێدەنگ نەبوایە، من هەموو ڕوداوەکان پێش خۆی قسەم لەسەری کردووە، بەڵام بەداخەوە کەسێك نەبوو ئیشی لەسەر بکات، وتیشم بە نەمانی سەدام دادگاکە ئەو ڕەونەقەی نامێنێت، وە هەر واش دەرچوو، ئێستا ئەو ڕەونەقەی نەماوە وەك ئەو کاتەی سەدام لە دادگاکە بوونی هەبوو، کەسیش ناتوانێت بڵێت گرنگی دانی ڕاگەیاندنەکان بۆ کێشەی ئەنفال هێندەی گرنگی دانە بە کێشەی دوجەیل، یان هێندەی کێشەی ئەنفال تا ئەو کاتەی سەدام مابوو، ئەگەر تێبینی بکەین زۆربەی کەناڵە جیهانی عەرەبیەکان هەر باسی ناکەن، جگە لە چەند کەناڵێکی ناوخۆی نەبێت کە باسی ئەکەن، لە هەمووشی ترسناکتر ڕەمزی تاوانەکەیە کە سەدامە بە بێ تاوان دەرچوو لە تاوانەکانی ئەنفالدا، لە ڕووی یاساییەوە هەر تۆمەتبارێك لە هەر قۆناغێکدا بمرێت ئەوا هەر دەعوایەکیشی لەسەر بێ بەبێ تاوان ناو ئەبرێت، ئایا گوناح نیە سەدام حوسەین لە کێشەی ئەنفالدا بێتاوان دەربچێت، هەرکەسێك بلێت وانیە ئەوا یان لە یاسا نازانێت، یان بۆ مەبەستێك وا دەڵێت، من هیچ مەبەستێکم نیە جگە لە بێ لایەنی و دڵسۆزیم بۆ نەتەوەکەم و بۆ یاساو بۆ سەروەری یاسا نەبێت کەوا دەڵێم، کەواتە سەدام لە کێشەی ئەنفالدا وەك من و تۆ وایە، هەروەها لە کێشەکانی تری شیعەش خۆیاندا، بە ڕاستی ئەمە زوڵمێك بوو لە کورد کرا، وە بەرژەوەندیەك بوو بۆ سەدام خۆیشی، چونکە لەسەر دوجەیل لە سێدارە درا، لەو کێشەیەدا تاڕادەیەك مافی خۆی بوو، لەوانەیە بتوانم بڵێم ئەگەر دادگاکە عادیلانە بوایە ئەبوایە سەدام لە سێدارە نەدرایە لەسەر کێشەی دوجەیل، چونکە سەرۆکی دەوڵەتێکەو لە حاڵەتێکی شەردا ڕووبەڕوی موئامەرەیەکی دەرەکی ئەبێتەوە و دەست ڕێژی لێ ئەکرێت، ئەویش فەرمان ئەدات خەڵکەکان بدرێنە دادگا، ئیتر لێکۆڵینەوەکە نایاساییە یان دادگاکە نایاساییە، ئەمەسەرۆك لێی بەرپرسیار نیە، تۆ وای ببینە ئەگەر سەرۆکی هەریم یان سەرۆکی عێراق، ڕووبەڕووی دەست ڕێژی گولە ببێتەوە، نابێت فەرمان بە لێکۆڵینەوە بدات؟ کە فەرمانی کرد ئەوا تەقەکردن لەسەرۆك یان بەر پرسێك لەهەمو دونیادا تاوانە، کەواتە ئەبێت بدرێت بەلێکۆڵینەوەو ئەویش بەدادگا، کەدادگا حوکمی خۆی دا ئەوە کێشەی دادگایە لەدەسەلاتی سەرۆك دا نییە، بەڵام کەدادگا دێت بۆ ماستاو چێتی حوکمێك دەردەکات ئەمە پەیوەندی بەسەرۆکەوە نییە، بەلکو دادگا خۆی بەرپرسیارە، کەواتە ئەگەر بەداد پەروەرانە حوکمی سەدام بدرایە ئەبوایە لەسێدارە نەدرایە لەسەر کێشەی دوجەیل، من پەیوەندیم بەسەدامەوە نیە،بەڵکو ئەبێت تۆ واسەیری بکەیت کە سەرۆکێك لەکاتی شەڕدا ڕوبەڕوی تاوانی شەر بۆتەوە ، لەوانەیە هەندێ کەس ئەم قسانەیان زۆر بەلاوە ناپەسەند بێت، بەڵام من باسی تاوانێکی ئاسایی دەکەم نەك بەوەی سەدام جەلادە و ئەبێت لە سێدارە بدرێت جالەسەر ئەم کێشەیە کە بە بڕوای من ئەو تاوانەی نەبو کەلە سێدارە بدرێت، بەڵام لەسێدارە بدرێت لەسەر کێشەکانی تر بێتاوان دەردەچێت بۆنمونە لەسەر ڕاپەرینی شەعبانییەی شیعە بێتاوانە لەسەر کوشتنی ئیمامەکانی شیعە بێتاوانە.

# “جینۆساید هۆکارێکە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەگەر سیاسیەکانتان بتوانن بەکاری بهێنن” (د.بارتلۆمی زدانیک)

ئا/ئەمین عەبدولاّ- پۆڵەندا

پاش تێپەڕبوونی نۆزدەساڵ بەسەر شالاّوی ئەنفال ، بۆزانینی بەرهەمی کاری رشۆشنبیران و دەسەلاّتی کوردی لە بەجیهانی کردنی تاوانی ئەنفال ، ساڵنامەی عەرعەر لەرێگای خوێندکار ئەمین عەبدولاّ، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پرۆفیسیۆر دکتۆر بارتلۆمی زدانیک شارەزا لەمێژوی سەدەی بیستەمی جیهانیی و مامۆستای زانکۆی وارشۆ لە پۆڵندا و دکتۆر میخال دزیک مامۆستای کۆلێژی زانستی سیاسی لەهەمان زانکۆدا ئەنجامدا.

**ئەمین عەبدولاّ: بەڕێزت هەڵگری بڕانامەی دکتۆرای مێژووی سەدەی بیستەمی جیهانیت ، ئایا شالاّوی لەناو بردنی کورد و ئەنفالت بیستووە ؟**

د.بارتلۆمی زدانیك: من وەکو ناو ئەنفالم نەبیستووە، شارەزایم لەو زاراوەیەدا نییە، بەلاّم ئاگاداری لەناو بردنی نەتەوەی کوردم لە عێراق و لە ژێر دەسەلاّتی یەکێك لە گەورەترین دکتاتۆرەکانی جیهانی سەدەی بیست، کە ئەویش سەدام حوسەین بوو، سەدام لە عێراق وەك هیتلەری ئەڵمانیا چۆن جووەکانی لەناو بردووە ئەویش کوردی جینۆساید کردووە، شارەزایانی سەدەی بیستەم ئەمە ئەزانن، بەلاّم وردەکاری ناوی شالاّوەکان و بە چی بیانوویەك کراوە لەوانەیە ئەمەیان رون نەبێت لامان، من زانیارییەکانم لەسەر کورد لەڕێگای هەوڵی خۆم بۆئەم کێشانە بەدەست هێناوە.

**ئەمین عەبدولاّ: بەڕێزت وتت ئاگاداری ناوی ئەنفال نیم، بەڕای تۆ تاوانێك کەنزیکەی دووسەد هەزار کەسی تێدا لەناو بچێت بۆنەناسراوە لەسەر ئاستی جیهان؟**

د.بارتلۆمی زدانیك: لەبەرئەوەی لەهیچ قۆناغێکی خوێندندا دانەنراوە یان کەمی کتێبی مێژوویتان بەزمانی بێگانە، کەمی بلاّوکراوەکانتان بەجیهانا پێویستە رۆشنبیرەکانتان کتێب و نوسراوی زیاتر بلاّو بکەنەوەو کار بکەن بۆ دەرخستنی رۆشنبیری کوردی لە جیهاندا، بەتایبەتی ئیشکردن بۆناساندنی جینۆسایدی نەتەوەکەتان، زۆر گرنگە لەئێستای دونیادا هۆکانی گەیاندن زۆر ئاسان بۆتەوە کار بکەن ئێوەش ئەتوانن بەشی زۆری کارەکانتان تەرخان بکەن بۆناساندنی لەناو بردنی نەتەوەکەتان، من پێشنیاردەکەم ئێوە سود لە کۆمەڵکوژییەکانی هۆلۆکۆست و ئەرمەن و رواندا وەربگرن، من دڵنیام لەوەی کەئەو دەوڵەتانەی داگیری کردوون ڕێگر بووە لەبەردەم بەکرانەوەتان بە رۆژئاوا، بەلاّم ئێستا ئەو بەشەی کوردستانی ئێوە والأیە لەبەردەم جیهانی رۆژئاوادا، هێشتا درەنگ نییە ئەگەر ئێوە کارەکانتان بکەن.

**ئەمین عەبدولاّ: تراژیدیاو جینۆسایدی نەتەوە هۆکارێکە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ؟**

د.بارتلۆمی زدانیك: ئێوە راست دەکەن کە جینۆساید کراون منیش لەوە دڵنیام وەمافی خۆتانە دەوڵەتی سەربەخۆتان هەبێت،منیش بۆ دروستبونی دەوڵەوتی سەربەخۆی کوردی لەگەڵتانم، بەلاّم هێشتا زۆرن ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە نەبوونی



د.بارتلۆمی زدانیك و ئەمین عەبدولاّ

نەتەوەیەك نیە بە ناوی کورد وە هەروەها زۆرن ئەو دەوڵەتانەی کە زیان ئەکەن ئەگەر کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، جینۆساید هۆکارێکە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەگەر سیاسیەکانتان بتوانن بەکاری بهێنن، یان زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن بەلاّم جینۆساید هۆکاری سەرەکی نیە بەڵکو شۆڕش و پێشکەوتنیش گرنگە.

**ئەمین عەبدولاّ: هیچ پەیامێکت هەیە بۆ نەتەوەی کورد؟**

د.بارتلۆمی زدانیك: نەتەوەکەتان نەتەوەیەکی ئازادی خوازەو توانای بەرگە گرتنی زۆری هەبووە، بۆیە منیش لە ولاّتی پۆڵەنداوە وەکو مرۆڤێك هاوبەشی خەمە نەتەوەیەکانی ئێوەم، هیوادارم لە ئێستا بە دواوە توشی هیچ گرفتێك نەبن و ئێوەش وەکوهەموو گەلانی دنیا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بن، ئەمەش ماندووبونی هەمووتانی ئەوێت.

دکتۆر میخال دزیکیش پاش سوپاسکردندم وتی من دۆستێکی ڕوحی نەتەوەی کوردم و ئامادەم وەلاّمتان بدەمەوە.

**ئەمین عەبدولاّ: بەڕێزت کە مامۆستای کۆلێژی زانستی سیاسی زانکۆی وارشۆیت، ئایا شالاّوی لە ناوبردنی نەتەوەی کوردو شالاّوی ئەنفالت بیستوە؟**

د. میخال دزیك: نازانم ئێوە ئەنفال بە چی مانایەك بەکار دەهێنن، ئەوەی من ئاگادار بم لە عێراقدا کوردیش وەك بەشێك لە گەلی عێراق بە دەستی ئەو دەسەلاّتەی کە سەدام حوسەین سەرۆکایەتی دەکرد، توشی لە ناوبردنی زۆر بوەتەوە.

**ئەمین عەبدولاّ:ئێمەی کورد بەهۆی جیاوازی نەتەوەوە جینۆساید کراوین، ئایا بۆ ئەو دەنگدانەوەیەی نیە لە سەر ئاستی جیهانی؟**

د.میخال دزیك: بلاّوبونەوەی هەواڵ بە جیهاندا کات و گرنگی هەواڵەکەی ئەوێت هەروەها ئەبێت کار بکرێت بۆ ئەوەی بناسرێت لە هەمان کاتیشدا ئەبێت رێگریکردن نەبێت لە بەردەم ناساندنەکەدا، ئەوەی من ئاگادارم ئێوە بۆ خۆتان کەم هەوڵتانداوە من کتێبێکم نەبینیوە بە زمانی پۆڵەندی لەسەر کلتورو جینۆسایدەکانی کورد نوسرابێت، لە هەمان کاتدا من ئەزانم ولاّتی سوریاو تورکیاو ئێران بەربەستی زۆرتان بۆ دروست ئەکەن.

**ئەمین عەبدولاّ: تراژیدیاو جینۆسایدی نەتەوە هۆکارێکە بۆ دروستبونی دەوڵەتی سەربەخۆ؟**

د.میخال دزیك: من بەرونی ئەوە دەبینم کەکورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئێستاش ڕۆڵی کاریگەرتان بەسەر جیهانەوە هەیە، بەلاّم دابەشبونی کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتدا تەنها ڕێگرتانە بۆدروستبونی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەلاّم کوردستانی عێراق ئێستا کێشەی نیە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، بەڵکو سێ پارچەکەی تر کێشەی گەورەیان هەیە، ئەبێت ڕۆژێك هەبێت کە ئەوانیش هەڵی خۆیان بقۆزنەوە بەتایبەت لەکاتی لاوازی ئەو دەوڵەتانەدا، وەکو ولاّتی پۆڵندای ئێمە کەلەسەدەی نۆزدەدا دابەشکرابوین لەنێوان روسیاو ئەڵمانیا و نەمسادا، بەلاّم لەکاتی شەری جیهانی دووەمدا ئەوان لەشەردا دۆران و هەل بۆپۆلەندییەکان رەخسا دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکەن، ئەوەبو پۆڵندا دروست بوو.

**ئەمین عەبدولاّ: بەبروای جەنابت سودوەرگرتنی کورد لە جینۆساید بۆ دروستکردنی دەوڵەت چی ڕێگەیەك بگرێتە بەر؟**

د.میخال دزی: پێویستیتان بە پشتگیری دەوڵەتانی دەرەوە ئەبێت، ئەگەر ئەتانەوێت ببنە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەوا پێویستە پەیوەنییەکی زۆر بەهێز لەنێوان خۆتان و دەوڵەتانی دەرەوە دروست بکەن، بەتایبەتی ولاّتانی ئەوروپا بۆ هەموو جیهانی ڕونبکەنەوە کە ئێوە گەلێکن ئەتانەوێت ئازاد بن و ئەتانەوێت دەوڵەتی سەربەخۆتان هەبێت، ئەبێت گرنگی بە بازرگانی بدەن و پەیوەندی بازرگانیتان بەهێز بکەن، بۆئەوەی لەکاتی دروستکردنی دەوڵەتدا کێشە نەیەتەرێگەتان.

# شیکردنەوەیەکی تری کەسایەتی سەدام حسێن

دەروناسی ئەکادیمی

د.عبدالستار تاهیر شەریف

دەربارەی کەسایەتی صدام حسێن وشیکردنەوەی کەسایەتی نوسراوو تۆژینەوە زۆرن، لێرەدا لەم نووسینەماندا زیاتر پەنا ئەبینە بەر ئەو زانیاریانە کە لە نزیکەوە بینیومانە یان لەهەندی سەرچاوەی باوەڕپێکراوەو خوێندومانەتەوە وەك مامۆستایەکی دەرونناس و شارەزا لە بواری شیکردنەوەی کەسایەتی کە زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ لە نزیکەوە صدام حسێنم ئەناسی وەك جێگری سەرەك کۆماری عیراق و پاشانیش وەك سەرەك کۆمار ، لەساڵی١٩٧٢وە تا ساڵی ١٩٩٥کە توانیم خۆم دەرباز بکەم لە یەکێ لەپیلانەکانی بۆلەناو دانم و هەڵهاتنم بۆ هەرێمی کوردستان لە ٢٣/١١/١٩٩٥بە تەنسیق لەگەڵ بەڕێز سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان مام جەلال تاڵەبانی و بەڕێز کاك کۆسرەت رەسوڵ جێگری سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

صدام حسێن پێش ئەوەی ببێتە سەرەك کۆمار وەك جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وا خۆی نیشان ئەدا کە مرۆڤێکی دیمکراتی و پێشکەوتنخوازەو سەرۆکی کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر مرۆڤێکی عەسکەری و کۆنەپەستەو لە هەموو کۆبونەوەکانی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخواز لە قسەکانی و رەفتارەکانی ئەم رۆڵەی ئەنواند وەك ئەکتەرێکی سەر شانۆ، توانی حیزبی شیوعی عیراق، پێش ئەوەش پارتی دیمکراتی کوردستان و کەسایەتیە نیشتمان پەروەرەکانی کورد و عەرەب هەڵخەڵەتێنێ،بەلاّم کە بووەسەرۆك کۆمار دەسەلاّتی تەواوی گرتەدەست ،دەمامکەکەی لەسەر رووی لاداو حەقیقەتی کەسایەتیەکەی کەوتە روو کەواتە ئەو ماوەیەی جێگیر بوو لە ساڵی ١٩٦٨وە تا ساڵی ١٩٧٩رووی خۆی بە دەمامك وەك ئەکتەرەکان داپۆشیبوو دوای بوونی بە سەرۆك کۆمار یەکسەر ئەو دەمامکە لەسەر رووی داماڵاند و بەشێك لە کەسایەتیە راستەقینەکەی خستە روو ئەوە بوو یەکەم هەنگاوی هاوڕێکانی خۆی گولە بارانکرد، گروپەکەی عەدنان حوسێن و عەبدولخالق سامەڕایی و محەمەد عایش.. پاشان زەمینە خۆشکردن بۆ پەلاماردانی کۆماری ئیسلامی ئێران و نەهێشتنی نەیارەکانی لە ناوەوەی عیراق و پاشان هەڵمەتەکانی ئەنفالی دژی گەلی کورد و پاکتاوکردنی رەگەزی کوردو هەڵمەتەکانی تەعریب لە شاری کەرکوك و خانەقین و شنگارو هەموو ناوچە سنوریەکانی نێوان عیراق و کوردستانی باشور.

هەشت پرۆفیسۆری دەرونناس و کۆمەڵناس لە زانکۆی هارڤەردی ئەمریکی بۆ ماوەی دوو ساڵ خەریکی شیکردنەوەی کەسایەتی صدام حسێن بوون بە رێگای کۆکردنەوەی هەموو ئەو شریتە ڤیدۆیانەی کۆبونەوەکانی صدام حسێن لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعس و قەناتەکانی تەلەفزیۆن یان کۆکردەوە، بۆیان دەرکەوت کە تووشی نەخۆشی (پارانۆیا) بووە ئەم نەخۆشیە سێ نیشانەی مەترسیدارو کاریگەری هەیە لەسەر کەسایەتی هەموو ئەو کەسانەی تووشی ئەبن:

١-هەموو گومانێك لای یەقینە(راستە)

٢-پەرستنی کەسایەتی خۆی(نەخۆشی عەزەمەت)

٣-ئەگەر دوژمنی نەمێنێ دوژمن دروست ئەکا بۆ ئەوەی شەڕی لەگەڵدا بکات.

بۆ نمونە جارێکیان دوای گوللە بارانکردنی (محەمەد عایش) ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعس و سەرۆك سەندیکای کرێکارانی عیراق لە کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتی قوتری صدام حسێن وتی “من جارێکیان پەڵەیەکی رەشم لەسەر چاوی محەمەد عایش بینی ئەو کاتە زانیم خیانەتم لێ ئەکا”

لە شیکردنەوەی ئەو هەشت پرۆفیسۆرانەی زانکۆی هرڤەر وەك باسینکردووە ئەڵێ:صدام حسێن لە هەموو کۆبونەوەکانی دوای هەموو کەس ئەچوو بۆ هۆڵەکانی کۆبونەوەکان و دوای ئەوەی لەسەر کورسیەکەی دادەنیشت و چاوی بە ملاوبەولای خۆی دا ئەگێڕا و سەیری دانیشتوانی ئەکرد بە مەبەستی ترساندنیان وەك چۆن (باز) بە چاوەتیژەکانی سەیری نێچیرەکانی ئەکا.

یەکێ لە نیشانەکانی تری کەسایەتیەکەی کە توشی نەخۆشی خۆپەرستی بوو، جارێکیان فەخری قۆروتورك سەرکۆماری تورکیا تەلەفونی بۆ ئەکا و تکای لێ ئەکا حوکمەکەی عەبداڵلە عبدالرحمن سەرۆکی یانەی تورکمان لە خنکاندنەوە بگۆڕێ بۆ حوکمی ئەبەدی لەبەر ئەوەی عبداللە برادەری فەخری قۆروتورك بوو صدام حسێن هەر دوای تەلەفونەکەی سەرەك کۆماری تورکیا عبداڵلە عبدالرحمنی ئیعدام کرد لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆنیش باسی ئەم کردەوە ناشرینەی خۆی کردوو ناوی لێنا دەست درێژی کردن بۆ کاروباری ناوخۆی عیراق.

جارێکیان “فاتك صافی“کە یەکێکە لە کەسایەتیە شیعەکانی ناسراو لە عیراق و ئەندامێکی پێشکەوتوی حزبی بەعس بۆمی گێڕایەوە وتی دوای ئەوەی صدام حسێن هەلاّت بۆ سوریا دوای لێکدانەکەی عەبدوالکریم قاسم لە رێگا هەردووکمان پێکەوە ئەچووین بۆ سوریا دەلیلێکی عەرەبمان لەگەڵدا بوو دوای ئەوەی لە ئاوپەڕینەوە پێمی وت فاتك کەمێ دانیشە چاوەڕوانم بکە، ئێستا ئەگەڕێمەوە کە گەڕایەوە بۆ لای دەلیلەکەمان گوێم لە دەنگی تەقەیەك بوو کە گەڕایەوە پێم وت: ئەوە چی بوو، وتی هیچ کابرای عەرەبم کوشت!پێم وت بۆ کوشتت، لە وەلاّمدا وتی، با کەس نەزانێ ئێمە بۆ کوێ ئەچین؟منیش نوسەر بە فاتك صافیم وت باشە تۆیشی نەکوشت!ئەوەیە کە هەموو گومانێك لای حەقیقەت بوو، گومانی لە دەلیلەکەی خۆی کردوو بەبێ یەك و دوو یەکسەر کوشتی.

زۆر لەو قوربانییانەی صدام حسێن بە هۆی گومانەوە کوشتیانی لەوانە.٠دکتۆر ریاز وەزیری تەندروستی و دکتۆر فازاڵ بەڕاك بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی و عەمید جەواد ئەسعەد شێتنە و کوشتنی حسێن کامیل و زوربەی کەسوکارەکانی و دەیەها کەسیتر و دوای ئیعدام کردنیان پەشیمان ئەبووەوەو بە شەهید دایانی ئەنا، لە هەموو سەیرتر ئەوە بوو یاسایەکی دەرکرد بە ناوی (فی لحقە پوران سید الرئیس) کەواتای لە کاتی تورەی سەرۆك !!

یەکێ لە نمونەکانی تری کەسایەتی صدام حسێن جارێکیان لەگەڵ ژمارەیەك ئەندازیاران و پسپۆڕانی پلان دانان خەریکی موناقشەی دانانی نەخشەیەکی تازە بوون بۆ دروستکردنی کۆشکێکی کۆماری تازە صدام حسێن پێیانی ووت: ئەم کۆشکە ئێستا چەند ساڵە دروستکراوەبە کەڵکی صدام حسێن نایێ ئەبێ کۆشکێك دروست بکەن بگونجێ لەگەڵ کەسایەتی صدام!

لە کاتێکدا کۆشکی کۆماری کە پێش صدام حسێن عەبدولسەلام عارف و عبدوالرەحمان عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر تیا دادەنیشتن هیچ کەمو کوڕییەکی نەبوو وەك کۆشکی کۆماری خۆ کۆشکی سپی ئەمریکا یان کرملنی سۆڤیێت لە کۆشکی کۆماری عیراق تازەتر نەبوون و تا ئێستا نەیانگۆڕییوە ئەم مەناقەشەیە یەکسەر تەلەفزیۆنی عیراق بلاّوی کردەوە،یەکێ لە گومان لێکردنەکانی صدام حسێن لە ناودانی کوڕی خاڵەکەی و برای خێزانەکە بوو فەریق روکن عدنان خێرەاڵلە وەزیری بەرگری عێراق رووداوی کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرێك کە رووداوێکی مەشهەورە نامەوێ باسی بکەم صدام حسێن گومانی لە عدنان خێرڵڵا تلفاح ئەکردکەلە دەرفەتێکدا کودەتایەك بکا و بێتە شوێنەکەی لە ساڵی ٢٠٠٣لە نویزیلاندبووم لە کەناڵی سەرەکی تەلەڤزیۆنی نیوزیلاند یەکێ لەو ئافرەتە یۆنانیەی نیشان دا کە لەگەڵ مێردەکەی هاتبووە عیراق و لە پرۆژەی نەوت کاریان ئەکرد صدام حسێن پەیوەندی جنسی (سێکسی) لەگەڵ ژنەکەدا پەیدا کردبوو بە دوورو درێژی ئەو ژنە لە سەر شاشەی تەلەڤزیۆندا قسەی ئەکرد لەسەر کەسایەتی صدام حسێن یەکێ لە قسەکانی ئەوە بوو ئەیووت: صدام پێمی ئەوت نازانم بۆچی بەرامبەر بە تۆ لاوازم “کەواتە صدام حسێن بەرامبەر ئەو ژنانەی پەیوەندی جنسی هەبوو لەگەڵیانا لاواز بوو، لێرەدا کۆتایی بە نووسینەکەمان دێنین و هەر چەندە نوسین لەسەر کەسایەتی صدام حسێن نەك بە چەند لاپەرەیەکی سەر رۆژنامە تەواو نابێ، بەڵکو پێویستی بە چەند بەرگە کتێبێك و دەیەها تۆژینەوەی زانستی هەیە، صدام ئەو کەسە بوو و شیرازەی گەلانی عیراق بە کوردو عەرەبیەوە بە جۆرێك شێواندوە دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵیش بەسەر رووخانی رژێمەکەی جارێ گەلانی عیراق نەکەوتونە سەر پێی خۆیان و تووشی شەڕی تایفەگەری و تیرۆرو ئیرهاب بوونە.

**د. یاسین سەردەشتی**

# گەورەترین هەڵەی سەرکردایەتی کورد ئەوەیە لە مێژوو بێ ئاگان و پەندی لێوەرناگرن

**سازدانی : عەرعەر**

قسەکردن و وتووێژ لەسەر ئەنفال مەجالی زیاتری هەیە، دەکرێت بواری زیاتر برەخسێنرێت بۆ زۆرترین کەس، تاوەڵامی زۆرترین ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە سەبارەت بەرودواوەکەو پاش رووداوەکە لە زهنی هەر یەکێکماندا دروست بووە و بە هەڵپەستراوی ماونەتەوە، لەم سەروبەندەشدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی (د. یاسین سەردەشتی) مامۆستا لە بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی کرد، لە تێڕوانینی خۆیەوە وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانەی داینەوە. پێشەکی دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەنفال وەك رووداوێکی جینۆسایدی گەلی کورد لە کۆتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لەلایەن هێزەکانی سوپای عێراق و بە فەرمانی رژێمی بەعسی لەناوچوو دژ بە کورد ئەنجامدراوە، یەکێکە لە رووداوو کارەساتە مێژووییەکان کە بەسەر گەلەکەماندا هاتووە.

**عەرعەر: ئایا کارەساتی ئەنفال تا چەند بووە بە رووداوێکی جیهانی؟**

د. یاسین : لە ئازاری (١٩٩١) بە شێك لە کوردستان کەوتە دەست هێزە کوردییەکان و هەوڵدرا لە ١٩٩٢ حوکمەتێکی کوردی دامەزرێنرێت، بەڵام ئەو کارانە بە شێوازێکی ئەکتیڤ و رێك و پێك نەچوونە پێش، رێبەرانی کورد سودیان لە دەرفەتی مێژووی بە باشی نەکرد، لە پاش (١٩٩٢)شەوە نەیانتوانی کار بۆ کەمکردنەوەو سرینەوەی ئەو برینە تراژیدیانە بکەن کە بەجەستەی گەلی کوردەوەیە، هەوڵی ئەوە بدەن کە ئەنفال وەك مەسەلەیەك بە جیهان بناسێنرێت، ڕای گشتی جیهان بۆ کێشەی ئەنفال و قەتڵ و عامکردنی کورد پیشانی جیهانی مرۆڤایەتی بدەن، بەدەر لەوە جەنگی کودی و جەنگی ناوخۆ لەلایەن ئەم هێزە سیاسیانەوە وایکرد چەندین برینی کە بهاوێتە سەر ئەو برینانەی پێشوو وە خەڵکی لە جیاتی سەرقاڵی خۆ چەسپاندن و جێگیرکردن و ئاوردانەوە لە برینەکانی پێشوو رۆژ بە رۆژ دووچاری برینی نوێ و کارەساتی نوێژدەبوو. لە پاش روخاندنی رژێمی بەعسیش دەرفەتێکی تر بۆ کورد رەخسا تا بتوانێت کێشەکانی خۆی بە مەحفەلی نێو دەوڵەتیدا زیاتر نیشان بدات، هەوڵی ئەوە بدات کێشەی ئەنفال وەك کێشەی میللەتێکی جینۆساید کراو باس بکرێت و بایەخی پێبدرێت، رێگە خۆشبکرێت لەبەردەم رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان بێت لەسەر ئەنفال و ئاسەوارەکانی بکۆڵنەوە.

**عەرعەر: ئایا ئێمەی کورد تا ئێستە توانیومانە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کارەساتی ئەنفال و پاشماوەکانیدا بکەین؟**

(د. یاسین): بەناتەندروست مامەڵە کردنی دەسەڵاتدارانی کورد لەگەڵ ئەم کارەساتە دا ئەنجامی تری بە بەدوادا هات، بە خراپ بەسەرماندا شکایەوە. هەر بۆیە لە دادگایی کردنی سەدامدا کێشەی ( ٢٠٠,٠٠٠)هەزار ئینسانی کورد خرایە دوای کێشەی (١٤٢) کەسی شیعەوە، کە بۆ خۆی ئەمە پێشخستنی ئەجیندای شیعەکان بوو، دواتر دادگایکردن لەسەر هەمان کێشە قازانجی سیاسی گەیاندە شیعەکان، ئەمەش خەمساردی و بێئاگایی دەسەڵاتدارانی کورد دەگەیەنێت. لەلایەکی ترەوە دووپارچەیی دەسەڵاتی کوردی وای لە خەڵکی کوردستان کرد سەبارەت بە قوربانییەکانی پێشووی خەمسارد بێت بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی کورد ئەوەندەی خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە ئەوەندە هەوڵیان بۆ بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکان نەداوە، هەوڵیان نەداوە بەرنامەدارێژی بکەن بۆ ئایندەی نەتەوەی کورد. هەر بۆیە لە سایە و ئەو سیاسەتە ناراستەدا گومانێکی زۆر خراوەتە سەر ئایندەی کورد.

**عەرعەر: تا چەند ئەگەری دووبارە بوونەوەی کارەساتی لەو جۆرە هەیە لە ئایندەی کورددا؟**

(د. یاسین) دەبینین لە مێژوودا هیچ شتێك مەحاڵ نییە، تەنها خاڵ بۆ ئەگەری دووبارە نەبوونەوەی ئەم کارەساتە یەکڕیزی ناوخۆیی نەتەوەی کوردە، هەتا کورد لەسەر خاکی خۆی خاوەنی هێزێکی تۆکمە بێت لە هەرەشەی دووژمن بیپارێزێت، چونکە دوژمنەکانمان هەر لە قۆناغی دژایەتی و پەلاماردەرانەدا دەژینئەمرۆ دەبینین لە عێراقدا شیعە و سونە بەو شێوازە وەحشی گەراییە خەریکی کوشت و بڕی یەکترین ئەگەر سبەینێ دەستیان بڕواو لە ململانێی یەکتر تەواو بوون، یاخود یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا سەرکەوێت، سبەینێ سیاسەت وایلێکرد لە روو بکاتە تۆ ئەوەی بەرامبەر یەکتر کردوویانە بەرامبەر کوردیش دەیکەن و خراپتریش، چونکە لەگەڵ ئەوەی کورد لە رووی ئاینیەوە سونەیە رەگەزیشی کوردە لە عەرەب جیاوازە، کەواتە بە داخەوە پێشکەوتنی جیهان و مۆدێرن بوونی جیهان و گەشە کردنی لایەنە فەلسەفیەکان و لایەنی ئینسان گەرای مرۆڤ نەبۆتە هۆی ئەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە نێو دراوەسێکانی کورددا هۆشیارییەکی ئەوتۆ پەیدا ببێت کە میللەتی کورد بە دڵنیاییەوە ئومێدێکی بەوە هەبێت کە رەشەکوژی و کۆمەڵ کوژی لە ئایندەدا بەرامبەری دووبارە نابێتەوە. ئەرکی هەموو تاکێکی کورد ئەوەیە کە بتوانین لە ئازارەکانی رابردوومان بگەین، ئەو رووداوانەی کە بەسەرماندا هاتوون لە بیرمان بێت وە یادەوەرییەکانی زیندوو بهێڵینەوە، بتوانین ببێتە پەند و سودی لێوەرگرین لە ژیانی ئەمرۆمان، بەرنامە رێژی بۆ ئایندەمان گەورەترین هەڵەی سەرکردایەتی کورد ئەوەیە لە مێژوو بێئاگان و پەندی لێوەرناگرن. ئەوەشی پەند لە مێژوو وەرنەگرێت زۆر ئاساییە کە ئەو رووداوەی بەسەردا دووبارە بێتەوە و خۆی بۆ جیلی داهاتوو بکاتە پەندێکی تر.



# “گرنگیدانی هونەرمەندانی کورد بۆ مەرگەساتی ئەنفال وەکو پێویست نییە”



**سازدانی : عەرعەر**

بۆ ئەوەی بتوانین ئەنفال لە ئەدەب و هونەری کوردیدا جێبکەینەوە و ئەم تراژیدیایە لە دەرونی هەمووماندا بە زیندووی بمێنێتەوە و هەموو نەوەکانی تری نەتەوەی کورد ئاگاداری ئەو قڕکردنەی باو باپیرانیان بن، ساڵنامەی عەرعەر چاوپێکوتنیکی لەگەڵ هونەرمەند و ڕوناکبیر دیاری قەرەداغی ئەنجام دا.

**عەرعەر: تا چەند توانراوە ئەنفال لە هونەری کوردیدا جێی بکرێتەوە؟ ئایا ئەو ئیشە هونەریانەی کە بۆ ئەو کارەساتە کراوە تاچەند لە ئاستی گەورەیی ئەو کارەساتەیە ؟**

دیاری قەرەداغی: گرنگیدانی هونەرمەندانی کورد بۆ مەرگەساتی ئەنفال وەکو پێویست نییە رەنگ بێت هۆکار زۆر بێت لەوانە : ئاستی هونەری لە دامێنی کارەساتەکان بێت و هونەرمەند بە وریاییەوە دەبێت مامەڵەی لەتەکدا بکات، هەندێکی تر لە هونەرمەندان وەك ئەرکی سەر شانیان بەرهەمی هونەریان بۆ ئەم کارەساتە خستۆتە بەر چاو بەڵام زەمینە سازی بۆ ئەوە کارانە بە جوانی نەکراوەو ئەو هەوڵانەی کە بۆ ئەم بەرهامەنە دراوە هەوڵی سەرەتایین..

دەکرێت ئەوە بڵێین کە زۆری هونەرمەندان بە ئلستێکی رۆشنبیری کەمەوە خوێندنەوە بۆ ئەنفال دەکەن ئەمەش وا دەکات رووداوەکان زیاتر تۆماری بین و زۆرتر قسەکردن و نمایشی واقیعیانەی بەسەرهاتەکان بن

یان بەشێکی تری کارەکان زۆر سیمای شیعاری و سیاسی لە خۆ بگرێت و ئەوندە بایەخ بە هارمۆنییەتی ستاتیکاش نەدراوە بۆ جوانکردنی بوارە هونەرییەکە، ئەگەر گۆرانی بیت یان فیلم بێت یان هەر کەناڵێکی تری هونەری بێت.

دەشتوانین کەمی رێژەی بەشداری هونەرمەندانیش بە تەمبەڵی و کزی و نەویستنی هونەرمەندەکەوە گرێی بدەین.

ئەوندە دەڵێم ئەم بابەتە بە هیچ شێوەیەك کۆن نابێت بۆ ئیشکردن و لێدوان و خوێندنەوەی تازە هەمیشەو بەردەوام بە سیمایەکی نوێەوە خۆیمان نیشان دەدەات بۆیە ئەوەی لە بواری هونەریدا بۆی کراوە دەتوانین بە نەبوون ئەژمار بکرێت.

**عەرعەر: وەك ڕۆشنبیرێك،ئایا ڕاگەیاندنی کوردی توانیویەتی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال ؟**

دیاری قەرەداغی: بەر لەوەی گرنگی راگەیاندنی کوردی لەمەڕ ئەنفال بزانین پێویستە بزانین راگەیاندنەکانی ئێمە کێن و سەرچاوەی چ کەناڵێك و بڵندگۆی کام تەوژمی سیاسی و فیکرین؟ ئەگەر وای دابنێن کە راگەیاندنی کوردی دوو جۆرە یەکەم حیزبی و دووەم سەربەخۆ ئەوا ئەوەی دووەمیان لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر جێگای پرسیارەو چۆنیەتی ئیشکردنی تەمومژاوییە ، هەرچی جۆری یەکەمیشە بە بانگی ئاشکرا دیارو هاوارە کە گوزارشتە لە گوتاری حیزب.

بۆیە لە هەردوو بارەکەدا ئەگەر بایەخێکیش هەبوو بێت رەنگ بێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە خزمەتگوزارییە بێت کە دەبوو دەستەڵات بەرەوتێکی بەهێزترەوە ئیشی بۆ بکردایە.

بەڕای من بەر لەوەی وتارێکمان هەبێت بۆ ئەنفال پێویستە چارەنوسی ئەنفالکراوەکان ئاشکرا بکرێت و ئیشی بۆ بکرێت، بەر لەوەی فیلمێك لە بۆ ئەنفال بەرهەم بێنین پێویستە منداڵە بێنازو بێ باوك و دایکە ئەنفال کراوەکان لە باوەشی گەرمی نیشتمان بگرین..

بەر لەوەی گوێ لە هاواری گۆرانییەك بگرین بۆ ئەنفال ، پێویستتر بوو لە هاواری دایکانی موئەنفەل گوێمان بگرتایا.

هیچ کات پێشانگایەکی شێوەکاری و شانۆیەکی ساردوسڕی ئەنفال سکی بەتاڵی خێزانێکی گەرمیان گەرم ناکات و ژووری ساردوو سڕی ماڵە وێرانەکانی کوێستانیش ئاوەدان ناکات.

بەر لە گۆرانی دەبوو دەسەڵات (لایلایە)یەکی جوانی بۆ منداڵە بێنازەکان بکردایەو چارەنوسی ژنە بێ مێردەکان بایەخی بوایە، پاشی ئەمانە هەموو دەنگێك جوان پێویستە بۆ ئەنفال.

**عەرعەر: ئایا ئەو کەمتەرخەمیەی لە هەموو ڕووەکانەوە بەرامبەر بە ئەنفال و جێماوەکانی ئەنفالدا دەکرێت کێ لێی بەرپرسیارە؟**

دیاری قەرەداغی: بە دڵنیاییەوە هەمووومان .

# لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵانەی حکومەتی هەرێم ئەنفالی خەڵکی کوردستان کرا

**پ.ی. د.محمد رووف**

**سازدانی: عەرعەر**

ئەنفال تراژیدیایەکی مرۆیی بوو کەوا بەسەر خەڵکی کوردستاندا هات لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا. دەتوانین بڵێین پەڵەیەکی شەرم و شوورەییە بە ناوچەوانی مرۆڤایەتیەوە. لە سەردەمی ئێستاماندا کە دنیای مۆدێرنیزم و چەرخی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوە. کە لە ڕاستیدا زیندو کردنەوەی گیانی دڕندایەتی و حەڵاڵ کردن و بە تاڵان بردن و کوشتن و برین و بە کۆیلە کردن و دەست درێژی کردنە بۆ سەر مرۆڤەکان. ئەتوانین بپرسین لەبەرچی توانرا ئەنفال لەو سەردەمەدا ئەنجام بدرێت؟ ئەکرێت بڵێین بە هۆی ئەو بارودۆخە نا سەقامگیریەیی جیهان بە خۆیەوە بینی لە سەردەمی جەنگی ساردا کە دونیا دابەش بیرو بەسەر هەردو بلۆکی (شرق و غرب دا) دا کە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران سەرپەرشتیان دەکرد. کە گوێیان لێ داخست و چاویان نوقان لە هەموو ئەو وێنە تراژیدیانەی کە لەو سەردەمەدا رویدا.

**عەرعەر: ئایا کارەساتی ئەنفال کاریگەری هەبوو لەسەر رەوتی ئابوری کوردستان؟**

د.محمد ڕووف: بێگومان ئەو تراژیدیایەی کە رویدا تەنها تراژیدیای مرۆیی نەبوو، بەڵکو کارەساتێکی ئابوری بوو بۆ سەر کوردستان و هەموو عێراق، بۆ؟ چونکە ئەو ژمارە زۆرەی کە حکومەتی عێراق لە ناوی برد بە شێك بوون لە توانا ئابورییەکانی وڵات، چونکە مرۆڤ خۆی توانایی ئابوریە، ئێمە دەزانین بەچی کاڵاو خزمەتگوزاری بەرهەم دێت بەچی کارەسەرمایەگوزاریەکان بە ئەنجام ئەگەیەنرێت. کە ئەویش دەستی کارە واتا عنصرێکی کارایە (فاعلە) لەوێدا، هەروەها ئەم کارەساتە ببوە هۆی ڕاگواستنی گوندنشینەکان لە کاتێکدا سەرچاوەیەکی ئابوری وڵات بوو بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە شوێنی خۆیان لەسەر زەوی زارەکانیان کاریان دەکرد بەرهەمیان هەبووە، ئەو بەرهەمانەی لەناوبرد هەروەها ئەم راگواستنە ببوە هۆی قەرەباڵغیەکی زۆر لە شارەکاندا بێ کارییەکی زۆر دروست بوو ئەوانەشی بەرکارەساتەکە نەکەوتبون حکومەتی عێراقی (بەعسی) ڕێگەی نەدا بگەڕێنەوە سەر ماڵ و موڵکەکانی خۆیان ئەمەش خۆی لە خۆیدا گرفتی ئابوری زۆر دروست کرد بۆ وڵات.

**عەرعەر: کورد چۆن ئەتوانێت ئەو بۆشایە ئابووریە پڕ بکاتەوە کە لە دوای ئەنفالدا درووست بوو؟**

د.محمد رووف: لە دوای راپەڕین ژمارەیەك لە خەڵکی گەڕانەوە بۆ لادێکان، بەڵام لە دوای روخانی رژێمی بەعسەوە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵانەی حکومەتی هەرێمەوە جارێکی تر سلبیانە ئەنفالی خەڵکی کوردستان کرا.

نەك بەوەی خەڵك بکوژێت و ماڵیان بە تالان ببرێت بەڵکو هانی خەڵکی دا بگەڕێنەوە بۆ ناو شارەکان وە هەموویان کرد بە پۆلیس و مۆزەف، بەمەش خەرجییەکانی حکومەت زیادی کرد بە بەراورد لەگەڵ داهاتەکانیاندا.

**عەرعەر: واتا پێتوایە چارەسەری نییە؟**

د.محمد رووف: نەخێر بەم شێوەیە چارەسەر ناکرێت دەبێت سیستمی ئابوری عێراق بە تەواوی چارەسەر بکرێت ئەو کێشە ئابوریانەی کەوا هەیە ئەو لاسەنگیە ئابورییەی کەوا هەیە لە ئابوری عێراقدا ئەو بەریع بوونەی ئابوری عێراق کەوا هەیە کە وەزعی ئابوری عێراق بە تەواوی پەککخستووە ئەگەر ئەمانە چارەسەر نەکرێن وەزعی ئابوری عێراق و کوردستان چارەسەر ناکرێن.

# ئەنفال و تایتانیک

**کەژاڵ ئەحمەد**

لەسەرو بەندی بەرەو کۆتایی چوونی دادگاییکردنی سەرانی رژێمی بەعس بەتاوانی ئەنفالکردن‌و جینۆسایدکردنی میللەتی کورد، ئەو پرسیارە رووبەڕووی رووناکبیران دەبێتەوە کە ئایا تا چ ئاستێ رووناکبیران توانیویانە لەڕێی بەرهەم‌و دەقی نەمرەوە ئەم تراژیدیا گەورەیە بە نەوەکانی ئایندەو بەجیهانی دەرەوە بناسێنین؟

پرسیارەکە زۆر سەختە لەبەرئەوەی کارێکی ئەوتۆ لەم بوارەدا نەکراوە، تەنانەت کاریگەربوونی ئێمە بەو تراژیدیا ناخ هەژێنانەی کە مرۆڤایەتی دووچاریان بووە لەگەریگەربوونمان بەبەرهەمێکی خۆماڵی کەتراژیدیاکانی کوردمان بەبیردێننەوە زۆرتربووە. نزیکترین نموونەشم کاریگەریی فیلمی تایتانک ـە لەسەر هەموومان، زیاتر لەهەر فیلم‌و گۆرانی و رۆمان‌و چیرۆک‌و نوسینێکی تر کەسەبارەت بەئەنفال یان کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەبووبێت!

فیلمی تایتانک رووداوی راستەقینەی نقوم بوونی کەشتییەک دەگێڕێتەوە لەناو ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا کە لەساڵی ١٩١٢دا لەئینگلتەراوە بەنیازبووە بەرەو ئەمریکا بچێت بەڵام بەرشاخێکی سەهۆڵین کەوتووە و کارەساتێکی بەشەریی لێکەوتۆتەوە کە ژمارەی قوربانییەکانی نزیکەی ١٥٠٠ کەس بوون‌و یەکێ لەئەسەفە گەورەکانی رووداوەکەش ئەوەیە ژمارەیەکی کەم لەسەرنشینەکانی ئەو قەدەرە ناخۆشە رزگاریان بوو.

ئەگەرچی چەندین فیلم سەبارەت بە تایتانک دروستکراوە بەڵام دوایەمینیان کە لەساڵی ١٩٩٧دا بەرهەمهاتووەو لەدەرهێنانی جیمس کامیرۆن‌و لە نواندنی لیۆنادۆ دیکاپریۆو کیت وینسلت ـە هەرە بەناوبانگترینیانە، ئەم فیلمە وێڕای ئەوەی چەندین خەڵاتی وەرگرتووە کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر میللەتان داناوە ئەوەتا پاش تێپەڕبوونی نۆساڵ بەسەر ئەو بەرهەمەدا ئێستاش زۆربەی گەنجان وێنەی پاڵەوانانی ئەم فیلمەیان هەیەو زەنگی مۆبایلی زۆر کەس لەکوردستان بریتییە لە گۆرانییە بەناوبانگەکەی فیلمی تایتانک بەدەنگی ژنە گۆرانیبێژی دەنگخۆش سیلین دیۆن‌و کاسێتی فیلمەکەو گۆرانییەکە تائێستاش هەر بازاڕیان هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دڵنیام پاشماوەکانی ئەنفال لەبەر دابیننەبوونی بەشێکی زۆری پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان بیریان بەلای ئەوەدا ناچێت‌و خەونیش بەوەوە نابینن دەرهێنەرێکی کورد فیلمێک سەبارت بە ئەنفال دروستبکات وەکو فیلمەکەی تایتانک هەموو جیهان بهەژێنێ. بەڵام ئەمە خەونی هەموو رووناکبیرێکی راستەقینەی کوردەو ئەگەر رۆژێ لەرۆژان ئەم خەونە هاتەدی ئەوا بێگومان دەنگی ئاوازی گۆرانییەک لەمۆبایلی گەنجانی کوردو نەتەوەکانی تری دنیاوە دەبیستین کە چیرۆکی ئەوینی کوڕو کچێکی ناو تراژیدیای ئەنفالمان بۆ دەگێڕێتەوە.

یان لەوانەیە وێنەی پاڵەوانە کوردەکانی ئەم فیلمە بەدیواری ژوورەکانماندا هەڵواسین‌و بازاڕەکانیش پڕبن لە وێنەو کاسێت‌و سیدیی ئەم فیلمە.!

هەر سەبارەت بەتایتانک بێجگە لەم فیلمە بەناوبانگە باس لەوەشدەکرێت کە چیرۆکنووسێک بەناوی مۆرغان رۆبرتسون لەساڵی ١٨٩٨ واتا ١٤ ساڵ بەر لە رووداوی نقومبوونی تایتانک پێشبینیی ئەم کارەساتەی کردووە، لەچیرۆکەکەیدا باس لەنقوم بوونی کەشتییەکی گەورە ئەکات بەناوی تیتان کە ناوی کەشتییەکەش لەتایتانک ـەوە نزیکە لەوەش سەیرتر ئەوەیە ئەم چیرۆکنووسە بۆخۆی لەقوربانیانی نقوومبوونی کەشتیی تایتانک ـە. من بەدوای ئەوەدا ناگەڕێم چیرۆکنوسێکی کورد بدۆزمەوە ١٤ ساڵ بەر لەئەنفال پێشبینی ئەو کارەساتەی کردبێت‌و بۆخۆیشی لەقوربانیانی ئەنفال بووبێت بەڵام خوازیارم لەئەمڕۆدا چیرۆک‌و رۆمان‌و قەسیدەی زۆر ناوازە بخوێنمەوە کە تیایاندا داهێنەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم خەمە نیشتمانییە مەزنەدا کرابێت، بۆئەوەی یادەوەریی رووناکبیریمان بەم شاکارانە دابگیرسێت‌و ئەو ئازارە نەتەوەییە لەناخی نەوە لەدوای نەوەدا بهێڵێتەوە، هەروەها بەدەرەوەی کوردستانیشی بناسێنێت.

پێم وایە تائێستا باشترین ئاوازدانەرو ئەکتەرو فیلمسازو شاعیرو رۆماننوس‌و شێوەکارو شانۆکارو چیرۆکنووس هەر شایەدحاڵەکانی ئەنفال خۆیان بوون! ئەم خەمەیش بەتەنیا وەك ماددەیەکی خام لەدڵی پڕلە حەسرەتی قوربانییەکاندا ماوەتەوە. لەبەرئەوەی ئەم باسەم وروژاندووە پێم وایە بێویژدانییە ئەگەر بڵێم بەهیچ شێوەیەك کار لەم بوارەدا نەکراوە نەخێر هەندێ بەرهەمی زۆرکەم بەڵام جوان پێشکەشکراون کە هەوڵەکانی هەردوو هونەرمەندی بەتوانا عەدنان کەریم‌و دیاری قەرەداغی شایستەی ئاماژە پێدانن وەك چۆن لەبواری شیعریشدا شیعرەکانی مامۆستا شێرکۆ بێکەس بەتایبەتی دیوانی (رەنگدان) و (گۆڕستانی چراکان) هەوڵی گەورەو جوانن، جەمال غەمباریش بەقەسیدە هەژێنەرەکەی بەناوی (وەرزە ئاڵەکانی عەدەم) لەقەڵەمە دەستپێشخەرەکانی نووسینە لەسەر ئەم زامە هەرگیز سارێژنەبووە، کە بڵاوبوونەوەی ئەم قەسیدەیەی غەمبار هاوکاتبوو لەگەڵ قەسیدەیەکی مندا بەناوی (هۆلۆکۆست) کەتاکە شیعرێکە لەهەموو کۆڕەکانمدا دەیخوێنمەوەو تا ئێستا لەدەیان کۆڕدا پێشکەشکراوەو لەئایندەشدا تا بمێنم‌و کۆڕی تایبەتی ئەنجامبدەم ئەنفال قەسیدەیەك دەبێت لەنێوان من‌و جەماوەری شیعرەکانمدا. هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا بەختیار عەلی بەرۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ویستی قسەیەك لەسەر ئەنفال بکات. خۆئەگەر هەوڵەکانی ئەم بوارەی بەبیربهێنمەوە هێشتا چەند ناوێکی دیکەی بوارەکانی ئەدەب‌و هونەرو رووناکبیریی ماون ئاماژەیان پێبدەم بەڵام مەبەستی من لەم نووسینە خستنە رووی ئەو هەولانەنییە بەڵکو باس لەئاست‌و کاریگەریی هەوڵەکاندەکەم کە من پێم وایە هێشتا لەئاستی گەورەیی کارەساتەکەدانین.

راسستان دەوێت ئێمەی کورد لە فرمێسك‌و هاوارو تۆنی دەنگ‌و گێڕانەوەکانی قوربانیانی ئەنفال کاریگەرترمان نەبووە تا نەوەکانی ئایندەی پێ وریابکەینەوەو بەجیهانیش بڵێین سەیریکەن ئێمە چ زوڵمێکی گەورەمان دەرهەق کراوە، سەیریکەن....



# ئەنفال و جیاوازی کردن لەنێوان رۆشنبیرانی عەرەبدا

**عەدالەت عەبدوڵڵا**

لەهەر ساتەوەختێکی راوەستان لەسەر ئەنفال و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، هەموومان بەتوندی سەرزەنشتی ئەم جیهانە دەکەین. هەموومان بەکۆ پێمان وایە ئەم جیهانە جیهانێکی داماڵراوە لەهەموو بەهایەکی مرۆیی گەورە، دابڕاوە لەهەموو هەست و بەزەییەك چ جای رێزگرتن لە ئینسانەکان و گەلە بن دەستەکان. ئێمە لەم ئاستەدا و بەپلەی یەکەم، هەمیشە قسەشمان لەسەر ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەیە کە دەشێت ببنە ویژدانی زیندووی کۆمەڵگاکانی ئەم جیهانە، ببنە نمایندەی روحی پاکی ئینسانی، ئەمەش بەو ئیعتیبارەی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە کە مەبەست لەرۆشنبیرانە، هێزێکی بەرپرسیارن بەرامبەر چاندن و نواندنی روحی مەدەنییانە و مرۆییانە لە کۆمەڵگاکانیاندا.

ئەم تێگەیشتنەی ئێمە لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامی، تارادەیەکی زۆر، ئەوەندەی زادەی نائامادەگیی هەڵوێستە لەم جیهانەدا بەرامبەر بەکارەسات و تراژیدیا مێژووییەکانمان، ئەوەندەی بەرهەمی هەست نەکردنە بەهیچ ئاستێك لەئاستەکانی هاوسۆزیی ئەم جیهانە بەرامبەر بە نەتەوەی ئێمە، ئەوەندە لەدایکبووی خوێندنەوەیەکی واقعی ژیانی کۆمەڵگاکانی ئەم جیهانە و سیستمە سیاسییەکانیان و هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان نییە. ئێمە کە رەخنە لەم جیهانە دەگرین، رەخنەمان لەوەوەیە ئەم جیهانە بیری دەچێت ئێمە، لانی کەم، رایەڵی ئاینی و شارستانی گەورەمان لەگەڵیدا هەیە: بیری چووبوو ئێمە - بە عیبارەتێکی تەواو میللی - برای دینی کۆمەڵگاکانی ئەوین، هەزاران ساڵیشە لەناوچەکەدا پێکەوە دەژین، یەکێکیشین لەو میللەتانەی فەزڵی گەورە و مێژوومان بەسەر عەرەب و ئیسلامەوە هەیە. بەمانایەکی دی، ئێمە کە رەخنە دەگرین، رەخنەمان لەوەوە نییە تێگەیشتبین حەقیقەتی ئەم جیهانە خۆی چییە؟ ئاخۆ ئەم جیهانە خۆی جیهانێکی بێ کێشە و کارەساتە؟ ئاخۆ کۆمەڵگاکانی کۆمەڵگای بێ گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیریین؟ ئاخۆ پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگاکانی ئەم وڵاتانە و رژێمە سیاسییەکانیان چۆنە و چۆن نییە؟ ئاخۆ ئەو کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیانەی کە ئێمە لەبەرامبەر کارەساتەکانماندا و لەسەرویانەوە کارەساتی ئەنفال چاوەڕوانی هەڵوێستمان لێ دەکردن و هەتا ئەمڕۆش لۆمەیان دەکەین، لەچ حاڵێکی سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی دیاریکراودا دەژیان؟

ئێمە رەخنەمان لەم جیهانە و لەناو ئەم جیهانەش لە رۆشنبیرانیان هەمیشە لەو گریمانەیە بوو کە ئەوان دەبێ بەو ئەندازەیە هەڵگری ویژدانی گەورەی ئینسانی بن قبوڵیان نەبێت بەعس ئەنفالمان بکا، ژەهرباراغمان بکا، ماڵمان وێران و سەرگەردانمان بکا و، بە بیانووی فاشیستییانەی جۆراوجۆر دامانپلۆسێنێ و بەربەرییەتی خۆیمان تیا تاقی بکاتەوە. ئێمە لەم رەخنەیەشماندا هەڵە نەبووین، داوای شتێکیشمان لێ نەکردوون لەدەرەوەی نەریتی کۆمەڵگا مرۆیی و مەدەنیەکان بێت، یان دووربێت لەوەزیفە مۆراڵییەکانی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە پێی دەوترێ رۆشنبیر.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئاشکرایە کەئێمە لەم لۆمە و رەخنەکردنانەماندا تەنها لەماڵی خۆمانەوە روانیمانە هەڵوێستی ئەویدی، بەتەقدیرێکی تیۆری یان مەبدەئی لەویدی تێگەیشتین. روونتر، ئێمە ئەوەی کەلەبیرمان کرد، ئەوەی حسابمان بۆ نەکردبوو، ئەوەی بەخواستێکی ئایدیالییانە دوای کەوتبووین و لەووردەکارییەکانیمان نەکۆڵیبووەوە، حەقیقەتی ژیانی خودی کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیەکانە، سەیرکردنی کۆی ئەم کۆمەڵگایانەبوو وەك ئەوەی گشتێکی مرۆیی داشۆردراو بن لە هەزاران مرۆڤی پاکی عەرەبی و موسڵمان کەلەناخەوە دڵگرانبوون بۆ ئێمە، لە ناخەوە ئازاریان دەچەشت بۆ ئەو کارەساتە گەورانەی دوچاری کورد دەبوون بەڵام لەترسی دیکتاتۆرییەتی رژێمەکانیاندا، لەسامی وەحەشتگەری دەزگا ئەمنی و موخابەراتییەکانیاندا، ناتوانن و نەیاندەتوانی هەڵوێست وەربگرن.

بێگومان ئەم بۆچوونە هەرگیز ناتوانێ باز بەسەر ئەوەدا بدات کە ئەم جیهانە بەسەدان رۆشنبیری تێدابوو سەرقاڵی داپۆشینی سیاسەتە شۆڤێنییەکانی بەعس بوون. بەعسییان لەعیراقدا وەك مەعقەلی گەورەی ناسیۆنالیزم عەرەبی سەیر دەکرد و لەبەرامبەردا بەعسیش پارە و ئیمتیازاتی گەورەی بۆ هەڵرشتبوون. ئێمە دەزانین جیهانی عەرەبی پراوپڕبوو لەم دیاردە ترسناکەش کە لای ئێمە وێنەیەکی تەواو ناشیرینی لەسەر خودی ئەو جیهانە خۆی بەرهەم هێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بەوەش دەزانین کە هەمان جیهان خاوەنی دەیان رۆشنبیری گەورەی وەکو هادی عەلەوی و کەنعان مەکیەش بوو، خاوەنی دەیان ئەدیبی وەکو زوهێر ئەلجەزائیری و عەباس بەیزون بوو کە بەقەدەر هەرهەموومان خەمی کێشەی سیاسیی میللەتی ئێمە و کارەساتەکانیان دەخواردین، دەزانین کە خاوەنی سەدان لەو ٧٠ رۆشنبیرە عەرەبەشە کە بەر لەوەی سەدام کۆتایی پێ بێت، بەرلەوەی قەڵای بەعس لەعیراقدا بڕوخێ بە چەند ساڵێك و لەچەندین وڵاتی عەرەبییەوە کەوتنە تەحەداکردنی رژێمە سیاسییەکانیان و هاتنە نیشتمانی هەڵەبجە و ئەنفال و کەوتنە باسکردنی مەینەتییە سیاسییەکانیان بەدەست رژێمەکانیانەوە و نواندنی هاوسۆزیی خۆیان بۆ گەلی ئێمە و نەفرەتکردن لەبەعس..

من خۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی چوار رۆژی رەبەق لەگەڵ ئەو ٧٠ رۆشنبیرەدا گفتوگۆی زۆرم لەبارەی بێ هەڵوێستیی جیهانی عەرەبیی کرد لەبەرامبەر کورد و کارەساتەکانی، ئەوانیش بەدرێژایی ئەو ماوەیە روونیان کردەوە بۆچی زۆرێکیان هەتا ناوەڕاستی نەوەتەکانیش بەهەمەجییەتی بەعسیان نەزانیوە، بۆچی ئەوانەشیان کە زانیبویان نەیاندەوێرا راشکاوانە قسەی خۆیان بکەن. ئەوان کە ژمارەکی کەم نەبوون و هەندێکیشیان سومبولی رۆشنبیرانی وڵاتەکانیان بوون، بەتوندی تاوانبارانی کارەساتی ئەنفالیان سەرزەنشت دەکرد، هەموو جارێکیش داوایان دەکرد کە نەتەوەی کورد وانەزانێت وێنەی عەرەب لەوێنەی تەنها ئەو جەلادە بەعسییانەدا کورت دەبێتەوە کە کوردیان ئەنفالکرد. هادی عەلەوی لە شوێنێکدا دەڵێ: من هەست بەشەرم دەکەم هاومێژوو و هاونەتەوەی ئەو فڕۆکەوانەم کە ژەهری بەسەر هەڵەبجەدا باراند و گوندەکانی کوردستانی وێران دەکرد. ئەوان هەرهەموویان بەدرێژایی ئەو ماوەیە جگە لە حەسرەت و پیشاندانی هاوسۆزیی خۆیان هیچ هەڵوێستێك دییان نەبوو بەڵگە بێت بۆ ئەوەی بیانخەینە قاڵبی ویژدان مردووانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییەوە. پاشان من هەرگیز بیرم ناچێت کە عەباس بەیزون گەورە رۆشنبیر و ئەدیبی لوبنانی لە شاری هەولێر لە هەفتەی چالاکیەکانی دەزگای مەدادا جوانترین وتاری پێشکەش کرد. ئەو لەوێدا بەناوی هەموو روناکبیرانی عەرەبەوە، داوای لێبوردنی لە کورد کرد، داوای بەخشینی لە منداڵانی هەڵەبجە و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کرد، داوای کرد کورد بەچاوی جەلادەکانی جیهانەکەیان نەڕوانێتە ئەوانێکی سەرکوتکراو و نوقبوو لەناو دروشمە ناسیۆنالیستیە بێ ماناکانی رژێمە سیاسییەکانیان. لەلایەکی دی، ئێمە نابێ لەبیرمان بچێت کە باشترین کتێب و لێکۆڵینەوە زانستی و فکرییەکان لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال کە وەرگێڕدرابن بۆ سەر هەندێ لەزمانە زیندووەکانی جیهان، خۆمان نین نوسیبێتمان، نوسەر و لێکۆڵەرانی کور نەبوون، بەڵکو لێکۆڵەر و نوسەرانی لەبابەت کەنعان مەکیە، د. فالح عەبدولجەبار، د. کازم حەبیب، مونز ئەلفەزل، زوهێر ئەلجەزائیری، د. شاکر نابولسی و عەباس بەیزون، چەندین رۆشنبیری تری دیاری عەرەب بوون، ئەوان بوون کە بەرلە خۆمان جیهانی عەرەبی و ئیسلامییان لەبەربەرییەتی بەعس ئاگادارکردەوە، ئەوان بوون وتیان: هەڵەبجە و ئەنفال، هولوکۆستێکی ترن، بەڵام ئەم هۆلۆکۆستە لەسەر دەستی جیهانەکەی ئێمە و یەکێك لە دیکتاتۆرترین رژێمەکانی روودەدات.

بۆیە لێرەوە و لە یادی ئەنفالدا بە رستەیەك دەڵێم : پێویستە ئێمە چیدی جیاوازییەك لەنێوان رۆشنبیرانی عەرەبدا بکەین، چیدی ژیان و واقعی کۆمەڵگا عەرەبییەکانیش رەچاو بکەین، بەوە بزانین کە ئێمە لەکیشوەری ئەوروپادا ناژین، ئەگەر ئەوروپایەك بە چوار سەدەی نوێگەری و هیومانیزمەوە خاوەنی هۆلۆکۆست و چەندین تراژیدیای تری مرۆیی بێت ئەوە مەحاڵ نییە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ناوچەیەکە، وەك بیرمەندی گەورەی کۆچکردوو ئیدوارد سەعید دەڵێ پڕ بێت لەرژێمی ستەمکار و کۆمەڵگای داپۆسێنراو، ئێمەش ببینە قوربانیی دەستی جەلادە سیاسییەکان. روونتر، ئێمە چیدی پێویستە لەرێی رۆشنبیرە گەورە وبەویژدانەکانیانەوە بیری جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بخەینەوە کە کوردیش نەتەوەیەکە وەکو هەموو نەتەوەکانی تری سەرم ئەم ئەستێرەیە ماف ژیان و سەرفرازی و پاراستنی کەرامەتی مرۆیی خۆی هەیە و، هیچ هێزێك بۆی نییە لەژێر هەر ناوێکدا بێت ژینۆسایدی بکا، کەس بۆی نییە لەنێوی بەرێ چ جای ئەو جیهانەی کە پێی دەوترێ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، جیهانێك کەقەدەر وای کردووە لەدەرەوەی ئیرادەی خۆمان بەشێك بین لێی و لەگەڵیشیدا مەینەتییەکانی بچێژین.

# دووهەمین وەچە کوژی مێژوو لە عێراقدا

## چاوپێکەوتن لەگەڵ د.محەمەد ئیحسان

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:
گۆڕان ئیبراهیم ئەحمەد

مرۆڤ لەم سەر زەمینەدا لە پێناوی ژیانێکی باشتر و ئاسودەتر، توانا و پێشکەوتنی فراوانی بەدەستهێناوە، بەڵام هێشتا خەڵکانێك هەن کە ژیانیان رۆژگارێکی رەشە و، جگە لە بەدبەختی و ڕەنج و ئازار، شتێکی تریان پێشکەش نەکراوە. سیاسەتی هەڵە و حکومەتی دیکتاتۆرانە، مەینەتی زۆری کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی و فەرهەنگی، بۆ میللەتێك پێکهێناوە، کە وەکو تەواوی میللەتانی دونیا، مافی ژیانکردن، مافێکی سروشتییانە. ئەم میللەتەی عێراقە، کە بەهۆی (صدام حسێن)ەوە لە درێژایی چل ساڵی ڕابردوودا، هەموو جۆرەکانی نەهامەتییان ئەزموونکرد. نەهامەتی گەلێك کە بەداخەوە سەرەڕای ئامادەیی ولاتانێك کە پشتیوانی ئازادی و دیموکراسی بوون، بە خەڵکی عێراق ڕەوابینرا. زۆرترین بەشی ئەم نەهامەتییانە بێگومان یەخەی کوردی گرت، کاولکردنی شارولادێ، ئاوارەبوونی خەڵك، ئیعدام و ئەشکەنجە، کوشتاری بە کۆمەڵ و، لە هەمووی گرنگتر "ئەنفال" کە هەمووی بەڵگەی تەواون و بەشێکن لە پرۆژەکانی لەناوبردنی کورد لەم ولاتەدا. "ئەنفال" لە ڕاستیدا جینۆساید و کۆکوژی کورد بوو بە دەستی "صدام" کە بە سزای خۆی گەیشت. لەم بارەیەوە لەگەڵ دوکتۆر محمد ئیحسان، وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان قسە دەکەین. دوکتۆر لە سەردەمی لاویدا بە "ئەنفال" ئاشنابووەو، بە ڕۆشتنی بۆ دەرەوەش، زیاتر لەم بوارەدا قوڵ بووەوە. لەم ساڵانەی دوایدا بەشێوەیەکی شێلگیرانە دەستی کرد بە توێژینەوەو پشکنین لەم بوارەداو، بە بەڵگەو زانیارییە گرنگەکانی، کە دەستی کەوتبوو، توانی بابەتی کۆمەڵکوژی کورد بسەلمێنێ. دوکتۆر دەڵێت: دڵم وابەستەی ئەم توێژینەوانەیەو، بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم کارەساتە، ژیانی نێو ئێسقان و گۆڕەکانی هەڵبژارد. ئەم گەڕان و پشکنینەی نێو جلوبەرگ و ئاسەواری پاشماوەی نێژراوەکان، یارمەتی باشی ئەم کێشەیەی دا. دوکتۆر ئیحسان ئەڵقەی پەیوەندی نێوان خاوەن شەهید و شەهیدەکان بوو. چونکە گەڕانەکانی بووە هۆی کۆتایی پێهاتنی چاوەڕوانی خاوەن شەهیدەکان، کە پاش چەند ساڵ چاوەڕوانی گەڕانەوە بوون. دوکتۆر بە توانایەکی باشەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

**پ: سەرەتا لە بارەی کۆکردنەوەی بەڵگەکان لەسەر تاوانەکانی "صدام" و قۆناغەکانی کۆکردنەوەی ڕونبکەرەوە؟**

د.محەمەد ئیحسان: لە ڕاستیدا تاوانەکانی دەربارەی کورد و ئەو میللەتانەی کە لەناو عێراقدا دەژین، بەبەراورد لەگەڵ ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر ولاتە دراوسێکان کردونی، لە پێوەری تاوان فراوانترە. پێویستە لە ئنسایکلۆپیدیای فەرهەنگدا چەمکێکی نوێی بۆ دابهێنرێت. ئەو بەڵگانەی کە بەدەست هاتوون، گەورەیی ئەم تاوانە دەسەلمێنن. من خۆم لە ساڵی ١٩٩١دا وتارێکم بەناوی (المشهد المحڒوف) لەسەر دادگایی کردنی سەدام نووسی.

**پ:پازدەساڵ پێش ئێستا بە چ مەبەستێك ئەم وتارەت نوسی و ناوەرۆکەکەی چی بوو؟**

د.محەمەد ئیحسان: ناوی وتارەکە (المشهد المحڒوف)بوو، واتە (دادگایەك کە لابراوە)، دادگایەك کە سەردەمی جەنگی کەنداوی فارس، پاش هێرشی عێراق بۆ کوەیت، دیار نەبوو. ئەگەر یاسای نێو دەوڵەتی دادپەروەرنەبوایە، دەبا "صدام" ئەو کاتە دادگایی بکرایە، بۆیە ناوم لە وتارەکە نا (المشهد المحڒوف) کە وتارەکە ئەو کاتە هەڵایەکی باشی نایەوە.

**پ: وتارەکەت لە کام ڕۆژنامە بڵاوبووەوە؟**

د.محەمەد ئیحسان: ئەو کاتە لە ڕۆژنامەی (الزمان)ی لەندەنی بڵاوبووەوە، ئەو کاتە سەرقاڵی توێژینەوە بووم. بیرمان نەچێت ئەو کاتەش دەگوترا دادگا هەر ڕۆژێ دێتە پێش، چونکە کەسێك هێندە دیکتاتۆر تا ئەم ئاستە تاوانهێن، لە کۆتایدا ڕۆژێك لە بەردەم دادگادا بڕیاری لەسەر دەدرێت. ستەمکار و ستەم کۆتایی هەیە و سەرئەنجام بە کاری خۆی دەگات. ئێمە هەر ئەو کاتە خۆمان بۆ دادگایی ئامادەکرد و، تا بەشێکی تری مێژووی تاوانەکانی "صدام" پێشان بدەین. لە سەرەتا لەگەڵ خەڵکدا دانیشتم و گفتوگۆو سەردانی زۆرم کرد. بەڵگە و پشتگیری زۆرم لە هەر جۆر پەیدا کرد و، دەستم کرد بەشیکردنەوەو ڕاڤەی وتارەکانی "صدام". هەر وا لە بارەی خودی ولاتی عێراقیشەوە زانیاریم بەدەستهێنا. لە قۆناغی دواتردا لەگەڵ کەسانێکدا کە هاوکاری "صدام" بوون، دانیشتم و دیدارم کرد، تا بتوانم زانیارییەکانیان لا کۆبکەمەوە. تا ئەم ساتەی کە ڕژێم ڕووخاوە نزیکەی (١٣) تەن بەڵگەم بە دەست هێناوە، کە بەڵگەی گرنگن و لە ناوەندە هەستیارەکانی ڕژێمدا پارێزراو بوون.

**پ: ئەمانەت لە کوێ پەیدا کرد؟**

د.محەمەد ئیحسان: هەمووی لە شاری بەغداد بوون.

**پ: لە کوێی بەغداد؟**

د.محەمەد ئیحسان: لە بەڕێوبەرایەتی ڕازگری دەوڵەت و بەڕێوبەرایەتی زانیاری دەوڵەت.

**پ: ئەو بەڵگانەی کە دۆزیوتەوە، پەیوەندیدار بە کوشتاری بارزانییەکان بوویان بوارەکانی تریش بوو؟**

د.محەمەد ئیحسان: من بە دوای فایلی بارزانییەکاندا دەگەڕام، فایلی کوردەکانی تر پەرش و بڵاو بوون، بەڵام فایلی بارزانییەکان، پێشتر لە بەشی زانیارییەکانی عێراق بوو، واتە لە سەرۆکایەتی زانیاری عێراق و لە ژووری تایبەتی (صدام خسین) پارێزگاری دەکرا. لە نێوان ئەمانەدا توانیم چەند بەڵگەی گرنگ بەدەست بهێنم. لە سەرەتا هەموو هەوڵمان بۆ ئەوە بوو بزانین چی بەسەر ئەم خەڵکە هاتووە. لەپێشدا یەکێك دەیگوت بە (ئەسید) سوتێنراون، یەکێکی تر دەیگوت بە (کیمیاوی) کوژراون، یەکێك دەیگوت بە سودان فرۆشراون، یەکێکی تر دەیگوت بۆ جەنگی عێراق ئێران لەوێ کوژران. سیناریۆی زۆربوونی هەبوو لە بارەی چارەنوسیانەوە. بەڵام بەڵگەکان دەریانخست کە بارزانییەکان لە نزیك سنوری سعودیە زیندەبەچاڵ کراون.

**پ: بەدەستکەوتنی ئەم بەڵگانە ت چۆن چووە پێش؟**

د.محەمەد ئیحسان: ئینجا بە دوای جێگای ئەواندا کەوتینە هەوڵدان، کە دروست وا بوو، لە بیابانێك کە لە ٦٪ی خاکی عێراق پێکدێنێت، هەموویان کوژرابوون. من وا تێدەگەیشتم ئەو کاتە کە ئێمە لە دەریایەکی گەورەدا بەدوای ماسیەکی بچوکدا دەگەڕێین. پاش دوو ساڵ و مانەوە لەگەڵ عەرەبی بیابان، توانیمان گۆڕەکانی بدۆزینەوە.

**پ: لەم ماوەیەدا چیت دەست کەوت؟**

د.محەمەد ئیحسان: لەم ماوەیەدا تێگەیشتم کە ئەنفالکراوەکان چۆن چۆنی کوژراون، کێ ئەوانی کوشت، بەعسیەکان چ کەسێکیان بە دەستی خۆیان کوشت، کێ لەوێ بوو، چەند مانگ لەوێ مانەوە، هەموو زانیارییەکان دەست بکەوتنو، بەشێوەی فیلمێك کۆمان کردەوە.

**پ: پاش دۆزینەوەی جێگای تەواوی ئەوان چیت کرد؟**

د.محەمەد ئیحسان: دەستم کرد بە گێڕانەوەی تەرمەکان بۆ شوێنی خۆیان واتە کوردستان، چونکە مافی سروشتی ئەم تەرمانەیە کە لە خاکی خۆیاندا بنێژرێن، چونکە دایکی شەهید چاوەڕوانە، دەزگیران چاوەڕوانە، خوشکی شەهید چاوەڕوانە، ئەگەر ئێسقانێك نەبەیتەوە بۆیان، هەرگیز قایل نابن کەچی بەسەر خۆشەویستەکانیان هاتووە. ئەمە پەیامی من بوو. هەروەها فیلمێکمان لەم بارەوە ئامادەکردووە.

**پ: فیلمەکە ناوی چییە؟**

د.محەمەد ئیحسان: ناوی (میراتی صدام)ە.

**پ: بابەتی ئەم فیلمە دۆکیومێنتییە قۆناغەکانی توێژینەوەکانتانە؟**

د.محەمەد ئیحسان: بابەتی ئەم دەڵێت تەماشاکە "صدام: چ میراتێکی بۆ ئەم میللەتە جێهێشتووە.

**پ: ئەم فیلمە لە دادگا ئامادەکرد؟**

د.محەمەد ئیحسان: بەڵێ، بەڵام سودیان لێ بینی، ئەوە بۆ خۆیان دەگەڕێنمەوە و، پەیوەندی بە منەوە نیە. ئەمە ئەرکی دادگایە. ئێمە لە دادگا دەستوەرنادەین.

**پ: بارزانییەکان چەند کەس بوون کە ئەنفالکران؟**

د.محەمەد ئیحسان: لە بەڵگە و زانیارییەکاندا نزیکەی ٨ هەزار باسکراوە، بەڵام تا ئێستا تەرمی ٥١٢ کەسم دەسکەوتووە.

**پ: بیستومانە خۆشت لەگەڵ گروپی پشکنەراندا بویت، وابوو؟**

د.محەمەد ئیحسان: بەڵێ، خۆم لە نێوانیاندا بووم، نزیکەی ٩٠٪ کارەکانی خۆم ئەنجامم داون. چونکی هەست بە قەرزداری دەکەم. من لە ١٢ سیپتامبەری ١٩٨٣ دەنگی "صدام حسین"م تۆمارکردووە، کە لە بارەی بارزانییەکانەوە قسە دەکات.

**پ: لە کوێ؟**

د.محەمەد ئیحسان: لەو کاتەدا خوێندکاری زانکۆم. کاسێتەکەم تا ساڵی ١٩٩١ مابوو. لە خۆم دەپرسم ئەم خەڵکە چۆن کوژران.

**پ: تاوانی بارزانییەکان چی بوو؟**

د.محەمەد ئیحسان: هیچ بەرپرسیارێتی سیاسیان نەبوو. خەڵکی هەژار بوون.

**پ: لە چ ساڵێك و لە کوێ دەستگیر کران**

د.محەمەد ئیحسان: لە ٣١ی ١٩٨٣ لە ماوەی هەفتەیەکدا لە ناوچە گوندیەکانی "خۆشتەپە، حەریر، دیانە، مێرگەسوور، بەحرەکە، دەستگیر کران. دواتر بۆ بەغدا گوێزرانەوەو پاشان بۆ ناوچەی (ابو جد) بردیانن کە نزیکەی ٤٠ کم سنوری عربستانی سعودییە. هەر ڕۆژەی سێ کامیون (ئوتومبیلی زۆر گەورەی بارهەڵگر) کەسیان لێ دەکوژرا، بۆ ئەمەش گروپێکی تایبەت لە بەغدادەوە ڕۆیشتبوون. ئەو کەسەی کە هەمووی بە دەستی خۆی خۆی کوشت، "صدام" بە ژەنەراڵ هەڵیبژارد. لەبەرخاتری ئەوەی توانی لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا هەشت هەزار کەس بکوژێت. خاڵی خەفەت هێن ئەوە کە ئەم کەسە پاش ئەم تاوانە، لە زانکۆی بەغداد لە بەشی یاسا درێژەی بە خوێندنداو پاشان بووە مامۆستای یاسا.

**پ:ناوی چی بوو؟**

د.محەمەد ئیحسان: ناوی (عاسە دوری) بوو، ئێستا پەناهەندەیە لە ولاتانی دەرەوە. نازانم لە دوبەی یا ئەبوزەبی، یا لە یەکێ لە شارەکانی ئیمارات دەژی. کارێکی گرنگە بۆ کورد بتوانێت هەموو شەهیدەکانی خۆی لە خاکی دوژمنەوە بباتەوە بۆ کوردستان. هەروا ڕوونە بۆ دونیاکە هەر کەس بیەوێت ستەم لە کورد بکات، بەم جۆرە ئەنجامی خۆی دەبینێت. پێم باشە کە ئێستا گۆڕی شەهیدەکانمان لە کێوی شیرین و زۆرزك و هەندرێن و هەر بەشێکی کوردستان بێت. باشترە تا لە بیابانی دوور لە کوردستان بمێنێت. ئەمە پەیامی ئێمە بوو لە ڕاستیدا بۆ خەڵکی جیهان.

**پ: بۆ دۆزینەوەی تەرمی ١٨٢ کەس چیتان کردووە؟**

د.محەمەد ئیحسان: لە بارەی ئەوانیشەوە گەڕاوین. ئێمە تا ئێستا شوێنی ٢٨٤ گۆڕی بە کۆمەڵمان دیاری کردووە. پاشان بۆ کوردستان گەڕێنراونەتەوە. گەڕانەوەیان بۆ من کارێکی ئەخلاقییە و پێویستە.

**پ: ئەم هەموو کوشتارە دەکەوێتە کام ساڵانەوە؟**

د.محەمەد ئیحسان: ساڵەکانی ١٩٨٧–١٩٨٨، بە هەشت قۆناغ ئەنجامیان داوە.

**پ: بیانوی صدام بۆ ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزار کورد چی بوو؟**

د.محەمەد ئیحسان: یەکێکە لە زنجیرە بەرنامەکانی صدام بۆ ڕیشەکێشکردن و لەناوبردنی کورد. صدام چونکە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی هاوکاری کرد، لە کاتی هێرشەکانی بۆ سەر ئێران، بۆیە توشی غرورهات و کوردی بە هاوکاریکاری ئێران تاوانبارکرد. بۆیە صدام وتی ئەم ناوچەیە کە لێی بە گومانم خاپووری دەکەم و، سنوورەکانیش دەبەستم". بۆیە بەهەشت قۆناغ ١٨٢هەزار کوردی لەناو برد بە هەرموو شێوەکانی لەناوبردن. پاشان ویستی هەموو کوردەکانی تریش بۆ باشور بگوازێتەوە، ئەوە بەرنامەی بە تەواوی لەناوبردنی کورد بوو، بەڵام سەرمەستی و پەلکێشی بەرەو داگیرکردنی کوەیت، بواری نەدا کە خواستەکانی جێبەجێ بکات. کوردەکان ١٩٩١ توانیان خۆیان لە دەست "بەعس" ڕزگار بکەن.

**پ:ئەنفالکراوەکان خاوەن چ تایبەتمەندییەکی تەمەنی و ڕەگەزی تایبەت بوون؟**

د.محەمەد ئیحسان: ئەوان "بەعس" یەکان تەنانەت منداڵ ١٠ ساڵانیان دەستگیر کردو، هەروەها بەڵگەم لایە کە هی وایان کوشتووە ٩٨ ساڵ تەمەنی بووەو، هەروەها ١١ ساڵانیشیان کوشتووە. بە پێی ئەو بەڵگانەی کۆکراونەتەوە، لە ڕووەی پێوەرەوە، دووەمین وەچە کوژییە لە عێراقدا.

**پ: بۆ "صدام" دەستی کرد بە کۆکوژی کورد؟**

د.محەمەد ئیحسان: صەدام لە تاك کوژییەوە سەرپەڕی کرد بۆ کۆکوژی، لە کوردە فەیلیەکانەوە تا بارزانییەکان بێدەنگی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و نەبوونی هیچ جۆرە پەرچەکردارێك، زیاتر هانی صەدامی دا تا گەیشتە ئەوەی ١٨٢ هەزار کورد لە ناوببات ١٨٠ هەزاری کوشت، کەس قسەی نەکرد، ٨ هەزاری تری کوشت، کەس شتێکی نەووت، بۆیە صەدام بە خۆی وت دیارە لە دونیادا هیچ لێپرسینەوەیەك بوونی نیە، ئەمەش سەرئەنجامی کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی لێکەوتەوە.

**پ: ئەم تەرمانە لە کوێی عێراق شاردرابوونەوە؟**

د.محەمەد ئیحسان: بڵاوکرابوونەوە بەسەر عێراقدا، هەر شارو هەر شوێنە کۆمەڵێك، زیاتر گۆڕە فراوانەکان لە باشوری عێراق بوون. ناوچەکانی (موسەنا، ناسریە، نێوان نەجەف و دیوانیە، هەروا لە دیوانیە، کەربەلا، ڕومادی) بە کورتی لە هەموو شوێنەکانی عێراقدا.

**پ: بە بینینی ئەم هەموو گۆڕە چیت بە خەیاڵدا هات؟**

د.محەمەد ئیحسان: هەر کەس بیبینیایە سەری سوڕدەما، کە کوشتار بەشێکە لە ژیانی عێراق، تەنانەت ئەو کەسانەی کە ئەمەیان کردووە، ئێستاش لە عێراقی دوای سەدامدا بەردەوامن و، ڕۆژانە خوێن دەڕێژن و هێشتر تێر نەبوونە. کارەساتی کوشتن دوای ڕووخانی صەدام حسێن دەریدەخات کە ئەم ولاتە لە ولاتانی تر جودایە و، کوشتنیش کۆتایی نایەت.

**پ: ئەمە ڕاستە؟**

د.محەمەد ئیحسان: بەڵێ، ڕاستیە، بەڵام عێراق وەکو کەسێکی توش بوو بە شێرپەنجە ڕازی نابێت ئەم نەخۆشیە پەسەند بکات، ئەگینا لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا عێراق گۆڕانی بەخۆیەوە نەبینیوە.

**پ: بەڵام صەدام جگە لە کورد، شیعەکانیشی کوشتووە؟**

د.محەمەد ئیحسان: بەڵێ، شیعەو سونەشی کوشتووە.

**پ: بەڵام ڕەنگە کەمتر شیعەی کوشت بێت؟**

د.محەمەد ئیحسان: زۆر زۆر کەمتر.

**پ: کام دەزگای نێودەوڵەتی هاوکاری کردن لە دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا؟**

د.محەمەد ئیحسان: هیچ کەس دەزوگا و ولاتێك هاوکاری نەکردووین.

**پ: تەنها خۆتان گۆڕەکانتان دۆزییەوە؟**

د.محەمەد ئیحسان: لە تەواوی قۆناغەکاندا ئێمە ٨ کەس بووینەو، کەس هاوکاری نەکردووین و، بەشەو ڕۆژ بۆ ماوەی ٣ ساڵ کارمانکردووە، بە نێو هەزاران ترس و گرفتدا. خۆم زۆربەی وەزارەتی و جێگاکان گەڕاوم.

**پ: چۆن جێگاکانت دەدۆزییەوە؟**

د.محەمەد ئیحسانتەنها بە گەڕان و پشکنین.

**پ: بە چ شێوەیەك دەگەڕان؟**

د.محەمەد ئیحسان: سەرەتا سەردانی کەسانێك کە کاتی لە ئەنفالەکەدا لە باشوور مەشغولی کاربوون و زانیاری باشیان لابوو، بۆ نموونە شولنێکمان پەیدا کرد، ئەو کاتە شوان بووە، یان سەربازگەڵك ئەو کاتە لە خزمەتدابوونە. ئەو کۆچەر و کاولییانەی کە لەو کاتەدا هاتوچۆیان بەوێدا کردووە. شۆفێر و قاچاخچیەکان. پۆلیس و پاسەوان، پۆلیسی گومرگ، هەموویان زانیاری باشیان پێداین.

**پ: بەرامبەر زانیارییەکان هیچ پاداشتێنێکت دەدا؟**

د.محەمەد ئیحسان: بۆ هەندێکیان، بەڵێ.

**پ: جگە لە ئەو کەسانە، چی ترت کرد؟**

د.محەمەد ئیحسان: جگە لەمانە، نزیکەی ٥ هەزار چاوپێکەوتنم بەشێوەی جیاواز و بە کەسانی جیاواز سازدا.

**پ: ئەو گۆڕانەی ئێستا کەناڵەکان پیشانی دەدەن، تۆ دۆزیوتەوە؟**

د.محەمەد ئیحسان: بەڵێ، هەمووی ئێمە دۆزیومانەتەوە.

**پ: تەرمەکان جلی کوردییان لە بەردابوو؟**

د.محەمەد ئیحسان: بەڵێ

**پ:چەند گۆڕی بە کۆمەڵتان پەیدا کرد؟**

د.محەمەد ئیحسان: تا ئێستا شوێنی ٢٨٤ گۆڕی بە کۆمەڵم لایە بە وێنەگیراوی، تەنانەت دهەندێکیان دەزانم کێیان تیادا شاردرابووەوە.

**پ: چۆن؟**

د.محەمەد ئیحسان: تەنانەت دەزانم خەڵکی چ ناوچەیەك لە کام گۆڕ بوون.

**پ: کەسەرقاڵی گەڕان بوون هیچ گرفتێکتان بۆ دروست دەبوو؟**

د.محەمەد ئیحسان: بەڵێ، لە زۆربەی ناوچەکاندا، زۆربەی جار دەکەوتینە بۆسەی تیرۆرستیانەوە، چەند جار گوللە بارانیان کردین. ئینجا برسیەتی و تینوێتی و ماندوێتی زۆر. باشوری عێراق زۆر سەختەو، بەرگەگرتن بۆ هەموو کەس دەست نادات. گەرما ٥٢ پلە بوو، ئاوی خواردنەوەمان تەواو کەم بوو. لە هەندێ ناوچەدا لە خراپترین دۆخدا کارمان دەکرد.

**پ: جگە لەمانە گرفتی تر چی هەبوو؟**

د.محەمەد ئیحسان: ناوچەیەك لای سنوری سعودیە و کوێت کارمان دەکرد، هەمووی مین بوو سێ تا چواری مینەکانی عێراق لەوێدا چێنراون. ئینجا کوەیتیەکان هاوار دەکرد بۆ چەندین جار "نەیەنە پێش دەکوژرێن، هەمووی مینە".

**پ: لە بارەی قوڵی گۆڕەکانەوە؟**

د.محەمەد ئیحسان: ڕژێمی عێراق لە شوێنێك گۆڕەکانی هەڵبژاردبوو، کە پێی دەووترێت "کڒبان رملیە" واتە (لمی درۆزن) بۆیە سیمای زەوی ڕۆژ بە ڕۆژ دەگۆڕێت.

**پ: زیاتر ڕوونی بکەرەوە؟**

د.محەمەد ئیحسان: تۆفان دێت، شێوەی زەوی دەگۆڕێت. لە شێوەی کێویکی گەرد و غوبار کە بە زمانی عەرەبی دەگوترێت (کڒبان رملیە) ئەم باوتۆفانە زەوی جێگۆڕکێ پێدەکات. گۆڕی بە کۆمەڵی زۆربەی عێراقیەکان لێرەدان. بە شێوەیەکی گشتی ئاسەواریان نەماوە. پاش کارکردن و شارەزا بوون، دوای ماوەیەك ئەگەر پارچەیەك زەوی ببینی، دەزانی گۆڕە یان نە. من لە شاری دیوانییە بە ماوەی ٢٠ دەقیقە بە تەنها توانیم لە گۆڕێك یەك تەرم دەربێنم.

بۆ لاپەڕە.. (٢٠)

## گۆران ئەدهەم:

# پێشبینی دەکەم سزای تاهیر ئەلعانی و فەرحان ئەلجبووری لەوانی تر کەمتر بێت

سازدانی: عەرعەر

بۆ ئاگاداربوون لەشێوەی بەڕێوەچونی دادگایی کردنی سەرانی رژێمی پێشوی عێراق لەسەر تاوانی ئەنفال و هەڵبژاردنی ئەو شەش پارێزەرە خۆبەخشەی کە داکۆکیکاری مافە کەسی شکاتکارە کوردەکان بوون و هەروەها ئەو دەسەڵاتەی کەدادگا بۆیانی دیاریکردووە لەگەڵ ئەو کارانەی کەئەوان کردوویانە. ساڵنامەی عەرعەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ پارێزەر (گۆران ئەدهەم) کرد، کەیەکێکە لەو شەش پارێزەرە خۆبەخشەی داکۆکیکاری مافی کەسی لەدادگایی ئەنفال.

**عەرعەر: ئەو شەش پارێزەرە چۆن هەڵبژێردران و کارەکانتان چۆن دەستی پێکرد؟**

گۆران ئەدهەم: کاتێك کەبڕیاردرا دادگا له:٢٠٠٦/٨/٢١ یەکەم دانیشتنی خۆی لەسەر ئەنفال ببەستێت. ئێمە هەستمان کرد کە پێویستە پارێزەرەکانی مافی کەسێتی کورد بن، بۆئەو مەبەستە لە مانگی پێنج ئاگادارییەك بڵاو کرایەوە بۆ هەموو پارێزەرە کوردەکان کە بە خۆبەخش ئامادەبن بۆ بەرگریکردن لە شکاتکارەکان لە دادگا، چونکە هیچ لایەنێکی کوردی ئامادە نەبوو پارێزەری تایبەت بۆ ئەم کێشەیە بگرێت و بیان نێرێتە دادگا کە، ئەوەبوو لەدوای ئەو ئاگادارییەوە سی و نۆ پارێزەر لەکۆی هەموو پارێزەرانی کوردستان ئامادەبوون بە خۆبەخش بەرگری لە شکاتکارەکان بکەن لەدادگادا، بۆئەم مەبەستەش سەندیکای پارێزەرانی کوردستان سەرپەرشتی کردنی ئەم پارێزەرە خۆبەخشانەی دەکرد، لیژنەیەك پێکهات لە سەرۆکایەتی هەرێمەر بۆ سەرپەرشتی کردن کە ئەندامی پەرلەمانی تێدابوو، نوێنەرێکی سەرۆکایەتی هەرێمی تێدابوو، نوێنەرێکی وەزارەتی ئەنفال و شەهیدی تیابوو، نەقیبیی سەندیکای پارێزەرانی تیابوو، هەروەها نوێنەرێکی وەزارەتی داد ییشی تیابوو، کەئەم لیژنەیە بڕیاریدا لەکۆی ئەو سی نۆ پارێزەرە خۆبەخشە دوازدە پارێزەریان بنێرێتە دادگا، پاشان لەدانیشتنەکانی سەرەتای دادگاییەکەدا کەموو کوری تیابوو لەو دوازدە پارێزەرە کەهەڵبژێردرابوون، رەنگە بەهۆی زۆری ژمارەکەوەبوبێت، پاشان لیژنەکە بڕیاریدا لەو دوازدە پارێزەرە شەشیان هەڵببژێررێت، کەئەوانیش کاك مستەفا عەسکەری کەسەرۆکی هەیئەتەکەیە، محەمەد ساڵح ئامێدی ، عەبدولرەحمان زێباری، هەدار بەرزانی،مستەفا عەلی ئەحمەد، هەروەها خۆم و کاك مستەفا لەشاری سلێمانی، چوارپارێزەرەکەی تر لەشاری هەولێر و دهۆك، لەیەکەم دانیشتنەوە کە له٢٠٠٦/٨/٢١ بوو تا وەکو ئێستا پەنجاو سێ دانیشتنی دادگا لەسەر ئەنفال کراوە، کەئێمە لە هات و چۆدابووین جگە لە کڕینی بلیتی تەیارەو هۆتێل و مەسروفاتی نان خواردن نەبێت کە وەزارەتی ئەنفال و شەهید بۆی سەرف کردووین. ئێمە وەکو مافی خۆمان هیچمان وەرنەگرتووە بەخۆبەخش کارمان کردووە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانمان زانیوە، بەڵام لەچەند هەفتەی سەرەتادا سەرۆکایەتی ئەجومەنی وەزیرانی عێراق ئوتێلمان بۆ گیرابوو، بەڵام ئەوەبوو دوو لێپرسروی باڵای کورد لەبەغداد ئاگاداریان کردینەوە کە ئەوان ئامادەنین مەسروفاتی ئوتێلەکە بگرنە ئەستۆ، کە ئەو دوو ایپرسراوە هەردوکیان کوردبوون. ئێمە زۆر سەرسام بوین بەهەلوێستی ئەم دوو بەرپرسە، چونکە ئێمە سەرەرای ئەوەی بەخۆبەخش هاتبووین ، بەڵام لە بەغدادیش کەباری ئەمنی زۆر خراپەو هیچ سەیارەیەکمان بۆتەرخان نەکرابوو کەئێمە لەفرۆکە خانەوە بگەیەنێتە دادگا ، بەلکو بەتەکسی هات و چۆمان دەکرد یان تەلەفونمان بۆ ناسراوێك دەکرد، بەهۆی ئەوەی ئێمە لەسەر شاشەی تی ڤی دەرکەوتوین و ناسراوین، زیاتر مەزەندەی ئەگەری هێرشمان بۆسەرمان دەکرد، کەچی ئەو دوو بەرپرسە بەئێمەیان وت لەئێستە بەدواوە خۆتان مشوری خۆتان بخۆن. ئەوەبوو ئێمە پەیوەندیمانکرد بە دکتۆر فواد مەعسوم ومام جەلالەوە کێشەکەیان چارەسەرکرد.

**عەرعەر:ئێوە پێشتر هیچ کام لە شکاتکارەکانتان بینیوە؟**

گۆران ئەدهەم: ئێمە سیدییەکمان لەبەردەستدابوو کەکۆمەڵێك بەڵگەنامەو دان پیانانی تاوانبارانی تیابوو، ئێمە بەتەواوەتی لێکۆلینەوەی خۆمان لەسەر کردوو دواجار لەسەر بنەمای ئەو بەڵگەنامەو دان پیادانانە بەرگریمان لە شکاتکەرەکان ئەکرد، لەو سییدییەدا :١١٧٤ :شکاتکەرو دان پیادانانی هەر حەوت تاوانبارەکەی تیابو، بەڵام دادگا برسیاریدا حەفتاو پێنج شکاتکەر لەکۆی هەموویان ئامادەی دادگا بن، هەڵبژاردنی ئەو شکاتکارانە لەسەر بنەمای نزیکی کەسەکەوە بوو لە ئەنفال کراوەکەی یان ئەو کەسانەی کەخۆیان ئەنفالکراون و دواجار بەردراون، هەروەها بەشێوەیەك شکاتکەرەکان هەڵبژێردراون کە هەر چەند کەسێك و سەر بەناوچەیەك کە شاڵاوی ئەنفالی بەرکەوتووە.

**عەرعەر:لە دانیشتنەکانی سەرەتادا کۆمەڵێك رەخنە لەسەر ئاستی توانای پارێزەرەکانی داکۆکیکاری مافی کەسی گیرا، ئایا رەخنەکان لە جێی خۆیدابوو؟**

گۆران ئەدهەم: ئەو ڕەخنانەی کەلەسەرەتادا گیرا رەخنە بوون بۆ دوانزە پارێزەرەکە، بەڵام دواتر ئەوەبوو لیژنەکە بریاریدا لەو دوانزە پارێزەرە شەش پارێزەر هەڵبژێرێت. پاش ئەوە ڕەخنەکان کەم بۆوەو ئاستی پارێزەرەکانیش دەرکەوتن، رەخنەکان سەرەتا کەگیرا لە شوێنی خۆیدابوون، بۆنمونە یەکێك لەئافرەتە شکاتکارەکان وتی: کاتێك بەکیمیایی لێیاندابن کییمیایەکە بۆنی سیری لێهاتووە، بەڵام یەکێك لە پارێزەری تاوانباران کەناوی بەدیع عارف بوو وتی: ئەوەبۆنی سیری ماڵی خۆتان بووەو تۆ لێت تێکچووە، بەدیع زۆر بەسوکایەتییەوە ئەوەی وت کە لە ئاستی قسەی پارێزەردا نەبوو بەڵام یەکێك لەپارێزەرەکانی داکۆکیکەری مافی کەسی بەقسەکەی بەدیع عارف پێکەنی کەئەبوایە هەلوێستی هەبوایە نەك پێکەنین. وە من لە تەلەفیزۆندا ئەمەم بینی و بریارمدا هەرچۆنییێگ بووە ئامادەبم.

**عەرعەر: ئێوە وەکو داکۆکیکاری مافی کەسی هیچ گرفت و کێشەیەکتان لەگەڵ دادوەرەکاندا هەبووە؟**

گۆران ئەدهەم: نەخێر بەنیسبەت ئێمەوە هیچ کێشەو تێنەگەشتنێك رووی نەداوە، بەڵام ستافی بەرگریکاری تاوانباران چەندین کێشەیان هەبووە، چونکە ئەوان کۆمەلێك پارێزەر بوون کەتەنها هەوڵی شتی ڕاگەیاندنیان دەدا، هەروەها تاوانبارانیش زیاتر قسەکانیان ئیعلامی بوو، پارێزەرەکانی تاوانباران هێندە گرنگییان بە خۆدەرخستن ئەدا نیو ئەوەندە پارێزگارییان لەتاوانبارانی نەدەکرد، بەڵام ئێمە نوێنەری کۆمەلێك خەڵکی چەوساوە بوین.

**عەرعەر:رەخنە هەبوو لەسەر ئەوەی دادوەرەکان کەمتر گرنگی بەپارێزەری داکۆکیکاری مافی کەسێتی دەدەن لەچاو گرنگیدانیان بە پارێزەری بەرگری کار، هۆکارەکەی چی بوو؟ کارو ئەرکی ئێوە بەپێی یاسا چۆنە؟**

گۆران ئەدهەم :بەپێی یاسای ژمارە ﴿١٠﴾ ساڵی ﴿٢٠٠٥﴾دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق دەوری سەرەکی داوە بەدادوەرو بەداواکاری گشتی وەکو دەوری پارێزەری داکۆکیکاری مافی کەسی زۆر کەمە، بەپێی ئەو یاسایە، ئەمەش دەسەڵاتی ئێمەی تیانییە، ئێمە ئەوپەڕی هەوڵمانداوە کە شتەکانمان زیاتر ئیبرازبکرێت، هەوڵمانداوە بۆدادگا ئەوەدەربخەین کەکورد چۆن جینۆساید کراوە، ئەرکی ئێمە پشتگیریکردنی یاسایی بەڵگەکانبوو، ئەو سێ تاوانە بسەلمێنێت کەدادگا روبەروی تاوانبارانی کردبووەوە ئەویش تۆمەتی جینۆسایدە بەپێی مادەی ﴿١١﴾، تۆمەتی دژە مرۆڤایەتی بەپێی مادەی﴿١٢﴾و تۆمەتی جەنگ بەپێی مادەی ﴿١٣﴾، ئێمە لە ٢٠٠٧/٢/٢٦ڕاپۆرتی خۆمان خوێندۆتەوە کە ١١٣ لاپەرە بوو، خوێندنەوەی راپۆرتەکە لەبەردەم دادگا نزیکەی پێنج سەعاتی خایاند، کەسەرەتا لەمێژوی کوردەوە دەستمان پێکردوو بەشاڵاوی ئەنفال کۆتایمان پێهێنا؟

**عەرعەر: ئاستی دادوەر ﴿عەبدوڵا عامری﴾ چۆن بوو؟**

گۆران ئەدهەم : وەکو دادوەر ئاستێکی باشی هەبوو، خاوەن ئەزمون بوو، بەڵام کەسێکی نەتەوەیی بوو، ئێمە لەقسەکانیدا هەستمان دەکرد کەسێکە دەمار گیرە بۆ نەتەوەی عارەب.

**عەرعەر:کاتێك دادوەر ﴿عەبدوڵا عامری﴾ بەسەدامی وت تۆدیکتاتۆرنیت، هەڵوێستی ئێوەچیبوو؟**

گۆران ئەدهەم:هەرچەندە من لەو دانیشتنەدا لەوێ نەبووم، بەڵام ئێمە ڕاپۆرتێکمان دا بە دادگاو داوای گۆڕینیمان کرد، ئەوەبوو رۆژی دواتر دادگا بەگۆڕینەکەی رازیبوو، گۆڕا.

**عەرعەر:بەلەسێدارەدانی سەدام حوسەین هیچ کاریگەرییەك بەسەر دادگاکەوە جێما؟**

گۆران ئەدهەم:ئێمە وەکو کورد حەزمان دەکرد سەدام لەسەر کێشەی ئەنفال لە سێدارە بدرێت، بەڵام هەموومان زروفی ئێستای عێراق ئەزانین چۆنە، گە گۆمەڵێگ دەوڵت هەولیان دەدا سزای ئیعدام بەسەر سەدامدا جێبەجێنەگرێت بەهۆی بونی بەرژەوەندی پێشتر گە لەگەلیاندا هەیبووە، سەرەرای ئەوەی چەند پروپاگەندەیەگە ڕەنگە سەدام لە بەندیخانە دەرگەن و ببرێت بۆ وڵاتێگی تر، ئەوە هەموی وایگرد بەو شێوەیە سەدام ئیعدام بگرێت،ئەبێت بڕوامان وابێت کە ئێمە دادگایی تەنها یەك کەس ناکەین، بەڵکو دادگایی نیزامێك ئەکەین، واتە سەدام بە تەنها ئەو هەموو تاوانەی نەکردوە، بەڵکوو نیزامی بەعس ئەو تاوانانەی کردووە، کە لە کۆمەڵێك کەس پێك دێت، من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە بوترێت لەبەر ئەوەی سەدام لەسەر کێشەی دوجەیل لە سێدارە درا، ئیتر کورد هیچی تری بۆ نەماوە، بە پێچەوانەوە بە لە سێدارە دانی سەدام کاریگەری لەسەر ئەو شەش تاوانبارەی تر دروست کردووە، کە هەتا سەدام مابوو ئەمانیش هاواریان ئەکردوو کۆمەڵێك قسەی نابەجێیان دەکرد، بەڵام بەلە سێدارە دانی سەدام بۆیان رون بووە کە دادگایی کردنیان بوە بە ئەمری واقع و لەسەر ئەوانیش هەمان بڕیار جێبەجێ دەکرێت.

**عەرعەر:بۆ لە ناو هەموو دەسەڵاتدارانی حزبی بەعس تەنها ئەو حەوت تاوانبارە دادگایی دەکرێن لەسەر کێشەی ئەنفال؟**

گۆران ئەدهەم: لە ناو حزبی بەعسدا کۆمەڵێکی زۆر هەیە کەدەستیان لە شاڵاوی ئەنفالدا هەبووە، ئێمە لیستێکمان ئامادە کردووە کە زیاتر لە سەد ناوی تێدایە کە دەستیان لەم تاوانەدا هەبووە، هەروەها داوامان کردووە کە دادگا لێکۆلینەوەی یاسای خۆی لەگەڵیاندا بکات، سەرەڕای ئەوە گە چەنگەها گەسی تر کە دادگای لێکۆڵینەوە بڕیاری دەتگیرکردنی داون.

**عەرعەر:دادگا وەڵامی ڕاپۆرتەکەی داونەتەوە؟**

گۆران ئەدهام: نەخێر تا دادگا بڕیاری خۆی لەسەر ئەم تاوانبارانە نەدات ناتوانێت وەڵامی ئەم داوایەمان بداتەوە، بەڵام من لەو بڕوایەدام کە دادگا ئەوانیش ڕەوانەی لێکۆڵینەوەی یاسایی دەکات، چ ئەوانەی کە گیراون چ ئەوانەی کە نەگیراون، لەو داوایەدا ئێمە داوامان کردووە کە هەموو ئەندامانی مجلس قیادە سەورە و مجلس قتری تاوانباری شاڵاوی ئەنفالن، چونکە ئەوان دەسەڵاتیان داوە بە سەدام کە بڕیار بدات بە شاڵاوی ئەنفال، دادگا بۆ خۆی بڕیاری داوە کە هەر ئەندامێکی ئەو موجلیسە دەستگیر بکرێ ڕاستەوخۆ دەبێت لەسەر کێشەی ئەنفال دادگای بکرێت، کە ئێمە لەمەدا کێشەمان نیە وە لەسەر داوای ئێمە بوە.



دادوەر محمەد عورێبی ، گۆران ئەدهەم، مونقزئەلفرعون

**عەرعەر:ئەو پرۆفیسۆرە ئەوروپیانەی، ئەوانەی لەبەردەم دادگادا گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان ڕوون کردەوە، ئایا کاریگەری لەسەر دادگا هەبووە؟**

گۆران ئەدهەم: بەڵێ ئەو پرۆفیسۆرانە کۆمەڵێك نموونەی زانستی ونموونەی گونجاویان بۆ دادگا ڕوون کردەوە، لەسەر مەسەلەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بە شێوەیەکی جوان و زۆر بە وردبینیەوە گۆڕەکانیان هەڵدابووەوە، گۆڕێکیان هەڵدابووەوە کە نزیکەی ١٢٦ شەهیدی تێدا بوو وە ڕونیان کردەوە کەچەندی ئافرەت و چەندی پیاو و چەندی منداڵە، تەنانەت تەمەنی شەهیدەکانیشیان دەست نیشان کردبوو، یەکێکی تر لەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی کە ئەو پرۆفیسۆرانە هەڵیان دابووەوە کە ژمارەیەکی زۆر شەهیدی تێدابوو نزیکەی ٨٠-٩٠ شەهیدیان منداڵ بوون، هەروەها لەو گۆڕەدا کۆمەڵێك بەڵگەنامەو مەمکەمژەی منداڵ و عەتر و دراوی تێدابوو وە ئافرەتێکی تێدابوو کە لە کاتی شەهید کردنیدا دووگیان بوو،بە پێی قسەی پرۆفیسۆرەکان وتیان ئەو منداڵە لە سکی دایکیدا تەمەنی هەشت مانگان بووە کە ئەمەیان لەڕێگای لێکۆڵینەوەی ئێسکی منداڵەکەی سکی دایکی بۆ دەرکەوتبوو، ئەم ڕوداوە زۆر کاریگەری لەسەر داداگایەکە هەبوو هەروەها شایەتی دانەکەی دکتۆر ئەفسەندیار ئەحمەد شوکری کە ئەو کاتە لە تورکیا چارەسەری بەرکەوتوانی کیمیاوی شاڵاوی ئەنفالی کردبوو ئەویش کاریگەری زۆری هەبوو، دواتر ئێمە داوایەکمان دا بە دادگا کە بێت بۆ کوردستان ئەوانیش ڕازیبوون و لە مانگی یانزەی ساڵی پاردا هاتن و هەموو کوردستان گەڕان لە بادینانەوە تا بەلەکجەڕ و گەرمیان دواتریش نموونەیان لە تۆپە کیمیاویەکان بردەوە، سەرەڕای ئەوەی چەند فلمێکی دیکۆمێنتیمان تەسلیمی دادگا کردووە کە پیشاندران و کاریگەری لەسەر دادگاییەکە هەبوو.

**عەرعەر: لە دادگایەکەدا ناوی چەند کەسێك هاتووە، چ کورد وچ عەرب، یان ئەوانەی لە تۆپزاوا ئازاری ئەنفالکراوەکانیان داوە یان موستەشارەکان، ئێوە چی ڕێگەیەکتان گرتوەتە بەر بۆ دادگایی کردنی ئەوانە؟**

گۆران ئەدهەم: ئێمە داوامان لە دادگا کردووە کە ئەوانەی لەو دادگایەدا لە ڕێگەی شکاتکەرەکانەوە بە تاوانبار ناو دەبرێن ببرێنە دادگاو کاریان لەسەر بکرێت، بۆ کێشەی موستەشارەکان ئێمە قسەمان لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا کردووە کە وتیان ئێمە بڕیاری لێبوردنی گشتیمان بۆ دەرکردوون، بەڵام ئەگەر کەسێك مافی لای هەر موستەشارێك هەبوو لە ڕێی ئەم دادگایەوە سکاڵای خۆی تۆمار بکات، ئێستاش شکات لەسەر کۆمەڵێك لە موستەشارەکان تۆمار کراوە کە هەندێکیان تائێستا خۆشیان ئاگادار نین.

**عەرعەر:لە دانیشتنەکانی کۆتایدا شایەتی تاوانباران لەبەردەم دادگادا ئامادە بوون ئەوان شایەتەکانیان کێبوون؟ هیچ کاریگەریەکیان لەسەر دادگایەکە هەبوو؟**

گۆران ئەدهام: شایەتەکانی ئەوان هیچ نەبوون بۆ نموونە شایەتی یەکەمی کەسێك بوو کە داوایکرد ئاشکرا نەکریت ناوی خۆی لە شایەتیکەیدا کە بۆ یەکێك لە تاوانبارانی دا وتی کە ئەو کەسێکی باشەو بێکێشەیە، ئەوانی تریش هەر وایان وت، بەڵام قسەکان لە ڕووی یاساییەوە هیچ کاریگەریەکیان لەسەر دادگاکە نەبوو، چونکە هەموویان تەنها باسی چاکی باشی و تاوانباران دەکرد، هیچ کەسێکیان بە بەڵگەوە قسەیان نەدەکرد، کە ئەنجامدەرانی ئەنفال ئەم تاوانبارانە نین، هەروەها دوو کوردیش شایەتیان بۆ تاوانبار فەرحان موتلەگ جبووری داو خۆیان وەك کورد ناسان و یەکێکیان زۆر بە شانازیەوە وتی من کوردم کە خەڵکی گەیارەی شاری موسڵ بوو؟

**عەرعەر: کاتێك کە دادوەر بە شکاتکەرەکان دەڵێت قەرەبووکردنەوەت دەوێ، بەشی زۆری شکاتکەرەکان وتیان بەڵی، ئایا کێ قەرەبووکردنەوەکەیان دەداتێ؟**

گۆران ئەدهەم: لە ڕوی یاساییەوەکاتێك دادوەر بە شکاتکەر دەڵێ قەرەبوو کردنەوت دەوێت، ئەگەر وتی نەخێر ئەو کاتەش پارێزەر ناتوانێت داوای هیچی بۆ بکات، ئێمە داوامان لە دادگا کردووە لە عێراقدا سندوقێك دابنرێت کە میزانییەی لە حکومەتی عێراقەوە بۆ دابین بکرێت و تایبەت بێت بە بەرکەوتوان و بەجێماوانی شاڵاوی ئەنفال، هەروەها داوامان کردووە کە دەبێت دادگا بڕیار بدات کە ئەو کەسانەش ئامادە نەبوونە لە دادگاکەدا قەرەبوکرن بیانگرێتەوە، بەڵام لە شاڵاوەکەدا کەسە نزیکەکانیان بەرکەوتوون قەرەبوو بکرێنەوە، ئەگەر هەرکەسێك توانی لەبەردەم دادگادا ئەوە بسەلمێنێت کە خۆی لە شاڵاوی ئەنفالدا زەرەرمەند بووە یان کەسێکی نزیکی بەرکەوتووە ئەوە دەبێت ئەوانیش قەرەبوو بکرێنەوە.

**عەرعەر: پاش ئەوەی کە دادگا حوکمی خۆی دا بەسەر تاوانباراندا، ئایا ئەوان لێبوردنی دەوڵەت دەیانگرێتەوە؟ ئایا پێشبینی دەکەیت کەسێك لەو تاوانبارانە بە بێ تاوان دەربچێت؟**

گۆران ئەدهام: کەسیان لێبوردن نایانگرێتەوە وە بۆ هیچ دەسەڵاتێك نیە بڕیاری لێبوردن بۆ ئەم تاوانبارانە دەربکات،کەلە مادەی (٢٧) ی یاسای ژمارە ( ١٠)ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە تەنانەت بۆ سەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجوکەنی وەزیران نییە گۆڕانکاری لە حوکمەکەدا بکەن. بڕواش ناکەم کەسیان لە دادگاکەدا بێتاوان دەربچێت، بەڵام پێشبینی دەکەم سزای تاهیر ئەلحانی و فەرحان ئەلجبووری لەوانی تر کەمتر بێت.

بەناوی ستافی ساڵنامەی عەرعەرەوە دەست خۆشی لە بەڕێز کاك گۆران و ئەو پێنج هاوڕێ پارێزەرەی تر دەکەین کە بە خۆ بەخش لە دادگایکردنی تاوانبارانی ئەنفالدا داکۆکی لە شکاتکەرەکان دەکەن

# لافنەء*

**عەدنان ساڵەیی**

چەمك و موفرەدەی ئەنفالیش وەكو چەمك و موفرەدەكانی تر ناوی هاتە ناوانەوەو كەوتە بەرباس و ئاخافتن بەمەش ئاراستەی دووجەمسەری وەرگرتووە بە دیوێكا مەفهومێكی پیرۆزو قورئانی زیاتر وەكو تێكستێكی ئەحكامی مامەڵە دەكرێت كەدەقی ئایەتی لەسەر بێ و شایەنی ڕاڤەو شرۆڤە بێ "ایات محكمات هن ام الكتاب" لەم بارەشداخزمەت بەم گرۆهەو حەقی ڕەها بەم بەرەیە دەدات لەلایەكی تریشەوە موفرەدەیەكی قێزەون و بێزراو مایەیی ناڕحەتی و كۆسپ كەوتنی میللەتێك، نشاو جێكارێكی پاشاگەردانی و كەوتنەوەی چەندەها خراپەو مەحاریم ئەم چەمك و باسە ئەوەندەی قسەی لەسەركراوە نەك بەرامبەر تاقەت گوێبیستنی نیە بەڵكە بنووسەكانیش تاقەت نووسینیان نەماوە بۆیە من نامەوێ لەسەر ئەو ڕەوتە دووبارەو چەند بارەیە بڕۆم بەڵام هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا بەتایبەتی و چەند ڕۆژێكی پاش و پێشی یادی ئەنفال دەكرێتەوە ئەمر لەو پرسیارەوە دەسا پێ بكەین ئایا مەبەست چیە لەم یادكردنەوەیە؟ بۆ ئەیانەوێ یادی بكەنەوە؟ لەپای چی ئەو هەموو مەسروفات و ڕاگەیاندن و خۆماندوو كردنە؟ زۆر پرسیاری تریش كەهەموو لایەكمان دەیزانین بۆ خۆیانی بەجێ دەهێڵین ئەگەر مەبەستیانە بیڵێن تابزانین بیرمان نەچوون ئەوا هەتا نەسل و نەوەی ئەو ژمارە بێ شومارە نابێ ئەو هەموو دۆكۆمێنتانە بمێنێ و وجودی هەبێ لەبیرناكرێ. ئەو ڕووداوە مێژوویانەی جیهان هەندێكیان چەند كەسێكی دیاریكراو كوژاوو تیا چوون بەڵام ئێستا بوونە بەیادو ڕۆژی جیهانی بەناوی ئەو كۆمەڵەیەوە (٨)ی مارسی (١٨٨٦) لە شیكاكۆ كۆمەڵێ ئافرەت مانیانگردو داوای مافەڕەواكانی خۆیان دەكرد هەموویان لەو شوێنە سوتێنران بەڵام ئێستا بووە بەڕۆژی جیهانی ئافرەتان لێرەوە بەپێویستم زانی سەرنجتان بەلای كورتەیەك لەقسەكانی خەلیفە شەریف ڕاكێشم ئەم چاوپێكەوتنە لەلایەن بەڕێز مامۆستا (محەمەد خەیاتەوە)كراوە نوسخەیەكی بەدەستم گەیشتووە كە خۆی كەسێك بووە لە ئەنفالەكان و دوایی ئازادكراوە. ناوم (شەریف عەزیز ئەمینە) خەڵكی سەنگاوم عەرزی جەنابت دەكەم خەڵكی عەینكەم باوكم ڕەش و بۆریە دایكیشم كەلهوڕە ئێمە كە گیراین لە مام شاسوار هاتین بەماڵەوە گەینە چەمچەماڵ ئەولاولایان لێگرتین تا كردیانیان بە قایمقامەیەتدا ئەو شەوە لە چەمچەماڵ ماینەوە بەیانی سەیارەهات قنگی تێكرد بردیانین بۆ تۆپ زاوا لە تۆپ زاوا خڕی كرد لەوێ جیایان كردینەوە (٧٤٨٠) حەوت هەزارو چوارسەدو هەشتا كەس ڕەوانەی نوگرەسەلمان كراین (٣٢٠٠)سێ هەزارو دووسەد ژنمان تیابوو پیرێژن (٢٣٠٠٠)كوڕی نۆخەتی سنگ پانی مەچەك قەوێ سمێڵ قەوی كوردیان لێ جیاكردینەوە پاكی قایمە قایمە كریاو من تۆزێ وریا بووم ئەو زابتە رائیدێك و ئەی ووت (جبن مال فلان، فلان مستشار) لەوێ بۆی دەبرد ئمومی دەخوێندەوە (های كل مخربین الزمن من حركات الشمال كل مصامد ویا حكومة) هەمووی گریا بوو بە قائیمە ئەم هەموو كوڕە پاكی نووسراو بوو كرابوو بە قائیمەی موستەشار تەسلیمی كردبوو ئەی ووت ئەمە گشتی پێشمەرگەیەو لەشەڕا گیراون ئەمە گشتی موسادەمەی كردووە لەگەڵ حكومەتا ئەوانیان چوار ڕۆژ بەرلەئێمە ڕوانە كرد (٣٠٠٠)سێ هەزار كچە قازەب و ژنی جوان و جەهێڵیش تێ ئەكەی بەقوربان ئەمە ڕوانەیان كردن بەرلەئێمە ڕۆیین ئێمە (٧٤٨٠)حەوت هەزارو چوارسەدو هەشتا كەس ڕەوانەی نوگرەسەلمان كراین (٣٢٠٠)سێ هەزارو دووسەد ژنمان تیابوو پیرەژن و پیرەپیاو وەڵاهی سێ مانگ (١١١٠)هەزارو سەدو دە كەسمان لێ مرد هەرچواری خەڵك دێیەك بوو هەزار عەشرەت بوو كوردستان چەند عەشرەتی تیایە ئەوەندەی تیابوو لەهەموو دێیەك لەهەموو عەشرەتێك لەهەموو زمانێكی تیا بوو ئەی چۆن ئەوە یەك دەفعە ماڵی لە كوردستان برای خۆم مرد لەوێ بە بەرچاو خۆمەوە سەگ سكی دڕی نۆمەتیمان پێ بوو من و شێخ ڕەشی شێخ كەریمی شێخ عەول قادرو حاجی شێخ قادری مەلا حسێن حاجی شێخ فەتاحی مەلا حسێن و حاجی شێخ محەمەدی بنەكەی خەپە كوێر لای كفری ئەمانە گشتمان لەقاوشێكا بووین لەكەركوكەوە بردمانیانە سەماوە لە سەماوەوە بردیانین بۆ نوگرە سەلمان نوگرەكە سجنەكەیە لە زەمانەی نوری سەعییەوە دروستكراوە سەلمان خۆی ناحیەكەیە وا لەبەردەمیا هەموو ڕۆژێ دوو مەیت چوار مەیت دەمەیت بیست مەیت براكەی خۆم عەول كەریمی ناو بوو لەگەڵ نۆ مەیتا بردمانە دەرەوە چواریان خۆڵمان پیاكرد سەگەلەكە لەولاوەهات شورتەكان تەقەیان ئەكرد بەسەریاندا سەگەكان تۆزێ ئەسڵەمینەوە دوایی ئەهاتنەوە كوڕەكەی برام خۆڵم زۆر پیاكردبوو قەپێكی كرد بە پەلیا كە ڕای دەكان ناوسكەكەی هاتەدەر پەراسۆكانی لەدەمی كەوتە خوارەوە منیش وەزعم تێكچوو، چووم بۆلای سەگەكە دووری خەمەوە رئیس عورەفاكان یەكێكیان زۆر مەلعون بوو ووتی حاجی ارجع ارجع روح زبن لفات هوایە بعید اكوچلب یوكل وتم رئیسی الله ما یقبل محمد ما یقبل احناهم مسلم انتم مسلم خدمو یهودی احنا مواسرائیل احنا شعب العراقی ویاكم خلی موزین بعدین ان ئیشاالله یسیر زنب وتی های گەواد انتم اكراد انت ترید زوجنی اتنم اكراد ماكو فەرق ویا چلب یا الله زبونا علی ابو ابو دینكم نا علی ابو مزهبكم ناعلی ابو شیخكم لو عندكم دین ماسرت انفال. وتی گەواد ئێوە كوردن لەگەڵ سەگا فەرقتان چیە نەعلەت لە دینتان نەعلەت لەمەزهەبتان نەعلەت لەشێختان ئەگەر دینتان هەبووایە ئەنفال نەئەبوون. خواردنێكی وایان ئەدا پێت پێی بژی ئەمڕۆژ بۆ ئەو ڕۆژ سێ سەمونی ئەدا پێت هیوا هەبوو چوار منالی لەگەڵدابوو ئافرەت وابوو سێ منالی هەبوو. جا ڕۆڵە بەقوربانت بم رئیس عورەفایەكی تر هەبوو زۆر موسوڵمان بوو ئەگریا ڕۆژێك ئافرەتێكی دی دووپەلكی ئالابۆ یەكەوە تەوعەیەكی پێوەبوو چەرمی سەری پێوەبوو مەمكەكانی توتكە سەگ ڕایی ئەكێشا ئەویش چاوی پێكەوت پشتی هەڵگرد زۆرگریا شكاتی كرد لە ئاسمان ووتی ( الله انت وین انت نائم ماعندك عین لیش مایشوف الگاع انت تقبل های یاربی) ووتی خوایە تۆ چاوی قودرەتت هەیە تۆ تەماشای ئەرز ئەكەیت خۆئەمە چۆنی قبوڵ دەكەیت خوایە قبوڵی نەكەی ئەمە، ئەم حكومی قەرەقوشییە قبوڵ نەكەی ئومەتی پێغەمبەر ئەمە چۆن وای بەسەر بێ ئەسحابەی پێغەمبەر شەهید كراوە دەرەجەی گەورەیە ئێستا ئێمە ئومەتی پێغەمبەرین لەشوێنی ئەسحابەكانتین بەس شوغڵەكەمان نەو من و حاجی سەید ئەحمەد مەحمود پەریزاد نانمان بەیەكەوە بوو تۆزی نەخۆش كەوت بەیانیەكی وتی خەلیفە شەریف ووتم بەڵێ ووتی خەوم دیوە لێرە ئەمرم قەرزارم بی ڕۆژو بازارو قیامەت خۆڵم زۆر پیا بكە با سەگەكان نەمخۆن. ئەم قسانە بینیمان و بیستمان چەند سەرنجێكیان لەلا گەڵاڵە دەكات وەهەندێ بەر ئەنجام لێدەكەوێتەوە حكومەتێكی شۆڤێنی هاتووە بەناوی ئایەتێكی قورئانیەوە میللەتێك حەڵاڵ دەكات (یسألونك عن الانفال قل ان لانفال الله ورسوله) بەرامبەر خەڵكانێك دەكرێت كەخوێن و ماڵیان سەبارەت بەموسڵمانان پێی دەوترێت غەنیمە بەپێی چەمكە ئیسلامێكەو موسوڵمانان ئەمە خەڵكانێكی كافرو مولحید بەرامبەر موسوڵمانان بۆستنەوە پاش ئەوەی ئیقامە حوجە كراون و ئاگاداركراونەتەوە ئەوانیش لەسەر بیرو باوەڕی خۆیان سور بوونە بەڵام دیارو ئاشكرایە كە میللەتی كورد چیەو چی نیە پێویست بەراڤەو ڕوونكردنەوە ناكات بەڵام ئەو بەرئەنجام و سەرنجەی ئاماژەمان پێدا لەسەر قسەكانی مام خەلیفە شەریف ئەم پیاوە ئێستا لەژیاندا ماوەو لەئۆردوگای شۆڕش سەر بەقەزای چەمچەماڵ ژیان بەسەر دەبات. با بزانین (١٤/٤) چیە هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا یادی ئەنفال یانی چی پاش ئەوەی ئەو حكومەتە شۆڤینیە ویستوویەتی شوێنەواری میللەتێك نەهێڵێ و بیسڕێتەوە هەموو ڕێگایەكی گردۆتەبەر بۆیە هەرچیەكی بەرامبەرمان كردبێ زۆر بەحەق و ڕوای زانیوە هەموومان ئەزانین ئەنفال چیە؟ كێ كردی؟ بۆچی كردی؟ مەبەستی چی بوو؟ ... بەڵام ئێستا سەرۆكی ووڵات كوردەو كوردێكی شۆڕشگێڕو خاوەن خەباتە، سەردەمانێك سەدام حسێن ئەی ووت ناهێڵم جەلال تاڵەبانی سەركردەی موخەریبەكان لەئاوی دیجلەو فورات بخواتەوە، كەچی سەرۆكی ئێستا بەوپەڕی تەوازوعەوە لەزیندانە ڕێگەی ئەدا ئاوی دیجلەو فوراتی پێ بدەن و تینوی بشكێنێ نەك هەرئەوەندە بەڵكو واژۆی ئیعدام كردنیشی نەكرد هەروەها سەرۆكی كوردستان كوردەو خاوەن خەبات و قوربانیە، سەرۆكی حكومەتی هەرێم كوردە كوڕی خاوەن خەباتێكە سەرۆكی پەرلەمان كوردەو سەری لەخەباتا سپی كرد. كێشەو كارەسات لێرەوە دەست پێ دەكات ئەو ئەنفالانەی كەمام خەلیفە شەریف بۆی باسكردین چۆن بران و ژیانیان چۆن بووەو لەچ وەزعێكا بوونە ئێستاش كەسوكاری ئەنفالەكان ژیانیان هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ زیندانی نوگرە سەلمان تاكو ئێستا ئەوەی پێی دەوترێت خزمەت بۆیان نەكراوە ئەوەندە باسی كارەبا و قیرتاو زێراب و پارك و باخچەی ساوایان و هۆڵی ڕۆشنبیری و كتێبخانە كراوە پیاو ڕووی نایە باسی بكات منیش هەروەها تەنها ئەوەندە دەڵێم بەسە چیتر بازرگانی بەڕۆح و گیانی كەسوكاری ئەنفالەكانەوە نەكەن ئەگەر لەبواری پراكتیكدا هیچیان بۆ ناكەن تكایە ئەوەندە برینیان مەكولێننەوە وەیادیان مەكەنەوە با ئاهونزولەیان نەتان گرێ بۆیە ناڵێم خزمەت بكەن بەڵكو دەڵێم بەسە...!؟

*لافنەء ئاوەژووی ئەنفالە بەئاسۆیی چۆن جیاوازی ئەو دوو ووشەیە ئاسمان و ڕێسمانە یادی ئەنفال و خومەتی كەس و كاری ئەنفالیش ئاوها.

# ئەنفالی هەمیشەیی نیشتیمان

لەمێژە ئەم نیشتیمانە غەمناكە گۆڕەپانی جەنگ و تولەڕێی تێپەڕینی شالاوە شومەكانی ناو مێژووە، دەمێكە بێ ئەوەی پرسمان پێ بكرێ شارو گوندەكانمان دەكرێنە جێگەی یەك لاكردنەوەی ئەو ململانیانەی بەئەستەمیش ناچنەوە سەر بەرژەوەندیەكانمان، ئەو ململانیانەی كە كورد هیچ كارەكتەرێكی سەرەكی تیایاندا نەبووە، گەر بوونیشی هەبووبێ ئەوا وەك سەرباز بووە یا خود ئەكتەرێكی لاوەكی بووە لەو فیلمەی كە دەرهێنەرەكەی كورد بووە وە نەجێبەجێكارەكەشی ئەمە كاتێك كوردو كوردستان وەكو نیشتمانێكی داگیركراو، گەلێكی بێدەنگ بەدیهێنەری ئامانجی دەسەڵاتە سەردەستەكان بووە، هەركاتێكیش لەئاست سیاسەت و بەرژەوەندی ئیمپراتۆریەتەكاندا نایەكمان وتبێت، بەتوندترین شێوە لەبەرزترین ئاستی سەربازیدا، لە پتەوترین ئاستی بڕوادا، لەناكات ترین كاتی ژیان و، لەدوورترین گۆشەی نیشتیماندا زەبری بێ بەزەییانەی پڕ لە تورەییان لێ وەشاندوین، نەك بەتەنها سەربازەكانیان لەناو بردووین بەڵكو خانووە قوڕینەكانیان ڕوخاندوین، تا بۆیان كرابێ سەروەت و سامانیان تاڵان كردوین، مرۆڤەكانیان بە پیاو ژن و منداڵ و گەنج و پیرەوە لێ فڕاندوین، ئەوەشی ترسی هەبووبێ بەخێرایی جوڵەیان لە لەشی بڕیوە ئەوەشی ماوەتەوە لەمنال و كچ و ژن بۆ خزمەت و سوكایەتی پێ كردنیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ نیشتیمانە پڕ لەغەدرەكەی خۆیان بردۆتەوە ئەنفال ئەو پرۆسە شەڕاوی و تاڵان كەرەیە كەبەتەنها ئەقڵی بەعسیەكان بەرهەمی نەهێناوە بەڵكو پرۆسیسێكە لەمێژوویەكی ڕابردوو تروو قوڵتری مێژوودا دیاریدەیەك نیە بەتەنها لەنێو كلتوری سیاسی بەعسیەكانی عێراقدا قەتیز بكرێ بەڵكە لە كلتوری عەرەبی و ئیسلامی دا، لەمێژە جێگەی گرتووە. ئەوە سەدام نەبوو بۆیەكەم جار پیادەی كردبێت بەڵكە باپیرانی بوون داهێنەرو پڕاكتیزەكەری ڕاستەقینەی ئەوە سەدام نەبوو بۆ یەكەمجار لەپێناو ئایدۆلۆژیایەكی شۆڤێنی عەرەبی و بەرژەوەندی گروپێكدا كاری پێ كردبێت بێگومان باوانەكانی بوون لەپێناو سەروەری ئاین و بیرو باوەڕوچەسپاندنی دەسەڵات و ئەوەی پێیان دەوت ڕزگاركردن كاریان پێكردو، هێرشیان كردە سەر نیشتیمانی ترو نەتەوەی تر كە لەزماندا جوداو لەكلتوردا نامۆ بەیەكترو لەئایندا جیاواز بوون وە لەزۆر ڕەهەندی تری ژیاندا ئاسمان و ڕێسمان بوون بەڵام پێیان ڕوابوو لەپێناو سەر نەوی نەكردن و بەرگری گەل و دانیشتوانی ناوچەیەكدا بۆ بیرو باوەڕو سوپاكەیان بوونبەسەریاندا ئەنفالیان بكەن، واتە سەروەت و سامانیان بەتاڵان ببەن و پیاوەكانیان بكوژن و ژن و منالەكانیان بكەنە كەنیزەك و كاڵای بازاڕەكانیان ئەمەیە شارستانیەت ئەتوانین بێژین ئەنفال ناشارستانیترین ووشەو ناشارستانیترین پرۆسەی مێژووە كەدەستی بینا قاقای ئەو میللەتانە ناوە كەلەپێناو هێشتنەوەی بنەچەو جیاوازیەكانی خۆیاندا بەرگرییان كردوە نەیان ویستووە ڕادەستی هێرش بەرەكان ببن، ئەم دیاریدەیە لەداهێنانە سەر سوڕهێنەرەكانی شارستانێیەتی نیمچەدورگەیەكە، كە بڕوایان بەئازادی و سەربەستی گەلانی تر نەبووە لەبیرو باوەڕدا لە سیاستدا لەئابوریدا لە تێكڕایی لایەنەكانی ژیاندا. لەدوای بەسەرداچوونی زەمەنێك بەسەر لەگۆڕنانی سەدان و هەزاران منال و گەنج و پیر لەبیابانە مەرگ نیشەكاندا لەپاش داڕزان و وردوخاشبوونی ئێسكە پەیكەری هەزاران مرۆڤ، سەرەڕای ئەوەی زەمەنێكیش بەسەر هاتنەدی بەئازادی لەكوردستان و پێكهێنانی ئیدارەی دەسەڵاتی كوردی تێپەڕیوە ئەوا خەریكە ساڵانێكیش بەسەر لەگۆڕنانی تەواوەتی ڕژێی بەعسی ئەنفال دۆسدا تێدەپەڕێ هێشتا پاشماوەكانی ئەنفال كراوەكان لەخانووی قوڕو لە لێفەی شڕو لەبەر ئاگردانی بێ ئاگردا دەژین. هێشتا لەپەڕاوێزی دەسەڵاتدا دەژین وەكو جاران دەژییان، ئەوەی بۆیانكراوە ئێجگار كەمەو لەئاست گەورەیی كارەساتەكەو سایكۆلۆژییەتی ڕوخاوی خوشك و براو دایك و باوك و كچ و كوڕو كەسوكاری بێ سەرو شوێنكراوەكاندا نیە تۆ بڵێی پاشماوەكانیان لەگەڵ شاروگوندەكانیاندا لەلایەن دەسەڵاتی كوردی یەوە نەكرابێتە مۆزەخانەیەكی مێژوویی زیندوو بۆ ئەوەی مرۆڤ لەهەر كاتێكدا ویستی لەگەڵ كەرەسە مێژوویەكانی ئەو مۆزەخانە مێژویەدا بكەوێتە گفتوگۆ بەمەبەستی گێڕانەوەی ڕابردووی ئەو مۆزەخانەیە ئەشێ وابێ؟ بۆیە دەڵێم ئەمەیە شارستانیەتمان؟

**ئومێد حەمە عەلی**

# ڕوودان

**قادر ساڵەیی**

**چەمچەماڵ**

ساڵی هەشتاو هەشت بوو، لەبەر ئەوەی سەربازی هەڵاتوو بووم زۆربەی كات لە ماڵەوە بووم، یان خەریكی خۆ شاردنەوە بووم، لە ترسی چاوی دێوەكانی ڕژێم نەبادا دەستگیرم بكەن.

دراوسێیەكمان هەبوو منالێكی قشت و زیرەكیان هەبوو بە ناوی (ڕوودان) پۆلی پێنجی سەرەتایی بوو و زۆركەرەت دەهات بۆ لام بۆ پیاچونەوە بەوانەكانیدا.

ڕوودان بە كاك یان مامۆستا بانگی دەكردم.

ڕۆژێكیان لە دەرگای حەوشەمان درا، ماڵەوە چوون هاتنەوە، ووتیان ڕوودان بانگت دەكات.

چووم بەدەم ڕوودانەوە.

–ها ڕوودان چۆنی فەرموو وەرە ژوورەوە.

– سوپاست دەكەم مامۆستا تۆ فەرموو بابچین بۆ ماڵ ئێمە.

بە زۆر بردمی نیوەڕۆ لە ماڵی ڕوودان نیوەڕۆژەمان كرد، پاشان لەگەڵ خانەوادەكەی كەوتینە قسە، باس هاتە سەر باسی ئەنفال و ئەو ڕووبەڕووبونەوەی نێوان خەڵكی چەمچەماڵ و پیاوانی ڕژێم كە پێش یەك دوو ڕۆژ ڕوویدا بوو، كاتێك ڕژێم كاروانێك ئەنفال كراوی بە نێو چەمچەماڵدا ڕەت دەكرد بەرەو كەركوك.

ڕودان پرسی.

–مامۆستا ئەنفال چییە؟

–ئەنفال قەتڵ و عامی ئەو خەڵكە دەستو پێ سپییە و وێرانكردنی خاكەكەیانە.

–بۆچی؟

–هەر لەبەرئەوەی كوردن و بە كوەردی قسە دەكەن و بەرگی كوردی لەبەردەكەن

–ئا.. ئا.. مامۆستا بۆیە ئەمڕۆ لە قوتابخانە مامۆستای وانەی عەرەبی كە بە ڕەگەز عەرەبە هەڵیساندم پرسی لێم (اسم وتنك) منیش ووتم كوردستان.

تووڕە بوو لێم قیژاندی وتی جارێكی تر نەڵێی كوردستان بڵێ عێراق.

بۆ سبەینێ كە هاوپۆلەكانی ڕوودان گەڕانەوە لە قوتابخانە، یەكسەر خۆیان گەیاندە ماڵی ڕوودان پێیان ڕاگەیاندن ئەمڕۆ پیاوانی مەنزمەی ڕژێم هاتوون ڕودانیان لە قوتابخانە ڕفاندوە تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە.

ڕۆژان هاتن و ڕۆیشتن تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ.

پێش شەوێك ڕودان هاتە خەوم، گرتم بە خۆممەوە و تێر ماچم كرد، كەوتمە هەواڵ پرسین، گەلێك لە جاران ڕوخساری دڵگیر تر بوو.

ڕوودان قسەكانی پێ بڕیم.

–مامۆستا ئێستا ئەزانم ئەنفال یانیچی، بەس لەبەر ئەوەی لە وەڵامی مامۆستای وانەی عەرەبی ووتم خەڵكی كوردستانم كوشتمیان و ئەنفالمیان كرد، بەس توخوا مامۆستا ئێستاش ئەوەی بڵێ ووڵاتەكەم كوردستان هەر ئەنفالی دەكەن.

–بە ڕوویەكی زەردەوە نەخێر ڕودان گیان.. بەس باوەڕ بكە هێشتا لە زۆر شوێن ناوێرین بە ئاشكرا بڵێین كوردستانین.

كاتێك بە ئاگا هاتمەوە.. یادگاریەكانی ڕوودانم بیركەوتەوە.

گەلێك لە خەوەكە خۆم بەڕو زەرد دەزانی بەرامبەر بە ڕوودان و هاودەردەكانی..

# زەمەنەکانی مەرگی دبس

## بەشێکی بڵاونەکراوەی بەرگی سێی کتێبی ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال

**عەبدوڵا کەریم**

ئازاد تەیب لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٩ی گوندی وەستا خدرە لە بارەی کارەساتی ئەنفالەوە بەهێمنی بۆمان دواو وتی: پێش ئەنفالەکان گوندەکەمان ٥٠ ماڵ بوو، خەڵکەکەی سەرقاڵی کشتوکاڵو ئاودێریو مەڕو ماڵات بەخێوکردن بوون. لە ساڵی ١٩٨٨ی ئەنفالەکان من تەمەنم ٨ ساڵ بوو، پێش ئەوەی گوندەکەمان ئەنفال بکرێت، بەتۆپی قورس تۆپبارانی گوندەکەمان لەلایەن بەشی تۆپخانەی عێراقەوە کرا، هەر ئەو کاتە خەڵکی گوندی تاڵەبانو قرغ روویان کردە گوندەکەی ئێمەو وتیان: سوپایەکی بێ شوماری عێراقو گەلابەو جاش بە هەموو چەکێکی قورسەوە هێرشیان کردووەو گوند بەگوندو قۆناغ بە قۆناغ دێتە پێشەوە، دەگەنە هەرشوێنێك، ژنو پیاو منداڵو پیرەکان کۆ دەکەنەوەو سواری ئیڤای عەسکەرییان دەکەنو دەیانبەن بۆ چەمچەماڵ، هەموو مەڕو ماڵاتو رەشە وڵاخو پەلەوەرەکانو کەلو پەلی ماڵەکانو بەرهەمە کشتوکاڵییەکان تاڵان دەکەنو گوندەکان بەشۆفڵو T.N.T دەتەقێننەوە، دوای چەند سەعاتێك ئەو هێزە بێ شومارە گەیشتنە نزیك گوندەکەی ئێمە، چوار دەوری ئاوایی وەستا خدریان گرت، هەموو ژنو پیاو منداڵو پیرەکانی گوندەکەیان دەسگیر کردو هەموویانیان لە (کەلاوە) کەشوێنێکی بەرز بوو کۆکردەوە، ئەفسەرێك بە عەرەبی وتی ئێستا ئێمە روو دەکەینە ناو ئاواییەکە، گەر پێشمەگەی تیابێو یەك قیشەکمان روو بەروو بتەقێنن، ئەوا لەم شوێنەدا هەمووتان ڕەمی دەکەینو ئەم شوێنە دەکەین بە گۆڕی هەر هەمووتان.

ئێمە وتمان: دڵنیابن کەس لەناو گوندەکەدا نەماوە، هەر ئەوکاتە، ئەو ئەفسەرو سەربازو گەلەجاشانە هەر هەموویان پەنجەیان لەسەر پەلەپێتکەی چەکەکەنیان بوو، ئەوەندە بەترسو گومانەوە روویان دەکردە ناو کۆڵانو ماڵەکان، دواتر بە شۆفڵ ماڵ بە ماڵیان دەڕوخاند، ئەوەی بووە مایەی دڵتەنگی ئێمە مەزرارگەی ئیمام عوسمانیان بە T.N.T تەقاندەوە، تەپوو تۆزی ئەو کاولکردنەی گوندەکە وەك هەناسەی بێ دەسەڵاتی ئێمە بەرەو ناخی ئاسمان بەرز دەبوەوە، چوار دەوری ئێمە کە بریتی بووین لە ژنو پیاو منداڵو پیری بێ چەك، بەچەندان چەکدار گیرابوو، هەموویان رووی چەکەکانیان ئاراستەمان کردبوو، ئێمە خۆمان بەچاوی خۆمان بینیمان چۆن (١٥٠) سەر رەشەوڵاخو (٥) هەزار مەڕ و بزنیان تاڵان کرد.

دواتر ئێمەیان پێش خۆیان داو هەموومانیان بردینە (شاخی کەلاوە) لەوێوە بۆ گوندی قەرەتامور، هەموومانیان لە دەشتایەکی گەورەدا دانا، دەوریان بەچکدار گرتین، بوار نەبوو کەس خۆی دەربازبکات، شەوێك لەوێ ماینەوە، بۆ بەیانیەکەی هەموومانیان راپێچی ناو ئەو کۆستەرو ئیڤایانەکردو گەیاندیانینە بەردەم قائمقامیەتی چەمچەماڵ لەوێ ئێمەو خەڵکی چەند گوندێکی تری گەرمیانیان کۆ کردەوەو بردینیانە لیوای چەمچەماڵ لەو کاتەدا هەر هەمومانیان سواری پاسی کۆستەرو منشەئەی گەورە کرد، نەماندەزانی بۆ کوێمان دەبەن.

ڕێژاوی خوشکم ئەوکاتە تەمەنی ١٤ ساڵ بوو لەگەڵ دایکمو باوکمو خوشكو براکانی ترم دابوو، پریاسکەیەکی بچوك جلو بەرگی خۆی پێ بوو، ویستی بوخچەبچکۆلەکەی هەڵبگرێت، یەکێك لە ئەفسەرە گەورەکان کە داڵێكو چەند ئەستێرەیەك لەسەر شانی بوو بەتوندی شەقازللەیەکی لێدا، خوێنی لووتی بەربوو، بورایەوە لەو کاتەدا دایکم وتی با لە پاسەکە دایبەزانین کە لووتی بشۆین، ئەفسەرەکە لە زمانمان تێنەدەگەیشت، هەڵچوو بە هێستر یایەکەوە بە عەرەبی هەر جنێوی پێ دەدایـن، بواری نەدایـن خوێنکەی بۆ بشۆین، لە چەمچەماڵەوە تا گەیشتینە کەرکوك هەر خوێنی لێ دەڕۆیشت بە هیچ شتێك نەدەگریسایەوە هەموو جلەکانی ڕێژاو و دایکم لە خوێندا سوور بوو تەنانەت ناو پاسەکەش پڕببوو لە خوێن، لەکەرکوك خوێنەکەی گیرسایەوە.

پاسەکە بەردەوام بوو لە رۆیشتن، کاتێکمان زانی گەیشتینە تۆپزاوە، باران دەباری ئەو هەموو ژنو پیاوو منداڵو پیرانەیان لە کۆستەرو منشەئە و ئیڤادا بە کێبڵ بەپاڵو بە شەق دابەزاند هەموومانیان لەبەر ئەو بارانە کۆکردەوە لەوێ ژنو پیاوو منداڵو کچو کوڕو پیرەکانیان لە یەکتر جیا کردەوەو ماوەیەکی زۆر لەبەر ئەو بارنە هێشتیانینەوە، بۆ ئەوەی سەرمامان ببێو نەخۆش بکەوین، ئەم ئەشکەنجە جەستەیی و دەرونییەی ئەوان گەورەترین سەرکەوتن بوو، دواتر کە جلو بەرگو جەستەی هەموومان بە تەواوی ئاوی پێدا دەهاتە خوارەوەو جیاکراینەوە دابەشکراین بە هۆڵەکاندا، لەوێ بێ خۆراكو ئاو بێ راخەرو بێ پێخەف، بە جلو بەرگو جەستەی تەڕەوە لەو هۆڵانەدا بەدەم لەرزەوە هەڵدەلەرزین، (٥) شەو لەوێ ماینەوە، یەکەم شەو لەسەر نەخشەو بەرنامەیەکی دیاریکراو هەرچی منداڵ بوو لە هەموو هۆڵەکان لە باوەشی دایکیان جیا کردەوە، ئەوکاتە من لەترسدا خۆم لە بەتانییەکی شڕدا ئاڵاندو لە پاڵ دایکم دا خۆم لول کرد، بۆ ئەوەی لە دایکم دامنەبڕن. کە چەکدارەکان هاتن منو شیرزادی برام کە ئەوکاتە ١٢ ساڵ بوو لەگەڵ منداڵەکانی تریان بە زۆر لە باوەشی دایکمیان بە کێبڵو مستەکۆڵەو شەق کردەوە، هەر هەموومانی بردە هۆڵێکی تر کە شیشەکانی هەمووی لەحیم کرابوو، ئەو هۆڵەی ئێمە زیاتر لە ١٥٠ منداڵ دەبووین، هەموومان لەوهۆدە تاریکەدا پڕ بەگەرومان دەگریاین هۆڵەکە هیچی تیا نەبوو، دەنگی قیژە قیژی دایکی هەموومان لەگەڵ دەنگی گریانی منداڵانەی ئێمە، بە جۆرێك بوو ئەو دەورو بەرەی هەژاند بەڵام جەلادەکان پێکەنیان بەو بێ دەسەڵاتیەی زلیلیەی ئێمە دەهات بۆ ئەوەی داتوو هەر هەموومان گەڕاندەوە بۆ لای دایکی خۆمان.

خانەوادەی ئێمە ١٠ سەر خێزان بوو

حوسەینی برام ئەو کاتە ٢٢ ساڵ بوو، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی کەرکوك بوو، مامۆستای شۆڕش بوو لە گوندی وەستاخدر حەسەنی برام هێزی پشتگیری بوو، ئەو دیمەنانەم قەد لە یاد ناچێت، هەردوو براکەم زۆربەی گەنجەکانی گوندەکەمانو گوندەکانی تری گەرمیانیان جیا کردەوە، جلو بەرگەکانیان لەبەر داکەندن، تەنیا یەك دەرپێی ژێرەویان لەپێ داهێشتنەوە، هەرچی سەعاتو پارەو شتێکیان پێی بوو هەر هەموویان لێ وەرگرتن ئەو بردنەی کە بران نەمان بینینەوە ئەو کاتە باوکم تەمەنی ٥٧ ساڵ بوو لەگەڵ پیاوە پیرەکانی تردا سواری پاسی گەورەکرانو بران بۆر نوگرەسەلمان لەو کاتەدا چەند چەکدارێك هاتنە بەردەم هۆڵەکەمان و وتیان وەرنە دەرەوە منو سەعدییەی دایکم و شێرزادی برام و هەرسێ خوشکەکەم (ڕێژاوو پاکیزەو سویلە) پێکەوە بووین، هەموومان دەمانزانی دەمانگوێزنەوە، بەڵام نەماندەزانی بۆ کوێمان دەبەن، لە شوێنی خۆمان نەجولاین، ئێستخبارتێك هاتە ناو هۆڵەکەوە هەموومانی بەکێبل داگرتەوە، بە زۆر پەلکێشی کردین، سواری لۆرییەکیان کردین لەگەڵ چەندان خانەوادەی تردا گواستنیانەوە بۆ دەبس، ٦ مانگ لەوێ لە دبس ماینەوە، ناو بەناو هەندێ خانەوادەیان لە هۆڵەکەی ئێمە جیا دەکردەوە کە بریتی بوون لە (کچی گەنجو ژنو منداڵ)و کەس نەیدەزانی بۆ کوێ برانو چیان بەسەرهات.

ئەبو مەعروف ئینزباتێکی عەرەب بوو وتی: حەز ناکەم ئێوە باربکرێن، چونکە ئەوەی لێرە باربکرێت، جارێکی تر چاوی بەندیای رۆشن ناکەوێت لە دبس (٣٦) هۆڵی گەورە پڕ بوو لە ژنو منداڵو کچو پیرەژن) هەر هۆڵێك بەناوێکەوە بوو، پیان دەوتن هۆڵی کەرکوك، هۆڵی حەویجە، هۆڵی وەحدەی حوزیران، لە سەربازگەکەی دبسدا زیاتر لە ١٢ هەزار کچو ژنو منداڵو پیرەژن هەبوو.

دوای ٤ مانگو، هەر ٤٠ رۆژ جارێك ١٥ پا سی گەورەی سەوزی داخراو دەگەیشتنە نزیك هۆڵەکان، لە بەیانیاندا دەیانخزانە ناو پاسەکانەوە، لەسەرتادا دڵمان خۆش بوو وامانزانی ئازاد دەکرێین، بەڵام لە دەمو چاوی ئەمنو ئیستخبارات و پاسەوانەکاندا، هەستمان بە جۆرە گرژیو توڕەییەك دەکرد، دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی چەکەکانیان بوو، بە جۆرە رقێکی زۆر توندەوە سەیریان دەکردین، ئەمجا زانیمان ئەم هەڵسوکەوتە پڕ لە توندو تیژییەیانە ئەو نهێنییەیە، کە ئەوانەی لێرەدا بران دەکوژرێنو شوێن بزر دەکرێت.

بە چاوی خۆمان ئەفسەرەکانمان بینی لەگەڵ لێپسراوی بەندینخانەی دبزدا کەوتنە گفتوگۆ. دواتر روویان کردە لای قاعەکانی وەحدەی حوزەیران لە خوارەوە.

لەوێ ناوی ئەو کچو ژنو منداڵانەیان خوێندەوە کە خۆیان ئامادە بکەنو لە هۆڵەکانیان بێنە دەرەوەو ریزبن بۆ ئەوەی سواری پاسەکان ببنو بیانگوێزنەوە بۆ شوێنێکی نادیار، لەو کاتە پیرەژنو ژنو کچەکان ئەو کەلو پەلە شڕانەیان پێچابوەوەو لەگەڵ خۆیاندا ئامادەیان کردبوو کە باری بکەن.

لەو کاتەدا ئیستخباراتەکە تووڕە بوو وتی: ئێوە ئەم کەلو پەلە شڕو بڕانەتان بۆچییە، دەتانەوێ لەگەڵ خۆتاندا باری بکەن، بۆ ئێوە نازانن بۆ شوێنی مردن دەچن.

لەگەڵ ئەم هەواڵە ترسناکەدا، هەموو ئەو ژنو کچو منداڵانە تا هێزیان تێدابوو کردیان بە قیژەقیژو هاوار هاوارو گریانێك ئەو دەورو بەرەی هەژاند، لە هەموو دەمو چاوەکاندا ترسو گومان دەخوێنرایەوە، دایکم لەوکاتەدا هەموو جلو بەرگەکانی لەبەرکدین، بۆ ئەوەی جەللادەکان فڕێی نەدەن، هەر لەو کاتەدا بۆ ئەوەی مۆتەکەی ترسمان بڕەوێنێتەوە، بە قوڕگێکی وشەکەوەو بە ورەیەکی بەرزەوە کەپڕبوو لە هەستی دایکایەتی، دڵخۆشی هەموومانی دایەوەو وتی: مەترسن ئازاد دەکرێن.

لەوکاتەدا کەژنو منداڵەکان یەك بەدوای یەکدا بۆناو پاسەکان سەردەکەوتن، چەند منداڵێك لەبەر کەم خۆراکیو نەخۆشیو برسێتی، ئەوەندەلاواز ببون هێزی ئەوەیان تێدا نەبوو سەربکەون، جەلادەکان دەستیان دەگرتو بە توندی منداڵەکانیان فڕێ دەدایە ناو پاسەکانەوە.

یەکەم جار (١٥) پاسیان پڕکرد لەژنو منداڵو کچ، تا چل رۆژی تر نەهاتنەوە لەو ماوەیەدا وەجبە خەڵکیان برد، ٣/١ی ژنو کژو منداڵەکانی ناو هۆڵەکانی زیندانی دبس بران تەنیا یەك جارەکی مایەوە، من نازانم چۆن گوزارشت لەو روداو کارەساتانەی هۆڵەکانی ناو زیندانی دبس بکەم:

* هێمن رەشید سەعید تەمەنی ٢ ساڵ بوو، خەڵکی گوندی وەستا خدر بوو لەبەر نەخۆشیو لەبرسا مرد.

* زانا رەشید سەعید تەمەنی یەك ساڵ بوو لە برسا مرد.

* گوڵاڵە محمەد کەریم لە دبس لەدایك بوو، دوای سێ رۆژ لە باوەشی دایکیدا گیانی سپارد، دایکی ناوی ئەمنەبوو لەبەر بێ خۆراکی هەردوو مەکەکانی وشکی کرد، لەبرسا مرد، چەند منداڵێکی تر هەر لە دبس لە دایك بوونو لەبرسا مردن.

* منداڵێکی تر ناوی سێوەخان بوو، وریا تەمەنی یەك ساڵ بوو، عومەر نامیق ئەمین خەڵکی وەستا خدر، هەر هەموویان لەبرسا مردن.

* بەیان کچێکی گەنجی تەمەن ٢٠ ساڵ بوو، خەڵکی ناوچەی قەرە حەسەن بوو، هەر خۆی بە تەنیا بوو، کەس نەیدەزانی دایكو باوکی بۆ کوێ بێ سەرو شوێن کرابوون، لەبەر بێ کەسیو لە خەفەتا هۆشی لە دەست دابوو، بەزنجیر بەستبوویانەوە، شەو رۆژ دەگریاو دەستی دەوەشاند.

* جوامێر تەمەنی ٣ ساڵ بوو، خەڵکی گوندی وەستا خدر بوو لەبڕسا مرد، ئەوانەی دەمردن هەر لە دبس دەیانشۆردو شارەوانی دەبس بە هاوکاری موختاری دبس تەسلیمی خاکیان دەکردن.

لە ٦/٩/١٩٨٨دا رژێمی عێراق لێبوردنێکی گشتی دەرکرد، دوای شەش مانگ پڕ لە ئەشکەنجەو برسێتیو نەخۆشیو گومان لە نێو دیوارەکانی مەرگەوە گەڕاینەوە، هەموومانیان برد بۆ عەربەتو دواترا بازیان، پاشان ئێمە رووما ن کردە کەرکوك، لەو زەمەنە ئاڵۆزو دژوارانەدا نەمان دەزانی روو بکەینە کوێ هەموو شتێکمان لە دەست دابوو، کاك ستار محەممەد گلی ئێمەی برد بۆ ماڵی خۆیان لە کەرکوك لەوێ زۆر رێزی گرتینو خزمەتی کردین، کە هەواڵی خزمو کەسو کارو خەڵکی گوندی وەستا خدرو گەرمیانمان پرسی ئەمجا زانیمان کە زۆر بەیان بێ سەرو شوێن کراون دواتر رووما ن کردە گەڕەکی قادر کە رەمیەکانی ئۆردوگای شۆڕشو لە ماڵی خزمێکمان ماینەوە، دوای ٨ مانگ باوکمان لە نوگرەسەلمان ئازاد کرا، پارچە زەوییەکیان لە قادر کەرەمیەکان دابوینێ، خۆشمان بەقەرز خانوومان لەسەر دروست کرد، بەحوتیاریو کرێکاری ژیانێکی پڕ لەزەحمەتمان بردە سەر.



# با ئاوڕێك لە باری دەرونی و گوزەرانی بە جێماوەکانی ئەنفال بدرێتەوە

ئا: عەرعەر



کارەساتی ئەنفال جگە لەوەی کیشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری سیاسی لێکەوتەوە، کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر دەرونی پاشماوەی ئەو کارەساتە بەجێهێشت و ژمارەیەکی زۆریش لە ژن و مندال و گەنجی دوای ئەو مەرگەساتە دوچاری نەخۆشی دەرونی بون. ئەو پاشماوانە کەوتنێکی وەها کەوتن تاکو ئەمرۆ و چەندساڵێکی تریش هەستانەوەیان زۆر سەختە، چونکە ئەوان یارمەتییەکی ئەوتۆ نادرێن، کەبتوانن قەرەبووی ڕابردویان پێبکەنەوە، ئەو شوێنانەی کە پاشماوەی ئەنفالی تیایە ئێستاش نوقمی تەپوتۆزە و تەنانەت ڕێگەو بانیشیان بۆ قیرتاوو چیمەنتۆ نەکراوە کە سەرەتاییترین مافیانە. لەم بارەیەوە ساڵنامەی عەرعەر بەباشی زانیی بۆ خستنەروی باری دەرونی و گوزەرانیان بەدواداچونێك بکات.

کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و بە جێماوەکانی شالاوی ئەنفال لە گوندی توکن سەر بە شارۆچکەی کفری بەم شێوەیە بۆمان دوان، خاتوو نەدیم وتی: ئاوایەکەمان سێ سەدوو شەست و یەك کەسی لێ ئەنفال کراوە، پێشتر ئێمە وەکو خەڵکی ئاسایی ژیانمان بەسەر دەبرد، ژیانمان بە خۆشی دەگوزەران هەرچەندە جاش و جێش هێرشی دەکردە سەرمان و بۆمبارانمانی دەکرد، بەلاّم لە بەهاری هەشتاوهەشت، هەموومانیان بە فێڵ و تەڵەکە بازی ڕاپێچی نوگرەسەلمان و تۆپزاوە کراین، زۆربەشمانیان لەوێوە بۆ عەرعەر و بیبانەکانی تری عێراق برد، دوای چەند مانگێك ئێمە ئازاد کراین بێماڵ و بێکەس ماینەوە، پاش چەند ڕۆژێك زانیم باوکی مناڵەکان و خوشکێکی عازەبم و خاڵەکانم و ئامۆزاکانم ئەنفالکراون و تا ئێستاش چاوەڕوانین ، بە ژیانێکی زۆر دەردەسەری مناڵکانم بەخێو کرد، لەبەر نەبوونی و هەژاری مناڵەکانم لە قوتابخانە دەرکرد، مناڵەکانم ژیانێکی دوور لە ژیانی منالانی تر دەژیان، هەردوو کوڕەکەم دەستیان کرد بە شوانی بۆ خەڵکی، تەنها لە پێناوژیاندا. من وەك وارسی ئەو ئەنفال کراوانەگلەیی زۆرم لە حکوومەت هەیە، چونکە هیچ ئاوڕێکی لێنەداوینەتەوە، داواکارم ئەوانەی دەستیان لە کارەساتی ئەنفالدا هەبوە بە جاشە خۆفرۆشەکانی کوردیشەوە دادگایی بکرێن و پەت لە ملیان بکرێت.

دواتر ڕومان کردە گوندی هۆمەر مل بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ژیان و گوزەرانی بە جێماوەکانی ئەنفال و زانینی باری دەروونی ئەوان، سەرەتا چاومان کەت بە پورە خاوەر عبدالقادری تەمەن حەفتاو پێنج ساڵ، لەگەڵ پرسینی یەکەم پرسیارماندا کە ئاخۆ چەند کەست ئەنفالکراوە هەموو گیانی دەستی بە لەرزین کرد و چاوەکزەکانی پڕبوون لە فرمێسك و دەنگی گۆڕا و بە گریانەوە وتی عومەری کوڕم بە سێ کور و دوو کچ و خێزانەکەیەوە وە فەغری کوڕم بە چوار کور و چوار کچ و خێزانەکەیەوە وە جەبار و نەسرینی کچە عازەبم لێ ون بون کە ئێستاش خەویان پێوە دەبینم، خۆمیش یەکێك بووم لە ئەنفالکراوەکان کەتاوەکو نوگرە سەلمان منیان لەگەڵ بوو، بەلاّم دواجار منیان بەرداو ئەوانیان برد، ئەو وتی خۆزگە منیش یەکسەر دوای منداڵەکانم گیانم دەربچوایە، کە ئێستا هەموو شەوێکم بەبێ ئەوان مردنێکە، هەروەها وتی شەوانە زۆر بیر لە منداڵەکانم دەکەمەوە، بەلاّم بە ڕۆژ کاتێك تێکەڵی قەرەباڵەخی دەبم باشترم و کەمتر بیریان لێدەکەوە و ژیان تازە بۆ من هیچ نیە و من هەر لە خەیاڵی ئەواندا دەژیم، ئەگەر خانویەکی ئاڵتونیشم بۆ بکەن سوودی نیە، ئێستاش هیچ نەبێت با حکومەتی هەرێم ئیسك وپرەسکی ڕۆڵەکانمان بهێنێتەوە و لە بستێکی ئەم خاکەی خۆماندا گۆڕستانێکیان بۆ دروست بکەن با ئەو کاتەش من بۆ یەك دەقەش بێت بچمە سەریان، پورە خاوەر ئاهێکی هەڵکێشاو وتی بە داخەوە حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە ئیسك و پروسکی ڕۆڵەکانمان بۆ بهێننەوە، سەرەڕایی ئەو هەموو دەستە سەریە، ئەو جاشانەی کە دەستی حکومەتی بەعسیان ڕاکێشا ئێمەیان ڕاپێچی ناو زیندانەکان دەکرد. ئێستا ئەوان زۆر لەئێمە بەرێزترن، مام سدیق کە خەڵکی هەمان لادێ بوو لە تەنیشتی پورە خاوەرەوە بو وتی باشتر وایە کەس نەیەتە لای ئێمەو سەردانمان نەکەن ، چونکە زۆر هاتوون سەردانمانیان کردووەو زامە سەختەکانی ئێمەیان کولانۆتەوە و هیچیان بۆ نەکردووین، ئێمەش پرسیارمان لێکرد کە چەند کەسی ئەنفالە، وتی خێزانەکەم بە کور و کچ و ژن و کچەزاو کورەزاوە بیست و یەك کەسم ئەنفالە بە تەنها خۆم ماومەتەوە، بە تەنها لە ناو خانویەکی قوردا ژیان بەسەر دەبەم و هاوسێکانم شتێکم دەدەنێ بیخۆم، چونکە خۆم توانام نەماوە. مام سدیق وتی ئەوانەی ئێستا قسە دەکەن لە تەلەفزیۆنەکانەوە هەر ئەوانە بوون جاران منداڵەکانی منیان ئەنفالکرد، تازە بە تازە بە پیرێکی گۆچان بەدەستی وەك من دەڵێت وەرە با پارچەیەکی زەویت بدەمێ، زەوی بەمن چی بە گۆچانێك و عەینەکێکەوە چی لێبکەم، وتی من تەنها تکام لە حکەومەت ئەوەیە قەبرسانێك بۆ منداڵەکانم بکاتەوە، وتی ئەگەر تواناکەی جارانم بمایە ئیسك و پرسکی هەر بیست و یەك منداڵەکەم بە دەستی خۆم لە سەحراوە ئەهێنایەوە و ئەشم ناشتن،

نەعیمە مەحەمەد ئەمین دانیشتووی شارۆچکەی کەلار بە جلێکی ڕەشپۆشەوە پاش ئەوەی پرسیارمان لێی کرد بەم شێوە سەربوردەی خۆی بۆ گێراینەوە، وتی من وەك دەرچویەك لە شالاوی ئەنفال، کە دوو مانگ پێش ئەنفال شوم کردبوو، بەلاّم ئەو شالاوە بەدناوە وەك ڕەشەبایەکی وێرانکەر هەلی کردە سەرمان و هەمومانی پەرتەوازەکرد، دەزگیرانەکانی لێکجیاکردوە ، لەئەنفالدا هاوسەرەکەم و باوکم و براکانم و براژنەکانم برازاکانم لێم دابری و تاکو ئێستاش نەیانم بینیوە لەهەموویان کاریگەرتر هاوسەرەکەم بوو، کەتا لەژیاندا بم لەناو ڕۆحما هەرزیندووە. نەعیمە محەمەد ووتی دوای ئازادکردنی عیراق دلمان خۆشبو کە شوێنەواری ئەنفال تۆزێك لەسەر رومان کاڵدەبێتەوە، بەلاّم زیاتر باری سەرشانمانی گرانتر کرد، چونکە حوکمەتی کوردی ئەنفال و پاشماوەی ئەنفالی بەجارێك لەبیر کردووە ، لەبەر ئەوەی هەموو ئەنفال چییەکان ئێستە مەسوولن من داوا دەکەم بگیرێن و دادگایی بکرێن،.

لە درێژەی بە دواداچونمان چوینە ئۆردوگای شۆرش و کەس و کاری بەجێماوی ئەنفالکراوەکان، کە ئەوانیش بەم شێوەیە بۆمان دوان، فاتیمە ئەمین کەریم تەمەن حەفتاو پێنج ساڵ کە پرسیمان کێت ئەنفالە پاش بێدەنگی هەر چۆنێك بوو کەمێ لە ئازارو مەرگەساتی خۆی بۆ گێراینەوە، وتی براکەم لەتیف ئەمین، ئەنفالکراوە کە زۆر گەنج بوو کە هەتا ئەمرم لە بیرم ناچێت، ژیانیشم بەس ئەوەیە کە نامرم ، خانوەکەشم هی خۆم نیە و بە کرێ تێیدام، ئەو بڕە پارەیەش کە وەری دەگرم زۆر کەمەو بەشی بژێوی ژیان ناکات، هەروەها هیچ لایەنێك هاوکاری پێویستمان ناکات و هەموویان لە خەمی خۆیاندان و بۆ گیرفان پڕ کردنی خۆیان هەوڵ دەدەن، پاش ئەوەی پرسیمان داواکاریتان چیە، وتی داواکارم ئەوانەی بەرپرسن لە تاوانی ئەنفال تەنانەت بە نوکە قەڵەمێکیش دەستیان لە تاوانی ئەنفالدا هەیە دادگایی بکرێ.

خورشید ئەحمەد تەها/ تەمەن هەشتاساڵ لە ئۆردوگای شۆرشی سەر بە قەزای چەمچەماڵ وتی کوڕێکم و کەس و کارەکەم ئەنفالکراوە زۆرجار بیر دەکەمەوە کە ئەگەر کوڕەکەم ئێستا بمایە ئەبوایە چۆن بوایە یان کە کەسێك دەبینم لە شێوەی ئەوکاوتەی کوڕەکەم بوە یەکسەر ڕادەچەڵەکێم. زۆرینەی مندالأنی پاشماوەی ئەنفال ئێستاش چاوەڕوانی باوك و براکانیانن، وە ژیانی بە جێماوەکانی ئەنفال زۆر ناخۆشەو هیچیان بۆ نەکراوە، من گلەیم لە حکومەت زۆرە، داوا لە مەسولەکان دەکەم تەنها با بێن بزانن، ئەتوانن سەیری خانووەکانی ئێمە بکەن نەوەك تیشیدا بژین، پرسیمان کە داواتان چیە بۆ حوکمەت سەبارەت بەو مستەشارانەی کە ئێستا لە ژیاندامامون، وتی کاکە ئەوانەی تۆ باسیان دەکەیت هەموویان ئێستا مەسولن و کێ دەتوانێت هیچیان پێ بڵێت.

جەعفەر مارف محەمەد تەمەن شەست ساڵ کە ئەویش یەکێکی تربوو لە بەجێماوەکانی شالاوی ئەنفال وتی من ژنەکەم و چوار کور و کچێکم ئەنفالە بەردەوام لە بیرمدان و لە بەرچاوم ون نابن،خۆزگە خۆشم دوای ئەوان نەژیامایە، چونکە تەنها بۆ خەم و خەفەت مامەوە، سەرەڕای ئەم هەموو ناخۆشی و جەرگ سوتاویە، مستەشارەکان ئێستاش بە بەردەماندا تێدەپەرن و کەس لێیان ناپرسێتەوە.

حەمدیە مەحەمەد کە دانیشتوی ئۆردوگای شۆرش بوو وتی من سێ کورم ئەنفالە دوانیان ژنی هێنابوو منداڵەکانیان ئێستا ماون و بەردەوام باسی باوکیان دەکەن، لە کاتێکدا باوکیان نەبینیوە، لە وەلأمی ئەوەی کە ئایا بە ڕای تۆ مستەشارەکان دادگای بکرێ؟ وتی داواکارم ئەوان دادگای بکرێن و تۆڵەی ئێمەیان لێبکرێتەوە.

ئۆردوگای شۆڕش و ڕزگاری هەزاران کەس و کارو بە جێماوی ئەنفالی تێدا دەژێت، شایەنی ئەوەیە تەواوی خزمەت گوزاریان پێشکەش بکرێت، بەلاّم ئەوەی ئێمە بینیمان و دانیشتوانەکەی گێڕایانەوە خزمەتگوزاریان وەکو پێویست بۆ نەکراوە، لە ئەنجامدا گەشتین بەوەی کە بە جێماوەکانی ئەنفال، ئەو بڕە پارەیەی بۆیان سەرف دەکرێت زۆر کەمەو بەشی بژێویان ناکات، بۆیە پێویستە و ئەرکە لە سەر شانی حکومەت ئاوڕی جدیان لێبداتەوەو باری بژێوی ژیانیان باشتر بکات، چ بە خزمەتگوزاری و چ بە زیادکردنی موچەکانیان، هەروەها زۆربەی کەس و کار ئەنفاکراوەکان داواکاربوون کە مستەشارەکان دادگایی بکرێن و بە سزای خۆیان بگەن.

# مۆنۆمێنتی ئەنفال لە هەولێر، غەدرێکی دیکەی حکومەت

هێمن کامیل

هەرچەندە ئەنفال گەورەترین و بێ وێنەترین تاوانە کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەرحەق گەلەکەمان ئەنجامدراوە. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا دەسەلأتی کوردی نەیویستوە بە شێوەیەك کار لە سەر ئەنفال بکات کە لە ئاستی گەورەیی کارەساتەکەو کاریگەری و شوێنەوارە نێگەتیڤە ئابوری و دەرونی و کۆمەڵایەتەکانیدا بێت. لە پانزە ساڵی ڕابردودا هێندەی کار بۆ لەبیرکردنی ئەم کارەساتەو فەرامۆشکردنی ناوچە زۆر زیان لێکەوتووەکانی ئەنفال و ئاوڕنەدانەوە لە بارودۆخی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کراوە. هێندە هەوڵ نەدراوە ئەنفال وەکو کارەساتێکی نەتەوەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت، تا هەنوکەش حکومەت خاوەنی پلان و بەرنامەیەکی زانستی و سیاسی نیە بۆ ئەنفال کە کردبێتی بە ستراتیژی خۆی و کاری لە سەر بکات.

لە کاتێکدا دەبوایە دەسەلأتی کوردی بە لێپرسراوێتیەوە کاری لەسەر ئەنفال بکردایەو لە بەرامبەر ئەم ئەرکە ئەخلاقی و مێژوییەدا هێندە کەمتەرخەم و بێباك نەبوایە. چونکە بەم شێوە کارکردنەیان لەسەر ئەنفال زیانیان بە دۆزی ئەنفال گەیاندو بە شێوەیەك لە شێوەکان بچوکردنەوەی ئەنفال بو، ئەمە جگە لەوەش کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە خراپترین ئاستی ژیان و گوزەراندان و بە پێچەوانەوە بارودۆخی ژیانی موستەشارەکان لەوپەڕی باشیدایەو بەشێك لە موستەشارەکان ئێستا لە ناو حیزبەکاندا لە پلەی بەرزی سەربازیدان کە هەرگیز لە ناو حیزبی بەعسدا نەدەگەیشتن بەو پلەو پۆستانە. تائێستاش ناوچەکانی گەرمیان کە پشکی گەورەیان لە ئەنفال بەرکەوت فەرامۆشکراوترین ناوچەن لە ڕوی پرۆژەی خزمەتگوزارییەوە، بۆ نمونە ناحیەی شۆڕش کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی پەنجا هەزار کەس دەبێت و هەموی کەسوکاری ئەنفالن لە پێش ڕاپەڕین ژمارەی قوتابخانەکانی زیاتر بوە وەك لە ئێستا!

تائێستاش دەسەلأتی کوردی ئامادەنیە ئەنفالکراوەکان لە ڕیزی شەهیدانی حیزب دابنێت و هەمان ئیمتیازی شەهیدیان پێبدرێت لە کاتیکدا ئەنفالکراوەکان لە پێناوی پشتیوانی لە شۆڕش و کوردبون و ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی ئەنفالکران، بەلاّم بەشێك لە شەهیدانی حیزب لە شەهیدانی شەڕەکانی کورد بە کوردن. هەموو ئەم ڕاستیانەی سەرەوە درێژەدانە بە ئەنفال بەلاّم بە شێوازێکی دی.

کەی و چۆن حکومەت کاریکرد بۆ ئاشتکرنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە گەڵ ژینگەکەیان؟ کامەیە بەرنامەی حکومەت بۆ دوبارە دروستکرنەوەی ژیانێکی گونجاو بۆ کەسوکاری ئەنفال و کردنی ناوچەکەیان بە سیمبوڵی چەوساندنەوەو قوربانیدان؟ کامەیە پلانی حکومەت بۆ سازکردنی کۆنفراسێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە ئەنفال؟ ئایا حکومەت بیری لەوە کردۆتەوە پەیمانگەیەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال دابمەزرێنێت؟ حکومەت نەك بێ وەلأمە لە بەرامبەر ئەم پرسیارانە بەڵکو لەم ڕۆژانەدا لە ڕێگەی بڕیارێکەوە غەدرێکی دیکەی لە ئەنفال و گەرمیان کرد ئەویش دروستکردنی مۆنۆمێنتی ئەنفالە لە هەولێر یاخود کارکردن لەو مۆنۆمێنەدا کە لە هەولێر بۆ ئەم مەبەستە بونیادنراوە. لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەولێر وەك پایتەختی کوردستان و خاوەن مێژوویەکی گەش، بەلاّم هەر کەسێکی خاوەن عەقڵ و هەست بێت ئەو ڕاستیە باش دەزانێت کە دروستکردنی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە هەولێر لە دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە نیە بۆ ئەنفال.

ڕاستە کارەساتی ئەنفال سەرتاپای باشوری کوردستانی گرتەوەو کە لە هەشت قۆناغی یەك لە دوای یەك و لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سەربازیدا ئەنجامدرا. بەلاّم ناوچەکانی گەرمیان پشکی گەورەی ئەو کارەساتەیان بەرکەوت و ڕبەی هەرە زۆری ژمارەی قوربانیەکان خەڵکی ئەم ناوچەیەن، ئەو کاریگەری و شوێنەوارەی ئەنفال لە گەرمیاندا بەجێیهێشت و دروستیکرد لە هیچ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان هاوتای نیە، ئیتر حکومەت لە سەر چی بنچینەیەك ئەو مافە بە خۆی دەدات مۆنۆمێنتی ئەنفال لە گەرمیان دروست نەکات و لە شوێنێکی تر دروستی بکات؟ ئایا ئەمە دڵسۆزیە بۆ ئەنفال و گەرمیان یان ئەنفالکردنێکی دیکەی ناوچەکەیە؟ ئەمە ڕێزگرتنە لە ناوچەیەك کە دەیان هەزار مرۆڤی لە ئەنفالدا زیندەبەچاڵکران، گوللەبارانکران، بێسەرو شوێن کران..... هتد؟ ئایا حکومەت دەزانێت بەم کارەی گەورەترین ئازاری دەرونی کەسوکاری ئەنفالەکان دەدات؟ ئایا حکومەت دەزانێت بەشی زۆری کەسوکاری ئەنفالەکان بەم بڕیارەی حکومەت نیگەران بون و ناڕازین جگەلە گەرمیان لەشوێنێکی تر مۆنۆمێنتی ئەنفال دروست بکرێت؟ ئایا حکومەت ئاگاداره گوند هەیە لە گەرمیان زیاتر لە سێسەد کەسی ئەنفالەو بە دەیان گوند لە گەرمیاندا بە یەکجاری لە ئەنفالدا لە ناوبران؟

بۆیە لە کۆتایدا پێشنیازدەکەم حکومەت مۆنۆمێنتی سەرەکی ئەنفال لە گەرمیان دروست بکات و بەڕای من و کەسانی دیکە بانی مەقان لە چەمچەماڵ شوێنێکی گونجاوەو لەبارە لەبەر زۆر هۆ کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنیم نیە، دواتر ئەگەر لە ناوچە جیاجیاکانیش بەپێی قۆناغەکانی ئەنفال چەند مۆنۆمێنتێکی تر دروست بکرێت خزمەتێکی زیاترە بە ئەنفال دەکرێت و لە بیرکردن و کاڵبونەوە دەپارێزرێت.

# ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبوو

د. سالار حەمە سور باسیرە

لە کەژێکی بەهاردا،لە کاتێکدا سروشت لە کوردستان ووردە ووردە بزە و جوڵەی ژیانی دەهاتەوە ناو گیانی و خەڵکیی خەریکی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیان بوون لە وڵاتی دێرینی سەدان ساڵەی باووباپیریان، بەڵام لەم ڕۆژانەدا هەورێکی ڕەش و کوشندە و سامناك بەری ئاسمانی ناوچەکانی ئەنفالکراوی گرت و ڕق و کینەی ڕژێمی بەغدا بەرامبەر بە گەلی کورد خۆی بەسەر ئەم ناوچەیەدا سەپاند، ئا لەو کاتەدا ڕژێمەکەی بەغدا دانیشتوانی ناوچەی کوردستانی دایە بەر شاڵاوی ئەنفال و دەیان هەزار مرۆڤی بێ گوناهی لە خوێن و فرمێسکدا نوقم کرد و دێهاتەکانیانی لەسەر خاکی کوردستانی دایکدا تەفروتونا و تەخت کرد، ئەنفال مانای کۆتایی هێنان بە ژیانی ١٨٢ هەزار مرۆڤ، لە منداڵ و ئافرەت و پیر و گەنج بە ناشیرینترین و دڕندەترین و ترسنۆکانەترین شێوە و بێ سەروشوێن کردنیان، چونکە ئەم مرۆڤانە لە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانەدا بەدیل نەگیراون .ئەنفال تەنیا یەکێك بوە لە ئامرازەکان لەپاڵ (تعریب و تهجیر و ترحیل) و کیمیاباران و وێران کردنی گوند و ژینگەی کوردستان بۆ لەناو بردنی مرۆڤی کورد و نەتەوەی کورد، نەك بۆ تەمێکردنی عەشیرەتێك، یان گروپەیەکی کۆمەڵایەتی، یان بنەماڵەیەك بوبێت.بۆ دواجار دایك و منداڵ و باوك و ئافرەت و پیاویان لە یەکتر جودا کردۆتەوە، بۆ دوا جار ئەم مرۆڤانە ماڵ ئاواییان لە یەکتر کردوە تەنانەت مرۆڤ کە فەرمانی لە سێدارەدانیشی ئەدرێ لە دوا خواستی دەپرسن و دەتوانێت بە لایەنی کەمەوە کەسوکاری ببینێت و ئاواتێکی پێش مردنی بێتە دی، ئەم مرۆڤە کوردانە مافی ئەوەشیان نەدانێ و بەو شێوە دڕندانەیە کۆتایی بە ژیانیان هێنراوە، تەنانەت بەزەیی بە منداڵی ساواش نەکراوە، و ڕزگار بوونی تاکە کەسێکیش لە ئەنفال لەو کاتەوە بۆتە چیرۆك.

ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبوو، بوومە لەرزە و بورکان و نەخۆشی تاعون و لافاو و ئاگر نەبوو، بەڵکو بەری سیاسەتی قڕکردنی دەیان هەزار مرۆڤی کورد بوو لەسەر خاکی خۆی لە لایەن کۆمەڵێك دڕندەی بەناو مرۆڤەوە بە ئەنجام گەیەندرا، بەڵێ کۆمەڵێك دڕندەی بەناو مرۆڤەوە، هەربۆیە ئەنفال تاقیکردنەوەی ویژدانی مرۆڤایەتیە، ئەنفال مەلەفێکی سیاسی و یاسایی گەورە و گرنگە بە دەست کوردەوە، و ئامرازێکی گرنگە بۆ مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی کورد و پێویستە بچێتە ناو کتێب و بەرنامەی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکانەوە، چونکە بۆتە بەشێك لە مێژووی کورد وەك کارەساتی کیمیاباران کە هەڵەبجە بوە نمونەیەکی مێژویی و زیندو بۆی، کە دەوڵەتێك خاوەن کورسی بێت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و سەرەتاکانی مافی مرۆڤی ئیمزا کردبێت، کەچی بەبەر چاوی جیهانەوە کوشندەترین چەکی کیمیاوی بەکار بهێنێ و دوچاری لێپرسینەوەش نەکرێ، هەربۆیە کارەساتەکانی کیمیاباران و ئەنفالی ناوچەکانی هەڵەبجە و گەرمیان و بادینان و بێ سەروشوێن کردنی زاڵمانەی هەشت هەزار هاولاتی بارزانی تاقیکردنەوەی یاساکانی دامودەزگا نێودەوڵەتیەکانیش بوو، سەبارەت بە کوشتنی بە کۆمەڵی یەهودیەکان لە لایەن نازیەکانی ئەڵمانەوە بە سەدان فیلم و ڕاپۆرتی بەڵگەنامە و شانۆ و ڕۆمان و کۆنفەرەنسی بە خۆوە گرتوە، یەهودیەکان منداڵەکانیان و نەوەی نوێ بە شێوەیەك گەروەردە دەکەن هەروەك ئەم کارەساتە ئەمڕۆکە ڕووی دابێت، بە پێی توانای سەردەم پێویستە بە لایەنی کەمەوە مۆزەخانەی تایبەت بۆ کارەساتی ئەنفال بکرێتەوە کە نەوەکانی داهاتووش هەمیشە ئەم کارەسات و تراژیدیا مێژووییەیان لەبەرچاو بێت و نیشانی میوانانی بیانی و ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتیەکان بدرێت، هەروەك ئەوەی کە یەهودیەکان بۆ مێژووی خۆیان دەیکەن سەبارەت بەو چەند ملیۆن یەهودیەی کە نازیەکان بە ناشیرینترین شێوە جینۆسایدان کردن، لە کاتی وتووێژکردنم لەگەڵیاندا قوربانیەکانی ئەنفال زۆربەی کات چاودەبڕنە دەرگای دەرەوەی ماڵەوەو هەر لە چاوەڕوانی ئەوەدان کە بێ سەروشوێنەکانیان بگەڕێنەوەو هەتا ئەمڕۆکەش هەر بەم هیوایە دەژین.تەنانەت نایانەوێت دان بەو ڕاستیەدا بنێن کە نەماون، مانای هەموو ڕۆژێکیان مردنێکە، هەموو ڕۆژێکیان ئەنفال کردنێکە، ئەنفال کردنیانە لەوەشدا ئەگەر بە شێوەیەکی فراوان لە لایەنی حکومی و حیزبیەوە پشت گوێ بخرێن، هەربۆیە بەو هیواو ئاواتەش دەژیم کە زۆرترین ئاوڕ لە قوربانیانی ئەنفال بدرێتەوە (مادی و مەعنەویش)وبەپێی توانا هەوڵی بوژاندنەوەی ناوچە وێرانکراوەکانیان بدرێ و سەنتەری چارەسەری دەرونی و ڕۆحییان بۆ بکرێنەوە، چونکە مرۆڤ لە گیان و لە ڕۆح پێکهاتوە و هەردوکیان پێویستیان بە خۆراك و چارەسەری تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵێ ئاخۆ دڵی دایکێك چۆن بێت کە هەمیشە لە فکرو مێشکی دەرناچێت کە چۆن منداڵەکەی کوژراوە و سەگە ڕەشەکان خواردویانە و نەیتوانیوە تەنانەت بە قەبرێکی دیاری کراوی بسپێرێت و شوێنێکی دیاری کراوی هەبێت، کە بەلایەنی کەمەوە بتوانێت سەردانی گۆڕەکەی بکات و بە شێوەی خۆی یادی بکاتەوە، یان ئەو دایك و باوکانەی کە بە بەرچاوی خۆیانەوە جگەرگۆشەکانیان لەبەر هەتاوی گەرمدا بە عەمودی سوربۆوە بەستۆتەوە بۆ ئەوەی نەك هەر بە تەنیا ئازاری منداڵەکان بدرێ، بەڵکو ئازاری ڕۆحی و گیانی دایك و باوکیشیان بدەن، ئایا جگە لە خۆیان کێ دەتوانێت لە ناخەوە لەم ئازارەیان بە تەواوی بگات، لە ئازاری ئەوەی کە بەشێك لە ڕۆح و لە لەشت بە ئازارەوە لێ بکەنەوە و فڕێی بدەن، بەواتا هەموو ساتێکی ئەنفال کردنیەتی هەتا ئەو ڕۆژەی کە خۆیشی بە خاك دەسپێرن، و دڵنیام کە تەنیا لە مردنی کۆتاییاندا بتوانن پشویەکی ڕۆح بدەن، ئێستە ئەوانەی کە زیندون، زیندویەکی مردون، ڕەفتار کردن بە سیاسەتی جینۆساید ڕابوردو و داهاتوی زیندوەکانیان وێران کردو ئازارێکی قوڵییان لە دڵ و هەستیاندا بۆ هەمیشە جێهێشتن، ئەنفال هەر قوربانیانی کەسوکاری ئەنفال ناگرێتەوە، بەڵکو بەشێکە لە نەتەوەی کورد و تەحەدابوو بۆ سەرجەم ئەم نەتەوەیە، هەربۆیەش کێشەی هەموو کوردە، هەروەك کارەساتی کیمیاویەکە، مرۆڤ نابێت بەس تەنیا هەست بە ئازارێك بکات کە خۆی بگرێتەوە، نەخێر دەبێت بچێنە ناو قوڵایی ئەم تراژیدیایانەوە، هەموو یەکێکیش لە ئێمە هەست بە ئازار و غەم و پەژارەیان بکات، دەکرێ هەموو یەکێکی تر لە ئێمە لە شوێنیان بوینایە، چونکە کوردین، مرۆڤ دەست بە چاوی خۆیەوە نەگرێت و بڵێ ئەم شتە پەیوەندی بە منەوە نیە و من ئەنفال نەکراوم، یان گوێی خۆی کپ بکات و بڵێ من لە کیمیاباران دوور بوم، یان سەری خۆی کز بگرێت و بە خۆی بڵێ ئەوانەی لە سێدارەدراون و ئەشکەنجەوئازار دراون لەبەر ڕێبازی کوردایەتی چ پەیوەندیەکی بە منەوە هەیە، خۆ من ئەندام یان دۆستی پارتێك نەبووم، بەڵام ئەگەر ڕۆژێکیش هات و خۆیشیان برد لەوانەیە ئەوکاتە ئیتر کەس نەمابێت کە بەرگری لەم بکات، ئەوانەی کە وتووێژم لەگەڵ دەکردن فرمێسکم لە چاویاندا بەدی نەدەکرد، چونکە فرمێسکیان نەماوە، بەڵێ گلەیی ئەنفالەکان زۆرن و ئەوانەی کە مردوون ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، بۆیە دەبێت ئەوە ئەرکی زیندوەکان بێت، ئەرکی کەس و هێزە مرۆڤ دۆست و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ بێت، ئەرکی خاوەن ویژدان بێت، هەر یەکێك لەم خێزانانە مێژویەکی خۆی هەیە، هەموشی مێژوی کوێرەوەری و تراژیدیا و خەمە، ئیتر کەمتر، یان زۆرتر، ئەم هاووڵاتیانە سەر بە نەتەوە و نیشتمانێکی داگیرکراو و تەحەدا لێ کراوە، ئەنفال وشەیەکە کە سالانێکی زۆر بوو بەکارم دەهێنا، هەروەك هەڵەبجە و کیمیاباران، بەڵام هەتا بە قوڵیی نەچومە ناویان هەستم بە ئازاریان نەکرد، کە هەرچەندە ئەم ئازارەی من نسبیە و تەنیا خۆیان دەتوانن هەستی تەواو بە هی خۆیان بکەن. کوا مافی دایکایەتی کە بە ئازارو خۆشەویستی و هەستی قولەوە ئێمەی لەدایك کردوە و شەونخونیان پێوە کێشاوین، کە لەناو کۆمەڵدا زۆرترین چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییان لەسەرە،بەڵێ ئافرەت و منداڵ دوو گروپی کۆمەڵگان کە دەبێت زۆرترین سەرنج و بایەخیان پێ بدرێ، بۆچی دەبێت لە جیهانێکدا بژین کە زۆردار بێ زۆر بخوات و دەسەڵاتدار بێ دەسەڵات وێران بکات، ئەم یاسای سروشتە لەناو ئاژەڵدا ڕەفتار دەکرێت، ئایا چی وای لە مرۆڤ کردوە کە بتوانێت ئەوەندە دڕندە بێت بەرامبەر هاومرۆڤەکانی، ئایا مرۆڤایەتی چەندە دەتوانێت شانازی بە مێژوی خۆیەوە بکات؟ ئاخۆ دەبێت چەند جار لە مێژووی نەتەوەی کوردا، یان لە مێژوی نەتەوەکانی سەرڕووی زەمین ئەنفال بەرامبەر بە مرۆڤایەتی کرابێتن بەڵام لە مێژودا ون بوون، وون بوون چونکە یان کەسانی لەخۆ بوردوو نەبوون بیان نوسێتەوە، یان ئامرازەکانی تۆمار کردن نەبوە،یان لە لایەن ئەو کۆمەڵە بەناو مرۆڤانەوە وێران کراون و لە ناو براون بۆ سڕینەوەی مێژووی قڕکردن هەروەك سڕینەوەی مێژووی نەتەوەیەك و هەوڵی لەناو بردنی ڕوخساری کولتوری و نەتەوەییان، ئایا چەند جار مرۆڤایەتی لە مێژووی خۆیدا شارستانیەتی دروست کردوە و هەرخۆیشی وێرانی کردۆتەوە و لەناوی بردوە، دەبێت ١٨٢ هەزار مرۆڤی کوردی ئەنفال کراو لەکوێ بێ سەروشوێن کرابن؟ ئاخۆ چەند منداڵ و ئافرەتیان بە سعودی و ئیماراتیەکان فرۆشتبن و چەندیان دوور لە نیشتمانەوەڵێ کردبن بە کۆیلە؟ چەند منداڵ لە عەرەبستان و لە ناوچەکانی کەنداو فرۆشراون بۆ کارپێکردن و شوانی و کۆیلایەتی، یان فرۆشتنی بەو خێزانانەی کە منداڵیان نیە و هی تر تەبەنا دەکەن، و ئەو منداڵانە ئێستەلە یادیان نەماوە سەر بە نەتەوەی کوردن و زمانی کوردی نازانن، و لە یادیان نەماوە کە چ غەدرێکی گەورە بەرامبەریان کراوە، هەربۆیە دەبێت ئەمە یەکێك بێت لەو فاکتەرە گرنگانەی کە بە توندی پێکەوەمان ببەستێت هەروەك چۆن ئاین و بزوتنەوەی ڕزگاربوون یەهودی بەتوندی بە یەکترەوە گرێ داوە کە نەتوێنەوە، بۆیە ئەرکی بە تایبەت ئێمەیە بە شوێن چیرۆکی وونبوەکاندا بگەڕێین، بەشوێن داستانی ئەم تراژیدیایانە بگەڕێین و بە دۆکومێنتیان بکەین، یەهودیەکان بە کۆماندۆی تایبەت لە وڵاتەکانی جیهاندا بە شوێن نازیەکاندا دەگەڕان و زۆریان لێ دۆزینەوە وەك (هێرمان هێس)لە ئەرجەنتین و هێنانەوەی بۆ ئیسرائیل و کردیان بە عیبرەت بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، پاشماوەی ئەنفال کراوەکان بێ دەسەلات و بێ دەرامەت و نەخوێندەوار و بێ هێزن و چاوەڕێی ڕۆژانی گەردەلولی تۆڵەسەندنەوەن، تۆڵەسەندنەوە چیە؟ بەواتا دوبارە دروستکردنی حەمامێکی خوێن نا، دوبارە چەك بەرزکردنەوە و مرۆڤ کوشتن بە دەستی مرۆڤ نا، بێ باوك و دایك کردن و بێ مێرد کردنی دەیان هەزاری تر لە منداڵ و لە ئافرەتی کورد و عەرەب نا، دوبارە دروستکردنی ڕق و کینەی مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤ و درێژەکێشان بەم بارودۆخە بۆ ئێستەو نەوەکانی دواتریش نا، بە چاوی خۆم بینیم کە قوربانیانی ئەنفال ئەوەی کە لە دوای ئەنفالەوە هەیانە کەمە بۆ ژیان، بەلام زۆرە بۆ مردن، کێشەکانیان کێشەی ئابوری و یاسایشە کە ئەنجامی کۆمەڵایەتی و دەرونیش لەگەل خۆی دێنێت.

لە ١٩٨٨ وە نەوەیەکی تر دروست بوە کە تەمەنی ئەمڕۆکە١٩ ساڵەو ئەوەندەی لەسەر ژیان بن دەڵێن کەس و کارمان بێ سەروشوێنە،یان بەر شالاوی ئەنفال کەوتون و بە کیمیاوی کوژران، هەروەك وتەکانی منداڵەکەی ئوردوگای شۆڕش لە چەمچەماڵ کە باوکی ئەنفال کراوە و پێی وتم:"ئەنفال ئەوەیە کە باوکت سەرنگوم دەکەن و نایبینیتەوە و بێ باوك دەبیت و زۆر خەفەتی پێدەخۆم".دایکی ئەم دوو منداڵە لەبەر دەرنەکردنی وەفاتنامە بۆ مێردە ئەنفالکراوەکەی و مارە نەکردنی لەلایەن مەلا و دادگاوە،دوای چاوەڕوانیەکی زۆر شوی کردوە بە پیاوێك لە(؟)خۆی وون کردوە و منداڵەکانی دەڵێن نزیکەی پێنج ساڵە دایکی خۆمان نەدیوەتەوە.ئەمە چیرۆکێکی تراژیدیایەکە پێویستە هەرچەندە درەنگیش بێت ئیتر بە جدی وەری بگرین و بیر لە چارەسەری یاسایی و بنەڕەتی بکەینەوە لە پێناوی مافی مرۆڤدا کە بەجێماوانی ئەنفال منداڵ و ئافرەت بەشێکی نەبچڕاوە لێی. بەلێ ئەوە پێناسەی ئەنفال بوو لە دیدی منداڵێکی کوردەوە، هەروەك شادیەی کچە کوردی خەلکی گوندی سماقەی نزیك تەق تەق کە دەلێ:" دایکم پێم دەڵێ کە تەمەنم هەشت مانگان بوە کە باوکم ئەنفال کراوە"، و بە دەموچاوێکی زۆر غەمبار و غەمگینەوە و بە هەستێکی نوقسانەوە دەلێت:" کە من باوکی خۆم نەدیوە و لە یاد نیە".بەجێماوی ئەنفالکراوەکان لە بارودۆخێکی ڕۆحی و مادی وادا دەژین کە دەڵێن بەم شێوە ڕۆح وێرانکراوەی ئەمڕۆمان هەموو ڕۆژێکمان مردنێکە و بر یائێمەش ئەنفال بکراینایە، بەتەنیا خستنە ڕووی تراژیدیاکانی ئەنفال لە بەشەکانی میدیابەس نیە،بەلکو پێویستە خۆیان بکەونە قسە و تەواوی ناڕەزایی و ڕەخنە و داواکاریەکانیان بخەنە ڕوو وە لەبەر دەم ڕای گشتی دانوستاندن و لێکۆلینەوەیان دەربارە بکرێن و پشت گوێ نەخرێن.



نوسەر لەکاتی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال

## جاش دەسەڵاتی دروستکرد یان دەسەڵات جاشی دروستکرد

ڕەنگە کەسێك بپرسێت جاشەکان کێن؟ یاخود ئەگەر تاوانێکیان هەبێت چییە؟ بێگومان لەهەر منداڵێکی بەجێماوی ئەنفال، لەهەر پیرەمێردێك یان لەهەر پیرێژنێکی چەرگ سوتاو، لەهەر دارو دەوەنێکی گەرمیان بپرسی بێ یەکو دوو دەڵێن ئەو زۆڵە کوردانەن خیانەتیان لە خاك و نیشتیمانیان کرد، ئەو خۆفرۆشانەن کە حەیاو ناموسی دایك و خوشك و براو باوو باپیرانیان وەلاوە نابوو بۆ دڕندەکانی بەعس.بۆیە ئەگەر سزای سەرانی بەعس سزای لەسێدارەدان بێت دژی ئەو تاوانەی کە بووە هۆی جینۆسایدکردنی گەلێك کەکوردە، ئەبێت سزای ئەو زۆڵە کوردانەی کەببون بە چاو ساغی ئەو گەلەگورگانەی بەعس و دەستیان ئەگرتن و زێدی باوو باپیرانیان ئەسوتان و کاولیان ئەکردوو منداڵیانیان بێ باوك ئەکرد، ئەو دەمە ئەوان پیاوە باشەکانی کورد بوون، ئەودەمە ژیانی ئەوان هەمان ژیانی ئێستەیان بوو، ئەوان لەبری ئەوەی خیانەتیان لەخاك و زمانی دایك و نەتەوایەتی کرد لای ئەو دڕندانە بەڕێز بوون، ئەو کات ئەو خۆفرۆشانە، ئەو جەردانە ناموس و تەواوی مرۆڤایەتییان دۆڕاند. ئەوان بوون شەوانە لادێ کورد نشینەکانیان تۆپ باران ئەکرد، هەر ئەوان بوون گەنجەکانیان شەهید دەکرد هەر ئەوان بوون مەڕو ماڵاتی گوندەکانیان تاڵان دەکرد، هەر ئەوان بوون دڵدارەکانیان لەیەك کرد، هەر ئەوان بوون مێژووی کوردیان خوێناوی کرد..هەر ئەوان بوون ئەنفالیان کرد هەر ئەوان بوون...

بەڵام ئێستەش هەر ئەوانن خۆیان بەخاوەنی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفال دەزانن، هەر ئەوانن سەرپەرشتی ئەم نەتەوە ئەنفالکراوە ئەکەن، ئەو خیانەت کارانەی پێشون داوای ماف و قەرەبوو ئەکەن بۆ کەسوکاری پاشماوەی ئەنفال ئەویش بە قسە نەك بەکردەوە. ئەو دەمەی پێشوو ئەوان ماڵ و منداڵیان پارێزراو بوو، ماڵ و منداڵانی تری کوردیش بەر ئاگرو پۆستاڵی ئەو دڕندانەو جاشە بێ ویژدانەکان دەکەوتن، بەڵام ئەمڕۆ هەر ئەو خۆفرۆشانەی پێشو لە باشترین شوێن ڤێلای بەرزیان هەیەو منداڵەکانیان بەباشترین و شۆخترین سەیارە پۆز بەسەر منداڵی ئەنفالکراوەکاندا لێدەدەن، هەربۆیە تەواوی پاشماوەی ئەنفال و هەڵەبجە ناڕەزایی دژی دەسەڵات و حوکمەت دەردەبڕن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەو خۆفرۆش و خیانەت کارانە بەرپرسن لە دام و دەزگاکانی حوکمەتی هەرێمدا. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو بەناو کوردانە ڕاپێچی دادگا بکرێن، ئەوانە زیاتر لە سەدام و ئەنزیمەی عەرەبی تاوانبارن، چونکە ناپاکییان بەرامبەر نیشتیمانەکەیان کرد. پێویستە هەرچی زووە دەستنیشان بکرێن و پەلکێشی دادگا بکرێن. بۆیە بە یەك دەنگ دەڵێین بەجێماوانی ئەنفال.. چیتر با بێدەنگی تەواو بێت، ڕاپەڕین دەست پێبکات دژی ئەو جاشە ناپاك و نمەکگیرانە، چونکە دڵنیاتان دەکەمەوە تا ئەوانە لەدەسەڵاتی کوردیدا بمێنن و حوکمتان بکەن، چۆن نۆزدە ساڵە هیچتان بۆنەکراوە چاوەڕوانی هیچی تریشیان لێناکرێ..

پشتیوان رەحیم

# قەسابخانەی ئەنفال دژی میللەتی کورد بەشێکە لە تاوانی کۆمەڵکوژی دژی مرۆڤایەتی

## پەیڤێك بۆ نۆزدەمین ساڵیادی قەسابخانەی ئەنفالی خوێناوی دژی میللەتی کورد

پرۆفیسۆر کازم حەبیب
و. مەریوان نەریمان

### تاوانی ئەنفال و کۆمەڵکوژی دژی مرۆڤایەتی لە وێنە نێودەوڵەتیەکاندا

لە خەیاڵی هەموو هاولاتیەکی عەرەب لە عێراق و لە جیهانی عەرەبی پرسیاری زۆر هەیە کە داوام لێدەکات منیش لەو وەلامدانەوەیەدا بەژداربم، بە ئارەزوومەندانە بێت یان بۆ وەرگرتنی زانیاریەکانی میللەتێك، سەرەتا ئەبێت چەند پرسیارێك بکەین و ئەوکاتە لە ترسناکی کارەساتە ئەگەین، ئایا پرۆسەی ئەنفال بوونی هەیە بە ڕاستی؟ ئایا پرۆسەی ئەنفال بۆ لە ناوبردنی بەشێکی مرۆڤایەتی بوو؟ ئایا نەخشە بۆ کێشراو بوو؟ یان کردەیەکی ئاسایی بوو بەهۆی شەری عێراق-ئێرانەوە بوو؟ ئایا ئەو کاتە پرۆسەکە بڕیارێکی تاك ڕەوانە بوو کە ڕژێمێکی دیکتاتۆری پێی هەستا؟ یان سیاسەتێکی بە بەرنامە بوو دەسەلاتی دەزگاکانی خوێن مژی شۆڤینی پێی هەستا بوون؟ ئایا ئەمە بەشێك بوو لەو پرۆسەیەی بۆ لە ناو بردنی نەتەوەی کوردی عێراق بوو؟ ئەمانە چی ڕەفتارێك بوو بەکارهێنرا دژی ئەم گەلە لە پاش و پێش ئەنفال؟ ئایا کرداری ئەنفال سیمبولی ڕەفتاری هەمیشەیی شۆڤینیە؟ ئەم ڕەفتارانە کۆمەڵگەی جیهانی چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن؟ ولاتانی عەرەبی و کۆمەڵگەی ولاتانی عەرەب چۆن هەڵسوکەت لەگەڵ ئەم ڕەفتارە نامرۆڤایەتیە دەکەن؟ ئایا ئێمە ئەتوانین ئەم ڕەفتارانە بەرانبەر نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ناوچەکەمان قەدەغە بکەین؟ چۆن ئەتوانین هەستین بە کارێك بۆ بەرژەوەندی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان؟ چۆن قەرەبویان بکەینەوە؟ چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەو دەسەلاتانەدا بکەین کە بەشێکی زۆری چەکی بۆ سەرانی بەعس دابین کردبوو؟ لە هەموو ئەم پرسیارانە گرنگتر ئەوەیە، ئایا قەسابخانەی ئەنفال دژی میللەتی کورد بەشێکە لە تاوانی کۆمەڵکوژی دژی مرۆڤایەتی؟ دواتر هەوڵ دەدەین کە وەلامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە بدەینەوە.

لە بڕگەی دووەمی ڕێککەوتنامەی قەدەغە کردنی بە کۆمەڵکوژی لە ساڵی ١٩٨٤ بەم شێوەیە ئاماژەی پێدەکات.

لەم ڕێککەوتننامەدا مەبەستی کۆمەڵکوژی و هەریەك لە کردارەکانی، وەك داڕوخانی بەشێك لە کۆمەڵگا یان کۆمەڵگا بە گشتی یان کۆمەڵێك لە نەتەتەوەیەك، کە بەم شێوەیەیە:

١- کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵەیەك

٢-ئازاردانی ناخی مرۆڤ یان لەشی بەشێوەیەکی ترسناك بشێوێنرێت

٣- ڕاپێچکردنی کۆمەڵێك مرۆڤ بەبێ هۆ.

ڕاگواستنی مندالانی ئەو کۆمەڵە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر

هەروەها لە ڕێکەوتننامەی ١٩٨٦دا ئاماژەی پێکراوە بەم شێوەیە:

بڕگەی یەك:-

چاوپۆشی لەم ڕەفتارانەی خوارەوە نابێت بکرێت:

تاوانی جەنگ، لە سیستەمی سەرەکی دادگای ئۆرمبێرگی سەربازی نێو دەوڵەتی لە ٨ی ئۆگەستی ساڵی١٩٤٥ دا هاتووە هەروەها دوپاتکردنەوەی بڕیارەکە لە نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە٣د-١ کەنوسراوە لە ١٣ی فێبرییەری ١٩٤٦ وەلە بڕیاری ٩٥د-١ی ١١ی دیسەمبەری ١٩٤٦ی نەتەوەیەکگرتووەکان دا هاتووە، هەروەها لەڕێکەوتننامەی جنێف لە١٢ی ئۆگەستی ١٩٤٩دا ، کەلە هەمویاندا جەنگ بەتاوان ئەژمێردرێت.

هەستان بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەگەر لە کاتی جەنگ یا ئاسایی بوو، هاتووە و پێناسە کراوە لە دەستووری سەرەکی دادگایی نۆرمبێرگی سەربازی نێودەوڵەتی لە ١٨ی ئۆگستی ١٩٤٥ هاتووەو جەخت ئەکاتەوە لەسەری کە بڕیاری کۆمەڵگای نەتەوە یەکگرتوەکان ٣د-١نوسراوە لە ١٣ی فێبرییەری ١٣٤٦، وە ٩٥د-١ نوسراوە لە ١١ی دیسەمبەری ١٩٤٦، کە تیاندا هاتووە دەرکردن و تاوانی چەکداری یان داگیر کردن و کرداری نا مرۆڤایەتی لە هەڵێنجانی سیاسەتی شۆڤین، لە تاوانی بە کۆمەڵکوژیدا هاتووە و پێناسە کراوە لە ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ لەسەر قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژی و سزادان لەسەر تاك و کۆ ئاماژەی پێکراوە کە لە هیچ پێکهاتەیەکی نایاسای لە ناوخۆی ولاتدا نابێت ڕاگواستن تێیدا کرابێت.

لە فەرهەنگی زانیاری کۆنگرەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، لەسەر پاراستنی مافی مرۆ لە تاوانی بە کۆمەڵ ئەبێت ئەو خالانە ڕەچاو بکات.

تاوانی بە کۆمەڵ و جینۆساید وەرگیراوە لە ئەدەبییاتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە تاوانی دژی ڕەگەز، ئەو کارانەی کە ئەچێتە چوار چێوەی کوشتنی بە کۆمەڵ ئەوانیش کوشتنی فیزیکی و بایلۆژیە لە کۆمەلگایەکی دیاری کراودا یان پێشێلکردنی مافە دەرونی و فیسۆلوجییەکانی کۆمەلگە بە ئامانجی داروخانی فیزیکی بۆ کەمکردنەوە یان لەناوبردنی زاووزێ، یان ڕاگواستنی مندالی ساوا بۆ کۆمەلگایەکی ترتاوانی نازییەکان لەدژی یەهودییەکان کەواتە کۆمەڵکوژی بەشێوەیەکی سروشتی هەستانە بەکوشتنی تاکەکان کە لە لایەن ئەو کەسانەی کەدەسەلات ئەگرنە دەست ئەمەش بۆ زیاتر قۆرخ کردنی دەسەلات و بەرژەوەندی خودی تاکەکەسی، بەتیشك خستنە سەر هەردوو ڕێکەوتن نامەی بەندەکانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ کە سەبارەت بەکۆمەڵکوژی‌و تاوانی دژی مرۆڤایەتی، هەروەها بەندەکانی دادگای نۆرم بێرگی سەربازی نێودەوڵەتی، بۆناسینی تاوانی ئەنفال بەپێی ئەم دوو ڕێکەوتننامەیە ئەوا ئەم پرسیارانە ەکەین، ئایا قەسابخانەی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەکوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٨٨ چووەتە ناو چوارچێوەی جینۆساید و ڕاگواستن و گۆڕینی دیمۆگرافیاوە؟ کەهەمویان دژی ئەو دوو ڕێکەوتننامەیە کەئاماژەمان پێکرد، ئایا ئەو ڕفتارانەی کەدژی کوردکرا جیاوازن لەو تاوانانەی کەدەچنە ناو چوارچێوەی تاوانی جینۆساید و تاوانی کۆکژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی؟

### پرۆسەی ئەنفال لەچوارچێوەی یاسا نێو دەوڵەتییەکاندا

هەوڵدەدەم بەشێوەیەکی ڕێکوپێك تیشك بخەمە سەر ئەو لایەنە سەرەکیانەی کەهەستاون بە تاوانی ئەنفال ئەویش حزبی بەعسی سەدامی بوو لەعێراق بەگەڕانەوەمان بۆئەو زانیاریانەی لەبەردەستماندان ئەتوانین بلێین سیستەمی لەناوچوی سەدام لەکوردستاندا لەپێش و پاش و لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا بە چی شێوەیەك تاوانی دژی خەڵکی کوردستان کردوو.

گۆڕینی دیمۆ گرافیا بەشێوەیەکی فراوان دژی ناوچە کوردییەکان بەتایبەتی شاری کەرکوك بە ئامانجی گۆڕینی روخساری شارەکە ئەمەش لەسەر بنەمای سیاسەتی نەخشە بۆ ڕێژکراو .

جێبەجێکردنی کرداری ڕاگواستن دژی جێگە کورد نشینەکان .

کۆکردنەوەی خێزانە کوردەکان لەهەموو لادێ و شارەکانەوە ڕاگواستنیان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان و چاودێری کردنی وردیان و قەدەغەکردنی تێکلاوبونیان لەگەڵ ناوچەکانیتر.

ناوچەیەکی بەر فراوانی زۆری قەدەغەکردبوو کەشوێنێکی زۆری کشتوکاڵی بوو وە کوشتنی هەر کەسێك بەهەر هۆیەك لەو ناوچەیەدا ببینرێت.

دانانی گروپی تایبەت بەلە سێدارەدانی کوردەکان لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان .

ڕاگواستنی زۆرێك لە ژن و پیاوەکانی کورد لەناوچەکانی باشوری عێراق.

ڕاگواستن و ئەشکەنجەدان و زیندانیکردن و کوشتنی کوردە فەیلییەکان

### لەپرۆسەی ئەنفالی شۆڤێنیدا چی رویداوە؟

ئەو زانیاریانەی کەلەبەردەستدان ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەو سیستەمی کوشتن و بڕینەی لە پرۆسەی ئونفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا کە بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو ئاماج درابوو.

بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی: ئەو بەڵگانەی کەلەدادگای تاوانبارەکاندا بلاو کرایەوە ئەوە ئەسەلمێنێت کە ئەم تاوانبارانە چەکی کیمیاویان بەکار هێناوە لەئەنفال و هەڵەبجەدا، ئەو بەڵگانەش کەدەست کەوتوون ئەو دەنگ و نوسراوانەبوو لەنێوان دەسەلات و دەزگای هەواڵگری و هێزی سەربازیەکان بەدەست کەوتبوون، زانیارییە باوەڕ پێکراوەکان ئاماژەن کە عێراق بەیارمەتی و پشتگیری چەند ولاتێکی گرنگی ڕۆژهەلات و ڕۆژ ئاوا چەکی بەکۆمەلکوژی کڕیوە و بەرهەمی هێناوە، ولاتانی ڕۆژئاوا زۆرترین یارمەتییان پێشکەشی عێراق کردووە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاویی لەناوخۆی عێراقدا، هەروەها بۆ بەرهەمهێنانی گازی خەردەل و بەکارهێنانی لەلایەن هێزە شەڕکەرەکانیەوە دژی میللەت، هەروەها بەکارهێنانی ٨١٢ تەن گازی تابون وە٢٥٠ تەنی بەکارهێنا دژی ٢٨٠ گوندی کوردنشین کە بووە هۆی شەهیدبونی ٢٥٠٠٠هاولاتی کورد، هەروەها بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لەسالی ١٩٨٨ لەشاری هەڵەبجە بووە هۆی کوشتنی ٥٠٠٠ مرۆڤ و برینداربونی ژمارەیەکی زۆر و پیسبونی ژینگەی ناوچەکە.

٢-ڕژێمی بەعس هەستا بەوێرانکردنی ٣٨٣٩ گوندی کوردستان و وێرانکردنی کێڵگە کشتوکاڵی و ئاوییەکان، بەتالانبردنی مەڕو مالاتەکەیان، ئەمەش بە شالاوێکی بەرفراوان بە هێرشی ئاسمانی و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی دەستی پێکرد، بەردەوام هێرشی ئەکردە سەر گوندەکان تا ئەو کاتەی بەزۆر چۆڵیان کرد، هەندێك لەو گوندانەش روخێنرانە سەر دانیشتوانەکەی، ئەم پرۆسەیەش لەساڵی ١٩٨٢-١٩٨٨ ی خایاند، بەتایبەت لەماوەی ١٩٨٧-١٩٨٨ ئەنجامیدا، عەلی حەسەن مەجید کە بەرپرسی پارێزگاکانی باکور بوو لەسەردەمی ڕژێمی لە ناوبراودا کە سەرکردایەتی ئەو پرۆسەیەی دەکرد، لە کاسێتێکی دەنگیدا کە لەبەردەم دادگای بالای تاوانەکان لە عێراق خرایە ڕوو، وتی هەموو هێزە سەربازیەکانی عێراق نەیانتوانیوە ئەوە بکەن کە ئێمە کردمان، ئەم قسەیەی لە کۆبونەوەیەکدا لە ٢٦/ مایسی/ ١٩٨٨دا کردبوو.

٣- بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕژێم هەستاوە بە پێکهێنانی گروپی چەکداری تایبەت بۆ کوشتن و زیندەبەچالکردنی خەڵکە دەستگیرکراوەکان و دواتر گۆڕەکانیان بە شۆفڵ لەگەڵ زەویدا کراون بەیەك.

٤- چەند حاڵەتێکی تر کە دەبینرێ جەلادەکان هەستاون بە جیاکردنەوەی گەنجەکان لە ژن و منداڵەکان و نێردراون بەرەو مردن، هەر لەو کاتەشدا ژن و منداڵەکانیان گواستەوە بۆ شوێنە جیاجیاکان وەك نوگرە سەلمان و تکریت.

٥- ڕژێمی لەناوبراو هەستاوە بەلە سێدارەدانی خەڵك لە شارو شارۆچکەکاندا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد بە بیانووی ئەوەی ئەو ناوچانە قەدەغەکراوە.

٦- ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پیاوانی دەڵەت هەستاون بە لاقەکردنی ئافرەتە گەنجەکان لە بنکەکانی خۆیان یان ئەو شوێنانەی بۆی دەچوون هەروەها بەڵگەی تەواو لە بەردەستدایە کە ڕژیم هەستاوە بە ناردنی ١٩ ئافرەتی کورد بۆ مەلهاکانی میسر.

٧-ڕژێمی بەعس هەستاوە بە ئاراستە کردنی هێزە سەر بازیەکان بۆ ڕوخاندنی ١٧٥٧ قوتابخانەو ٢٤٥٧ مزگەوت و ٢٧١ بنکەی تەندروستی لەو گوندانەی کە کەوتونەتە بەر شالاوی ئەنفال، لەمەشدا ئامانجی ئەوە بووە ژێرخانی ئابووری کوردستان بتەپێنێت.

پێویستە هەمیشە ئەوەمان لە یاد نەچێت کە تاوانێکی گەورەی وەك پرۆسەی ئەنفال لوتکەی دوژمنکاری و فاشستی بوو بەرانبەر خەڵکی کوردستان کرا، ئەمەش شەرم و خالی ڕەشە بە ناوچەوانی ڕژێمی بەعس و داروەست و هاوکارانیەوە.

### دەرئەنجامەکانی ئەو ئەنفالە ترسناکە چیبوو؟



بە پێی ئەو ژمارانەی کە لە لایەن حزبە کوردستانیەکانەوە پێشکەش بە لێپرسراوانی عێراق کراوە و ئەو ژمارانەی کە لەلای نەتەوە یەکگرتووەکانە ژمارەی قوربانیانی ئەنفال لە ماوەی نێوان مانگی شوبات بۆ مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٨ گەشتوەتە١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد سەرەڕای سەدان هاولاتی لە نەتەوەکانی وەك ئاشوری و کلدانیەکان، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی کوردستانی عێراق ناچاربوون هەڵبێن و ڕوو لە کوردستانی ئێران بکەن کە ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کەس کە لە ئابی ساڵی ١٩٨٨ کۆچیان کردووە، هەروەها نزیکەی ١٠٠٠٠٠ کەسی تریش ناچار بوون ڕوو بکەنە تورکیا لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا.

پێویستە لەوە دڵنیابین کە بێدەنگی عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هیچ شتێك ناتوانێت پاساوی بدات لەسەر ئاستی سیاسی و ڕەوشتی و مرۆڤایەتی و ئاینی، چونکە مافی هیچ کەسێك نیە کە پاساو بۆ ئەم کارە بهێنێتەوە، هەرچەندە بێدەنگی لەسەر ئەم تاوانە قێزەونەو زانینی وردەکاریەکانی جێبەجێکردنی بە بەژداریکردنێکی ئاشکراو بەردەوام دادەنرێت و هاندانێکی ڕوونە بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە، وەهەر پاساو هێنانەوەیەك بۆ ئەم تاوانە ئەبێتە تاوانێکی وەك ئەم تاوانە گەورەیە، لەبەر ڕۆشنای ئەوەی کە ئاماژەم پێکرد لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکاندا بە دڵنیایی و بە بێ دوودڵی و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا تاوانی ڕژێمی سەدام و ئەوانەی لە ناو قەفەزی دادگادان دەچنە چوارچێوەی تاوانی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی بۆیە نابێ و ناکرێت بە تێپەڕبوونی کات ئەم تاوانە لە بیر بکرێت، پێویستە ئەوکەسانەی هەستاوە بەم کارە بدرێتە دادگاو ئەوانەشی کە بەئایدۆلۆژیای فاشیەت و بە عەقڵیەتی نەخۆشەوە دەستیان چوەتە خوێنی گەنج و پیر و منداڵی کورد لە کوردستاندا تۆڵەیان لێبکرێتەوە



# دادگای باڵای تاوانەکان ئەرکێکی یاسایی لەئەستۆیە بەرانبەر بەجینۆسایدی کوردو ئایندەی عێراق

عومەرمحەمەد

ئێستا کەکەمینەیەکی زۆر کەم لەتاوانبارانی ئەنفال لەبەر دەمی دادگادان، ئەوەی چاوەروانیانە سزا یە نەك دەربازبوون، ئەوەی بۆیان دەمێنێتەوە لەسێدارەدانە وەکو سەدامی سەرکردەیان نەك بەرائەت، هەرگیزگرفتەکە لەوەدانیە کە چۆن سزا دەدرێن، بەقەد ئەوەی چۆنێتی سزادانی ئەو تاوانەبارنەوئایندەی کۆمەڵگەی عێراق گرفتی ئایندەیە..گرنگ ئەوەیە هەرچۆنێك سزا بدرێن سەرئەنجام بە کوشتنی خۆیان و رزگاربوونی هەزاران هەزار گرگنی تر کۆتایی بە دۆسێکەیان نەیەت، چونکە ئەمە خۆی لەخۆیدا دەبێتە سوکایەتی کردن بە قوربانیانی ئەنفال.. تاوانبارانی ئەنفال وجینۆسایدی کورد تەنها تاوانێکی ئاساییان نەکردووە، بەڵکو تاوانەکانیان نێونەتەوەیین و ناشێت سزای نیودەوڵەتی وەرنگرن و کۆمەڵگەی عێراقیش کەڵك لە سزا دانیان وەرنەگرێت، کورتتربڵێین ناشێت دادگای باڵای تاوانەکان سودلە پەیماننامە نیودەوڵەتیەکان وەرنەگیرێت، تاوانی ئەوانە ناکرێت دیزە بەدەرخۆنە بکرێت لە دادگایەکی ناوخۆیی وەکو ئەوەی کەئیستا دەیبینین.. بەتایبەتی لە هەڵەبجەو پەلامارەکانی ئەنفالدا کە زۆرناوەندی جیهانی و ناوخۆیی لێی ئاگادرن و بەچاوی خۆیان بینیویانە بەعس چۆن رەفتاری نامرۆڤانەی دەرهەق بەخەڵکی کوردستان کردووە، پێشیلکردنی یاسای نێودەوڵەتی، کرینی چەك ومادەی کۆمەڵکوژو بەکارهێنانیان لەجەنگی ئێران و لەناوخۆی عێراقدا بەتایبەتی لەدژی خەڵکی کوردستان، پێشیلکردنی واژۆی دەوڵەتی عێراق لەدژی جینۆساید.. هەموو ئەمانە پێشێلکاری گەورەن و ناشێت کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی و لە پێش هەموویانەوە نەتەوەیەکگرتووەکان لێی بێدەنگ بێت، راستە ئەو تاوانبارانە ئەگەری کردنەوەی هیچ دەرگایەك نیە بەروویاندا بۆ ئازادبوون. بەڵام ئایا دەشێت کورد وەکو بەشێك لە دەولەتی عێراق بە سزای کوشتنیان دەستەوسان دانیشی؟ ئاخۆ ئەوە قسەیەکی گەوجانە نیە بڵێین سەدام لەبەرانبەر یان لە تۆڵەی ئەوهەموو قوربانیە لە سێدارە درا؟ باشە ئەگەر لەسێدارەنەدرایە چی دەبوو؟ بائەوقسە بێبناغەیەش بەهەند نەگرین کە دەڵێت دورنەبوو لە زیندان رابکات!! باواز لە ئیهمالی دەرگاوان وزیندانەوانەکان بێنین.. بەڵام کە رادەکات بۆ کوێ رادەکات؟! کام کێوی دیکتاتۆریەتمان لێدەگرێتەوە ؟!! بەداخەوە دەبوایە نەك ترسی راکردنی ئەو تاوانبارنە بەڵکو هەموو ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد دەبوایە دادگایکردنەکە نەیان بوێرێ، کەواتە زۆرگرنگە کورد بتوانێ بە لۆژیکێکی عەقڵانیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆسێیانەدا بکات، نەك بە عاتیفەو تەنها بە سزای لە سێدارەدانی ( سەدام حسێن و عەلی حەسەن مجید) بەهار لە خۆی بهێنێتە چۆکان، چونکە لە سێدارەدانی صدام و عەلی کیمیاوی نەك خزمەتی دۆسێی ئەنفال و چارەنوسی سیاسی گەلی کورد ناکات، بەڵکو دەبێتە جۆرە سەروەرییەکیش بۆ خودی سەدام و شۆڤێنیزمی عەرەبی، لەبەرئەوەی ئەوان بە هەموو پێوانەیەکی یاسایی تاوانبارن، ئەنجامدەری تاوانی جینۆساید و تاوانی جینۆسایدیش ترسناکترین جۆری تاوانەکانەو بەپێی یاسای نیودەوڵەتی لە تاوانەکانی ترجیاکراوەتەوە، بۆیە دەرفەتی دەربازبوونیان مەحاڵەو سزادانیشیان مەسەلەیەکی یاساییە نەك خێرێك بێت بەگەلی کوردی بکەن. هەروەك لەبەندی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی دادگای نورمبێرگ/خالی ٤/دا هاتووە: ( پلەو پایەی رەسمی هەرکەسێك، جا سەرۆکی دەوڵەت بێت، یان سەرانی لێپرسراوی کارگێری حکومەت، لە تاوانی جینۆسایدکردندا ئەمە لەبەرچاوناگیرێ و لە بەرپرسیارێتی تاوانەکەی کەم ناکاتەوەو دەربازی ناکات، هەروەها ناشبێتە هۆی سووك کردنی تاوانەکەی ...) ئەگەرچی لە دەستورویاسای ناوخۆی دەوڵەتی عێراقدا لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا رژێمی لە گۆرنراوی سەدام حوسێنیش، کۆی ئەو تاوانانەی لەدژی خەڵکی کوردستان ئەنجامدراون، نەك بە تاوانی جینۆساید بەڵکو لەبنەرەتدا بە تاوانی بچوکیش نەژمێردراون، بەپێچەوانەوە بەناوی سەروەری یاساو تۆمەتبارکردنی جیاجیاوە کورد قەتل و عامکراوەو هەوڵی پاکتاوکردنی دراوەو مێژووی شێوێندراوەو کەلەپوری بە هەڵمەتی پاکتاوکردن کەوتووەتەوەو شەرعیەتی پێدراوە.

ئەم تاوانانە لەیاسای نێونەتەوەیی دەربازنابن، هەروەك برگەی (B) لەبەندی دووەمی ژمارە (١٠)ی دادگای نورمبێرگدا دەڵێت: ( ئەگەر یەکێك فەرمانی حکومەتەکەی جێبەجێکردبێت، لە تاوانی جینۆساید دەربازی نابێت، بەڵام رەنگە حوکمەکەی سوکتر بکات) بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا هەڵوەستەی لەسەربکەین ئەوەیە کە تەنیا سزادانی تاوانباران بەسنین لەبەرانبەر تاوانی جینۆسایدکردنی بەشێك لە گەلی کورد، بەڵکو گرنگە بڕیارەکانی دادگا لەبارەی جینۆسایدکردنی کوردەوە چۆن دەبن و چارەنوسی قوربانیەکە (گەلی کورد) لەعێراقدا چۆن یەکلاییدەکاتەوە؟!

ئەگەر بڕیارەکانی دادگا لە رووی عەدالەتەوە کورتیانهێنا کورد، چ هەلویستێکی دەبێت و دواتر چ رێگایەك هەڵدەبژێرێت؟ لێرەوە پێویستمان بەوەیە هەڵوەستەیەك لەسەردادگای لاهای بکەین لەمەر دادگایکردنی هاوکارێکی رژێمی سەدام حوسین لە جینۆسایدکردنی بەشێك لەگەلی کوردا، کە بەهۆی سزادانی (فرانس ڤان ئانرات)گەورە بازرگانی مادەی کیمیاوی یەوە توانیویتی جینۆسایدکردنی بەشێك لە گەلی کورد ساغ بکاتەوە، ئەم دادگایە کە ئێستا دۆسێکەی لەبەردەمی دادگای عێراقیشدایە گەلێك کۆدی نهێنی و گرنگی بۆ کوردو تەنانەت بۆ یاسای نێو دەوڵەتیش کردووەتەوە، لە دوای دادگای هۆڵنداوە کورد دەتوانێت، هەنگاوی گرنگ بهاوێت، ئەگەرکەسێك تۆمەتباربێت یان گومانلێکراوبێت بەتاوانی جینۆسایدکردنی گەلەکەی، لەهەرکوێیەکی وڵاتانی ئەوروپا بەپێی ئەوەی ئەو وڵاتانە دادگاکانیان سەربەخۆن، دەتوانن ئەوکەسە بدەن بەدادگاو سزای بدەن و لە هەمانکاتدا قەرەبووشی پێوەربگرنەوە، هەروەك ناوەندی چاك لە هۆڵندا بەوکارە هەستا. جا ئەگەر گومان لێکراوەکە ئەنجامدەربێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ.

ئەگەرچی کورد لەسەدەی بیستەمدا قڕکراو هەوڵی پاکتاوکردنی یەکجاری دراوکەس بەدەنگیەوە نەهات، بەڵام لە سەدەی بیست و یەکدا ئەوا بۆدووەمین جارە دادگا بۆ تاوانبارانی جینۆسایدکردنی کورد دادەنرێت، دادگای هۆڵنداو دادگای ناوخۆی نیشتمانی دوو پرۆسەن دەتوانن کورد بخەنەوە سەرپێی خۆیان، چونکە ئەگەر دادگای عێراقی لەبەرانبەر ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید کەم تەرخەم بێت، هێشتا دەرگاکان بۆ کورد کراوەن و بەتەواوی داناخرێن، لەبەرئەوەی بەپێی یاسای نێونەتەوەیی تێپەڕبوونی کات بەسەر ئەنجامدانی تاوانەکاندا نابنەهۆی لەدەستدانی خەسڵەتی یاسایی، لەبەرئەوەی پەیماننامەی دژی جینۆسایدکردنی نەتەوەیەکگرتووەکان جینۆساید بە تاوانێکی نێونەتەوەیی و ترسناك دەژمێرێت، بۆ سەلماندنی ئەم راستیەش نمونەیەك لە بەندی یەکەمی پەیماننامەی دژی جینۆساید دەهێنینەوە، کەبەپێی بەندی یەکەمی رەچاونەکردنی بەسەرنەچوونی کاتی تاوانی جەنگ وتاوانی دژی مرۆڤایەتی لە سالی ١٩٦٨: ( تاوانی دژی مرۆڤایەتی گوێ بەوەنادات، لەکاتی جەنگدا یان لەکاتی ئاشتیدا تاوانەکان، ئەنجامدراون، هەروەك ولە دەستوری دادگای سەربازی نوربیرگدا لە ١٩٤٥/٨/٨ دیاریکراوە: ( راونان لەئەنجامی هێرشی چەکداری یان داگیرکردن ورەفتاری دژبەمرۆڤ، ئەوانە ئەنجامی سیاسەتی ئاپارتایدو جینۆسایدن، کە لە پەیماننامەی ١٩٤٨دا دەربارەی قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزاخستنە سەرتاوانکارانیدا دیاریکراوە، ئەگەرچی ئەو کارانە بەپێی یاسای ناوخۆی ئەو وڵاتەی لێیان ئەنجامدراوە یاسا شکاندنیش نەبن) هەرسەبارەت بەم لایەنە بەندی پێنجەمی راپۆرتی لیژنەی یاسای نیودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە: (تاوانی دژی ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤایەتی بەحوکمی خەسڵەتەکەی بەرحوکمی سەردەمی بەسەرچوو ناکەوێت) هەروەها پێویستە تێشکێکیش بخەینە سەر دادگای هۆڵندا کاتێك دەستەی پارێزەران لەکاتی کۆبوونەوەکانی دادگادا لە بەرژەوەندی تاوانبار فرانس ڤان ئانراتدا، ئەوەیان ڕاگەیاندبوو: ( ئەم کێشەیەی داواکاری گشتی دایمەزراندووە لە دژی گومانلێکراو دەبێت پەسەند نەکرێت، بە هۆکاری ئەوەی ئەو کردەوانەی گومانلێکراو پێیهەڵساوە لە رووی یاساییەوە بەسەرچوون و کاتێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیووە). بەڵام دادگا ئەم داوایەی پارێزەران رەتدەکاتەوە دیسانەوە لەهەمان دادگا دەستەی پارێزەرانی تۆمەتبار نارەزایەتیان دەربری و ئەوەیانراگەیاندبوو: ( بەشداریکردن لە تاوانی جینوساید وتاوانەکانی جەنگ دوو ڕوداوون پێکەوە گرێدراون و بەدوای یەکدا دێن. لەبەر ئەوەی ئەم دادگایە لە شاری دەنهاخ دەسەڵاتی بڕیار وحوکمدانی نییە لە مەڕ تاوانە بنچینەییەکە (واتە: جینۆساید)، هەر بۆیە دەسەڵاتی بڕیارو حوکمدانی بە سەر ئەم ڕووداوانەشدا نییە. کە لەکوردستانی عێراق ئەنجامدراون ،بەتایبەتی لە ئێستادا کە لەو جێگایەی جینۆسایدی تیدا پیادەکراوە، ئەنجامدەرانیشی راستەوخۆ دادگایی نەکراون، بەڵام دادگا ئەم نارەزاییەی دەستەی پارێزەرانی رەتکردووەتەوە. بەڵکو دادوەر پێی راگەیاندبوون، ئەگەر ئەوەی پارێزەران دەیڵێن راستو درووست بێت، ئەوا دەبێتە هۆی پەسەند نەکردنی داواکاریەکەی داواکاری گشتی.

بەبروای دادوەر ڤان رۆسۆم ( Van Rosom ) بەشیداریکردن لە تاوانێکدا، ئەگەر بێتو ئەو تاوانە جینۆساید یان تاوانی جەنگ بێت، بە گوێرەی یاساکانی هۆڵەندا، تاوانێکی سەربەخۆیە و سزا دەدرێت. بۆ نموونە: ئەم تاوانانە کات و شوێنی دیاری کراوی خۆی هەیە بۆ ئەنجامدانی. ( ئەگەرگومانلێکراوێك لە نێو خاکی هوڵەندا بژی و هەڵگری رەگەزنامەی (جنسیەی) هولەندی بێت، دەکرێ لە سەر بەشیداریکردن لە تاواندا، لە هۆڵەندا دادگایی بکرێت، بە گوێرەی ماددەی ٥ لە یاساکانی تاوان و بە گوێرەی ماددەی ٢ ی یاسای لێپرسینەوەی تاوانکاری هەروەها بە گوێرەی دەسەلاتی تایبەتی یاساکانی نێودەوڵەتی بۆ تاوان. نەك تەنیا دادوەری هوڵەندی بەلکو دادوەری شاری دەنهاخیش دەسەڵاتی ئەوەی پێدراوە زانیاری لەم بارەیەوە هەبێت.

بۆیە ئەوەی دەستەی پارێزەران رایانگەیاند بە هیچ کلۆجێك لە لایەن یاساکانی نێودەولەتی یەوە پشتگیری لێناکریت. بە تایبەتی لە تاوانی نێودەولەتیدا کەسانێکی زۆر و چەند لایەنێکی جیاواز بەشداری تێدا دەکەن. هەمیشە دادگایکردنی ئەم حاڵەتانە لە چەند جێگایەکی جیاواز ئەنجام دەدرێت. ئەگەر بەم شێوەیە کارنەکرێت ئەوا چەندەها گومانلێکراوی جینۆساید لە سزادان دەرباز دەبن. ئەمە بە هیچ کلۆجێك نابێ ببێتە هۆی دەستبەرداربوونی ئەرکەکانی سەرشانمان(مەبەست دادوەرییە) لە مەڕ سزادانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان. بارگرانی ئەم تاوانانە ئەرکێکمان پێدەسپێرێ کە نابێ هیچ جیاوازیەك هەبێ لە نێوان شێوەو جۆری بەشداربوون لە تاوانەکاندا)هەروەها دەستەی پارێزەران داوایان لە دادگا کردبوو رادەی تاوانبارێتی حوکمەتی ووڵاتێکی جیاواز هەڵبسەنگێنێت، چونکە عێراق لە هەموو وڵاتێکی تردەسەڵاتی زیاترە بۆ دادگایی کردنی ئەم ڕووداوانەی بەردەستمان. بۆیە حوکمدان لە سەر ئەم کێشەیە بە گوێرەی یاساکانی نێودەوڵەتی کارێکی نابەجێیە.

بەڵام دیسانەوە دادوەر داواکەیان رەتدەکاتەوەو دەڵێت: (ئەم نارەزاییە بێ مانایە. ووڵاتی هۆڵەندا لەم حاڵەتەدا حوکمی کەسێك نادات بە گوێرەی یاساکانی نێودەولەتی پارێزراو بێت (حصانەی قانونی هەبێت). هەرچەندە لەسەر دادگا پێویستە لەم کێشەیەی بەردەستیدا هەڵسەنگاندنی خۆی ئاشکرا بکات سەبارەت بە تاوانە بنچینەییەکان (واتە: جینوساید)، کە لە لایەن ئەوکەسانەوە ئەنجامدراون کە لە بانگهێشتی دادگادا ناویان براوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دادگا حوکمی ئەو کەسانە دەدا، چونکە ئەم هەڵسەنگاندنە نابێتە هۆی سزادانی ئەوان یان سەپاندنی لێپرسینەوەی یاسایی بە سەریاندا.

دادگا هەڵسەنگاندنی خۆی بەرامبەر بەو کەسانەی لە بانگهێشتی دادگادا ناویان براوە وەك ئەنجامدەری سەرەکی تاوانی (جینوساید) ڕوون دەکاتەوە. دادگا دەڵێت ئەم کەسانە حالی حازر هیچ پلەیەکی ڕەسمیان نەماوە و هیچ جۆرە پارێزراویەکی (حصانەی) نێودەوڵەتی نایانگرێتەوە. یاساکانی نێودەوڵەتی ناتەبا نین بەوەی ئەم کەسانە حوکم بدرێن بەرامبەر ئەو تاوانانەی کردویانە کاتێك ئەوان جڵەوەی دەسەڵاتیان لە دەستدا بووە. ئەمەش هیچ پەیوەندیەکی نیە بەو پرسیارەوە کە ئایا حوکمدانی ئەم کەسانە لەم کاتەدا کارێکی مەحاڵە یان نابەجێ یە.

سەبارەت بەو خاڵەی عێراق وڵاتێکە لە هەموو وڵاتانی تر زیاتر دەسەڵاتی یاسایی هەیە بۆ دادگاییکردنی ئەم کێشەیە، دادگا دەڵێت: بە گوێرەی یاساکانی نێودەوڵەتی، چ تاوانە سەرەکیەکان، ( واتە جینوساید)، چ بەشداریکردنی کەسی گومانلێکراو لەم تاوانانەدا کارێك نین تایبەت بن بە دەزگایەکی یاسایی دیاریکراو. ) لێرەدا دادگای هۆڵنداش ئەوە ساغ دەکاتەوە ئەوانەی تاوانباری سەرەکین یان هاوبەش و یاریدەدەر دەشێت لە هەرکوێیەك دەرفەتی گونجاو هەبوو داوایان لەسەرتۆماربکرێت وبگیرێن و دادگا سزای یاساییان بەسەردا بسەپێنێ، چونکە تاوانی جینۆساید تاوانێکی نێونەتەوەییەو لەهەرکوێیەك دادگاو تۆمەتبار هەبوون، گرتن ودادگایکردنیان نابێتە کارێکی نەگونجاو نایاسایی. بۆیە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق ئەگەر راستگۆبێت و بەراستی سەربەخۆبێت وپابەندبێت بە یاسانیودەلەتیەکانەوە ئەوا وێرای سزادانی یاسایی ئەنجامدەران وتاوانباران، دەتوانێ بەشێك لە کۆی مرۆڤایەتی کەقوربانی جینۆسایدەوناوی گەلی کوردە لە عێراقدا بخاتەوە سەرپێی خۆیی و بەپێی یاساو بەقەد قەوارەی تاوانەکانی بریاری قەربووکردنەوەی بداتەوە. تالەبەر رۆشنایی بریارەکانی دادگایکردنەکەو پەیماننامەی دژبە جینۆساید بەچاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان دەوڵەتی عێراقیش وەك مەسەلەیەکی ئەخلاقی و یاسایی بە ئەرکی خۆی هەستیٚ و داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات و قەرەبووی مادی ومەعنەوی بکاتەوەو وەك رێزلێنانێکیش بۆ قوربانیانی جینۆسایدکردنی هەردوو رۆژی ١٤/٤ وەك کارەساتی ئەنفال و١٦/٣ بۆهەلەبجە بکاتە پشووی رەسمی لە سەراسەری عێراقدا. دادگای باڵای تاوانەکان دەتوانیٚ دەرگای لێکتێگەیشتن ولێبوردەیی وکلتوری دیموکراسی لە عێراقدا بکاتەوەو گورزێکی کوشندەش بەکلتوری بەعسیزم بکێشێت، ئەگەر روخانی بەعس وەرچەرخانێکی گەورە بووبێت، لە ژیانی عێراقیەکاندا ئەوا ریشەکێشانی بەعسیزم دەبێتە وەرچەرخانێکی گەورەتر، بۆیە بریاری لەسێدارەدانی سەرانی بەعس بەبیٚ بەفەرمی ناسینی جینۆسایدکردن وقەرەبوکردنەوەی گەلی کورد، بەبیٚ دوای لێبوردن لێی لەلایەن دەولەتی عێراقەوە ، دەبێتە سیناریۆیەکی درێژوو، ئامادەبوونەوەی ترسی ئەنفال لەبەرگ و فۆرمی جیاوازتردا لەئایندەی عێراق وکوردستاندا.

## پەیامی نەتەوەیەك بۆ دەسەڵاتدارەکانی

ئەمرۆ نۆزدە ساڵ بەسەر کارەساتی جگەر بڕی ئەنفالدا تێدەپەرێ بە بیرکەوتنەوەی ئەو یادەو دادگای کردنی ٦ کەس لە ئەنجام دەرانی کارەساتی ئەنفال تێکۆشەرێکی وەك (عەلۆی مەزهەر)ی بیرهێنامەوە، عەلۆ بە هۆی بەخت و ناوچەوانیەوە هەر لە تەمەنی هەرزەکاریەوە ئولفەتی بە پێشمەرگایەتییەوە گرتبوو زۆربەی ساڵەکانی شۆرشی ئەیلول و شۆرشی نوێ وەك رەنجبەر تەنها پێشمەرگایەتی دەزانی، ئەوەندە کۆن بوو هاورێکانی زۆر جار سەریان دەخستە سەری، ئەویش بە زمانی خۆی جوابی دەدانەوە ئەیوت برۆن کورم تا من پێشمەرگە بووم ئێوە (قەوان) یشتان دەست نەدەکەوت تا قەوانینی پێ بکەن، ئێستا دەتانەوێ بە من رابوێرن، بیرم دێت لە پێشمەرگایەتی بە زۆری رەشاش برێنی لە شان بوو خۆی لە فیشەك رەش دەکرد، فیشەکی ئەو رەشاشە بە زۆری رەش بوو، لە شۆرشی نوێ بەهۆی برینداری زۆر بە جەستەیەوە کلاشینکۆفێکی موزەلی بەشانەوە بوو هەمووگیانی پارچە بوو، تەنانەت زۆر جار لە شەرەکاندا کاتێ ( R.B.G) دەتەقێنرا وای دەزانی دەنگی برنەوە، ئەیوت بە قوربانت بم برنەو دەنگت چەند خۆشە، بەر لە ئەنفال زۆر جار وا رێ دەکەوت ئەمبینی و زۆر حەزم بە قسە تامەزرۆکانی بوو زۆر جاریش سەرم دەخستە سەری، دوای گفتوگۆ و مناقەشەیەکی زۆر ئەیوت باپێت بڵێم دونیا فشەیە و فشەکەریش دەیخوا ئەو کات بەو قسانەی هەندێك قەس دەبوم، لە دڵی خۆمدا دەموت چۆن دەبێت پیاوێکی ئەوەندە بە ئەزموون و لە خۆبردوو وا قسە بکات، بەڵام ئێستا دەزانم قسەکەی زۆر لە جێگای خۆیدا بوو، ئێستا ئەو واتە عەلۆی مەزهەر دوای ئەو هەموو تەمەنە پڕ لە تێکۆشانەی خانەنشین کراوە، لە دوو سێ مانگ جاری موچەیەکی خانەنشینی پێ دەدەن کە بەشی جگەرە کێشانەکەشی ناکات، بۆنەگبەتی لە ژیان دا تەنها ئەوەی بۆ ماوەتەوە، لە بەرامبەریشدا ئەنفال چیەکان ٦ کەسیان نەبێت کە ئەمرۆ لەسەر تاوانی ئەنفال دادگای دەکرێن باقی بەزۆریان وەزیر و گزیرن، ئەبێت کەسو کاری ئەنفالەکان چاوڕاوی ئەوەیان بێت ئەنفالچیەك رێگەیان پێ بدات دەستەونەزەر لە بەردەمی مێزەکانیان رابوەستن ئەوانیش لە پشتی مێزەکانیانەوە کوردایەتی یان نیشتمان پەروەریان پێ بفرۆشن، بۆیە عەلۆ وتەنی دونیا (فشەیە و فشەکەریش دەیخوا) با لەبەر رۆشنایی ئەو وتەیە هەموو کەس و کاری ئەنفال کراوەکان داوایەك پێشکەش حکومەت و پەرلەمان بکەین، داواکاریەکەمان بریتی بێت لەوەی با پاشماوەی ئەنفالەکان بەدەردی کەسو کاریان بەرن، شەش قارەمانەکەی ئەنفالیش ئازاد بکرێن بە عەلی کیمیایشەوە، لەبەرئەوەی بە ئەزمونن لە جینۆساید و لە ناودان بە ئازادکردنی ئەوان تەکالیفی مادی و مەعنەوی کەمتر تێ دەچێ. بەشێتم نەزانن، هەرشتی زیادەبوو لە ناودانی باشترە ئەوە ئەرکێکی مرۆڤایەتییە، گەروانەبوایە هتلەری نازی لە رووی ئینسانیەوە ئەو هەموو کەم ئەندام و کورتە باڵاکانی لەناو نەدەبرد، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە مرۆڤانە هەست بە کەمو کوری دەکەن لە ناودانیان باشترە هەر رۆژێکیان بەسەد مردن هەیە، بۆیە من لە جیاتی کەس و کاری ئەنفالەکان داوا لە معالم پاشاکانی ئەو وڵاتە ئەکەم. تازووە ئەنفالمان کەن هیچ نەبێت لەو دونیا بە کەس و کارمان شاد بینەوە، ئەگەر لەوەشدا فێڵمان لێ نەکرێ گوایە لەو دونیای زیندو دەبینەوە، ترسم هەیە لە وێندەریش هەر فشەکەر بیخوا تا ساڵێکی تر و یادێکی تری ئەنفال بە خۆشیتان دەسپێرم یادی ئەنفال لە هەموو لایەك پیرۆزە. تەنها ساڵانە بیرمان دەکەوێتەوە هەفتەیەك دوان بای بای بە ساڵێکی تری دەسپێرینەوە ئەمەیە وەفاو ئەمەك بۆ قوربانیانی ئەنفال.

شوان خورشید

# ئەنفال لەنێوان سیاسەت و خوێندنەوەدا

## مێژوو پێشکەوتن نەبووە لەبەربەریەتەوە بەرەو ئازادی بەڵکو لەتیرو کەوانەوە بۆ بۆمبای میگاتۆمی

( تیۆدۆر ئادۆر نۆ )

ئاوات عەبدلا

ئەنفال ئایدۆلۆژیا و پرۆسەو مەبەستی شۆڤێنستی ڕژێمی بەعس بوو، ناکرێ ئەنفال تەنیا وەك ڕەهەندێکی کوشتن و لەناوبردن سەیر بکەین، بەڵکو ڕەهەندێکی دیکەی گرنگ بینینی ئەو ئایدۆلۆژیا و نەخشە ستراتیژییە کە لە پشتی ئەم پرۆسەیەوە هەیە.

واتە بەبێ تێگەیشتن لەم ڕەهەندەی دیکەیان مەحاڵە بتوانین لەمانا شاراوەکانی ئەنفال تێبگەین، تێگەیشتن لە ئەنفال تێگەیشتنە لە سیاسەتی ڕژێمێك کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە بونی خۆی لەسەر بنەمای سڕینەوەی ئەوانی دی بونیاد ناوە.

واتە ئەنفال گوزارشتە لە ستراتیژێکی پڕ لە بەدگومانی، ستراتیژی رژێمێك کە بۆ پاراستنی هەیبەت و سیاسەتی خۆی پەنای بۆ دەبات، لە چوارچێوەی ئەنفالدا بەعس بەڕاسترین شێوە گوزارشت لە ڕەگەزپەرستی و بەدگومانی خۆی دەکات " هەموو تێگەیشتنێکی زانستی لە ئەنفال ڕاستەوخۆ تێگەیشتنە لە فاشیەتی بەعس، بەبێ تێگەیشتن لە ئەنفال مەحاڵە بتوانین بە شێوەیەکی تەندروست لەبەعس تێبگەین، سەرەکی ترین فاشیزمیەتی بەعس لە بەدگومانیەوە دەست پێدەکات، بەعس پێشی وابوو گەشەو بەردەوام بوونی هەموو نەتەوەو خەڵکانی تر پێش هەموو شتێك مەترسی لەسەر ستراتیج و سیاسەتی ئەو دروست دەکەن. بۆیە لای بەعس تاچەندێك بتوانیت ناسنامەی ئینسانی و نەتەوەیی خۆت لەناوبەریت ئەوەندەش دەتوانیت لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا ژیان بگوزەرێنین..!

ئینسان بوون لەناو رژێمی بەعسدا لەسەر سڕینەوەی خودی ئینسانیەت بونیات نراوە، هەر مرۆڤێك لە سیاسەتی بەعس دا واز لە ماف و دەنگ و ڕەنگی خۆی نەهێنێت ئەوا ڕاستەوخۆ پێویستە جگە لە کوشتن و ئەنفال و جینۆساید بیر لە بچوکترین شتی دیکە نەکاتەوە، بەعس پێیوابوو ژیانێك گەر بۆ بەعس نەبێت هەرگیز شایستەی ژین نییە، خوێنێك گەر بۆ ئامانجی بەعس نەبێت گەر لە پێناوی سەرکردە سەدامی دیکتاتۆر و جەنگە بێ ماناکانیدا نەڕژێت ئەوا پێویستە چەکی کۆ کوژ و هەموو شێوازەکانی ئازار و ئەشکەنجەی لەسەر ئەنجام بدرێت.. ئەنفال خەسڵەتێکی هەرە دیاری ئەم حاڵەتەیە نەتەوەیەك هەیە داکۆکی لە ماڤ خۆی دەکات دەیەوێت بژی تەنیا لە پێناوی ژیاندا هەوڵی سەربەستی خۆی دەدات..

ڕژێمێکیش هەیە هیچ شتێك هێندەی ئەم داکۆکی کردنە پەست و پەشێوی ناکات، لەلای بەعس هەموو هەنگاوێك بەرەو سەربەستی ڕاستەوخۆ هەنگاونانە بەرەو دۆزەخ، سەرەتای هەموو مل نەدانێك سەرتایەکە بەرەو هەڵواسین. بەعس خۆی بە کرۆکی هەموو مافێکی ئینسان و ژیان دەزانێت ئەو پێی وایە هەموو کات و شوێن و ئامانجەکان لە گەوهەرو هەناوی خۆیدا لە دایك دەبن، سەرجەم ئیرادە و ئاواتی مرۆڤەکان لە قولایی ئایدۆلۆژیاکەی خۆیدا گەشە دەکەن، لەلای بەعس جێیەك نەبوو بۆ جیاوازی، هیچ شوێنێکی وەها نەبوو کەسێکی دیکە هەبێت و بڵێت لە دەرەوەی سیاسەت و ئایدۆلۆژیەتی تۆ منیش زمان و کلتور و نەتەوەی خۆمم هەیە، لە سیاسەتی بەعسدا گەورەترین هەڵە کاتێك دروست دەبێت کە کۆمەڵ و نەتەوەیەك هەیە تەعبیر لە جیاوازی خۆیان دەکەن، ئەم جۆرە لە هەڵەش لە هەناوی بەعسدا پێویستی بە قڕکردن و ئەنفال و جینۆساید هەیە، ئەنفال پرۆسەیەکی سەرپێیانەو لە خۆرا نییە بەڵکو بەرهەمی پرۆسەیەکە پێش وەخت بەرنامەو نەخشەی جدی بۆ داڕێژراوە، پێویستە هەرگیز ئەوە لە یاد نەکەین ئەنفال بەر لە هەموو شتەکانی تر پاساو بیانوی تایبەت بە خۆی بۆ ساز و ئامادە کراوە بەعس پێویستی بەوە هەبوو بە شێوەیەکی بەرنامە ڕێژی سیاسی (ئەمنی قەومی) و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و سەروەریەکانی وڵات بکاتە پاساوی هەموو ئەو تاوان و کوشتن و بڕینانەی کە ئەنجامی دەدات. بۆیە گرنگە توێژینەوە لە ئەنفال جگە لە ناونوس و تۆمار و ئاماری ئەنفال کراوەکان زانین و تێگەیشتنێکی بنەمای ناسیمان لەسەر مانا شاراوەکانی ئەم پرۆسەیە هەبێ، ئێمە ئەو کاتە لە ئەنفال تێدەگەین کە بتوانین لە نهێنیەکان تێبگەین، بتوانین ئەو مانایە کەشف بکەین کە تا ئێستا گومانیان لێناکەین، ئەنفال لە سیاسەتی بەعسدا یەکەم جار لە نەخشەو ستراتیژەوە دەست پێدەکات.

نەخشەیەك کە هەموو فەلسەفە و دین و فکرەکان لە بۆتەی خۆیدا لە قاڵب دەدات، بەعس لە ڕێی بزواندن و ختوکەدانی سۆزی خەڵکییەوە هەمیشە ئەوانی تر ئافەرۆز دەکات و لە خانەی تێکدەر و کافر زەندیق و گومڕاکاندا ناونوسیان دەکات، لە دیدی بەعسدا میللەتی کورد لە لیستی مولحیدەکاندا لە ریزی هەرە پێشەوەدا دانراوە، نەخشەیەکی لەم جۆرەش حەقیقەت و ڕەهای تەواو دەکاتە موڵکی سیاسەتی خۆی و لێرەیشەوە ماڤ ئەنفال و جینۆسایدی ئەوانی دی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، بێگومان حەقیقەت و ڕەهاییەش بەردەوام وێنەی فکر و سیاسەتێکی دوڕاوە کە بێهودە بۆ سواخدانی فاشیەتی خۆی لە دواجاردا پەنا بۆ سۆز و ویژدانی خەڵکی ساویلکە دەبات، بەعس باش ئەوە دەزانێ کە ئەو هەموو مانان سروشتیەکانی سیاسەتی لە دەست داوە بۆیە بەردەوام دەیویست جارێکی تر لە ڕێگای ناسروشتیەوە ئومێدێك چنگ خۆی بخاتەوە ئەو ئومێدەی بە ئەنفال و بە خوێنی هەزارەها مرۆڤی کورد دەتوانێت تینوێتی خۆی بشکێنی و جارێکی تر دڵنیایی بۆ خۆی مسۆگەر بکاتەوە..

ئەنفال هەڵوێستێکە بۆ دڵنیایی، دڵنیایەك بەقڕکردنی ئەوانی دی نەبێ بەهیچ شتێکی تر ئارام و جێگیر نابێ، ئەنفال کردن لەلای بەعس تەنیا دوژمنایەتی کردن نییە، بەڵکو خەسڵەتێکی سادیزمیانەی هەیە، شێوەیەکە لەو شوناسەی کە لە هەموو سیاسەتەکانی دونیا جیا دەکاتەوە، ئەنفال نیشاندانی وێنەی سایکۆلۆژیەتی بەعسدا لە واقیع و پراکتیکدا، بۆیە ئەنفال بە تەنیا شتێك نییە وەکو کارەسات و وەکو مێژوو تۆماری بکەین و وێنە و پێشانگای بۆ بکەینەوە، بەڵکو کەرەستەیەکی لەبار و گرنگە بۆ ئەوەی لەم ڕێیەوە بتوانین لە نەخۆشیەکانی سیاسەتی بەعس تێبگەین، ئەنفال بوار و مەودایەکە کە تیایدا دەتوانین زانستی بەعس ناسی لەسەر ئەنجام بدەین، بەعس ناسی و ئەو دیاردەو بوارەی کە تا ئێستا ماڤ خۆیمان نەداوەتێ بەعس بە تەنیا وێنەی دوژمنێك نییە کە ئەنفالی کردوین، بەڵکو بوارێکەکە دەکرێت چەندین وانەی لەسەر وەربگرین، چەندین توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدەین دەکرێت لە پرۆگرامی خوێندن و لە زانکۆو کۆلیژەکاندا لێکۆڵینەوەی لەو بارەیەوە بکرێ، سایکۆلۆژیەت و مەبەست و سیاسەتی بەعس پێویستە کایەیەکی سەربەخۆ بێت و کەسانی شارەزا و پسپۆر کاری لەسەر بکەن، من پێم وایە بەعس ناسی بوارێکە تا ئێستا نەمانزانیوە هەتا چەند پێویست و گرنگە، بێگومان ئێمە هەمیشە دوژمنایەتی بەعسمان کردووە. لە سیاسەتی بەعسمان کۆڵیوەتەوە بەلاّم کەمترین جار بە شێوەیەکی ئەقلانی بیرمان لە دوژمنایەتی یاخود لێکۆڵینەوە لەم رژێمە کردۆتەوە یاخود زۆر بە ئەستەم دوور لە سۆز و عەفەویەت کارمان لەسەر لێکۆڵینەوەکانمان کردووە. بە بڕوای من بۆ ئەوەی لە ئەنفال تێبگەین دەبێت پێ لەسەر ئەو ڕاستیە دابگرین کە ئیتر لەمەودوا ئەنفال جگە لەو یاداشت و وێنە تراژیدی و دۆکۆمێنتیەکان، پێویستە لە ڕێگای فیکر و مەعریفەوەو گوزارشت لە خۆی بکات، واتە ئێمە بتوانین ئەنفال لەبەرچاوی دونیادا تەنیا مانایەکی ویژدانی و عاتیفی نەبێت بەڵکو مەودایەکیش بێت بۆ تیۆر و تێگەیشت، کەرەستەیەك بێت بۆ ئەوەی خەڵکانی دونیا تێبگەن لەودیو بینین و ئاگایی ئەوانەوە دەکرێت کۆمەڵێك کارەسات ڕوبدەن کە ئەوان هەرگیز وێناو مەزەندەی ناکەن بۆ



ئەوەی خەڵکانی دونیا ئەو ڕاستییە بزانن پێشکەوتن و مۆدێرنە لای ئێمەی کورد لە بری ئازادی و ماف مرۆڤ و مەدەنیەت موعجیزەیەکی خوڵقاندووە کە هەڕەشە لە کرۆك و لە وجودی مرۆڤایەتیمان دەکات، یاخود بە ماناکەی (ئادۆرنۆ) فەیلەسوفی ئەڵمانی. مێژوو لای ئێمە پێشکەوتن نەبووە لەبەربەریەتەوە بەرەو ئازادی، بەڵکو لە تیر و کەوانەوە بۆ بۆمبای ئەتۆمی..!

گرفتی ئێمە لەوەدایە کە بینین و تێڕوانینی ویژدانمان بۆ ئەنفال لە پێش تێڕوانینی مەعریفیماندایە، بێگومان تێڕوانینی مەعریفی لەناو جیهانی مەعریفەدا گەشە دەکات، بۆیە ئەنفال پێش هەموو شتێك پێویستی بە دەزگایەکی ڕاستەقینە هەیە دەزگایەك کە بتوانێت دوور لە هەموو لەمپەرێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی کار لەسەر خودی ئەنفال بکات، بە بێ بونی دەزگایەکی لەم شێوەیە تێگەیشتن لە ئەنفال تەندروستی و سەلیمی خۆی لەبیر دەکات.

لێکۆڵینەوە لە ئەنفال بە پلەی یەکەم پێویسشتی بە تێکدانی هەموو ئەو پێناسانە هەیە کە ئاستەنگن لە پێشدەم تێگەیشتن لە ئەنفال. ئەو مانایانەی لەبری تێگەیشتن جارێکی تر ئەنفالێکی بچوکیان خوڵقاندووە..!؟

دەزگای زانستی دەتوانێت خەسڵەتی زانستی بە مانای ئەنفال بدات مانای ڕاستەقینەی ئەنفال لە نێو لێکۆڵینەوەی زانستیدایە. دەزگای زانستی دەتوانێت ئەنفال لە قاڵبێکی سیاسییەوە بگوێزێتەوە بۆ مەسەلەیەکی زانستی، ئێمە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین لە ئەنفال تێبگەین تا لە شوێنی خۆیدا نەیخەینە ڕوو. ناتوانین ئەنفال لە شوێنێکدا بخوێنینەوە کە ئەو شوێنە بۆ مەسەلە و بۆ شتی جیاوازتر تەرخان کراوە. خوێندنەوەی ئەنفال هەر بە تەنیا جۆرێك نییە لە جۆرەکانی کاری سیاسی، بەڵکو زیاتر هەوڵێکە لە دنیای زانست و لێکۆڵینەوەدا، ئەنفال تەنیا پێویستی بە خوێندنەوەیەکە کە جگە لە مەبەستی خودی خوێندنەوە تەبایی لەگەڵ هیچ مەرام و خواستێکی تردا نەبێت و جۆرێك بێت لە خوێندنەوە کە تێڕوانینی خۆی لەگەڵ هیچ تێڕوانینێکی دیکەدا نەبەستێتەوە، پێویستە خوێندنەوەمان بۆ ئەنفال جگە بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال بۆ هیچ مەرامێکی تر قۆرغ و لە بۆتە نەدرێت. چونکە هەموو شتەکانی تر ئەو شتانە ڕەت دەکەنەوە کە لە ڕاستیدا ئەنفال پێویستی پێیەتی.. دەزگای زانستی ئەنفال دەبێت ئەو کەناڵە بێت لێکۆڵینەوەکان لە خودی مەعریفەوە وەربگرێت و هەموو شتەکانی تر بەدەر بنرێت، چونکە ئەنفال کارەساتێکە. کارەساتەکانی نەتەوەیەك کە لەگەڵ سەراپای ئەندام و تاکەکانی ئەو نەتەوەیەدا پەیوەندی چارەنوس و ئینسانیان هەیە هەر غەدرێکیش لە تێڕوانینەکاندا هەر بەتەنیا غەدرێکی مەعریفی نییە بەڵکو لە هەمان کاتدا غەدرێکی نەتەوەییشە.

غەدرە لە مێژوو و کولتوری نەتەوەیەك کە بە درێژایی مێژووی ژیانی غەدری بەرامبەر کراوە. ئێمە پێویستمان بە بەرپرسیارێتی هەیە بۆ ئەوەی نەهێڵین هیچ کەسێك بازرگانی بە کارەسات و بە مێژوو بە مەرگەساتەکانمانەوە بکات، بە جدی پێویستمان بە ئاگاهاتنەوەو داچڵەکین هەیە بۆ ئەوەی نەهێڵین چارەنوسی هەزاران مرۆڤی ئەنفال کراو بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی دیدێکی سیاسی یاخود نوکە قەڵەمێکەوە پێویستە رازی نەبین بە بیانووی هەر جۆرە بەرژەوەندییەکی سیاسی و واقیعییەوە دەبێ لەسەر بنەمای سیاسی بوون و واقیعی بوون مامەڵە و تەساموح لەگەڵ تاوانکارەکاندا بکەین، بە بڕوای من پێویستە ئەنفال لەلای ئێمەوە زۆر لەسەروو ئامانج و روخساری سیاسی و نێو دەوڵەتییەوە حسابی بۆ بکرێت، هیچ شتێك لەوە بێماناتر نییە بەرژەوەندی و دبلۆماسیەتی هەر حیزب و گروپێك لەسەر پشتگوێخستنی چارەنوسی هەزارەها مرۆڤ رابگیرێت. کە هەموو ئەو مرۆڤانەش وەك هەموو کەسە سیاسی و دبلۆماتەکان ماڤ ژیان و ماڤ چارەنووسی خۆیان هەیە، ئێمە بەراستی پێویستمان بەوە هەیە لە دەرەوەی هەموو تەمومژەکان وەکو تاکی کورد وەکو خوێنەوارو ڕووناکبیر توانای خۆمان لە مەسەلەی ئەنفالدا بخەینە ساحەی موغامەرەوە،.

ئەگەر لای مرۆڤی حیزبی و سیاسی بیانوی واقیعەت و سیاسەت مانایەکی هەبێت ئەوا لای تاك و مرۆڤی ڕۆشنبیر ئەم جۆرە لە بیانوو جگە لە لاوازی فکر و ترس و لەرزۆکی شایستەی هیچ خەسڵەتێکی کە نییە، دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین ماڤ تێگەیشتن و داکۆکیکردنمان لە ئەنفال بەخشراوی هیچ کەسێك و لایەنێك نییە بەڵکو ئەو مافە لە تایبەتمەندی کوردبونمانەوە سەرچاوەی گرتووە، هیچ شتێك لەوە ترسناکتر نییە ئێمە وابزانین ئەگەر دەرگاکانی سیاسەت داخران، ئەوا تێگەیشتنەکانی ئێمەیش لە دەرەوە بە کەساسی دەمێنێتەوە.

ڕەنگە کەس و کۆمەڵێکیش هەبن بیر لەوە بکەنەوە کە مانای ڕاستەقینەی ئەنفال لەناو خودی ئەندێشەو تێڕوانینی تاکی کوردایە. بۆ ئەوەی لە ئەنفال تێبگەین پێویستە جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە بکەینەوە کە هیچ کەس و لایەنێك بۆی نییە بە ناوی هەموو دیدی و تێڕوانینەکانەوە قسە لەسەر ئەنفال بکات، ئەنفال هەر بەتەنیا برین و کارەساتی هیچ سیاسەتێك ولایەنێك نییە، ئەنفال کارەساتی هەموو میلەتی کوردە دەبێت هەموومانیش داکۆکی لێبکەین، تاکی کورد و ڕووناکبیران دەبێت پێ لەسەر ئەو ڕاستیە دابگرن ئەنفال بەتەنیا موڵکی سیاسیەکان نییە و ئەو کەسەش کە دەیەوێت لە پێناوی سیاسەتی خۆیدا مۆنۆپۆلیزەی بکات ئەوا دەخوازێت ئیرادەی میلەتێك بە قوربانی ئیرادەی سیاسەتی خۆی بکات بۆیە بە هیچ شێوەیەك مومکین نییە پاشەکشە بکات لە تێکەڵ بوونمان لەسەر بڕیارە سیاسیەکان و لەسەر چۆنیەتی بڕیاردان و تێگەیشتنەکان لەسەر ئەنفال بکەین، ئێمە تا ئەو شوێنە خاوەنی ماف و چارەنوسین کە داوای ماف و چارەنوسی ئەوانیتر بکەین تاکو تێکەڵ بە چارەنوسی ئەوانی تر نەبین ناتوانین لە چارەنوسی خۆشمان دڵنیا بین، ناتوانین لە دوارۆژ و لە بۆسە و لە گەمە سیاسیەکان تێبگەین ئێمەی میللەتی کورد کۆرپەی ئەزمونێکین پڕیەتی لە جینۆساید و ئەنفال، ئێمە لەسەر بنەمای چەندین شێوەی ئەزموونی چەوسانەوە پەروەردە کراوین میللەتێك بە چەوسانەوە پەروەردە کراوین میللەتێك بە چەوسانەوەو ئەنفال گۆش کرابێت پێویستە ماڤ ئەوەی هەبێت بتوانێت لە خۆی تێبگات. بتوانێت تێگەیشتنی لەسەر کارەسات و مەرگەساتەکانی خۆی هەبێت..

ئێمە پێویستە فێری ئەوە بین واز لە ملکەچ بوون و ئەو خەونە یۆتۆپیانە بهێنین کە پێمن دەڵێن ئەمڕۆ نا سبەینێ چارەنوسمان دیاری دەکەن کارەساتەکانمان نیشان دەدەن، ئەنفال کراوەکانمان بۆ دەدۆزنەوە، پێویستە قەد ڕازی نەبین ئاسایشی ژیانمان لەسەر حسابی بێدەنگبونمان فەراهەم بکەین، ئەم شێوەیە لە بیرکردنەوە لە ڕاستیدا لە غیابی بیرکردنەوە و کەمی ئیدراکماندا پەنای بۆ دەبەین..

کلتور و مێژوی ئێمە لەسەر چەندین شێواز و هەر جارەی لە ژێر پاساوێکدا هەمیشە کارەساتەکانمان لەسەر بینای بێدەنگی کەڵەکە کراون ئێمە زادەی چەندین کارەسات و مەرگەساتی جۆراو جۆرین.

هەمیشە لە چوارچێوەی ئەنفال و کوشتن و بریندا پەیوەست و گرێ دراوین، هەموو بەهاو ماناکانی کوردبونمان لە هەناوی ئەو مێژووە زامدارەوە لە دایك دەبن، لێرەوە بەرلەوەر بیر لە هەر شتێك بکەینەوە پێویستە سوود لەو بەدحاڵ!ی بونە وەربگرین کە بەرامبەر بە کارەسات و ڕووداوەکانمان پێمان بەخشراوە، ئەنفال دەروازەیەکە تا لەوێوە سوود لە مانای بە ئاگاهاتنەوەمان وەربگرین، ئەنفال ڕێگایەکی ئێجگار گرنگە بۆ فراوان کردنی جارێکی تر بیرکردنەوەمان لە چەپاندن و بێدەنگی، زۆر هەڵەیەکی کوشندەیە و ڕەخنە گرتنمان لە تێڕوانین و خوێندنەوەکانی تر بۆ ئەنفال کە لە خودی خۆیدا زادەی خۆشەویستییەکی مرۆڤانەیە نەك بە تەنیا کاڵ بکرێتەوە بۆ نێو کایەی گەمە سیاسیەکان...

پێویستە لە دەرەوەی بەدحاڵی بوون لە بایەخی خوێندنەوەو تێگەیشتنەکان تێبگەین، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە لە دەرەوەی لێکدانەوە حیزبی و سیاسیەکان خوێندنەوەکانمان بۆ ئەنفال هەر لە سەرەتاوە بۆ نێو سەنگەری تێکدەر و بەرهەڵستکەر قوڵ بەست نەکرێت، چونکە ئەنفال وەك برینێکی جەستەوایە، برینێك بە جەستەی نەتەوەیەکەوەیە و هەموو ئەندامانی ئەو نەتەوەیەش ماڤ خۆیانە لە برینەکەیان بدوێن.. ماڤ خۆیانە داوای پشکنین و تێگەیشتن لە جێگا نەشتەرەکانی دوژمن بکەن.

# دەبێت چارەنوسم چی بێت

**نەجم ئەحمەد عەزیز**

یەك لەو بەها پیرۆزانەی کە مرۆڤ شانازی پێوە دەکات خۆبەخت کردن لەپێناو نیشتمان و ئازادی گەلەکەی گەلی کورد یەك لەو گەلانەیە کەبەدرێژایی مێژوو بەهۆی گرنگی و بەپیتی خاکەکەی لەڕووی (جیوپلیتیك) وە توشی داگیرکەری و هێرش کردنە سەرو دابەشکردن بووەو گەورەترین کردارو تاوانی گەورەی دژ بەیاساو ڕێساکانی مافی مرۆڤ بەرامبەر ئەنجام دراوە تاگەیشتۆتە ئاستی قڕکردن و کوشتنی بەکۆمەڵ و کیمیاباران و جینۆساید، سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و قەڵاچۆکردنی وەك نەتەوەیەك، ئەمانە ڕاستیەکن ئەمڕۆ تەواوی گەلانی جیهان بەو کارەساتانەی بەسەر گەلی کوردا هاتوون ئاشنان، من لێرەدا مەبەستم لەم نووسینە ئەوە نیە باسێکی پوخت سەبارەت بەم بوارە بخەمە ڕوو بەڵکو دەمەوێت ڕاستیەك بخەمەڕوو. کە ئێمە زۆرجار بەهۆی زیاتر هەوڵدانمان بۆ ناساندنی گەلەکەمان بەجیهان و پێشچاو خستنی ئەو کارەساتانەی بەسەرمان هاتووە باری دەرونی و ژیانی کەسانێکی زۆری فیداکارو دڵ شکستمان لەبیر کردبێت، بۆیە لێرەدا دەمەوێت باس لەئازاری کەسێك بکەم لەو هەزاران کەسەی کەپاشماوەی ئەنفالن و وانەبێت لاتان ئەوەی من باسی لێوە دەکەم چیرۆکێك بێت و پاڵەوانەکەی خەیاڵی خۆم بێت بەڵکۆ برینێکی گەورەی نێو کۆمەڵگای خۆمانەو ڕاستیەکە هەرچەندە ڕووداوەکانی تاڵ بێت، منیش لەگەڵ ئێوە گوێ دەگرم بۆ پاڵەوانی ڕاستی باسەکە، کە دەیگێڕێتەوە ئێمە دانیشتووی یەکێك لە گوندە گەورەکانی سنوری ناوچەی گەرمیان بووین و باوکم پیاوێکی نادارو شۆڕش گێڕبوو دیوە خانێکی گەورەمان هەبوو کە هەمیشە جێگای حەسانەوەی پێشمەرگە بوو زۆرجار من لەنێوان هاوڕێکانم شانازیم دەکرد بەوەی کە هەمیشە پێشمەرگە میوانی ئێمەن و هەموویان هاوڕێی باوکمن، لە داستانەکانی قارەمانێتی پێکەوە بەرگریان لەخاك و نیشتمان و گوندەکەمان کردوە هەرچەندە باوکم پێشمەرگە نەبوو بەڵام هەمیشە لەسەنگەرەکانی پێشەوە هاوڕێیان بوو و چەند جارێکیش بریندارببوو، بۆمن ئەو سەردەمە قوتابخانەیەك بوو بۆ خوێندنی وانەکانی کوردایەتی و وەفاداری و گوندیش بەهەشتێك بوو بۆ گەشەکردنی مرۆڤایەتی و هیچ کاتێك جیاوازی و ڕق و کینە جێگەی نەبوو لەنێوانماندا وەك یەك خێزان دەژیاین لەشادیەکاندا پێکەوە بەکۆمەڵ زەماوەندمان خۆش دەکردو بەشداری غەمی یەکتربووین و سەبوریمان بەیەکتر دەبەخشی، بەڵام لەپشت ئەم سروشتە چڕانەوە، نامرۆڤەکان دوژمنان هەبوون کە پیلانیان بۆ بەدۆزخ کردنی ئەم بەهەشتە دادەڕشت، بەڵێ دوژمنان لە (١٢) هەمین بەهاری تەمەنی مندا بوو گەورەترین پرۆسەی تاوانیان بەرپاکردو ئەنفالیان بەسەردا سەپاندین وەکو نەفخی سور لیدابێت گوندەکانمان خاپورکران و مزگەوتەکانیش ڕوخێنران و کتێبە پیرۆزەکانی خوداش سوتێنران، ڕۆژی حەشر بوو بەڵام چ حەشرێك، ڕۆژێك بوو جاری لەناوبردنی مرۆڤایەتی تێدا درابوو، عەرەبە ڕەگەز پەرستەکان بێ شەرمانە مێژووە ڕیسواکەیان زیندوکردەوەو دوبارە بە شمشێرە ژەنگاویەکانیان ملی مرۆڤایەتیان پەڕاند و منداڵیان زیندەبەچاڵ کردووە، نامەوێت زیاتر لەسەرئەوەی ڕویدا باس بکەم چونکە (١٦)ساڵی ڕەبەقە لەهەموو بۆنەکاندا لەڕۆژنامەو گۆڤارو وتارەکاندا هەریەك بەجۆرێك باس لەدڕەندەیی دوژمن دەکەین ئەو کارەساتە بەبیردێنینەوە، کە برینێکە لەبیر چوونەوەی بۆنیە بەڵێ من یەکێك بووم لەوانەی کەتەنها خۆم و دایکم و دووخوشکی بچوکم لەو کارەساتە ڕزگارمان بوو، چ ڕزگاربوونێك ڕزگاربوون لەمردن بۆ یەکجارو مردنی کەی بەدوادانەیت، یان ڕزگار بوونمان بۆ ژیانێکی پڕ لەمەرگەسات و مانەوەیەکی پڕ لەکۆمەڵە مەرگی درێژ خایەن، لەپاش ئەنفال نیشتەجێ ئۆردوگایەکی زۆرەملێ کراین، کە لە سادەترین پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤ بێ بەش بووین بۆیە، پەنامان بردە بەرکاردن و ئەوکات داهاتی ڕۆژانەم بەشی دابینکردنی بژێوی ژیانمانی نەدەکرد وەناچار دایکیشم شانی دایە بەرکارکردن و دەتوانم بڵێم تەنها دەژیاین و بەرگریمان لەمەرگ دەکردو تاکە ئومێدمان ئەوەبوو کە ڕۆژێك بێت بەکەسوکارە ئەنفال کراوەکانمان شادبینەوەو ئەم ئاواتەمان بەدەست پێکی ڕاپەرین مەزنتربوو لەگەڵ ئازادکردنی هەرشارێك ئێمە بەئومێدێکی گەورەترەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوکم و کەسوکارمان بوین بەڵام ئەو خەونەشمان لەپاش گۆڕەو گفتوگۆکانی نێوان نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و ڕژێم وەکو ئەنفالەکان زیندە بەچاڵ کرا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپەڕین و ئازادی هیوایەکی کەی پێ بەخشین بەژیان و چاوەڕوانی ئەوەبووین کەبەرەی بێ ئەزموون ژیانێکی ئاسودەمان بۆ دابین بکات، بەڵام ئەو ئابلوقە ئابوریەی لەسەر عێراق بوو هاوشان لەگەڵ ئەو ئابلوقە ئابوریەی حکومەتی عێراق بەسەر هەرێمدا سەپاندبووی هێندەی تر باری ژیانی لێ تێکداین، بۆیە ناچار دایکم بۆ پاراستنی گیانی ئێمە زیاتر خۆی ماندوو دەکردو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان بۆمان، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە حکومەتی هەریم لەسەرەتای تەمەنی کرۆگاڵیدا بوو کە نەیدەتوانی هیچمان بۆ دابین بکات و لەگەڵ ئەوەش خەڵکی خۆمان سەرەڕای ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەمان لێمان نەدەگەڕان و هەزاران تاوانی بێبنەمایان دەدایە پاڵ دایکم و ئەو ئافرەتانەی کەبۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی منداڵە بێ باوکەکانیان خۆیان دەخستە ژێر باری قورسی کاری کرێکاری. بۆیە لێرەوە ئەو بەهاپیرۆزانەی کەلەسەردەمی منداڵی شانازیم پێوەدەکردن. پوچەڵ بوونەوەو بێزم لێیان ئەهاتەوە، چۆن ئەنفال بوون بەقوربانی و کەسانی خۆفرۆش لەم سەردەمەبوون بەسەردار ئێمەی پاشماوەی ئەنفال بووین بە سوزانیی و دیمەنی نەشیاو وئامرازی ناشرین کردنی کۆمەڵگای کوردی. بۆیە بۆخۆپاراستن لەقسەی بێ بنەمای خەڵکی بووم بەپێشمەرگەی لایەنێك و چیتر ڕێگەم نەدا بەدایکم کاربکات و ئەو موچەیەی وەرم دەگرد لەگەڵ سەرفترەو زەکات و هاوکاری هەندێك لەخزمان پێی دەژیاین، بەڵام ئەم نیمچە ئاسودەیەش تەمەن کورت بوو و شەڕی براکوژی دەستی پێکردو من ڕازی نەبووم بەشداری ئەو شەڕە خۆکوژییەبم بۆیە چەکم دانا و لەڕیزی ئەو پارتە بەکەسێکی بێ هەڵوێست و ترسنۆك ناوبرام کەتاکو ئەمڕۆش ئەو هەڵوێستەم بێ بەش کردوم لەهەموو شتێك لەم هەرێمەدا تەنانەت موچەشیان بۆ باوکم وەم ئەنفالێك نەبڕیەوە کەبەداخەوە ساڵانێکی زۆر باوکم خزمەتی ئەو پارتەی کرد وەك لەسەرەتا باسم لێوە کرد، من ئێستا کرێکاری دەکەم و جێگەی شانازی یە بووم کەبرا کوژ نەبووم لەپاش تێپەڕبوونی (١٩)ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا دەتوانم بڵێم من لەپاش خاپور کردنی گوندەکەمان و زیندەبەچاڵ کردنی باوکم و کەسوکارێکی زۆرم تەنها بۆ چرکەیەکیش شادیم لەم وڵاتە نەبینیوەو لەهەرێمی یەکگرتووی پاش ئاشتیش کەهەموو بێ تاوان لێی دەرچوون جگە لەوتاری بریقەدارو کولانەوەی برینەکانمان لەهەموو یادەکاندا بەگشتی و یادی کارەساتی ئەنفال بەتایبەتی، هیچ شتێکی کە بەئێمەی پاشماوەی ئەنفال نەبەخشراوە، بۆیە ڕووی پرسیارەم دەکەمە هەموو بەرپرسە بەڕێزەکانی هەرێم دەپرسم، دەبێ منی کوڕە ئەنفال کراوێك کە ڕۆژانێك ماڵەکەی خانەخوێ و جێگەی حەسانەوەی ئێوەبوو، منێك کەساڵانێکە وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەی کە ئێوە سەردارین بیبەش بوومە لەهەموو مافێك تەنانەت خوێندنیشم بۆ تەواونەکرا دەبێت چارەنووسی من و سەدانی وەك من چی بێت؟.. بڵێیت بەڕێزێك لەئێوە لەبری خزمەتی کۆنمان و نۆکەری ئێستامان بۆتان بەپاسەوانی یەکێك لەکۆمپانیاکان یا باغچەکانتان قبوڵم بکەن. یان بەڕێزینە ئەویش شەهادەی دەوێت.

# ئەنفال و تاوانی هۆڵۆکۆستی کورد

**مەریوان ئیمام**



نزیکەی شەست ساڵ پێش ئێستا جولەکەکانی ئەڵمانیا لەسەر دەستی هیتلەر دووچاری کارەساتی هۆڵۆکۆست بوون، بەپێی سەرچاوەکانی خۆیان نزیکەی ٦ ملیۆن کەس کە یەك ملیۆن و نیویان منالٌ بوو، هەموویان کوژران و سوتێنران،بەڵام خوێنیان بەفیڕۆ نەچوو، چونکە جولەکەکان زۆر زیرەکانە نەیانهێشت ئەم کارەساتە هەروا بەسەریاندا تێپەڕێت، ئەوان توانیان لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی خۆیانەوە ئەم کارەساتە بە جیهان بناسێنن. ئەوەبوو ئەڵمانیاو زۆربەی دەوڵەتە ئەوروپییەکان کەوتنە ژێر فشاری ڕایگشتییەوە، ناچار کران کە داوای لێبوردن لەسەرجەم جولەکەکان بکەن و قەرەبووی زیان لێکەوتوەکان بکەنەوە. دوای دەساڵ لەکارەساتەکە ئیسرائیل توانی دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێت وەکو باشترین هەل بۆخۆی قۆستییەوە. بەڵام گەلی کورد پاش هەڵکەوتنی دوو چانسی یەك لەدوای یەك کەتاوانی هەڵەبجە و ئەنفال بوو نەیتوانی ئەم هەلە بقۆزێتەوە، کە ئەمەش ڕەنگە هەندێ هۆکاری ناوچەیی دەستیان لە ڕێگرتنی ئەم هەلانە هەبێت، بەڵام سەرچاوەی سەرەکی کورد خۆیبوو کەنەیتوانی سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنێ.

مەبەستم لەباسکردنی هۆڵۆکۆست ئەوەیە، ئەم کارەساتە لەزۆر ڕووەوە لە ئەنفال دەچێت، کە مرۆڤی کوردی تێدا قەتلو عام و جینۆ ساید کرا. کێ هەیە ووشەی ئەنفال ناخی نەهەژێنێ و سەرتاپای ویژدانی نەهێنێتە لەرزین، کێ هەیە ئێستاش هەست بە قیژەی ئەو دایکانە نەکات، کەبەبەرچاویەوە کوڕەکانی بەرەو کەناری مەرگ ڕاپێچ دەکران، کێ هەیە قیژەی ئەو منداڵانەی لەیاد نەبێ کە بێبەزەییانە بێ باوکیان کردن،ئەوەی کە ئەم کییانە نایگرێتەوە تەنها کەسە بێ ویژدان و دڵڕەقەکانی ناو کۆمەڵگەیە، کە لە هەوڵی زیادکردنی داهاتی خۆیەتی لەڕێگەی نابەجێوە.

ئەو کاتەی لە بەرامبەر تراژیدیای ئەنفالدا ڕادەوەستین گومان لە کۆی وەهمە سیاسییەکان دەکەین کە بە فەنتازیایەکی ئەفسوناوی دەوری ئەو تراژیدیایەی داوە، بۆیە گومانکردن لەو وێنەیەی کە گوتاری سیاسی کوردی بە ئەنفالی بەخشیوە بەتەنها گومان نییە لە وێنەیەکی یۆتۆپی، کە هێنانەوەی ئەنفالە بۆناو پانتایی زمان، ئەو کاتەی ئەنفال دێننەوە ناو زمان بەمانای ئەوەی ئەمانەوێت ئەو تراژیدیایە لەناو جەستەی کورددا نەکرێتە دەرەوە. مانەوەی ئەنفال لەناو جەستەی ئێمە دا و بەئەرشیفکردنی ئەو ڕابردووە کۆتایی پێنایەت، بەڵکو دەبێت ئەو تراژیدیایە لەناو زەمەنی هەنوکەییماندا بمێنێتەوە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی هێندەی لەناو دروشمە ئایدۆلۆژییەکانەوە تەماشای ئەو کارەساتە دەکات بەهیچ چەشنێك نەیویستووە بیهێنێتە ناو زەمەنی مومارەسەکردنی دەسەڵاتی خۆیەوە، بۆیە هەرچی هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەیە بەگەورەو بچوکەوە ئەوەندەی خەریکی دژایەتی یەکترو بەکارهێنانی کەناڵەکانی ڕاگەیان دنن لەدژی یەکتر و بۆ پڕوپاگەندەی حیزبی خۆیان، بەچارەکی ئەوە خەریك نین بە یادی تاوانەکانی ئەنفال و هەڵبجەوە تەنانەت هەندێك جار ئەگەر باسی ئەم تاوانانە کرابێت بۆدژایەتی کردنی یەکتربووە هەتا ئەو ڕادەیەی هەریەك لەو حیزبانە هەڵەبجەو ئەنفالی خۆیان جیاکردۆتەوە، بۆیە هەمیشە ئەم تاوانە وەرەقەیەك بووە لەکاتی پێویستدا لەدژی یەکتردا بەکاریان هاتوون، ئەمەش نەك لەبەرئەوەی قوربانییەکان مەزنن، بەلکو لەبەر ئەوەی ململانێکان مەزنبوون، بۆیە پێویستە هەمومان هەوڵی جدی بدەین بۆیارمەتیدانی کەسوکاری ئەنفال، کەئەمەش تەنها لەیادکردنەوەیەکی زۆر سادەدا ئەنجام دەدرێت ، بەلکو بەشێوەی پراکتیکی هەوڵی جدی بدرێت، پێویستە لەیادکردنەوەی ڕۆژی ئەنفال تەکانێکی تەواو بە دەسەڵات بدات تاوەکو زیاتر خزمەت پێشکەش بکات، نەك تەنها لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن و سەر ڕوپەڕشی ڕۆژنامەکان بەقسەی زل بگرنەوە و هەندێ کەسبەی بەو یادەوە هەلی پارەخواردن بۆخۆیان بقۆزنەوە، ئەو ڕۆژەی پێبەرێبکەن.

# عەرعەر نیشتمانی دووەمی کورد

**بیابان دەریایەک لەخوێن، سەیرتان لێ نەیەت بڵێم بیابان پڕە لە دەنگ**

**بەختیار عەلی**

بیابان لای هەندێ لە نەتەوەکان مەملەکەتێکی ووشکی بەلم داپۆشراوەو هیچی تر، لای نەتەوەی کورد دەریایەکە لەخوێن، ڕۆحی هەزاران مرۆڤی بێ تاوان مەلەی تێدا دەکات. هەموو کوردێك لەڕۆژنامەو میدیاکان ناوی بیابان دەبینێ و دەبیستێ تووشی شۆك دەبێ، چونکە بیابان و ئەنفال ناوێکی مەترسیدارن و لەبیاباندا جینۆسایدی گەلی کورد کراوە. نۆزدە بەهار لەوبەر هێشتا کوڕو کەنیشکی گەرمیان بەدەستە چەمی لەکەژو کێوان دەستی یەکتریان نەگرتبوو کە هەڵپەڕن و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بێژن، هێشتا کەنیژێك بۆنی نێرگزی بەهاریان نەکردبوو، وە بەکۆڵە کنگرەوە لای کانیە تەقیوەکان پەشویان نەدابوو، لەچاوەڕوانی ئەوەدا نەبوون کە شۆڤینزمی بەعس لەبری شمشێر بەچەکی کۆکوژ لەناویان بەرێت لاشەکەیان لەبیاباندا ببێ بەخۆراکی قەل و داڵ. دوای بڕانەوەی جەنگی عێراق، ئێران بەعس سوپا برسیەکەی هێنایە سەر کوردستان، سوپایەك بوو تەواو هیلاك و ماندوو، ڕاهێنراو لە تالان و دزی، لەکوشتنی بەردەوامی خەڵکی مەدەنی بێ دیفاع، سڵ نەکردوو لەهیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی و یاسایەکی نێو دەوڵەتی. ئەو سوپایە نەوەی ئەوانە بوون کە چارەکە سەدەیەك پێشتر پەلاماری کوردستانیان دابوو، کوردیان بەدوژمن و بیانی ناوزەند دەکرد، دروشمی (نحن بدو أين عدو) یان کردبووە بەرنامەیان واتە ئێمە کۆچەرین دوژمن لەکوێیە پیاوەکانی بەعس و بەکرێ گیراوەکانی بەتۆپ و دەستڕێژی گوللەوە ئاگر بارانی ئاهەنگی زەماوەندیان کردوو تێکیان دا، بڵاوەیان بەئاهەنگ گێران کرد، جانتای نۆماڵیان فڕاند، بوك و زاوایان دابڕی لەیەکتر، بوك بۆ نوگرە سەلمان زاواش بەرەو عەرعەر ڕەوانەکرد. (ئەمە لەگوندێکی گەرمیان ڕویدا). گەرچی سەدەی بیستەم بەبێ تاوان تێنەپەڕی بۆ هەندێ لەگەلان، کوردیش بەهەمان شێوە تیایدا دووچاری چەندین تراژیدیاو مەرگەسات و کارەساتی جەرگ بڕ بوو. وا (١٩)ساڵ بەسەر ئەوکارەساتە تێدەپەڕێ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لەساڵ یادی دا ماتەم دەگێڕن و فرمێسك لەچاوانیان بەخوڕ دەبارێ، چاوەڕوانی کاربەدەستان و بەرپرسانی حکومەت دەکەن کە لەو یادەدا لەگەڵیان بەشداربن بۆ ئەوەی خەمەکانیان برەوێتەوە، کەچی هەر لەچاوەڕوانیدان و کەس بەسەریان ناکاتەوە، پاشان کش و مات دەبن تەمێکی زۆر بەرچاویان دادەگرێت و لەدوورەوە بیابان دەبینن کە کۆمەڵێ کەل و پەلی کوردەواری لەسەر بەشێکیدا فڕێ دراوە، کڵاوجامانە، ڕانك و چۆغە، پشتێن و ستارخانی، شەرواڵ و مراخانی، کراس و ئاوڵ کراس، کەواوکوڵوانە، بۆیمەو بنامل، کە خاوەنەکانیان بەزیندویی لەژێر لمەکەوە هاوار ئەکەن بێتاوانین، خوێنەکەیان بە تەوژم سەر لم کەوتووەو گوڵی بەستووە. ئەو ڕێبوارانەش دەبینن کە بەناو بیاباندا هاتووچۆ دەکەن، کە ئاژەڵەکانیان هەڵوێستەی کردوەو ناڕوات پێی لەسەر کەللەسەری مرۆڤ داناوەو ناتوانێ برواتە ڕێبوارەکان گوێیان لەدەنگی نامۆ دەبێت، لایان سەیر دەبێت کەنەتەوەیەك شوێنەکەیانی داگیر کردبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو مرۆڤانە نیشتیمانەکەیان وێران کراوەو لەوێدا زیندەبەچاڵ کراون، ڕێبوارەکان هەندێکی تر دەڕۆن گوێیان لەگریانێکی بەردەوام دەبێت کاتێ لێی نزیك دەبنەوە دەبینن منداڵێکی ساوایەو لەو بیابانەدا بەتەنیا فرێدراوە، هەڵی دەگرن و دەیبەنەوە، نازانن ناوی چی لێبنێن لەبەرئەوەی دەڵێن چۆن گەیشتۆتە ئەو شوێنە، پاشان ناوی (صحراوی) (بیابان) بۆ هەڵدەبژێرن و بیابان دەبێتە ناوی کورد، ئەو منداڵە ئێستا لە مەملەکەتی عەرەبی سعودی دەژی.

**صلاح حسین**

# ئەنفال لە ڕوانینی خوێندکارە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتەوە

## مەریوان هەڵەبجەیی: وا نۆزدە ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێدەپەڕێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا خاوەنی نۆزدە کتێب نین لەسەر ئەو کارەساتە

**ئا: عەرعەر**

نەتەوەی کورد لە دوای کۆتای هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانەوە بەسەر چوار وڵاتی کلتور جیاوازی ناوچەکەدا دابەشکرا ئیتر هەر لەو کاتەوە دەسەڵاتدارنی وڵاتە داگیرکارەکانی نەتەوەی کورد عورف و عاداتی خۆیانیان بەسەر کوردا سەپاند، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بوونی هێما هاوبەشەکان و هەست کردن بە ئازارو مەینەتیەکانی یەکتر مژدە بەخشە بۆ یەکریزی سەرتاپایی نەتەوەی کورد و چاوەروان کردنی دواڕۆژێکی گەشاوە بۆ سەربەخۆیی بوونی یەکجاری.

ساڵنامەی عەرعەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ کۆمەڵێك خوێندکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زانکۆی سلێمانی ئەنجامدا، بۆ زانینی وەڵامی پرسیارگەلی لە بابەتەکانی تا چەند ئەنفال دەنگ دانەوەی هەیە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات؟ ئایا هێندەی قورسایی کارەساتەکە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە کارەساتەکە بەئاگان؟ ئایا توانراوە ئەنفال بکرێتە ڕەمزێکی نەتەوەیی بۆ هەرچوار پارچەکەی کوردستان؟ بۆ ئەوەیی کارەساتی ئەنفال وەکو کارەساتی جینۆسایدی گەلانی تری لێبکرێت ﴿نمونە: هۆڵۆکۆست﴾، ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی کێ؟ چۆن لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە ئیشی بۆ بکرێت؟

ئەسرین شەکەری: بەداخەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کارەساتی ئەنفال نەك هەر وەك پێویست نەناسراوە، بەڵکوو لە ڕادەی زانیاریی گشتیی خەڵکی ئاسایشدا شتێکی ئەوتۆی لێ نازانرێت. جیا لە نوخبە و ڕووناکبیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، خەڵکی ئاسایی ئاشنایەتیەکی زۆر سەرەتایی و کەمیان لەو کارەساتە هەیە. ڕادەی زانیاریی خەڵکی کوردستان لەسەر ئەو ڕووداوە، زۆر کەمترە لە ئاستی قورسایی کارەساتەکە. ئەوەندەی کە خەڵك تا ئێستاش لێی ئاگادار بوونەتەوە، بەرهەمی بەتایبەت ٣ ساڵی ڕابردووە کە خەباتی کورد لە کوردستانی باشوور کەوتە قۆناغێکی تا ڕادەیەك جیهانیەوە و ناسرا و دەنگی دایەوە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش بەهۆی پەرەسەندنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانەوە توانیویانە لە ئاستێکی زۆر سەرەتایی و تەنیا وەك زانیاریەکی گشتی، لەگەڵ ئەو کارەساتە ئاشنا بن. بەڵام بەداخەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەتایبەت کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردستانی باشوور، لەو چەند ساڵەدا نەیانتوانیوە یان لە پرۆژەیاندا نەبووە ئەنفال بەدوور لە لایەنی ئیحساسیەکەی و بە دیدێکی واقیعی و بە بێ هەوڵ بۆ هەڵخراندنی ڕای گشتی، وەك کارەساتێکی سامناك و مێژوویی گەلی کورد، نیشان بدەن و بیسەلمێنن. ئەنفال هەتا ئێستا وەك ڕەمزێکی نەتەوەیی لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەناسراوە. هۆکارەکەشی نەبوونی میدیای بەربڵاوی کوردی بووە لە پارچەکانی دیکە، کە بتوانێت ئەو کارەساتە بناسێنێت. ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەتا ئێستاش لە ڕاستیدا خەڵکی بەشە جیاجیاکانی کوردستان لە هەر چوار پارچەکە، خەباتی خۆیان لەگەڵ خەباتی ناوچەکانی دیکە گرێ نەداوە و هەر بەشە و سەرەڕای کاریگەری وەرگرتنی لە بەشەکانی دیکە، وەك خۆی و تەنیا لە چوارچێوەی جوگرافیایی خۆیدا خەباتی کردووە و مێژووی بۆ تۆمار کردووە. بەشێکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەتا دوای ڕووخانی سەدامیش، گەلی کورد لە کوردستانی باشووریش، لە لایەن جیهانەوە وەك گەل و نەتەوە بە ڕەسمی نەناسرابوو و هەر وەك بەشێك لە خەڵکی عیراق حیسابی بۆ دەکرا، بۆیە هەموو هەوڵە سەقەتەکانی کوردیش بۆ بە ڕەمزی نەتەوەیی کردنی ئەنفال، نەزۆك دەمایەوە و لە ئاستی ناوخۆیشدا ئەوەندەی وەك کارتێك بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا، لە لایەن حیزبەکانەوە بەکار دەهێنرا، ئەوەندە هەوڵ بۆ ناساندن و بەرجەستە کردنی نەدەدرا. وە لە پێش هەموو شتێکدا ئەرکی حکوومەتێکە کە بتوانێت بە کۆکردنەوەی بەڵگەی قایم و حاشا هەڵنەگر، لە ڕێگای نوێنەرایەتیی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەو تاوانە بسەلمێنێت و وەك جینۆسایدی گەلی کورد، لە ڕێکخراوە

**ئەسرین شەکەری: بەداخەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کارەساتی ئەنفال نەك هەر وەك پێویست نەناسراوە، بەڵکوو لە ڕادەی زانیاریی گشتیی خەڵکی ئاسایشدا شتێکی ئەوتۆی لێ نازانرێت**

جیهانیەکاندا تۆماری بکات. هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێویستە لەسەر ئاستی جیهانی بە پلان و پرۆگرامی دوور لە هەست و ئیحساس و بە بەڵگەی مێژوویی قورس و قایم، ڕاستیی ئەو ڕووداوە لە مێشکی خەڵکی جیهاندا بچەسپێنن. لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە تەنیا ئەو کاتە دەتوانرێت کاری بۆ بکرێت، کە حیزب و لایەنە کوردیەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان، بە دوور لە دەمارگرژیی حیزبی و لەسەر ئەساسی قبووڵکردنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی گەلی کورد، ڕێککەون لەسەر کار کردن بۆ ناساندنی ئەو کارەساتە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان.

مەریوان هەڵەجەیی: ئاشنایەتی کوردەکانی ڕۆژهەڵات بەرامبەر بەکارەساتی ئەنفال لەڕادەیەکی باشدایە، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێتاش ژمارەی ئەو لێکۆڵینەوەو باسانەی کەلەسەر ئەو کارەساتە بڵاوکراوەتەوە لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت و دەکرێت هۆکارەکەشی بگەڕێنینەوە بۆ نەبونی دید و ڕوانینێکی ڕەخنەیی قوڵ بۆ ئەو کارەساتە و سەرجەم ڕەهەندوو هۆکارە جیاوازەکانی، دەبێت بەشێوەیەکی گشتی گوناهەکە لەسەر میدیای کوردی حساب بکەین، نەك تەنیا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. وا نۆزدە ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدە تێدەپەڕێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا خاوەنی نۆزدە کتێب نین لەسەر ئەو کارەساتە، ناکرێت باس لەوە نەکەین کەدەسەڵاتی کوردی زۆر کەمتەرخەم بووە بەرامبەر کارەساتی ئەنفال و هەڵبجە وەکارێکی جدی نەکردووە و نەیتوانیوە دەزگاو ناوەندی تایبەت بەتوێژینەوە دروست بکات، بۆ ئەوەی وەك پرۆسەیەك بەردەوام کار لەسەر کاریگەرییە دەرونی و کۆمەلاچیەتییەکانی پاش ڕداوی ئەنفال ئەنجامبدات، هەروەها کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر دەرونیان و ناکرێت بڵێین بێکاریگەر بووە، نەك هەروەك هاوزمان و هاو ڕەگەز، بەڵکو وەك تایبەتمەندییەکی مرۆیی، ناکرێت مرۆڤ کاریگەری ئەو جۆرە کارەساتانەی لەسەر نەبێت لەکاتی ئاشنابون پێی، وەئاشکرایە هەڵوێستی جوان و مرۆڤدۆستانەیان هەبووەو بەردەوام لەناوەوەو دەرەوەی وڵات ئەو کارەساتەیان مەحکەم کردووەو کۆڕو یادکردنەوەی گەورەو بەرفراوانیان بۆ بەرێوە بردووەو کەمتازۆر خوێندنەوەی وورد و زانستیانەیان بۆکردووە، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەو باس و توێژینەوانە لەئاستی گەورەیی کارەساتەکەدا نین، دەکرێت چەند دەزگاو دامەزراوە کاربکەن لەسەر ئەو کارەساتە.

مەحمود شیرزاد: ئەگەر ئیزن بدەی با هەندێ لە دەرەوەی وڵامدانەوەیەکی سەرپێیی وڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، چوونکە کارەساتی ئەنفال یەکێك لەو کارەساتە زۆر ترسناکانەیە کە لە کۆتایی سەدەی بیستداو بە پشت بەستن بەتوانا وئامێرە سوننەتیەکانی دەستی حکومەت و دەسەڵات بە ئاشکراو لە ڕێگەی کوردو نەتەوەی کوردەوە ڕووبەڕووی بەهاو چەمكوکەرامەتی مرۆڤ و کۆمەڵێك بەهای دیکەی وەك دیموکراسی و مافی مرۆڤو مەدەنییەت بۆتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە تەنانەت ئەرك و ڕۆڵ و مەشروعییەتی ڕێکخراو دامەزراوە جیهانیەکانی وەك نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەباتە ژێر پرسیارەوە. دۆخی کارەساتەکە لەسەر ئاستی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان وتەنانەت بۆ نەتەوەو دەسەڵاتە داگیرکەرو توتالیتارەکانی لای خۆشمان دۆخێکی تارادەیەك ئایدیال و مایەی پەسندە، بۆ وێنە هەموو لایەك خەریکن لە سەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی و گشتی پەرە بە پرۆژە سیاسی، ئابووری، کلتووری و...هتدەکانی خۆیان دەدەن و هەوڵدەدەن لەو دەرفەتە کە بە جیهانیبوون ڕەخساندوویەتی لە هەموو ڕوویەکەوە بە باشی کەڵك وەربگرن، کەچی نەتەوەی کورد بە هۆی ئەوەی کە تەسلیمی داگیرکردن بووە لە لایەك ئوتماتیك کەوتۆتە دەرەوەی ئەو بازنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ بڵێین لە ڕوانگەی بە تایبەت داگیرکەرانەوە بوونی کورد لەسەر زەوی بوونێکی ناپێویست و سەپاوە سەرەتا بەسەر هەرێمێکی جوغرافیداو پاشانیش کۆسپێکی گەورەشە لەبەردەم دروستکردنی کۆمەڵێك نەتەوەو وڵاتی خەیاڵی و دەستکردی وەك نەتەوەی عێراقی و وڵاتی عێراق، نەتەوەی ئێرانی و وڵاتی ئێران و....هتد، بۆیە لێرەوە دەبێ بە شێوەی جۆراوجۆر دەیان پرۆژەی گەورەو بچوکی ئاسمیلەی نەتەوەیی و کلتووری لەسەر بەرێوەبچێ. لێرەوەو لە قۆناغەدا سەرەرای ئەوەی ئامێرەکانی ڕاگەیاندنی گشتی لە سەر ئاستی جیهانی ڕۆڵێکی جەوهەری دەبینن بەڵام لە مەیدانی ئەنفالکردنی کورددا ئامادەگیان نیە چوونکە ئەو مەیدانە لەو ساتەوەختەدا بەشێك نیە لە جیهان بەڵکوو وەك نەتەوەو وەك کلتور بەشێکی زیادیە لەناو وڵات و نەتەوەیەکی خەیاڵیدا کە هەوڵدەدرێ دروستبکرێ، کێشەیەکی ناوخۆیی ئەو کیانەیەو مادام بەرەنگاری دەکا دەبێ لەناو بچێ. لێرەوە هیچ کەس باسی نەدەکردو کورد خۆشی جگە لە یەك — دوو رادیو لە شاخ هیچ ئامێرێکی دیکەی بە دەستەوە نەبوو تا واقیعەکە باس بکاو نیشانی بدا، بۆیە هەندێ پارت و کەسایەتی سیاسی و روناکبیری کەم نەبێ خەڵکی ئاسایی سەرجەم بەشەکانی دیکەی کوردستان هیچیان لە بارەوە نەدەزانی. تەنانەت کاتی کۆڕەوەکە هەرچەند من خۆم منالْ بووم بەڵام لە پەنا ئەو بەهاناهاتن و هاوکارییە مێژوییە یەکێك لەو پرسیارە جاهیلانە جەماوەرییەم لە بیرە کە خەڵکی ڕەشۆکی ئێمە لە ئێوەیان دەکرد کە سەددام حوسێن سەرۆکێکی قۆزەو باشتان بەخێودەکا بۆلە خۆتان ناگەڕێن و بۆ خۆتان بە ئاوارەکردن داوە؟! لە راستیدا لە دایك بوونی ئەو پرسیارە لە سەر ئاستی جەماوەری ئاسایی نیشانەی ئەوەیە کە خەڵکی دەرەوەی مەیدان و واقیعی ئەنفال بە تایبەت خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاگایان لە ئەنفال نەبوو. کە بۆشت باسدەکرد جارێکی دیکە نەیدەویست باوەڕ بکاو باوەریشی کردبا هەر خۆتی تاوانبار دەکرد، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەم: هەژاری روناکبیری نەتەوەیی و سیاسیی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا دووهەم: غیابی ئامێرەکانی ڕاگەیاندن و بێدەنگی نێودەوڵەتی و نێو نەتەوەیی. بەڵام دوای ڕاپەڕین و پەرەگرتنی ئامێرەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستانداو گۆڕانی معادلاتی سیاسی ناوچەیی و جیهانیش بەرەبەرە ئەو هاوسەنگیە تا ڕادەیەکی زۆر کەم گۆڕاوەو ئێستا خۆشم یەکێك لەو کەسانەم سەرەرای ئەوەی بڕێ لە هۆکارەکانیش دەزانین تارادەیەك هەم زانیاری باشمان هەیە لەو بوارەداو هەمیش بە هۆی ئەو پرسیارو ئەو جەهالەتەوە لە ئێوەمان کردووەو بە نیسبەت ئێوە هەمان بوە خۆمان بە شەرمەزار دەزانین. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە کورد هەمیشە بە نیسبەت ئەوەی کە گەلی دەکرێ بێ ئاگایەو هەر ئێستاکەش بە هەمان شێوە ئەو بابەتە پێچەوانە بۆتەوەو تەنانەت روناکبیری ناسراوی ئەو شارە کە سەر بە حیزبە ئیسلامیەکانیش نیە بە خۆمی کوتووە ئێوە خۆتان تاوانبارن و کۆماری ئیسلامی زۆر باشە. لە بیرمان نەچێ ئەو قسەیە هەروەك قسە ڕەشۆکیەکەی ئەو کاتی لای ئێمەیە یانی کارەبات هەبێ چ قەیدی با لە ڕووی ئینسانی و نەتەوەیی و کلتوری و سیاسییەوە مافت

**مەحموود شیرزاد: خەڵکی دەرەوەی مەیدان و واقیعی ئەنفال بە تایبەت خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاگایان لە ئەنفال نەبووە**

بخورێ و سوکایەتی گەورەت پێبکرێ. ئەوەی ڕاستیبێ ئەوە نیشانەی ئەوەیە پرۆسەی دروستکردنی ناسیونالیزم و نەتەوە نەتەنیا بەردەوام لاواز بووە بەڵکوو لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە شکستی خواردووە. دیارە لەو کاتیدا بە هۆی ئەو هۆکارانەوە کە باسم کردن ئەو ڕووداوانەی نەك هەر ئەو بەشە لە کوردستان بەڵکوو بەشەکانیتریش ئەو کاریگەرییەی کە دەبوو لە سەر یەکتری بیانبێ نەیانبوو، بۆ وێنە نە تەنیا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو خەڵکی هیچ کام لە پارچەکانی دیکەش ڕێپێوانێکی ئەو تۆیان چ لەناوخۆو چ لەدەرەوەی وڵات سازنەدا، هیچ مانگرتنێکی مەدەنی و نامەدەنیمان نەبینی، هەڵوێستێکی جەماوەری نەتەوەیی لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە بەرچاو ناکەوێ، لێرەوە هەموان و لەسەرووی جەماوەر پارتەکان بە پلەی یەکەم لەو بێ هەڵوێستیەدا بەشدارن، چونکە حیزبەکان بۆ ئەوەی بەرژەوەندی حیزبیان نەکەوێتە مەترسیەوە جۆرێك لە بێدەنگی و بێ هەڵوێستیان هەم لە پێوەندی لەگەڵ هوشیارکردنەوەو هاندانی خەڵك و هەم لە دیپلۆماسی دەرەکیاندا هەڵبژارد، دیارە "یەکیتی" و "پارتی" لەو کاتەدا هەرزۆر لاواز بوون، "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"یش لە گەڵ دەسەڵاتی بەعس پێوەندی و هاتووچۆی هەبوو، بەڵام هەروەك دوای روخانی بەعسیش دەرکەوت ئەو حیزبە هیچ چەشنە خیانەتێکی بە مەسەلەی کوردو لەسەر حیسابی کورد هیچ خۆشخزمەتێکی بە بەعس نەکردبوو، بەڵام لەو ساتە وەختەدا بێدەنگی هەڵبژاردبوو کە ئەوەش جۆرێکە لە خیانەتکردن بە حەقیقەت، ئەوە ڕەخنەیەکە لەو ساتە وەختەداو لە دوایش تا سەردەمی ڕووخانی بەعس ڕووبەڕووی ئەو حیزبە دەبێتەوە. حیزبە کمونیست و مارکسیستەکانی دیکەش بۆ وێنە وەك "کۆمەڵە" لە سەر بنەمای ستراتیژیی و سیاسەتی ناعەقڵانی ئەنترناشناڵ ئیشیان دەکردو کورد بوون بەلایانەوە جۆرێ لە دواکەوتوویی و نەنگییەت و...هتد بوو بۆیە ئەوانیش بەو شێوەیە پێیان شەرم بوو تەنانەت لە چواچێوەی ئینسانییەتیشدا دیفاع لەو مرۆڤانە بکەن کە کوردبوون و بەو شێوەیە مامەڵەیان لە گەڵ دەکرا، چونکە نیگەران بوون هەوڵەکانیان بچێتە گیرفانی بزاڤی نەتەوەییەوەو دواکەوتووییەوە.....هتد. بەڵام دوای کۆڕەوەکەو ڕاپەڕین هەروەك پێشتر باسمان کرد بەرە بەرە تا ڕادەیەکی زۆر کەم ئەو هاوسەنگیە دەگۆڕێ، بۆیەش دەڵێم کەم چونکە تا ئێستاش ئەگەر فریوی دروشم و درۆودەلەسەکانی ڕاگەیاندنی حیزبەکان نەخۆین بەمانا عەقڵانییەکەی کۆمەڵگا و حیزب و گرووپێکی کوردیمان نیە کوردستانی بیربکاتەوە، بەڵام هاوسۆزی باش هەیە بۆ وێنە ئەزموونی دوای ١٩٩١ی ئێرە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی زۆر دڵخۆشکرد، دوایی جەنگی نگریسی براکوژی ئەوهیواو دڵخۆشیەی لەوێش لە گۆڕنا، ئاشتبوونەوە هیوایەکیتری دروستکردەوە، تا ئەوەی مەسەلەی فیدراڵی و بونی جەنابی مام جەلال بەسەرۆك کۆماری عێراق بەهەمان شێوە، ١ی شوبات هاوسۆزێکی قووڵی نەتەوەیی درووست کرد و دوکان و بازاری ئەوێشی داخست و کۆڕی پرسەو پەخشان خوێندنەوەی نەتەوەیی سیاسی زۆری لێکەوتەوەو ڕووداو گۆرانکاریەکانی دیکەش بە هەمان شێوە. بەڵام ئەوانە هیچیان بە تەواوی ناچنە ناو چوارچێوەی جموجۆڵی نەتەوەیی جیدییەوە، چونکە لە گەڵ کۆی ئەوانەدا هەر وەك باسمان تاکوو ئێستێ ناسیونالیزمی کوردی درووست نەبوەو ئەوەش کە بەناوی ناسیونالیزمەوە پێمانی دەفرۆشن سۆزێکی پارچەپارچەی ناعەقڵانی کوردانەیە، سەیری وەزعییەتی ناوخۆی و ململانەی ناشیرینی باڵەکانی ناو حیزبەکانی خۆمان بکەین بۆمان دەردەکەوێ بەهەڵکەوت نیە تا ئێستا بێ کیان و دەوڵەتین، بەهەڵکەوت نیە ئەو گشتە کارەساتەمان بەسەر دێ، دەنا بە ڕاستی کارەساتی ئەنفال لە پەنا کارەساتەکانیتر وەك یەکێك لە فاکتەرە بەهێزەکان بەس بوو بۆئەوەی کورد بیکا بە بنەمای دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و گەیشتن بە سەر بەخۆیی، واتە ئەگەر خاوەنی سیاسەتێکی نەتەوەیی عەقڵانی و بە هێزبوایەن ئێستێ لەسەر بنەمای کارەساتەکانی وەك ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، کوشتاری خەڵکی ناوچە جوراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها قەتڵ وعامی کوردەکانی باکوور بە دەستی کەمالیست و گورگە بۆرە دڕندە تورکەکان و کوردی خۆرئاوا بەدەستی بەعسی سوریە لە هەموو پارچەکان خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بووین.

ئەحمەد مهابادی: پرۆسەی ئەنفال هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی تاکو ئێستا لە نێو خەڵکی بەگشتی و چینی ڕۆشنفکرو خوێنەوار بەتایبەتی جێگەی باسکردن وقسەکردن بوە لەسەری، بەڵام بەگشتی لە زانکۆکاندا لەبەر ئەوە هەموو ساڵ لەزۆربەی ئەم زانکۆیانەدا کە کوردی لێن و بە مێژو ڕوداوەکانی کوردستان خۆ ماندوو دەکەن و بۆیان گرنگیە مەراسیمی یادی هەڵەبجە دەکرێتەوە ولەم جۆرە مەراسیمەدا باس لە ئەنفال و پرۆسەکانی دژ بە کوردان لە لایەن حوکوومەتی عێراقی دەکەیەوە و لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستان دا وتاری لە سەر نوسراوە وجێگەی موناقشە ولێکۆڵینەوە بوە. لە بەر ئەوە ڕاگەیاندنی حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە بەرنامەکانی خۆیاندا تاڕادەیەك باسیان لێکردون بۆتە هۆی ئاشنای زیاتری خەڵکی بەم پرۆسە،بەڵام ئەوەی جێگی سەرنجی منە ئەوەیە کە نەك لە بەشەکانی کوردستان بگرە لە بەشاوری کوردستانیش ئەم کارەساتە بە جۆرێك لە لایەن سەکردەکان و پسپۆرانی دەرونی باس نەکراوە کە وەك ڕێنماییەك کەڵکی لێوەرگرن بۆپتر بە جیهان ناساندنی کێشەکانی کە بە سەر کورد هاتوون و بۆ زیندوکردنەوەی هەستێکی پای کوردایەتی و ناسیونالیستی من بە پێویستی دەزانم کە کاری تایبەتی بۆ بکرێ و زۆرتر هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بێتە مەسەلەیەکی جیهانی هەر وەك یەهودیکان هۆلۆکۆستیان واڵێ کردو تەنیا بەڵگە بەدەستیانەوە بۆ سەپاندنی بیرۆکەکانی خۆیان بوو.هی خۆمان واتە ئەنفال چیر لەمە کەمتر نیە بگرە گەورە تریشە، لەبابەت کاریگەری ئەنفال لە سەر کوردستانی ڕۆژهەڵات و پارچەکانی تر من پێم وایە کە کاریگەری هەبوو بۆ ئەوەی لە بەرامبەر نەتەوەکانی تر کەڵکی لێوەرگرن هەڵبەت بەو پێی دۆخێکی دیاری کراو لە وڵاتەکەدا هەیە،بەڵام بەڕادەی پێویست نەبووە،لەم دوایانەدا واتە لە ساڵی١٩٩٨ بەدواوە بەدوای هاتنە سەرکاری محمد خاتمی کەمێك فەزاکە کراوەتر بوو هەر چەند باس کردن لەسەر ئەنفال لەوانەیە پەیوەندی بەحکومەتی ئێرانەوە نەبێ،بەڵام هەر کات باس بکرێ ڕونە کە حکومەت وەك ئەوە کاریگەری لەسەر کوردەکانی ڕۆژهەڵات دابنێ،بۆی جێگەی مەترسیە،چونکە هێندیك لەگوندو قەزاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەکاتی شەڕی لەگەڵ حکومەتی ئێران دەربەدەری و کاول کردنی دێهاتەکانیانی خۆیانی ئەزمون کردووە لەکاتی باس کردنی ئەنفال بۆیان،دەزانن کەچیان بەسەر هاتووە، وە ئەمە زیاتر کاریگەری خراپ و لە لایەکیشەوە ترس لە دڵیاندا دروست بووە ، هەندێکیش وەك حاڵەتێکی دەرونی خۆ بۆئەم پرۆسەیە ئەگەر لەدواڕۆژدا روبدات ئامادەدەکەن، بەپێی ئەم دۆخەی کەلەپێشدا باسمکرد لەو وڵاتدا دەسەڵاتێك حاکمە بەڕادەی پێویست پشتگیری ئێوەی بشوری بکرێت، بەڵام لەکاتی خۆشی و ناخۆشی باشوری کوردستان هەڵوێستیان نیشانداوە، بەتایبەت دوای پرۆسەی ئازادی عێراق وەك لایەنگری لە فیدڕاڵی و بوونی مام جەلال بەسەرۆك کۆمار، هەروەها لەکاتی روداوی تیرۆرستی لە ١ی شوباتدا، ئەمانە هەموویان لەم دۆخەدا کەتێیدا دەژین دەتوانین هەڵیسەنگێنین، بەڵام دەبێت لەوە زیاتر خۆنیشان بدەن و وەك کێشەیەکی نەتەوەیی و مێژویی باسی لێبکرێ و هەموولایەك بۆزیاتر ناسندنی ڕخساری حوکمەتی عێراق دەرهەق بەکوردان هەوڵی بۆبدرێت.

**ئەحمەد مەهابادی: لە بەر ئەوە ڕاگەیاندنی حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵات لە بەرنامەکانی خۆیاندا تاڕادەیەك باسیان لێکردون بۆتە هۆی ئاشنای زیاتری خەڵکی بەم پرۆسەیە**

# کەلتوری ئەنفالیزەکردن و مەسئولی سۆزانی

**کاروان محەمەد تەیب**

ئێمە بۆ زانین و شارەزابوون لە کریستالیزە بوونی (تبلور) کەلتوری ئەنفالیزەکردن و ناسینی ئەنفال وەکو خۆی پێویستمان بە باسکردنی کەلتوری عەرەبی دەشتەکییە کە پڕە لە ئەنفالیزە کردن و زیندە بەچاڵکردن و چێژ وەرگرتن لە نەهێشتنی شەهامەتی کەسانی ترو ئەنفالیزەکردنی کچان و ماڵ و سامان و هۆز و نەتەوەکانی تر، ئەمە لە پێش ئیسلامدا کارێکی ئاسایی بوو بۆ عەرەبی دواکەوتووی نیمچە دورگەی عەرەب و لە دوای هاتنی ئیسلامیش ئەم کارە لە پشت پەردەی ئایینەوە بەردەوام دەستی پێوە گیراو پەیڕەو کرا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی گروپ و تاقمی دیاریکراوی ئەو سەردەمە، بێگومان ئەم شتە تەنها لە سەردەمی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام و سەردەمێکی دیاریکراوی ئیسلامدا نەمایەوە لە قاوغەکەی خۆیدا، بەڵکو ئەم کەلتورە لە ناخی هەموو عەقڵێکی عەرەبی ڕەگ و ڕیشەی خۆی داکوتا و بوو بە بەشێك لە پێکهاتەی عەقڵیی و بایەلۆژی نەتەوەی عەرەبی موسوڵمان، واتا چیتر نەتوانرا و ناتوانرێت ئەم کەلتورە نا شارستانی و نا مرۆڤایەتیە لە ناخی تاکی ئەواندا دەربکێشرێ، بۆیە دواجار لە سەردەمێکی زۆر تێپەڕیو و ئەزموون وەرگرتنی گەلانی جیهان بەسەر کەلتوری کوشتن و زیندە بەچاڵکردندا، ئەبینین کەسانێك بە عەقڵیەتێکی زۆر دڕوو مرۆڤ کوژیانەی خۆیانەوە بە ئاشکرا خەنجەری بێویژدانی خۆیان ئەدەن لە ملی نەتەوەیەك و بوێرانەو بێشەرمانە بانگی کەلتوری ئەنفالیزەیی باو باپیرانیان هەڵئەدەن و ئەیانەوێت ئەم جارەیان بە پراکتیکی بیسەلمێنن کە ئەوان تەنها کەلتوری ئەنفالیزەکردن و کوشتن لەلایان نیشانەی مرۆڤایەتی و شەهامەتی نەتەوەی ئەوانە، کەواتە ئەوان لە ڕێگەی کوشتن و ئەنفالیزەکردن و جەهلەوە ئەیانەوێت خۆیان بە ڕوی جیهانی پێشکەوتوو گەلانی سەر ڕوی زەوی بناسێنن نەك لە ڕێگەی داهێنانی ئامرازو تەکنۆلۆژیای نوێی سەردەم و کریستالیزەکردنی فکرێ کە خزمەت بە خۆیان وەك نەتەوەیەك و پاشانیش هەموو مرۆڤایەتی بکەن.

نیمچە دورگەی عەرەب و ئیسلام لەوە زیاتریان بەرهەم نەهێناوە کە لە کەلتوری ئەنفالیزەکردن و یارمەتی دان و دروست کردنی فیکری سەلەفی دواکەتوو پێگەیاندن و دروستکردنی گروپی تیرۆریستی خۆیان دەرباز بکەن، کە هەمیشە بە دوای کوشتنی فیکری نوێ و ڕۆشنبیرانی هەڵگری فیکر وئایدیای مەدەنیەتەوەن.

ئەنفالچیە دینیە دواکەوتووەکان ئەوەی لەسەر پەڕەی کتێببە بە ناو ئاسمایەکەیان، هاتن لەم سەردەمەدا کە هەموو مرۆڤایەتی بیر لەوە ئەکاتەوە کە چۆن خۆشگوزەرانی بۆ خۆیان و مرۆڤەیاتی دابین بکەن، بە شێوەیەکی پراکتیکی هەروەکو سەردەمی کۆنی خۆیان پراکتیزەیان کردوە و بە ڕونی ئەوەیان سەلماندووە کە ماوەیەکی زۆرە ڕەنگە زۆر کەس و لایەن هەبن مونتەزری ئەو واقعە پراکتیکیە بووبێتن کە بەعسیە دینیە قەومیەکان کردیان.

بەعسی یەکان با نەشڵێن ئێمە پارتێکی دینی نین و لە ژێر پەیامی دیندا کار ناکەن، بەڵام دواجار ئەوان بە هیچ شێوەیەك بیرلەوەناکەنەوە، بەڵکو ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگە ئەوەیە هەر ڕێگەیەك هەیە بیگرنەبەر بۆزیندوکردنەوەی کەلتوری ئەنفالیزەکردنی کۆنی خۆیان. بەراستی ئەنفال ڕۆحی نەتەوەیی و دینیی نەتەوەیی نیمچەدورگەی عەرەب بەرونی ئەخاتە بەردەست و چاوی ئەوانەی کەلایان ئالۆزە کەلتوری نیمچەدورگەی عەرەب بناسنەوە.

لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالیزەکردنی کورددا تەنها نەتەوەی نیمچەدورگەی عەرەب بەشداری تێدا نەکرد، بەلکو کوردەکان خۆشیان ئیغتسابی شەرەف و کەرامەتی نەتەوەی خۆیان کرد، ئەوان کارێکی وایانکرد بەراستی و بەتەواوەتی جێی دەستیان دیارەو ناکرێت خۆمانی هەروا بەئاسانی لێی گەمژە بکەین، هەر کوردە جاشەکان بوون بەوردی ڕێگەیان بۆ پۆستاڵڕەشەکانی ئەقڵە دەشتەکییەکانی نیمچەدورگەی عەرەب پاککردەوە و ڕێگەی ئەو بنکانەیان پێیان نیشاندا کە پڕبون لە کیژۆڵەو ژن و منداڵ وپیر ..هتد،



ئەو کیژۆڵانەی کەفرۆشرانە مەککە و مەدینەو ئەزهەرو وەکو کەنیزەکان و دەسکەوتەکانی جارانی ئەقڵەکانی نیمچەدورگەی عەرەبەوە مامەڵەی کرین و فرۆشتنیان پێوەدەکرا. ئەی باشە بۆچی لەبەر کوژرانی فەلەستینییەکی عەرەب هەریەکە لە مەککە و مەدینە و ئەزهەر دەست ئەکەن بە هاوار هاوار و شیوەن و واوەیلێ کەلەبەرامبەر زیندە بەچالکردنی هەزاران کەس دەمیان بۆگەنی کردووە، کەتەنانەت وشەیەکیش لەدەمیان نەهاتە دەرەوە، دوای ئەوەی بەعسیەکان لەژێر پەیامێکی ئیلاهییان و لەژێر خواستە شەڕانییەکانی خۆیادا دەیان هەزاریان لەکوردەکانی باشووری کوردستان هەر بە زیندووی خستە ژێر خۆڵی بیابانەوە و چارەنوسی کوردیان خستە ژێرپێی خۆیانەوە، کەرامەتیان شکاندوو لەکەداریان کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ژمارەیەکی زۆر زۆری مەسئولە کوردەکان ژێر بەژێر پەیوەندییەکی توندو تۆڵیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا هەبوو، تاکو لەدوای ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراقدا بەپێی ئەو بەڵگانەی کەدۆزرانەوە ئینجا ئاشکرابوون، بەپێی بەڵگەی مەلموس و سەر ڕوپەری ڕۆژنامەکان. ئەو مەسئولانەی کە بەعسی بوون،بە پێی بەڵگەنامەکان و زۆربەی هەرەزۆری ئەوەکانیش، لەدوای ئەو ڕاپەرینەی کە جەماوەری گەلی کوردستان کردیان دیسانەوە کەوتنە وێزەی خەڵك و ئەنفالیزەکردنێکی تری کورد ئەویش خۆی لەو شەری ناوخۆیانە ئەبینێتەوە کە حیزبە کوردییەکان بەرپرسن لێی بە عیلمانی و ئیسلامییەوە، هەروەها هەر بەوەشەوە نەوەستان،بەلکو کەوتنە دزی و ئاودیوکردنی ماڵی گەل و بەجۆرێك هەمووشتێکیان کرد بەپارەو خستیانە گیرفانی خۆیانەوەو ئینجاش کەوتنە ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتی سۆزانی هەروەك کرینی شوێنە گرنگەکان و دروستکردنی ڤێلا و دانیشتنی خواردنەوە و ڕابواردنی شەوانەی خۆیان کەپارەیەکی ئێجگار زۆر سەرف ئەکەن بۆهەر دانیشتنێکیان.

ئەنفال هەر ئەوەنەبوو کە بەعسییەکان کردیان،بەلکو لەدوای ئەوانیش زۆرلە مەسئولە کوردەکان بەهەمان شێوە پەیرەویان کرد، بەڵام جێگەی داخە بەوەی ئەمان ناوترێت ئەنفال، هەندێك لەو مەسئولە کوردانەی کە خەریکی خیانەت کردن و دزینی ماڵی کوردن ئەوەندە لەگەڵ ئافرەتە سۆزانییەکاندا رایان بواردووە وەك ئەوەی بەبەرچاوەوە دەیبینین وەکو سۆزانییەکانیان لێهاتووە ، بەڵکو هیچ جیاوازیان نییە لەگەڵ ئەواندا، چونکە ئەوان ئەوەتا چەندین ڕەخنەیان لێدەگیرێت و چەندین داوایان لێئەکرێت کە ئەرکی ئینسانی و نەتەوەیی خۆیان جێبەجێبکەن، بەڵام لەبەرامبەردا هیچ خۆیان تێکنادەن و بە گێلانەوە ڕەفتاری خۆیان دەکەن.

## پاشماوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محەمەد ئیحسان....

**پ: بەهۆی چیەوە دەرت هێنا؟**

د.محەمەد ئیحسان: بە پێنوس و چەقۆ

**پ: بۆ ئەم کارە هیچ خولێکی فێربوونت بینیوە؟**

د.محەمەد ئیحسان: بەڵێ، لە وڵاتانی بوسنێ و هرسەگۆڤین و ئەفریقیای باشور لەم بوارەدا خولم بینیوە.

**پ: وەکو دوکتۆرێك لە یاسای نێودەوڵەتی، لە بارەی دادگای تاوانباران ڕات چۆنە؟**

د.محەمەد ئیحسان: هیوادارم سیاسی نەبێتو ، فەرمانی دادوەرانەیان بۆ دەربچێت. تا لەگەڵ ئەوانەی کە ستەمیان لێکراوە، بەرامبەر بە دادگایکردنیان خۆشحاڵ بن.

**پ:تاڵترین یادگاری لە کاتی سەرقاڵیت بە گەڕان لە نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا؟**

د.محەمەد ئیحسان: لە ڕاستیدا شتێك لەلام پەیدا بوو. هەرگیز هەستم نەدەکرد ستەم لە عێراقدا بە ئەم جۆرە بێت و تا ئەم سنورە بێت. هەرگیز هەستم نەکرد ستەم لە عێراقدا بە ئەم جۆرە بێت و تا ئەم سنورە بێت. هەرگیز هەستم نەدەکرد مرۆڤ لە ڕوانگەی مرۆڤێکی ترەوە، تا ئەم ئاستە بێ نرخ بێت. من کوژراوی ئاسایم بینی بوو، بەڵام هەرگیز نەمبینیوە ٥٠٠ کەس بەیەك ڕۆژ بکوژرێت و لە یەك گۆڕا بشاردرێتەوە. هەرگیز نەمدەگوت عێراقیەکان بەم جۆرە لەگەڵ یەکتر مامەڵە دەکەن. من بە گومانم ، عێراق میللەتی تیا نیە بە ناوی عێراقیەکان، بەڵکو کورد، عەرەب، شیعە، ترکمان ئاشوری، تیایە، بەڵام شتێك نیە ناوی میللەتی عێراق بێت، بەڵێ، وڵاتێك هەیە ناوی عێراقە. وەکو ئێران نیە، لە ئێران چەند میللەت هەیە، بەڵام هەمووی خۆی بە ئێرانی دەزانێت، پێش ئەوەی خۆی بە نەتەوەیەکی تایبەت بزانێت، خۆی بە ئێرانی دەزانێت. ئەم فەرهەنگە لە عێراقدا بوونی نیە. بێگومان گەڕانەکانم کاریگەری دەروونی لەسەر من داناوە، بۆیە زۆرجار دەڵێم پێویستیم بە (بەهێزکردنی دەروونی) هەیە.

**پ: کاتی گەڕان چ پرسیار گەلێکیان دەهاتە پێش؟**

د.محەمەد ئیحسان: من لە ڕۆژێکدا ڕاپۆرتی بارودۆخی ١٥٠ تەرمم نوسی، ١٥٠ تەرمم کۆکردەوە تا بزانم هەر پەیکەرێ پارچە ئێسقانەکانی لە کوێیە؟ چی بەسەر هاتووە؟ چۆن کوژراوە؟ بتوانم تەمەنی دیاری بکەم، تەمەن و ساڵی چەند بووە؟ ئایا پێش کوژرانی، برینداری هەبووەیان نە؟ کەموکورتی جەستەیی هەبووە یان نە؟ ئەم جۆرە پرسیارانەم هەبوو.

**پ: سەرەڕای سەرقاڵی فکری و زهنی، ئایا دەربارەی دۆخی عێراق بە ئەنجامێك گەشتی؟**

د.محەمەد ئیحسان: بە درێژی ژیانم تا ئەو کاتە هەستم نە دەکرد بارودۆخ ئەوەن خەفەتی هێنەر بێت. بۆیە زۆرجار دەڵێم سەرەتای ستەم لەم وڵاتەدا دەستی پێکردووە. کەسانێك هەن دەڵێن سەرەتای مەعریفە لەم وڵاتەدا دەستی پێکردووە، بەڵام من دەڵێم بەڕاستی درۆ دەکەیت. هەن شانازی بە یاساکەی حامورابییەوە دەکەن، کە لێرەدا نوسیویەتی، دەڵێم چەند ستەم و تاوان لێرەبوونی هەیە. من وامنەدەزانی میللەتێك هەبێت ناوی عەرەب بێت و، موسڵمان بێتو، کەچی جێگەی مرۆڤ لایان هێندە نزم بێت. خۆش نییە مرۆڤ بابەت بگشتێنێ، بەڵام من بە درێژایی ١٤ ساڵ شتێکم نەبینی کە دڵخۆشم بکات بەوەی دراوسێیەکەم هەیە ناوی عەرەب و فەرهەنگی مرۆڤ لای ئەو بوونی هەیە. ئەمە بۆچونی منەو جێگەی داخە لام. کەسانێکیش هەن بیروڕای جیاوازیان هەیە لەگەڵمدا.

**تێبینی:**

**ئەم چاوپێکەوتنە، گۆڤاری "گفتمانو" مانگی ٩ سپتامنبەری ٢٠٠٦ لەگەڵ د. محمد ئیحسان وەزیری ماڤ مرۆڤی هەرێم ئەو کاتەو، لێپرسراوی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئێستای ئەنجامدراوە، لەبەر گرنگی و بە بایەخی زانیارییەکانی بۆ هەر تاکێکی کورد، سەرەڕای دەستکاری و هەندێ لابردن، لە زمانی فارسییەوە، وەرگێڕاوە.**

## ئەنفال و توندوتیژی

گوومان لەوەدا نییە لەهەر کۆمەڵگایەکدا سیستماتیك کردن و بە یاسایی کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیە تایبەتیەکان ڕەمزی شکۆیبوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەرەو شارستانیەت و دیمۆکراسیەتە، بەم پێیە هەر گەل و نەتەوەیەك کە لە چوار چێوەی سنووری وڵاتێکدا بێت پێویستە ماف و ڕێزو کەرامەتی لە لایەن دەسەڵاتی وڵاتەوە پارێزراو بێت. بەڵام ئەوە چییە وا لە دەسەڵات دەکات بەرامبەر خەڵك و گەلی وڵاتەکەی توندو تیژی بنوێنێ و زۆر جار بەرامبەر بە گەلەکەی ئەمری قەڵاچۆکردن دەردەات و هەوڵ دەدات لەم ڕێگایەوە ئەو حیکایەتە ڕەمزی و ئەفسانەییە کە (سەرکەوتنە) بقۆزێتەوە بۆ خۆی و پارێزگاری لەو کەسایەتیە کاریزماییە بکات کە کەسایەتی سەرەکی حیکایەتەکەیە. گەلی کورد وەك گەلێکی ناڕازی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا دەست دەداتە شۆڕش و داوای ئەو مافە سەرەتاییانە دەکات کە لە لایەن گروپێکی سیاسی بەناوی بەعسەوە لێی زەوت کراون و دان بە مافە سەرەتایی و ڕەواکانی دا نانێت، لێرەدا پێویستە چەمکی (سەرکەوتن) بخەینە پاڵ چەمکی ئەنفالەوە هەتا چەمکە لە پانتا بەرفراوانەکەیدا کە بەعس پشتی پێی بەست بۆ قەڵاچۆکردن و پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەنفال لە لایەن جێبەجێکارەکەی واتە: عەلی حەسەن المجید. هەر هێزو دەسەڵاتێکی کاتێك ناتوانێ لە بەرامبەر شۆڕشە سەرەکییەکاندا بوەستێ دەست دەکات بە چەوسانەوەی ناو خوێن و لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ئەو تاقمەی مەبەستیەتی بێ هێزی دەکات، بەڵام گەلی کورد بەهۆی ئەوەوە پشت ئەستور بوو بە سروشت و ژینگەکەی نەتەنیا ئەو چەوسانەوانە نەیتوانی وەرەی گەل لەناو گوندو شارەکاندا بڕوخێنێ بەڵکوو پاڵپشتێکی بەهێزیش بوو بۆ گروپی چەکداری شۆڕشگێرو گوندەکان وەك دابینکەری خۆراك و بگرە مەتەرێزی شەڕو ڕوبەڕو بوونەوەی هێزەی بەعسییەکان، توانیان ئەوانیش ڕۆڵێکی پۆزێتیڤ لە بەهێزکردنی پێشمەرگەدا بگێڕن، هەر بۆیە بەعس هەتا ڕادەیەك هاوشێوەی نازیەکان بۆ قەرە بووکردنەوەی شکستەکانیان کەڵك لە کەلتورێك وەردەگرێت کە لە ناخیاندا پەروەردەیان کردووە.

نازیەکان مناڵانیان لە شەش ساڵیەوە هەتا هەژدە ساڵی بەپێی کەلتووری نازیم ڕادەهێنا هەتا لەهەر شوێنێکدا پێیان خۆش بوو بۆ سەرکوتکردن و شەڕکردن کەڵکیان لێ وەرگرن و توندو تیژی تایبەت بنوێنن. بەعسیش بە هەمان شێوازو بۆ دروستکردنی ئەفسانەیەکی بەعسی و عەرەبی و پشت بەستن بە ئایەتەکانی قورئان، وشەی ئەنفالی بۆ مەبەستە ناحەزەکانی هەڵبژارد، ئەنفال سەروەرییەکانی عەرەبی دەپاراست و لە بەرامبەردا ئەنفال و ژینۆسایدی کورد بە تایبەتی و گەل و هۆزەکانی تری بەگشتی بەشتێکی ڕەوای دەزانی، هەر بۆیە بەدوای سەمبول و سەرچاوەکانی قودرەت و دەسەڵات لەناو کوردستاندا قوڵ بۆیەوەو سەرەتا گوندەکانی بەرەو وێرانی بردو پاشان کە لە ستافی دەست پەروەردەی خۆی کە ئامادەی هەر چەشنە توندو تیژییەك بوون بەرامبەر بە کورد کەڵکی وەرگرت.

واتا کەسانێك کە عاتیفەو سۆزیان تیا کوشتبوون و ئامادەی هەر چەشنە کارێکی نامرۆیی و نائەقلانی بوون، بە برسیەتی هێشتەوەی منال و ژن و پیرو پەککەوتەو کوشتنی بەلێشاوی گەنجان و دواتریش کەڵك وەگرتن لە گۆڕی بەکۆمەڵ. ئەگەر لێرەدا لە یەکێك لە ڕواڵەتەکانی توندوتیژی ورد بینەوە، توندو تیژی دەتوانێ بەیانێکی هەڵقولاو بێت لە جۆرێك بێزاروی دڵەڕاوکێ و نێگەرانی، پێویستیش ناکات لە هەمان کاتی هەڵچوون و هەستە سروشتییەکاندا بێتە دی بەڵکوو دەکرێ بۆ ماوەیەکی زۆر دەی شاراوی و پاشان کوت و پڕ بیخەیتە ڕوو یان ئەوەتا لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا جێبەجێ بکەی کە بێگومان توندوتیژی سیاسی جەوهەری ئەم شێوازەی تیایە. ڕێژێمی بەعسیش هەر لەسەر ئەم شێوازە کە پاول گیلێرت باسی دەکات پرۆسەی ئەنفالی دەست پێکرد، ئەنفالی لە قووڵایی ئیسلامدا دژی گەلێك بەکار برد کە سەرکێش و یاخیەو هەموو هەڵس و کەوتێك لە لایەن گروپی بەعسەوە ڕەوایەو تەنانەت ئەوان جێبەجێ کەری خواوەندی ئیسلامن، بێگومان ئەم جۆرەی کە لە توندوتیژی ئەنفالدا باسمان کرد هەڵقووڵاوی ئایدۆلۆژیایەکن کە بە ئاسانی دەست نەکەوتوون مەبەست ئەوەیە کە پلانیان بۆ دانراوەو بۆ پاراستنی بە وتەی بەعسیەکان سەروەری خاکی عەرەبە. ئەم شێوازی لە توندو تیژی نواندنەی کۆمەڵێك دژی کۆمەڵێکی تر لە زۆر شوێن بەدی دەکرێت بە تایبەت لە کوردستانی پارچە پارچەدا، بۆ نموونە ئەوەی لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان بە ناوی حوکمی جیهادەوە بەسەر کوردا سەپاو دەیان دەرەنجامی خراپی لێکەوتنەوە، لێرەدا هەوڵ دان بۆ سەروەری لە چوار چێوەیەکی سیاسیدا دەتوانێ بەپشت بەستن بە ئایدۆلۆژیا توندو تیژی زۆر ترسناکی وەك قەڵاچۆکردن لە شێوازی ئەنفالی لێبکەوێتەوە، لە پرۆسەی ئەنفالدا هەمان سەرکردەی بەعس (سەدام) دیدی گەلێك کە تێگەیشتووبوو قەڵاچۆکردنی شتێکی مەحاڵە، دەستووری بەخشین دەردەکات. بەبێ ئەوەی تاوانەکانی ئەو هەموو قەڵاچۆکردنە بخاتە ڕوو، بەگشتی پەیوەندی نێوان ئەنفال و توندوتیژی پەیوەندییەکی چڕوو شتێکە کە لەناو گرووپێکی سیاسی و لەناو ئایدیایەکی توندوڕەودا کاری بۆ کراوە، کە خۆی لە خۆیدا پێویستە لە لایەن ڕاگەیاندنەکان و دەسەڵاتەوە بۆ نەهێشتنی ئاسەوارەکانی ئەنفال لەسەر پاشماوەو بەجێماوەکانیان، هەروەها هەوڵ دان بۆ کەم ڕەنگ کردنەوەی توندو تیژی کاری جیددی و زانستی بکرێت.

**کەریم قادر پوور**

# لەیادی کارەساتی بەناو ئەنفال دا... ئاوڕدانەوەیەك لەگەنجانی کەسو کاری ئەنفال



**فاتیح سەنگاوی**

بەهۆی زۆری کارەساتەکانو ئەو چەرمە سەریو نەهامەتیانەی لەمێژووی گەلەکەماندا ڕویانداوە، هەمیشە خومان گرتوە بەلاواندنەوەو باسکردنی ئەو مێژووە تاڵەو ئەو نەهامەتیانەی بەدی هاتون، هەر بۆیە دەبینین تا هەنوکەش حیزبو دەسەڵاتی کوردی ئەوەندەی ئاڵودەی پیاهەڵدانی کارەساتەکانە ئەوەندە لە خەمی سارێژکردنو بیماکردنیدا نییە، ئەمە تا ئێستاکەش بوەتە نەریتێكو کاری زۆری لەسەر کراوە، بەڵام پێ دەچێ کاتی ئەوە هاتبێ، ئیتر لەمەولا نەبینە ناتخۆری مێژووی پێشوومانو بەشێکی زۆری جەماوەریش گەیشتبێتنە ئەو ئاستەی هاوار بکەن بەس تەنها باسی مێژووی پڕ کارەساتاوی مێژووی خەباتو شانازی، مێژووی قوربانیدانو بەرخودان، مێژووی کردمانو تێکۆشایین؟!

ئەمە ڕاستینو نکۆڵی نەکراون، ئەوانە ئەو ڕۆژانەن ئەمڕۆیان دروست کرد، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆش بەم شێوەیە بگوزەرێنین کە هەین، ئەوا ئەم ڕۆژانە داهاتویەکی لێڵو تەماوی ئەگەر نەڵێم ڕەشی، لێ دروست دەبێت، کۆمەڵگەی ئێمە بێ ئەوەی بەباشی هەستی پێ بکەین لەبەردەم چەندین گرفتو کێشەو ئارێشەدایە کە وەك ئاگربن، دەتەنێتەوەو لەناکاودا لەبەردەم بارێکی نالەباری ئاڵۆزدیدا خۆ دەبینینەوە واش دەزانم دەسەڵاتدارانی کورد تا هەنوکە تەنها سەرقاڵی چنینەوەو بەرهەمی خەباتی ڕابردوویانو بریتیو تەعویزی چێژو عەیشو نۆشە لە دەست چوەکانیان وەردەگرنەوە؟!!

ئەوەی بەلایدا نەچن ئاوردانەوەیە لەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی بەرەنجامی بەجیهانی بوونی سەرجەمی شتەکانن، بەجیهانی بونی گرفتەکانیشەوە، ئەمڕۆ هەر وەك دەستکەوتەکان لەماوەیەکی کورتو خێرادا بەجیهانی دەبن، بەهەمان شێوە لاوانو ئارێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیو دەروونیو ... هتد، بەجیهانی دەبنو لەماوەیەکی خێرادا دەتەنننەوەو .. لەم نێوەندەدا لاوان قوربانی دەکەم یان سود وەرگری یەکەمن ، پێم وایە ئێمە زۆرجار قوربانین وەك لەوەی دەستکەوتەکان بەدی بهێنین، لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین، ئایا لەنێو ئەم جیهانە جەنجاڵەی کە هەنوکە ئێمە گوزەری دەکەین، چەندە بیرمان لە داخوازیو پێداویستی لاوو گەنجەکانمان کردۆتەوە؟ لە نێو لاوو گەنجاندا چەندە، بەشێوەیەکی تایبەتی ئاوردانەوەیەکی بەلای لاوانی پاش کارەساتی ئەنفال دا کردۆتەوە لاوانی ئێستاو منداڵانی سەردەمی جینۆسایدی ئەنفال، ئەو چینە بێ بەشە بوون کە منداڵییان وەکو منداڵ نەگوزەراندو لاوێتیشیان پڕ لە کێشەو ئاڵۆزییە؟!

جێ ی خۆیەتی لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیداری هەرێمی کوردستانو دەزگاو ڕێکخراوە پسپۆڕییەکان خەمێکی جدی لە بارو گوزەرانی ئەو لاوانە بدەنەوە کە بەهەزاران دێنە ئەژمارو شایەنی ئاوڕلێدانەوەنو لێرەداو بۆ ئەو مەبەستە ئەم پێشنیارانەم هەیە:

١- چەندین توێژینەوەی مەیدانی ئەنجام بدرێت لەو بارەیەوەو ڕەچاوی زانستیو بابەتی بوونو مەنهەجی توێژینەوەی کومەڵایەتی بکرێت. بۆ دەست نیشانیکردنی ئەو گرفتانەی بەرئەنجامو ئاکامی ئەو کارەساتەنو لە وەرگرتنی عەینەکانیش بەراورد کاری هەبێت لەنێوان ئەو کەسانەی بەم کارەساتەدا تێپەڕیونو ئەوانەشی دوور بوون لێی، یاخود پێیدا تێنەپەڕیون.

٢ ــ پاش دەست نیشانکردنو لێکۆڵینەوەو شیتەڵکردنی کێشەکان، لە ڕێگەی چەندین وۆرك شۆپو کۆڕو وانەبێژیو کۆبوونەوە سازدرێ بۆ پڕکردنەوەی هەندێ لەو کەلێنە دەرونیانەی لای ئەو گەنجانە هەنو ئەکرێ خۆیان وانەزانن بەرئەنجامی ئەو کارەساتەیەو لەو ڕێگانەوە، جۆرێك لە چارەسەر بخرێتە ڕوو یاخود هاریکارییەك بێت لەو ڕووەوە...

٣ ــ ئەگەر گەنجو لاوانی کۆمەڵگەی ئێمە بەگشتی فرە گرفتو کێشە بنو کێشەکان لە خۆیان باڵاتر بنو چارەسەرکردنیان زۆری بوێ، ئەوا لاوەانی ئەمڕۆی پاش ئەم کارەساتەو منداڵانی دوێنێی کارەساتەکە گرفتەکان لەسەریان قورسترەو بەدەمەوە بوونیانو هاریکاری کردنیان مافو ئەرکە... مافە بەو پێیەی ئاکامی ئەو کارەساتەن کە سیاسیەکانی کورد لەسەری دەخۆنو گەلی کوردیش لەسەری قەرزارن، ئەرکیشە لەسەر دەسەڵاتداران چەنکە خۆیان بەخەم هەڵگری گەلەکەیان داناوە، بەتایبەتی کەسو کاری شەهیدانو قوربانیەکان؟!!!

٤ ــ هاوکاری مادی لاوان بۆ پێکەوەنانی خێزانو دابینکردنی خانووی نیشتە جێبوون، مافی لاوانە لەم ولاتە، کە کەس نازانێ بودجەو میزانیەکانی چۆن چۆنی بەهەدەر دەدرێن، پێشنیار دەکەم هاوکاری لاوان بەگشتیو لاوانی پاشماوەی ئەنفال بکرێتو بە ئەندازەی پارەی سەیارەی هەر وەزیرو پەرلەمانتارێك (کە زۆربەیان سەیارەی دوا مۆدێلیان هەبوە بدرێت بەلاوانی پاشماوەی ئەنفال).

٥- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جۆراو جۆر کە لاوان سودمەند دەبن تێیدا، ناوچەکانی کارەساتی ئەنفال تاکو ئێستا بێبەشن لە خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانو لەم ڕووەوە زۆر گوتراوەو کەم بیستراوە، هیودارم چیتر لە بۆنەکاندا هەوڵی گریاندنمان نەدەن وا دەزانم ئەو سەردەمە بەسەر چوو، ئێستا خەڵی خزمەتی دەوێ نەك جوڵاندنی هەستو سۆز، بەتایبەت پاش لە سێدارەدانی سەرانی بەعسو روونبونەوەی یەکلایکەرەوەی سەر ئەنجامی ئەنفال کراوانو هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، کە ماوەیەك خەڵکی پێ سەرقاڵ دەکراو بۆ هەندێ کەسی کەم تروسکەیەکی بچووکی هیوا مابوو.. ئەویش نەما.. ئێستاش .. کاتی ئەوە هاتوە زیاترو زۆرتر دەستی خزمەتو بەدەمەوە بوونو خەم خۆری ببینین نەك قسەو بەڵێندان !!!.

# ئەوەی بەعس نەیتوانی بیکات ئێوە کردتان ئەی گەورەکانمان


فۆتۆ: عەرعەر

**م:فاتیح عەبدوڵا محەمەد**

هەر نەتەوەیەك گەورەی نەبێت، بەشی نەهامەتیو سەرگەردانیو ژێر دەستی دەبێت. ئێمەی کورد لەدوای ڕوخانی دەوڵەتی میدیاوە، خەون بە دەوڵەتی حکومەتی کوردی یەوە دەبینن، چونکە هەمیشە بەدەست حکومەتو دەوڵەتان داگیرکەری سەرخاکی کوردستانەوە قەتڵوعامو جینۆساید دەکرێ. هەموو ڕۆژێ، هەموو بەهارێ، هەموو ساڵێ، ڕادەپەڕین سەرمان دەبڕن، ڕامان دەگوێزن، ئەنفالمان دەکەن. بەدرێژی مێژووی ژێر دەستیمان ئێمە کۆیلەیەکی کۆڵ نەدەرو شۆڕشگێڕو چاو قایمو گیان فیدا بووین. بەگژ هەموو داگیرکەرو ئیمپراتۆریەکا چووینەتەوە. حکومەت نەماوە دژی نەبین. هاتین سەدە سەدە باڵی زەمەنی دڵڕەقمان شکاندو ململانێمان کرد، قفڵی کە لەبچەی دیلمان شکاند، چیمان بەسەر نەهات، چیمان نەکرد، چیرۆکی بەسەرهاتی ئێمەی کورد ڕۆمانێکی بێ کۆتاییەو بەسەدان کتێب نانوسرێتەوە. سەدە سەدە ساڵنامەی ئازارەکانمان نووسیوەو لە دوا وێسگەی سەدەی بیستدا بەداستانی ئەنفالو کیمیایی... هتد چوارچێوەیەکمان لەژانێکی هەتایی بۆ خۆمان دروستکرد. گەورەکانمان هەڵەیان کرد هەڵەکانیان تاکو ئێستاش بەردەوامە، بەهەڵەکانی ئەوان ئێمە تاکو ئێستاش دەبینە قوربانیو هەموو ڕۆژێ ئەنفال دەکرێین، هەر هەڵەی ئەوان بوو ئێمە شۆڕشمان کرد. خۆزگە شۆڕشمان نەکردایە، خۆ ئەوان شۆڕشیان بۆ خۆیان کردو ئەوان بەرهەمەکەیان خوارد. ئەوان شۆڕشگێڕ بوونو ئێمەش شۆڕشمان کردو، سەرنەکەوتین ئەوان ڕایانکردو ئێمە بووین قوربانیو گوندمان ڕوخاو سوتانو هەزاران مرۆڤمان ئەنفالکرا. بەعس کەوتە وێزەی ئێمەو ئەوانیش ڕایانکرد. بەڵێ گەورەکانمان ڕایانکردو لەمەیدانی شۆڕشدا ئێمە کەوتینە ژێر پۆستاڵو چەقۆکانی جەلادی بەعسەوە. ئەوەبوو بەعس ئەنفالی کردین. ئەوەی مایەوە لێمان لە زیندانی کردینو دەیان ئۆردوگای سەربازی وەك صمودو شۆڕشو بازیان...هتد دروستکردو ئێمەیان تێدا کۆکردەوە. چونکە بەعس لە پاداشتی شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشدا دەیان مەجموعە زیندانی وەك شۆڕشی کردەخەڵات لەبەر پیرۆزی شۆڕشیش ناوی لێنا (مەدینە شۆرش) شاری شۆڕش. بەعس چی نەکرد. ئەوەی پێی کرا کردی چی نەکرد؟ (کوشتن، بڕین، هەڵواسین، ئەنفال) بەهەرحاڵ ئەمڕۆ (١٩)ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا تێدەپەڕێ. بەڵام ئاخۆ شۆڕشی کوردو حکومەتی کورد بۆ کەسوکاری ئەنفالو ئەوانەی بونە سوتەمەنی شۆڕش چیان کرد؟ئایا لەپاداشتی ئەو گوندانەی لەپێناوی شۆڕشدا خاپور بوون چیان کرد؟ ئایا یەك گوندیان بنیاد نایەوە ئایا هەموو گوندێ قوتابخانەو نەخۆشخانەو ئاووکارەباو...هتد بۆ کراوە. پاداشتی حکومەت چی بوو؟ ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت لە ئۆردوگاکانو گوندەوێرانو ئاوەدان نەکراوەکاندا کارەساتە کارەساتێك کە گەلێ لە کارەساتی ئەنفال گەورەتر. خراپتر لەئەنفالی بەعس. ڕاستە بەعس دوژمنی سەرسەختی کورد بوو. بەڵام ئایا سەرکردایەتی سیاسی کورد توانی ئاسەواری خراپی ئەنفالو پاشماوەی ئەنفال بسڕێتەوە یا ئەوانیش درێژە پێدەری سیاسەتی فاشیزمی بەعس بوون، لەئەنفال کردنی کوردو تەواو کردنی ئەو پرۆسەیەو وێرانکردنی گوندو شارەکانو کێڵگەکانماندا. ئەوانەی لەشاخ پێشمەرگە بوون، ئێستا وەزیرن ئەوانەی لەشاخ بەنانی ماڵە جوتیار شۆڕشیان دەکرد، ئێستا خوێنی کوردو داهاتی کورد لوش دەکەن. ئەوانەی کوڕە جوتیاریان بەکوشت دەداو بەناوی ئازادیو ڕزگاری نیشتمانەوە. ئێستا بەرهەمی ئازادی دەخۆنو ماڵە جوتیاری گوندی ڕوخاو ئەنفالو کیمیابارانو ئاوارە... ئاوو کارەباو.. خزمەتگوزاریان نیە. بەڵام (مەسئولی) پێشمەرگەی شاخو وەزیری ئێستا خاوەن هەموو شتێکن. ئەوانەی ئێستا پەرلەمانتارو وەزیرو نوێنەرو سەرۆك حکومەتن لە کوێوە هاتنو ئەوەی هەیانە لەکوێیان هێناوە. چەند سەیرە؟ ئەوانەی شۆڕشگێڕو بەرنامە داڕێژەی شۆڕش بوون، ئێستا سەرمایەدارو خاوەن کۆشكو تەلارو کۆمپانیاو بازاڕو ڤێلاو... هەموو شتێکن کەچی هەرگیز ماڵە جوتیاری گوندو ئەنفالو شۆڕشو کوردایەتی پێشمەرگایەتیو شاخو شەهیدان برسیو تینویان لەبیرنەماوە ئەوانەی ئەمڕۆ دەستیان لەناقڕەی منداڵی ئەنفالو شەهیدناوەو سەروەتی نیشتیمان لوش دەدەن پێشمەرگەی کۆن بوون. بەچی مەعلوم لەشاخیش ئەمانە هەرجاسوسو نان خۆر نەبوون. چونکە هەرگیز سیفاتی پێشمەرگە وانابێت. درۆو دزیو گەندەڵی.. هتد دروشمی کوردایەتی بێ ئەوانەی ئەمڕۆ منداڵی خۆیان لەباشترین شوێنی زانکۆکانی کوردستانو ئەوروپا بۆ دابینکراوە. هەتا کوڕو کچی خۆیان وەستا بن زەماڵە بە منداڵی شەهیدو ئەنفال حەرامە چاکترین نموونە زەماڵە بۆ کچی سەرۆکی حکومەتی کارتۆنی سلێمانی بوو. ئەمەو سەدان نموونەی تر... ئێستا پاداشتی ئەنفالو شارە ئەنفالکراوەکان دەروازەی هەموو ئۆردوگاکانی ئەنفال نشینەکان بەدرۆو وەعدو بەڵێنی زەردو سوری سەرکردەکان ڕازاوەتەوە. بەڵێنی درۆ جوانترین مەدالیای دیاری ساڵیادی ئەنفالە لەلایەن سەرکردە درۆزانەکانمانەوە...

# ئەنفال و بەرپرسیارێتی

**دەرباز ئاشتی**

ئەمڕۆ، کە (١٩)ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفال و نزیکەی (١٥)ساڵ بەسەردامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندا، تێدەپەڕێت. جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بخرێتەڕوو، ئایە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، بەرپرسیارێتی مێژویی خۆیان، بەرامبەر بەخوێنی پەپوولە شەهیدەکانی ئەنفال و کەسوکاریان، بەجێ هێناوە یان نە.

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی سەرەوە، لای زۆربەمان ڕوون و ئاشکرایە، چونکە تاوەکو ساڵی (٢٠٠٢) کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، بەهیچ شێوەیەك لەخەم و خەیاڵی حکومەت و حیزبەکاندا نەبوون، ئەویارمەتیەش لەو ساڵەدا بڕیاری لەسەردا تەنها بژێوی دووڕۆژی خێزانێکی دابین نەدەکرد. پشتگوێ خستنی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، بەتایبەت پێش جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراك، لەسەرەتای (١٩٩٧)دا، دووچاری گەورەترین نەهامەتی و دەردی کوشندەبوون. ڕەوشی ئابوری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، تەندروستی کەسوکاری قوربانیان، بەشێوەیەك خراپ و ئاڵۆزو تێکچووە، کە ئاسەواری خراپی بۆ دەیان ساڵی تر دەمێنێتەوە. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کە گوایە هەولێری پایتەخت دەکرێتە (دوبەی) عێراق و سەدان ملیۆن دۆلار، لەلایەن چەند کەس و بەرپرسێکی دیاریکراوەوە، بۆ زیاتر پڕکردنی گیرفان، خراوەتەگەڕ، کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالیش لە خراپترین بارودۆخدا ژیان دەگوزەرێنن. لێرەدا وتەی دایکی سێ خوێندکاری باوك ئەنفالکرام بیر هاتەوە، کە لەچاوپێکەوتنێکی بەندە لەگەڵیدا، باسی لەوەکرد کە منداڵەکانی لەتاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵدا دەرنەچوون، چونکە هەر کە شەو دادەهات لەسەرماندا منداڵەکانی دەچوونە ژێر نوێنەوەو دەنووستن لەبەرئەوەی هێندە نەوتیان نەبووە ژوورەکە گەرم بکەنەوە. بۆیە بە بڕوای چاودێران، دەسەڵاتی کوردی شەرمەزارە بەرامبەر بەدۆزی ئەنفال، چونکە خزمەت و پاداشت تەنها بریتیە نیە لەو مانگانە کەمەی کەبەم دواییە خەرج کرا، بەڵکو پاداشت ئەوەیە کە لەڕەوشی ژیانیان بکۆڵنەوەو کەموکوڕییەکانیان، لەهەموو ڕوویەکەوە، چارەسەرو دابین بکەن، ناوچەکانی کە بەچڕی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتوون، ببوژێننەوەو پێشبخەن. بەرپرسیانی ئێمە، ئەگەر هەستیان بە بەرپرسیارێتی مێژویی، بەرامبەر بەخوێنی شەهیدانی ئەنفال بکردبایە، کەبواریان نیە کار بۆ هێنانەوەی ئێسك و پروسکەکانیان بکەن، ئەوا لەنیوەی مووچە مانگانەکانیان، کە بڕێکی خەیاڵییە، خۆش دەبوون و دەیان بەخشیە کەسوکاری قوربانیان و لەپرۆژەی هەمە لایەندا خەرجیان دەکرد. ئەوکات دەتوانین بڵێین بەشێکی باشی بەرپرسیارێتیان بەجێ هێناوە، ئەگەر نا مێژوو ڕەحم بەکەس ناکات.



فۆتۆ: عەرعەر

## پاشماوەی دەبێ دیاردە دەروونییە تایبەتییەکان......

١-دابینکردنی زەوی بۆ خێزانی ئەنفال یان هەندێکیان کە ئەمەش ئەم پرسیارە لە خۆ دەگرێ، باشە تەنها پارچە زەوییەك هەتا ئێستا دایکێك بە بێوەژن پۆشی منداڵەکەی گەورە دەبێ یان بە (صدقە)و (زکاة)ی پیاوە خێر خوازەکان باشە پێمان بڵێن بەچی بیکەن بە خانوویەك ئۆقرەی تێدا بگرن وە تا منداڵ بوون بۆیان نەکرا وا بوونە پیاوو خاوەن خێزان...!!

٢- مووچەکانیان لە نزیکەی (٢٠٠) دیناری کۆن دەستی پێ کردو ئێستا گەیشتۆتە (١٥٠) هەزار دیناری چاپی عێراقی ئێستا، باشە ئەمە پاداشتی کۆمەڵێکە کە خوێنی نەك تاکە کەسێك بەڵکوو خێزانەکان یان ناوچەکان بۆ ئێوە کردبێتە قوربانی؟؟ باشە تیماری کام دەروونی بکات.

٣- باش بوو منداڵانی ئەنفالتان بە قوتابخانەکان لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی لەبری پێنج نمرەی ئەنفالانە جیا کردەوە، بەڵام ساڵی پار ئەویش نەما. ئەی بەڕێزانم نازانن تەنها یەك جیل ماوە لە منالانی ئەنفال لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی.. ئەمە دواتر چییان بۆ دەکرێ؟ کەوا بوو خوێندنگای تایبەت و بەرزترین ژیانیان بۆ دابین بکرایە، بەڵام جێی خۆیەتی کەمترین ماف تا ئێستا بۆی دابین کراو، ئەوەتا لە ئۆردوگاکانی دەورو بەری چەمچەماڵ کە زۆرترین ئەندامانی ئەنفال لەم ناوچەیەدان... پاش حەڤدە ساڵ لە تەمەنی حکومەتەکەمان.. ئێستا بیریان کەوتەوە بنچینەی ژیان و ئاویان بۆ دابین بکەن کە تازە شەبەکەی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابیندەکرێ... شەقامەکانیان بۆ قیرتاو دەکرێ... باشە ئیتر چۆن متمانەی بۆ پەیدا بێ.. ئەگەر تۆ چاکەیەکت لەکەڵ کەسێك کرد.. کەلات نموونەیی و پیاو چاکترین کەس بێ کەچی دواتر پاداشتت بە خراپە بداتەوە... تۆ هەستت چۆن دەبێ؟ ناچار دەڵێی هەموو کەس ناڕاستی یان هەموو کەس بۆ خۆی وا دەکات... بۆیە منیش لە ناخی نەوەکانی ئەنفال هەست بەمە دەکەم.. تا دەگاتە ئەوەی بێ متمانەیی و بێ هەستی کردن بەرامبەر بە ژیان.

نەمانی نموونەیی باڵا.. بێگومان هەر کەس، کەسێك یان چەند کەسێك دەکاتە نموونە لە منداڵییەوە بۆ خۆیی و ژیانی لەسەر ئەوان بنیاد دەخات، بەڵام نەوەکانی ئەنفال باوکی خۆیان نەبینی یان وەك خۆی نەناسێ.. تا ڕەوشت و ئاکارەکانی ئەوان وەرگرن ناچاربوون بەدوای کەسێکی تر بگەڕێن وە چاکترین کەس ئەوانە بوون کە باوکیان خۆیان کرد بە قوربانییان.. وە ئێستا کاربەدەستن و وە باوکی ئەمانەیان بۆ خۆیان کردبووە نموونە... ئەمانیش وەك باوکیان کەچی ئێستا سەرچاوەی ئازاریانە، ئیدی چۆن ناخێکی ئاڵۆزو ناسروشتییان نەبێ کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر کەسایەتییان، وە ئیدی ناچار دەبێت کە کەسێکی تۆڵە سێن وهەلپەرستی لێ دەرچێ...، بەڵام جێی ڕێزە منداڵانی ئەنفال بەو ئاکارە نەڕۆشتوون، بەڵکوو بە ئاکاری لۆمەکاری بۆ خۆیان ڕۆشتوون.

* گەورەکردنی هەستە ناخۆشەکانیان.

یەکێ لەو دیاردە پەروەردەییانەی کە پێویستە ئەنجام بدرێ ئەوە کە کاتێ منداڵی کەمو کوڕییەکی هەبوو نابێ زۆر ئەمانە بدەین بە گوێی... بەستەزمانە گوناهە.. فەقیرە.. چونکە هەستی بڕوابوون بەخۆ لای لاواز دەبێ و لە هەمان کاتدا کێشەکەی لا گەورەتر دەکەین، بەڵکوو دەبێ لایەنە بەهێزەکانیان بۆ باسبکرێ یان نموونەیەکی تر کە منداڵی هەتیوبێ نابێ وا پیشان بدرێ کە بێ سەرپەرشتە، یان لێقەوماو بەستەزمان و هەتیووە بەڵکوو ئەو هەستەی هەر لە منداڵییەوە بۆ دروست بکرێ کە ژیرە.. بەتوانایە.. دواتر... یان هەندێ مانای پیاوەتی زانین شعوری پیاوەتی دروست بکرێ.. وا هەست دەکا کە گەورەیە.. پیاو و جێی ڕێزە، بەڵام بەداخەوە میدیاکانی ئەمڕۆ کار لەسەر ئەوە دەکەن منداڵانی ئەنفال و کیمیایی و شەهیدان هەست بە کەم بکەن. یان ئەو بابەتەیان کردۆتە باس و شەوچەرەی گەرمکردنی میدیاکانیان بێ ئەوەی بزانن چ ئەنجامێکی ڕەشت.. وە هەرچی ناخۆشییەکانی هەیە دەیدەنە بەر باس و لە ناخیاندا زیندوو دەکرێتەوە لەوەش سەیرتر تەنها بۆ هەندێ مەرامی ناکام بەکار دەهێنرێت.. وەك هەڵبژاردن و کێبرکێ سیاسییەکان و کە خۆی لە یاریکردن و بەسۆزییان دەبینێتەوە بەڵام ئەوان پێویستییان بە دەستهێنانە سەرو خزمەتکردن و ساڕێژی و وەردەکانیان هەیە.

من ئەوەندەی مابێ بیلێم... باری دەروونی منداڵانی ئەنفال شپرزەیە یان تەنگە.. ئەمەش چەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (سەدام) بەسەریاندا هێنای ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان یان پێداویستییەکانی نەوەی ئەنفال و بێوەژنە ئەنفالکراوەکان.. وە تا ئێستا حکومەتەکەمان نەیتوانیوە وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە کە ئەوەندە (سەدام) ژێر دەستە بوو، ئایا پرسیاری لێکرا کوا ئەنفال لە کوێ کرانە چاڵ.. یان هەوڵتان داوە ئەم وەڵامە بزانرێ یان چۆن هەول دەدەن بزانن، چونکە منداڵێك دەپرسێ.. ئەزانم باوکم نەماوە.. بەڵام جەمەدانەکەی؟ ئافرەتێکی ئەنفال دەڵێ.. دەزانم مێردەکەم نەماوە ئەی کوا سەعات و ئاوێنە بەر باخەڵییەکەی و شانەو ئەڵقەکەی؟ دایك و باوکێکی جەرگ سووتاو دەڵێ.. قەیدی نییە کوڕەکەم لەناو چوو بەڵام ئەی کوا قات و کراسەکەی تاوەکوو پێغەمبەر یەعقووب نووری چاومی پێ بگەڕێنمەوە بیگرمە سینگم و تێرتێر بۆنی بکەم تا ڕۆحم پێوەی دەردەچێت؟

کەسوکاری ئەنفال دەڵێن.. ئێمە بەهەر نزاو ناڵەیەك بوو هەندێ منداڵمان لە دەمی سەدام دەرکرد، بەڵام بەهۆی شەڕی برا کوژی ئێوە لەناو چوو یان لە کاتی گرانییەکانی ساڵی نەوەدەکانەوە.. لەڕێیە قاچاخەکان گیانیان لەدەست داوە.. ئەی چەندێکیان بە نەخۆشی بەبێ دەرەمە چارەسەر یان چاوەکانیان پێکەوە نا... بۆیە دەڵێم.. بەئاگا بێنەوە ئەم خەوە قووڵە چییە؟ ئەمە پشتگوێخستنە یان گوێ کەڕی و بێ چاوو بێ هەستییە؟ وە من لە کۆتاییدا دەڵێم باری دەروونی منداڵان و نەوەی ئەنفال هەر چۆنێ بێ وە هەرچەندە ئاڵۆزو بەگرفت بێ لە زۆر کاربەدەستی قۆزو قەشەنگ و بە پاسەوان هەیە باشترو دەرون ڕاسترن کە دەیانەوێت وڵات برازێننەوە وە چاکەکانیشیان ناشیرین کردووە ئەگەر هەشبن... وەمن تەنها یەك وتەم بۆ نەوەکانی ئەنفال هەیە ئەویش ئێوە لە گەورەترین دیاردەی جیهانی گەورەتر و بەهێزترن... سوپاسی دایکان و چاودێرانتان دەکەین دەست و پێیە پیرۆزەکانیان ماچ دەکەین کە کەم تەرخەم نەبوون لە پێگەیاندنی ئێوە چونکە ئەوەتە دەتانبینین لە زانکۆکان لە شوێنە جوانەکان.. سوپاسیان دەکەین کە ئێوەیان لەخەم دەرکردو گەورە بوون بەڵام ئەی حکومەتەکەی من و تۆ کێ لە خەم دەردەکات کە هەر ساوایەو گەورە نابێ تەنها من دەڵێم ئەگەر ئێوە کوڕی دایکی خۆتان بن گەورەی دەکەن.. حکومەتەکەتان لە خەم دەردەکەن .. ئەگەر وەك دایکتان مامەڵە بکەن بیرتانە ئەگەر هەڵەو کەم و کورتییەکتان هەبووایە بەرامبەر دایکان.. ئەوان لەگەڵ خزمەتەکانیان دەست بەردارتان نەدەبوین.. دنیایان لە چاوی ئێوە دەبینی دەی ئێوەش بەرامبەر بە کەسێك یان حکومەتێك کە هەڵەیان کرد بەرامبەرتان وەك دایکتان بن هەر ئێوە جێی ئومێدن جێی هیوان.. چونکە کۆمەڵێکمان کردە جێی هیوا کە بە شاخەکانی کوردستانەوە زۆر ماندوو بوون و برسییان بوو بۆیە ئێستە تەنها بیر لە پشووی خۆیان و تێرکردنی خۆیان دەکەنەوە...

بەڵام ئێوە ئەمڕۆ جێی هیواو متمانەن... چونکە لە ژیانتاندا هیوایەکتان نەدەبوو کە کەسێك بتان لاوێنێ و دەست بێنی بەسەرتانا... بۆیە بە ئومێدم لە پاشە ڕۆژ ئێوە خەڵك بلاوێنن و دەست بهێنن بە سەریاندا بیان حەسێننەوە وە خوداش ئێمە بکاتە خزمەتکاری ئێوەو ئێوەش بکاتە سەروەری ئێمەو نووری چاومان.

# ڕۆژ بە ڕۆژ ئەنفالمان لە بیردەچێتەوە

نۆزدە ساڵ تێپەڕی بەسەر کارەساتی ڕەش و قڕێژی ئەنفالدا، بەپێویستی نابینم باسی خراپی و دڕندەیی ڕژێمی سەدام بکەم، چونکە هەر کەسێك ئەوانە دەزانێت. ئەوەی بە پێویستی دەبینم باسی بکەم دەسەڵاتی کوردیە" لەماوەی ئەم نۆزدە ساڵەدا دەتوانرا زۆر شت بکرێ" بۆ نمونە، دەتوانرا قەرەبووی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکرێتەوە و کەمێکیش بێ لە ماوەی ئەم نۆزدە ساڵەدا ئازارەکانیان بیربچێتەوە.! گوند و ئۆردوگا و ئەو ناوچانەی کە لێی دەژین ئاوەدان بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەندێك لایەنی دەرونیان ئارامببێتەوە و بۆ ساتێکیش هەست بەبەختەوەری و ئازادی بکەن.!؟ دەتوانرا کاربکرێت بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال وەکو تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد لە کۆمەڵگای نێودەوڵتیدا بناسرێت، بێگومان دەسەڵاتی کوردی لەمانە بەرپرسیارە و پێویستە بەتوندی ڕەخنە بکرێت، چونکە ئەرکی ئەوە و پێی هەڵنەساوە.!؟ دەتوانرا ئەنفال لە سیستەمی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆدا بە شێوەیەکی زانستی جێگیر بکرێت، بۆ ئەوەی تاکی کورد تێبگات بە چ شێوازێك هەوڵی لەناوبردن و قڕکردنی گەلەکەی دراوە.؟! لەسەر ئاستی دەسەڵاتدا ئەم کارانە و زۆر کاری تر کە دەبوو بکرایە نەکراوە، ئەمەش کەموکوڕیەکی گەورەی دەسەڵاتە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ لەمەو بەدوا هەوڵی بۆ بدرێ، ئامانجی ئێمەش لەم نوسینە ئەوەیە..

لەسەر ئاستی تاکیش بە تایبەتی گەنجان و خوێندکاران کەموکوڕی زۆر هەیەو پێویستە ڕەخنەی خۆمان بکەین، چونکە ئێمەش زۆر بێخەمین و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەنفال لەبیر خۆمان دەبەینەوە!؟ لە ناوەندێکی زانستی وەکو زانکۆی سلێمانیدا لەبیری خۆمان بردۆتەوە کە ڕۆڵەی گەلێکین لە مێژوویەکی نزیکیدا ئەنفال و هەڵەبجە هەیە، لە بیری خۆمان دەرکردووە کە ڕۆڵەی گەلێکین تا ئێستاش ئەنفال و جینۆساید و ژەهراوی دەکرێت.! زمان و ناسنامەی قەدەغە دەکرێت، هەڵەبجە و ئەنفال دەبوو خۆشەویستی ئێمەی بۆ یەکتر، گەل، نیشتمان و زانست زیاتر بکردایە، بە واتایەکی تر ببوایەتە هۆی خۆپەروەردەکردن و خۆپێشخستنمان لەبواری زانست و ڕۆشنبیریدا، بەمەش دەمانتوانی بۆ داگیرکەران و دوژمنانی ئازادی بسەلمێنین کە هەرگیز ناتوانن گەلێکی پێشکەوتنخواز لە جاهلی و نەزانیدا بهێڵنەوە.!؟ بەڵام نەمانتوانی ئەمانە بکەین، چونکە لەگەڵ ئازاری گەلەکەماندا ناژین و تەنها لەخەمی جل و بەرگ و خۆڕازاندنەوە و بەرژەوەندی تایبەتیداین و زۆربەی کاتەکانمان بەشتی بێ واتا بەسەر دەبەین!؟ بیگومان ئەم کردەوە و شێوازی ژیانی ئێمەش دەکەوێتە خزمەتی ئەنجامدەرانی ئەنفالەوە..!؟

ئێمە دەتوانین نمونەی ئەو گەلانە بهێنینەوە کە تاوانی وەك ئەنفال و هەڵەبجەیان بەسەر هاتووە و ئەو تاوانانەیان کردۆتە هۆکارێك و تۆڵەسەندنەوەیەك بۆ ژیاندنەوە و پێشکەوتن و تەبایی لە ناو گەلەکەیاندا، ئەوانیش جولەکەکان، ئەرمەنیەکان، هیرۆشیما و ناکازاکی و...هتد، ئەمانە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاوانانەیان کردۆتە تاوانی جینۆسایدی لە ناوبردنی گەلەکەیان و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا قەرەبوکراونەتەوە و چاودێری دەکرێن..ئەم ئەزمونانە گرنگە ئێمە وەکو کورد دەمانتوانی سودی لێوەربگرین بۆ ئەوەی ئەنفال و هەڵەبجەش وەکو تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد بناسرێ، لەم لایەنەوە دەبێت دەسخۆشی و پاڵپشتی لە ڕێکخراوی (چاك) دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد بکەین کە هەوڵێکی زۆریی داوە بۆ ئەوەی ئەنفال و هەڵەبجە وەکو جینۆساید بناسرێ لە لایەن گۆمەڵگای نێودەڵەتیەوە، لە کۆتایدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بێخەمی دەسەڵات لە ئاست تاوانێکی گەورەی وەك و ئەنفال یان هەڵەبجەدا مەترسیدارە و دەبێت قەبوڵ نەکرێ، بە واتایەکی تر پێویستە بەرپرسان هێندە لەخەمی ژیانی تایبەت و خێزانی و حزبایەتی خۆیان دا نەبن بەڵکو لەوە زیاتر لەگەڵ مەینەتی و ناڕەحەتی و ناخۆشیەکانی کەسوکاری ئەنفالدا بژین، بۆ ئەوەی کەمێکیش بێت هەست بە ئاسودەیی بکەن و هەست بکەن گیانی ئازیزانیان بە فیڕۆ نەچووە و بۆتە ناسنامەی گەلێکی چەوساوە..

**کاروان ئیبراهیم**

# ئەنفال تەنها بۆ مێژوو نیە

**بەڵێن هەڵە بجەیی**

ئەگەر چی من وەك نوسەرێكی ئەم بابەتە ئاستو تەمەنی ژیانم لەو ئاستەدا نیە كە بتوانم وەك گێڕانەوەیەكی واقعیی ئەو چیرۆكە مێژووییە تراژیدیا ئامێزە وەك خۆی باس بكەم و هاوكات بتوانم لەو دەروازەیەوە بچمەوە ژوورەوە كەلە ئاستی گونجاو و پێویستدا ئاماژەیەكی تەواوەتیو داڕشتنێكی مانابەخش و كاریگەر بە خوێنەری ئەم بابەتە ببەخشم، بەڵام هەر چۆنێك بێت عەشقی خۆسەلماندن وەك هاونیشتمانیەك و هەروەها پەرۆشی زادەی هەستێكی نەتەوایەتی قووڵو كاریگەر، فاكتەرێكی سەرەكی لەوەی كە بتوانم ئەگەر چی بە شێوەیەكی سادەو ساكاریش بێت، هەڵوەستەی خۆم لە ڕەوانگەی هەستێكی قووڵو لێوانلێوی لە پەرۆشی و دەربڕینی هاوخەمێكی خۆ بەهاوڵاتیزانینو خۆ بە هاونیشتمانیزانین بخەمە روو

وەك گێڕانەوەی كارەساتێكی جەرگ بڕو حەزیناوی لێی بڕوانین و بگرە زۆر جار باسكردنی ئەو كارەساتە جەرگ بڕوتۆقێنەرە بە ئاراستەی عاتیفەگەراییەكی زاڵداو لە دەرەوەی باسكردنی ئەو هەوڵو میكانیزمو ئامرازانەوە كە پرۆسەكەی پێ بەڕێوە چووە، هەروەها لەدەرەوەی باسكردنی ئەو پاڵێنەرە سیاسیو كلتوریو سایكلۆژیەكانی ئەو هێزە دڕندەیەوە، كە هێزی دیكتاتۆریەتو كلتوری دەسەڵاتگەری و بڕیاردانی خۆبەخۆ ئەو كارەساتە وەحشەتناكەو هەر هاونیشتمانیەكی نێو ئەم كۆمەڵگایەدا دروست بووە.

بە چوونی من یەكێك لەو فاكتەرە سەرەكیانەی كە ئەو كارەساتە مێژووییەی بەسەر نەتەوەی كوردا هێناوە.

ئەویش دروستبوونو هاتنەكایەی ئەو لێكترازانو ئیزدیواجیەتە قووڵە بووە، كەلە نێوان سایكلۆژیای تۆتالیتاریزمیانەی ئەو دەسەڵاتە وەحشیگەریەوەو سەرجەم ئەو بنەمانەتەوەییو بەها مرۆییانەدا هاتە ئاراوە، كە راستەوخۆ زایەندەی بە زۆرە ملێ سەپاندنی ئەو بە ناو شەرعیەتە بوو، كە زاراوەی بەعسیزم وەك ستراتیژێكی سەرەكی لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتە هێزپەرستو مۆنۆپۆ لخوازەكەی خۆیدا لە هەموو ئانو ساتێكدا پەیڕەوی كردووەو لەمەشەوە وویستو تموحاتە سنورنەناسەكانی ئەو سیستەمە تۆتالیتاریە بە ئاستێك گەیشتبوو، بە جۆرێك كە توانی پەلبهاوێت بۆ قەڵاچۆكردنو لە ناوبردنی ئەو ووزەو توانا ناوەكیانەی كۆمەڵگەی كوردی كەوەك ئامڕازێكی دژبە چەوساندنەوەو داگیركاری و خۆپاراستن لە دووژمنەكانی لەو مێژووە دیاریكراوەی خۆیدا،تاكە بەدیلێك كەلەبەر دەمیدا مابێتەوە و پشتی پێبەسترێت ئەگەر چی هەندێك بۆچونی تایبەت دەربارەی ئەو كارەساتە مێژوویی یە،لەو دیوتێڕوانینی خۆیانەوە ئەوە بەیاندەكەن كەوا كارەساتی ئەنفال لەو مێژووە دیاریكراوەی خۆیدا فاشیستەكانی ئەو ڕژێمە سەركوتكەرە بوو، توانی وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی لەسەرزەمینی واقیعدا بەرجەستە بكات و كارەساتێك بخوڵقێنێت كە بە درێژایی مێژووی نەتەوەی كورد بێهاوتا بێتو هاوكات بەلەبەرچاوگرتنی ئایندەو چارەنوسی ئەو كارەساتە مێژوویی یە كە بەجۆرێك كە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەی قەڵاچۆكردنە لە شێوەی ئەنفالدا بكاتە ئامڕازێكو پەیامێكی بێدەنگكەروتۆقێنەر كە هیچ هێزوو گروهێكی كۆمەڵایەتیو كلتوری و سیاسیانە بۆی نەبێت لە دەرەوەی نەخشەكانی جوگرافیای ئەو ڕژێم دەسەلاتگەرەوە كەمترین پرسیار لە بارەی ئەنجامدانی ئەو كارەساتەو ئەو ئەگەرەچاوەڕوانكراوو پێشبینكراوانەش بكات كە دوابە دوای ئەنجامدانی ئەو كارەساتە بەدناوەوە دێنە ئاراوە..

لێرە بە دواوە جێی خۆیەتی بگوترێت پاش تێپەڕبوونی (١٩) ساڵ بەسەر رووداوە تراژیدیەكانی ئەو كارەساتە مەرگ دۆستەدا ئەوەی پێی بڵێت ئاوەدانی و پرۆسەی نۆێكردنەوەی ژیانی نوشستیانەی ئەو هاونیشتیمانیانەی كەلەو كارەساتەجەرگ بڕەدا دووچاری زیانی گیانیو ماددی زۆربونەتەوە تاوەكو ئێستا وەك پێویست لەئاوادانی یەو لەم ڕووەوە بێدەنگبوونو كڕكەوتن لە بەرامبەر مافە نەتەوەیو مەدەنیەكانی ئەو هاونیشتمانیاتەدا كە قوربایندەرو زیانلێكەوتووی ئەو كارەساتە مێژوویی و تۆقێنەرەن، تەنها شتێكە لەواقیعی ژینی ئەو ناوچە كارەساتبارانەدا بە روونی هەستی پێ بكرێتو لە هەمان كاتدا مەغدوریەتی هاوڵاتیانی ئەو ناوچە سنوریانە لە ئاست خواستو مافە رەواكانیاندا زیندوو كردنەوەیەكی ناڕستەوخۆی ئەو كارەساتە تۆقێنەرەو حەزیناویەن كە پێش(١٩) ساڵ لەو بەشە دیاریكراوەی جوگرافیای خاكی هەرێمی كوردستاندا پیادەكراوە، لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتی و شكستە كۆمەڵایەتی و كلتوریانەیشدا دەروازەی بە رووی ناهەموارترین جۆری قەیران دا ئاوەڵا دەبێت، كەئەویش بوونی ئەو لێك ترازانو فەوزاناوەیە كە لە نێوان بەشە جیاجیاكانی كۆمەڵگای كوریدا دروستبووە و هەر خودی ئەو لێك ترازانو بوونی ئەندازەیەكی زۆر لە ناسەقامگیری كۆمەڵایەتی وسیاسیو كلتوریانە ئاماژە بۆ ئەو كاولكاریو وێرانبوونە دەكات كەلەو ساتەوەختە مێژوویی یەدا دووچاری كۆمەڵگای كوردی بووەتەوەو لە سەروهەموویشیانەوە پەكخستنی یەكجارەكی ئەو هێزو توانا ناموكیانەیە كەئەم كۆمەڵگایە بۆ خۆپاراستنوخۆپەروەردەكرن و خۆژیاندن هەڵگری بووەولەم هەلومەرجو دۆخە قەیراناوی یەشدا وێرنبوونو خامۆشبونی ئەو توانا ناوەكیانەی كۆمەڵگا خۆی تا دەگات بە قۆناغی هەنوكەی كۆمەڵگا ئاماژە بۆكردنێكی ئاشكراوروونە لە نەمانی سادەترین ئەو ژیانە سروشتی یەی كە راستەوخۆ گرێدراوە بە كۆی ویژدانی ئەو مرۆڤانەی نێو ئەم كۆمەڵگایەوەكە پەرۆشبوونیان بۆ گرنگترینی ئامانجە نتەوەیی و مرۆیی یەكان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاكانی ئەم نەتەوەستەمدیدەیەدا كۆیاندەكاتەوە جەوهەرەكەی پێك دەهێنێت.

-ئەوا لەم ئاستەدا هەموو قسەكردنێك لەو بارەیەوە لە هەردوو رەهەندی گوتاردانی بریقەدارو عاتیفەگەریو نووسینی سەركاغەز دەبێتە شتێكی زیادەو لەم حاڵەتەشدا بەزۆر مانا بریتی دەبێت لە كولانەوەی ئەو زامو برینە قووڵانەی كەلە جەستەی ویژدانی كەسوكاری قوربانیانی ئاماژە بۆ ئەو قەیرانو شكستە سیاسی یە دەكات كەلە ساتەوەختە مێژووییەدا دووچاری ئەو رژێم گۆڕبە گۆڕە بووە تەوەو لەم جۆرە تێڕوایننەشدا رژێمی بەعسی فاشی لە گۆڕنراوە بەسود وەرگرتن لەو پیلانو ئامانجە دیاریكراوو نەخشە بۆ كێشراوانەی كە پێش بەرپاكردنی ئەو پرۆسەیە حیسابی تایبەتی بۆ كردووەو لە هەمان كاتدا بۆ پەردەپۆشكردنی شكستو دۆڕوییەكانی خۆی لەدوای سەرنەكەوتنی لەو جەنگە وێرانكەرەی كەلەگەڵ وولاتی ئێراندا بەرپای كردوو دواجار توانی ئەو پیلانو لێكدانەوە سیاسی یە تاكرەویانەی خۆی وەك بڕیاردانێكی لەپێشینە بكاتە تاكە ئەڵتەرناتیڤێكو دواجارئەو هەوڵە نەخشە بۆكێشراوانەی كە بەرهەمی لێكانەوە

# ڕەش

له كام تەفسیری ڕێگادا سەفەر گەڕانەوەی بۆ نیە؟!

لەكام سورەتی ژندا ئیمان عەبایەكی ڕەش و

چەترێكی ڕوت و قوتی چاوەڕوانیە؟!

چی حیكایەتێكی دوورو درێژم هەیە لە خۆم

بهێڵە....

بهێڵە ئەم تەپوتۆزە لە بیرەوەریم بتەكێنم

كە هێندەی شورەیی لەرزی لە دڵم ناوە

من لە مێژە لە ناو حیكایەتەكانی ئەودا

كچی هەموو حەرامەكان و

ژنی هەموو ڕەنگە تاڵەكانی مەرگم

**نەمام شێخ بەكر**





**ستافی**

**هاوڕێ ئەحمەد**

**شاهۆ غەفور سەنگاوی**

**پشتیوان رەحیم**

kurdanfal@yahoo.com

**نەخشەسازی**

**بەرهەم حەسەن**

..........

**ڕێكخراوی سوڵیداریەتی خوێندكاران هاوكاری دەرچون و لە چاپدانی ئەم ژمارەیەی لە ئەستۆدا بووە**

**سۆپاس بۆ:**

*ماڵی گەنجان-سەنتەری ڕوناكبیری ئیلبەگی جاف

*ئاریان محمەد-سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی

# با یادی کارەساتی ئەنفال نەکەینەوە!!

ئارام بابا

ئەوانەی بۆ ساتێك لە رابردووی خۆیان دەڕوانن، دەزانن زادەی چی خاكو خۆلّێكن، دەزانن ئەوەی ئەمرۆ دەیکەن بەرهەمی کۆمەلّێك خەمو ئازاری جەستەی ئەم نیشتیمانە بڕ ئێشەیە، نامەوێ لەرۆژی ئەنفالدا ئەوەتان بیربێنمەوە ئێمە چەند سالّو چەند رۆژمان تێپەڕاندووە بەسەر کارەساتی ئەنفالدا، کارەساتێك هیچ پێوەرێکی مرۆڤانە ناتوانێت هەلّیسەنگێنێتو تەنانەت پێناسەیەکیشی بکات.

نامەوێ هەموو ئەو فرمێسکە درۆزنانەتان بیربهێنمەوە لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا کەسانێك هەلّیدەڕێژن کەدوێنێ دەستیان هەبووە لەزیندەبەچالّکردنی سەدان مندالّی شیرەخۆرەدا، نامەوێ ئەوەشتان بیربهێنمەوە کەکچانی ولاّتی ئێمە ئێستا لەکوێ دەژیینو لەسایەی چی بالاّیەکی نارەسەنو عەگالّ بەسەرو بێ شەروالّدا ژیان دەگوزەرێنن، زۆر بێزاریش دەبم کاتێك وشەیەك دووبارەبکەمەوە کەسالّی رابردوو هەرلەمرۆژەدا چەندین داواکاری کەس وکاری ئەنفالکراوەکان برانە ژووری کۆبوونەوە گەورەکانو دواتر لەجامی ئۆتۆمبێلەکانەوە فڕێدرانە دەرەوە!!! ئەمە گەورەترین یارییە کەلەماوەی نۆزدە سالّی رابردوودا ئێمە سالاّنەو بەشێوەی جۆراوجۆر دەیبینینەوە، لەوکاتەی کەبەشێك لەم ولاّتە لەژێرسایەی زولّمو زۆری ڕژێمی لەناوچوو ئازادکراو دواتر پاش سالّێك تائێستاش هەریادی ئەم کارەساتە دەکەینەوە بێئەوەی شتێك بەشتێك بکەین! کێ دەتوانێت بەرهەمو خزمەتکردنی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەلایەن حکومەتەوە بژمێرێ کەلەماوەی ئەو چەند سالّەی رابردوودا کردوویانە بۆ ئەو خەلّکە؟ سالاّنە لەرۆژی ١٤/٤ دا هەموو ولاّت پڕدەبێت لەرەنگی رەشو بەدەیەها کەنالّی راگەیاندن باس لەچۆنییەتی بەسەرهاتو سەرگوزەشتەی رووداوەکان دەکەن، سەدان گروپ بەچەند رۆژێك پێش ئەوە دەیان دانیشتن دەکەن ئاخۆ چی دەقێك چی نۆتەیەك زیادبکەن لەبەرهەمە هونەرییەکانیاندا وەك بەرهەمێکی خۆیان بەم خەلّکە رەشو رووتەی بفرۆشنەوە! کێ هەیەخۆی خەلووز بەرهەم بهێنێتو دوایی هەرخۆی لەبازاڕدا بیکرێتەوە؟ ئینسانێك کەپڕەلە ئازارو دەردوو نەهامەتی تۆ دێ ی دەیکەیتە کلیپێكو سێ رۆژ لەکەنالّێکدا دایدەبەزێنی ئەمە مانای چی؟ تۆ گەر نەتوانی ئازارەکانی کەسێك سارێژبکەیتەوە بۆ دێ ی بەناوی نیشتیمانو هەزارەها وشەی دروستکراوەوە زیاتر ئازاری ئەدەی؟ زۆر سەیرە ئەمانە چی خزمەتێك بەدایکێکی رەشپۆشی بەجێماوی چوارکوڕە ئەنفالکراوەکەی دەکات، ئەمە چی قازانجێك دەگەیەنێتە ئەوان لەکاتێکدا جەستەیان پڕەلەئازار پڕە لە هەموو ئەو چاوەڕوانییە کە نۆزدە سالّە شەڕییان لەگەلّ دەکات، نۆزدە سالّە لەچاوەروانی زیاتر لەژیانیاندا نابینرێت، چیتر دایکانی رەشپۆش فرمێسکیان لەکەس ناوێ چیتر داوای ئەوەت لێناکەن لەو رۆژەدا دەنگت بەرزبکەیتەوەو بلێیت ئەوە خوێنی ئەوان بوو ئەمرۆی دروستکرد، ئەمڕۆیەك بەئێستاشەوە پاشماوەکانی ئەنفال تیایدا دووبارە ئەنفال دەکرێنەوە، ئەمڕۆیەك کە کوڕانو کچانی بەجێماوی ئەنفالکراوەکان لەزانکۆو پەیمانگاو ناوەندەکانی خوێندندا لە شۆستەو کوچەو کۆلاّنەکانداو لەجێگا گشتییەکاندا بێ پارەو بێ کار بێ هەموو شتێك کەمرۆڤ پێویستی پێ بێت دێنو دەڕۆنو مرۆڤ لەئاستیاندا بێ وەلاّمە! بۆ یادی ئەنفال بکرێتەوە لەکاتێکدا نۆزدە سالّە یادی دەکەینەوەو ناتوانیین خزمەتێك بەپاشماوەکانی ئەنفال بکەین ناتوانیینو نەمانتوانییوە پاشماوەکانی ئەنفال بەشێوەیەك خزمەتبکەین کەجیاوازتر لەخەلّك ژیانو گوزەرانیان بگوزەرێنن.

ئێمە لەکاتێکدا باس لە کۆشكو تەلاری بەرزبەرزو ڤیلالای چەند نهۆمی دەکەین دایکانی رەشپۆشی گەرمیان لەخانووی گلّدا ژیان دەگوزەرێنن تۆ هاتووی پارچەیەك ئەرزەی دەدەیتێ بۆ ئەوەنا کە ژیانێکی تازەی لەسەر دروستبکا بەلّکو بۆ ئەوەی گلّی ئەرزەکە بکات بەسەری خۆیدا! ئەمرۆ کەس وکاری ئەنفالکراوەکان بەبێ کارەبایی و بێ خزمەتو بێ ئاوی لەخەلّکی تر جیا دەکرێتەوە! ئەنفال کارەساتێکی گەورەبوو بۆ ئێمەی کورد بەلاّم بۆ قەرەبووی ئەو زیانانەی کەبەسەر ئێمەدا هاتووە بەشێکی کەم بەرامبەر بەو زیانانە کارێك نەکراوە کەدلّمان پێی خۆشبێت، من دەپرسم بەرهەمی چەند سالّی رابردووی وەزارەتی ئاوارەو ئەنفال چییە، کوا ئەوکارانەی کەکردوویانە بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی ئەو کوڕو کچە خوێندکارانەی کەلە زانکۆو پەیمانگاکاندا ژیانێکی زۆر سادە بەسەر دەبەن؟ هەربۆیە زۆر گالّتەم بەو عەقلّیەتانە دێ کەلە رۆژێکی وەك ئەمرۆدا سەدان کیلۆمەتر دەبڕن بۆ بەردەم پەرلەمان تا شتێك بۆ پاشماوەکانی ئەنفال بکرێت! ئایە پەرلەمان نازانێت ئەم نیشتیمانە چەندین کەسی بەجێماوی بێ جێگای ئەنفالکراوی تیادایە ئەگەر نەزانن دلّنیابن بەتەنیا رۆرژێك هیچیان لەدەست نایەت، خەلّك ئەمرۆ داوای ژیانێکی باشترو جوانترودەکات خەلّك ئەمرۆ پێویستی بەوەهەیە وەك خەلّکێکی ئاسایی بێکەمو کوڕی بژی هەست بەوە نەکات ئەو ئازارەی کەلە رابردوودا چەشتوویەتی رۆژ بەرۆژ گەورەتر دەبێت، ئەمرۆ کەس و کاری ئەنفال داوای ئەوە ناکات رۆژێك دیاری بکرێت بۆ یادکردنەوەی ئەنفال بەلّکو رۆژێك دیارییبکرێت کەکوڕو کچەکانی مانگانە لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری بکرێن بەداخەوە هەموو ئەمانە ناکرێنو ناکرێن تەنیا چەند لافیتەیەكو چەندگۆرانیو لاوانەوەیەك پێشکەش دەکرێنو تەواوو....



## بیابانی عەرعەر
# پارچەیەکی جەستەی نەتەوەی کورد

بیاینی عەرعەر، بیابانێکی لمیەو دەکەوێتە ناو خاکی عێراق لەسەر سنووری عێراق–سعودیە، لمەکانی ئەم بیابانە سەدان هەزار نهێنی تاکی نەتەوەی کوردی لە خۆگرتووەو تا ئەبەدیش ئاشکرا ناکرێن، بەشێکی زۆری ئەنفالکراوەکانمان لەم بیابانەدا بە زیندووی لە چالّنران، لە ناو دەریای لمینی ئەم بیابانەدا هەزاران قیژەو نزا و پاڕانەوە لە خودا شاردرانەوە، سەدان هەزار دلّ و جەستەی تاکەکانی نەتەوەکەمان بوون بە خۆلّ، لە دوای دەرچوونی ژمارە یەکی سالّنامەی (عەرعە) خەلّکانێکی زۆر پرسیاریان دەکرد بۆ ناوی (عەرعەر)تان بۆ سالّنامەکەتان هەلّبژاردووە؟ دەیانپرسی بۆ ناوێکی ژیانبەخشتان هەلّنەبژاردووە لە جیاتی ناوی (عەرعەری) مەرگبەخش، ئێمەش وەلاّممان دەدانەوە و ئێستاش وەلاّمی تەواوی خوێنەر دەدەینەوە، ئێمە بڕوامان وایە بیبانی عەرعەر تەنها لە لم و خۆلّ پێك نەهاتووە، بەلّکو لە سالّی ئەنفالەوە ئەم بیابانە لە تێکەلّەیەك لە لم و خۆلّ و وردەگۆشتی جەستەی بەشێك لە نەتەوەی کورد پێك هاتووە، وتوشمانە هەرکاتێك و لە هەر شوێنێکدا مۆنۆمێنت بۆ ئەنفالکراوەکان دروست بکرێت ئەوا تەنهاو تەنها ئەتوانرێت ئێسکەکانیان بهێنرێتەوە واتە گۆشتی جەستەی ئەنفالکراوەکانمان بوونە بە بەشێك لە خاکی بیابانی عەرعەر و هیچ توانایەك ناتوانێت ئەم گۆشتی جەستەی کوردی بەخۆلّبوانە لەگەلّ لمدا جێبکاتەوەو بیانهێنێتەوە خاکی دایك، کەواتە تا ئەبەد بیابانی عەرعەر بەشێکی دانەبڕاوی جەستەی نەتەوەی کوردە.

هاوڕێ ئەحمەد



سەردەمی چاوەڕوانی بەسەرچوو